زانست

زانست

ڕێکخراوی زانست

(١٩)

# وانەکانی (علوم القرآن)

زنجیرەی (١٥) وانەی تایبەت بە زانستەکانی قورئانناسی

لە خولێکی تایبەتی (تێلگرام)دا

لە (٢٠٢٢/٧/٣ز) تا (٢٠٢٢/٨/٢٢ز)

ئامادەکردنی: د. عمر عبد العزیز

چاپی دووەم

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: وانەکانی (علوم القرآن)


- ناوەرۆک: زانستەکانی قورئانناسی
- بەرهەمی: د. عمر عبد العزیز
- بڵاوکراوەی: ڕێکخراوی زانست بۆ باس و توێژینەوە، (١٩).
- تایپیست: ستافێکی ئامادەکار
- چاپ و بڵاوکردنەوە:
- ژمارەی سپاردن:


- مافی لێگرتنەوەو چاپی پارێزراوە

# پێڕستی ناوڕۆک

ناونیشانەکان ــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە

پێشەکی ............................................................ ١١

**وانەی یەکەم:**

دەسپێک: چەند زانیارییەکی گشتیی لەسەر زانستەکانی قورئان

پێکهاتەی ناوەرۆکی قورئان ............................................ ١٤

ناوو صیفەتەکانی قورئانی پیرۆز ........................................ ١٤

تایبەتمەندییەکانی قورئانی پیرۆز ...................................... ١٥

زانستەکانی قورئانی پیرۆز ............................................. ١٧

سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی علوم القرآن ................................ ١٩

ئەرکەکانی ئێمە بەرامبەر قورئانی پیرۆز ................................. ٢١

جیاوازیی نێوان قورئان و فەرموودەی قودسی و فەرموودەی نەبەوی ...... ٢٣

ئیعجازو تەحەددی قورئانی پیرۆز ....................................... ٢٤

بەش بەش دابەزینی قورئانی پیرۆز ...................................... ٢٦

میتۆدی موفەسسیرەکان .................................................. ٢٧

**وانەی دووەم:**

**(وەحی) نیگاو سروشی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی ..................... ٢٩**

مانای وەحی لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە ........................... ٢٩

شێوەو جۆرەکانی وەحی .................................................. ٣٠

گوماندروستکردن لەسەر وەحی ........................................... ٣٢

بابەتی مەککی و مەدەنی ........................................................................ ٣٥
دیاریکردنی سورەتەکان ........................................................................ ٣٧
سوودەکانی جیاکردنەوەی مەککی و مەدەنی ........................................................ ٣٩
سەرەتاو کۆتایی دابەزینی قورئان ................................................................ ٤٠
**وانەی سێیەم:**
**(أسباب النزول) هۆکارەکانی دابەزینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز................. ٤٢**
پەیوەندیی نێوان ئایەت و سورەتەکان ........................................................... ٤٣
جۆرەکانی (أسباب النزول) ...................................................................... ٤٦
مانای (تنجیم)و بەش بەش دابەزینی قورئانی پیرۆز ................................... ٤٨
**وانەی چوارەم: قۆناغەکانی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز ............................ ٥٠**
ئەو کەرەستانەی قورئانیان لەسەر نووسراوەتەوە ............................................ ٥٢
پۆلێنکردنی سورەتەکان ......................................................................... ٥٧
نهێنیی سەرەتای هەندێک سورەت و ژمارەی ئایەت و وشەو پیتەکان ......... ٥٨
گرنگیدانی صەحابە بە ناوەرۆکی قورئان ...................................................... ٥٩
گرنگترین بەڵگەی پارێزراویی قورئانی پیرۆز ................................................. ٦١
**وانەی پێنجەم: تەفسیرو ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز ........................................ ٦٣**
جیاوازیی نێوان تەفسیرەکان ...................................................................... ٦٥
کاریگەریی ژینگە لەسەر هەندێک تەفسیر ...................................................... ٦٨
چەند تێبینیەک لەسەر تەفسیرەکان ............................................................. ٦٩
سوود لە تەفسیری تەحقیقکراو وەرگرن ........................................................ ٧٤

**وانەی شەشەم: ئیعجازی قورئانی پیرۆزو ڕەهەندەکانی ............................... ٧٥**
پێناسی موعجیزە ........................................................................... ٧٦
قۆناغەکانی تەحەددای قورئان بۆ نەیارانی ............................................. ٧٨
لایەنەکانی ئیعجازی قورئانی پیرۆز ..................................................... ٧٩
**وانەی حەوتەم: جۆرەکانی نەسخ و ڕای زانایان لەسەری ............................ ٨٩**
واتاو پێناسی نەسخ لە زمانی عەرەبیدا .................................................. ٨٩
بوارەکانی نەسخ و جۆرەکانی نەسخکردنەوە ............................................. ٩١
**یەکەم:** نەسخی قورئان بۆ شەریعەتە پێشووەکان ......................................٩١
**دووەم:** نەسخی قورئان بە قورئان ........................................................ ٩١
**سێیەم:** نەسخی قورئانە بۆ سوننەت ....................................................... ٩٢
**چوارەم:** جۆری نەسخی قورئانە بە سوننەت ............................................. ٩٢
ڕای نەیارانی فەرموودە لەسەر نەسخ ....................................................... ٩٣
سەبارەت بە ژمارەی ئایەتە مەنسوخەکان ................................................... ٩٤
ڕای هەندێک لە زانایان لەسەر ئاڵۆزیی بابەتی نەسخ ..................................... ٩٦
بۆچوونی پێشینان و پاشینان لەبارەی نەسخەوە ........................................... ٩٧
پێکهاتەکانی ناوەرۆکی قورئان ............................................................. ١٠١
جۆرەکانی نەسخ لە ڕووی مانەوەو نەمانەوەی دەق و حوکمییەوە ........... ١٠٢
نەسخبوونەوەی قورئان بە ئیجماع و کۆدەنگیی زانایان !! ......................... ١٠٧
چەند نموونەیەک کە بە نەسخ ناوبراون و نەسخ نین ................................... ١٠٨
هەندێک ڕیوایەتی ناڕاست و لاواز دەربارەی نەسخ ...................................... ١١٢

**وانەی هەشتەم: (الأحرف السبعة) ........................................................ ١١٦**
جیاوازیی (القرائات السبع) و (الأحرف السبع) ............................... ١٢٤
زانایانی حەوت قرائات ................................................................... ١٢٦
**وانەی نۆیەم: جۆرەکانی لەفزی قورئانی ............................................ ١٢٩**
پێناسی عام و خاص .........................................................................١٣٠
نموونەیەکی دەقی (عام)ی (تەخصیص)کراو ...................................... ١٣١
حوکمی لەفزی (عام) ......................................................................... ١٣٣
لەفزی (مطلق) و (مقید)و بەراوردکردنیان ........................................... ١٣٥
لەفزی (مجمل) و (مبین) .................................................................... ١٣٦
بابەتی داپۆشینی قولەقاپ و حوکمەکەی (بە نموونە) ........................... ١٣٧
بابەتی شێوەی سوننەتیی سیواککردن (بە نموونە) ............................... ١٤١
**وانەی دەیەم: بابەتی (محکم) و (متشایە) .............................................. ١٤٥**
پێناسی (محکم) و (متشابە) ............................................................... ١٤٥
پوختەی مانای (محکم) و (متشابە) ..................................................... ١٥٣
**وانەی یازدەهەم**
**بابەتی (الوجوە والنظائر)و تەئلیف و تەرجیع و اقتباس لە قورئاندا............ ١٥٧**
تەرتیبی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆز (تەئلیفی قورئان) ................ ١٥١
(تەرجیع) ........................................................................................ ١٦٣
(اقتباس) ......................................................................................... ١٦٤
وشەی غەیرە عەرەبی لە قورئانی پیرۆزدا ........................................... ١٦٥

**وانەی دوازدەهەم: وێناکردنی هونەریی لە قورئاندا ............ ١٦٩**

**وانەی سێزدەهەم: چیرۆک و پەندو سوێند لە قورئاندا ....... ١٨١**

بابەتی یەکەم/ چیرۆک ..................................................................... ١٨١

بابەتی دووەم/ (أمثال) .....................................................................١٨٧

بابەتی سێیەم/ سوێندخواردن (قەسەم) .................................................... ١٩٣

حیکمەتی سوێندخواردنی خوای گەورە بە غەیری ناوی خوا .................... ١٩٤

**وانەی چواردەهەم: ئیستیعارە، مەجاز، تەشبیهـ ، وەقف و وەصل ............. ١٩٧**

بابەتی وەستان و تێپەڕین (الوقف والوصل) ........................................... ٢٠٥

**وانەی پازدەهەم**

**بابەتی (إسرائیلیات)، وەرگێڕانی قورئان، (تەجوید)، کاری خۆرهەڵاتناسان لەسەر قورئان، دەستنووسەکانی قورئان، کاری وەرگێڕانی قورئان .......... ٢١١**

کاری وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز ........................................................ ٢١٣

باسێک لە تەجوید .......................................................................... ٢١٤

کاری خۆرهەڵاتناسان لەسەر قورئانی پیرۆز ........................................ ٢١٨

دامەزراوەی تایبەت بە قورئان ............................................................٢٢٠

دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز ...........................................................٢٢٠

ژمارەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو وشەو پیتەکانی ...............................٢٢١

هەندێک ڕیوایەتی ناڕاست و لاواز دەربارەی قورئانی پیرۆز ...................... ٢٢٣

*کۆتایی وانەکانی زانستەکانی قورئانناسی* ........................................... ٢٢٩

هۆی ناونانی ئەم زانستە بە زانستەکانی قورئان (علوم القرآن) ................ ٢٣٠

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِيَذَّكَّرُوا وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلَّا نُفُورًا (٤١) قُلْ لَوْ كَانَ مَعَهُ
آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لَابْتَغَوْا إِلَى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلا (٤٢) سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا
يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا (٤٣) تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ
شَيْءٍ إِلا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (٤٤) وَإِذَا
قَرَأْتَ الْقُرْآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ حِجَابًا مَسْتُورًا (٤٥)
وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَنْ يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ
وَحْدَهُ وَلَّوْا عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا (٤٦) نَحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَسْتَمِعُونَ بِهِ إِذْ يَسْتَمِعُونَ
إِلَيْكَ وَإِذْ هُمْ نَجْوَى إِذْ يَقُولُ الظَّالِمُونَ إِنْ تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَسْحُورًا (٤٧) ﴾

الإسراء/٤١ ـ ٤٧

به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

پێشەکی

سوپاس و حەمدو ستایش تەنها شایستەی زاتی (الله)یە، درودو صەلەواتی خوای میهرەبان لەسەر گیانی پێغەمبەری ڕەحمەت، موحەممەد ﷺ و ئال و یارو یاوەرو شوێنکەوتووانی هەتاهەتایە..

خوێنەرانی بەڕێز! ئەمەی لەبەردەستاندایە پوختەی (١٥) وانەیە دەربارەی زانستەکانی قورئانناسیی (علوم القرآن)، کە لە خولێکی (ئۆن لاین)ی تایبەتدا لە کەناڵێکی تایبەتی (تێلگرام)دا لە لایەن بەڕێز مامۆستا (د.عمر عبد العزیز)ەوە، وترانەوە، ئەمەش چەن زانیارییەک لەسەر خولەکە:

- خولەکە لە بەرواری (٣-٧-٢٠٢٢) تا (٢٠٢٢/٨/٢٢ز) بەردەوام بوو.
- حەفتەی دوو وانە دادەنران.
- (٨٠٨) کەس بەشدارییان لەو خولەدا کردو فۆرمیان پڕکردەوە، جگە لەوە لە نێوان دوو تا سێ هەزار کەس گوێیان لە وانەکان گرتبوو، یان سەردانی کەناڵەکەیان کردبوو.
- ڕۆژی (١٠-٩-٢٠٢٢ز) لە ڕێی ئۆنلاینەوە **(١٨٠)** کەس بەشدارییان لە تاقیکردنەوەدا کرد.
- لە کۆی بەشداران (١٧٠) کەس دەرچوون و لە لایەن ڕێکخراوی زانست و مامۆستای وانەبێژەوە بڕوانامەی سەرکەوتنیان پێبەخشرا.
- دواتر وانە دەنگییەکان لە لایەن ستافێکەوە نووسرانەوەو مامۆستا عمر عبد العزیز پیایانداچووەوەو بەم شێوەیەی بەردەستی خوێنەر دەرهاتن.

- ئەم وانانە تایبەتن بۆ کەسانێک کە سەرەتای ئاشنابوونیانە بەو زانستە.
- تایبەتمەندیی ئەم بابەتە زانستییانە لەوەدایە کە مامۆستای وانەبێژ لە دەیان سەرچاوەی کۆن و نوێ لە زانایانی موحەققیق و جێ متمانە، سوودی وەرگرتووەو بەهێزترین ڕای زانایانی پێشین و تازەترین ڕای پەسەندی زانایانی پاشین و هاوچەرخانی هێناوەو لەگەڵ پسپۆڕیی و ئەزموونی خۆی کۆی کردوونەتەوەو لەم وانانەدا گەڵاڵەی کردوون.

هیوادارین بابەتەکان ـ کە لە لایەن مامۆستاوە بە دەسپێکی زانستەکەو کلیلی دەستی گوێگران ناسێنراون ـ پەسەندی لای پەروەردگار بن و بۆ خوێنەرانی بەڕێزیش جێی سوودو بەرهەمدار بن و لە دۆعای خێر ئێمەش بێبەش نەکەن.

ستافی ئامادەکار

# وانەی یەکەم

## دەسپێک

## چەند زانیارییەکی گشتیی لەسەر زانستەکانی قورئان

قورئانی پیرۆز: تاکە سەرچاوەی جێگەی متمانەو یەقینە لە ڕووی عیلمیەوەو لە هەموو ڕووەکانەوە، بەو ئیعتیبارەی کە پەیامی خوای گەورەو دوا پەیامی ئاسمانییە بۆ مرۆڤایەتی. خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی داوە، بە حەقیقەتیش قورئانی پیرۆز بەو شێوەیەی کە جبریل (علیه السلام) هێناویەتی بۆ سەر دڵی پێغەمبەر ﷺ لە زمانی خۆیەوەو لە زمانی صەحابەکانەوە پارێزراوە، هەتا ئێستا ئەو قورئانەی کە دابەزیوە لە ئاسمانەوە، بە هەمان شێوە لەبەردەستی ئێمەدایە، بۆیە باشترین سەرچاوەش بۆ پێناسەکردنی قورئان هەر قورئانی پیرۆز خۆیەتی.

وشەی (قرآن) (٦٧) جار لە قورئانی پیروزدا هاتووە، لە یەکەم پێناسی قورئاندا بۆ خۆی دەفەرموێت: {الٓمٓ (١) ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ} البقرة ١-٢. ئەفەرموێ: ئەو کتێبە ئاسمانییە کە قورئانە هۆکاری هیدایەت و ڕێنوێنیە بۆ خەڵکی. بە شێوەو خوێندنەوەیەکی تریش هاتووە کە دەفەرموێت: {ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ} ، واتە لەسەر وشەی (لا ريب) بوەستی و بە دوایدا بڵێی: (فيه هدى للمتقين)، بە هەمان شێوە یەکەم خەبەری قورئانە، کە ئەوەیە: قورئان سەرچاوەی ڕێنوێنیی و هیدایەتە بۆ مرۆڤەکان.

**پێکهاتەی ناوەڕۆکی قورئان:**

قورئان سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە، یان لە سێ بەشی سەرەکیی پێکدێت:

بەشی یەکەمی و بنەڕەتیی: جیهانبینیەو پەیوەندیی بە عەقیدەو بیرۆباوەڕو مەسائیلی غەیبییەوە هەیە: خواو ناوو صیفەتەکانی و قیامەت و نبووەت و پەری و فریشتەکان و وەحی و چۆنیەتی بەهەشت و جەهەنم و..هتد.

بەشی دووەمیش: ئەحکامە شەرعییەکانن، فەرمان و قەدەغەکراوەکان، ئەوە بکەو ئەوە مەکە.

بەشی سێیەمیش بەهاو ئاکارو قیەمە ئەخلاقییەکانن..

لە ڕووی شێوەی داڕشتنیشەوە: قورئانی پیرۆز بەشێکی داستانەو بەشێکی بەشێکی بەسەرهاتی ڕابردووە، بەشێکی ئەمرو فەرمانەو بەشێکی نەهی و قەدەغەکردنە، بە شێوەی تەرغیب و تەرهیب.. ئەو سێ بەشەی کە باسمانکردن تێکەڵن، هەندێکجار حوکمی شەرعی لە بەسەرهاتێکدا باسکراوە، هەندێکجار بابەتێکی عەقیدەیی لە سیاقی باسی پێغەمبەرێکی خوادایە، یان لە یەکێک لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا (قەصەص)ەکاندا ئاماژەی بە بەهایەکی ئەخلاقیی کردووە.. ئەمانە نابنە بەش، ئەمانە شێوەو سەبکی داڕشتنی قورئانی پیرۆزن. بەش و ناوەڕۆکە سەرەکییەکە تەنها ئەو سێ بابەتەن: ①عەقیدە ② ئەحکام ③ بەها ڕەوشتییەکان.

**ناوو صیفەتەکانی قورئانی پیرۆز:**

قورئانی پیرۆز خۆی زۆر وەصف و پێناسی بۆ خۆی کردووەو چەندین ناوی بۆ خۆی هێناوە: لە دەیان ئایەتدا وشەی (کتاب، هیدایەت، هودا، فرقان، نور، بیان،

ذکر..) هاتووە، دیارە هەر ناوەو وەصفێکی لایەنێک ئەگرێتەوە، بۆ نموونە کە ئەڵێین: (کتاب) ـ کە وشەکە حەوت جار لە قورئاندا هاتووە ـ یەعنی توندوتۆڵ و پێکەوەبەستراو، وشەکە لە (کتب)ـە بە مانای دوورینەوەی دوو پارچە چەرم پێکەوە. (٦٧) جاریش وشەی (القرآن) هاتووە، بەمانای خوێندنەوە. یان وشەی (هیدایەت) (٦٦) جار لە قورئاندا بەکارهێنراوە، بە مانای ڕێ ڕونکردنەوەو بەرچاوڕوونی دێت. هەروەها وشەی (الفرقان) بەکارهێناوە بەمانای جیاکەرەوەی حەق و باطل و ڕاست و ناڕاست لە یەکتر. یان (٤٩) جار وشەی (نور)ی بەکارهێناوە، مەعناکەی دیارە، یانی ڕۆشنیی و ڕێ ڕوونکرنەوە. یان وشەی هەندێکجار (ڕوح)ی بەکارهێناوە، بۆ وەصفی قورئان بە مانای ئەوە کە دڵەکان زیندوو دەکاتەوەو وەک گیان بۆ مرۆڤ وایە..

لە ڕاستیدا ئەبێ بزانین ئەو هەموو وەصف و ناوانە بۆچی لە قورئاندا ئاماژەیان پێ کراوە؟ دیارە بۆ ئەوەیە هەر ناوێک لایەنێک لە لایەنەکانی قورئان ڕوون بکەنەوە.

**تایبەتمەندییەکانی قورئانی پیرۆز:**

قورئانی پیرۆز دوا پەیامی خوایە بۆ مرۆڤەکان، چوار تایبەتمەندی گرنگی هەن:

**یەکێکیان** ئەوەیە کە پەیامێکی پارێزراوی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤەکان، یانی تاکە پەیامی ئاسمانییە کە لە زاری جبریلەوە (علیه السلام) هاتووە، ئەویش لە خوای موتەعالەوە وەک خۆی نەقڵی کردووەو سنگ بە سنگ لە ڕێی ملیۆنها موسڵمانەوە لەبەرکراوەو لە سەرەتای دابەزینیشیەوە دڵسۆزانەو ئەمانەتدارانە تۆمارکراوەو پارێزراوە، چونکە خوای گەورە تاکە دروستکاری

فەرمانڕەوا (خالقی ئامر)ەو بە موقتەزای عیلم و حیکمەت و قودرەتی ئیلاهیی، دەبێت پەیامەکەشی پارێزراو بێت، دەبێت پەیامەکەی بۆ سەراسەری مێژوو بێت، بۆ هەموو ژینگەکان و هەموو سەردەمەکان و هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان بێت، بۆیە دەبێت ئەو پەیامەی پاریزراو بێت، پەیامە ئاسمانییەکانی تر کاتیی بوون، بۆ ژینگەو شوێن و ناوچەیەکی تایبەت بوون، بۆیە وەعدی پاراستنیان نەدراوە، بەڵام خوای گەورە وەعدی پاراستنی قورئانی داوە، لەبەر ئەوە کە دوا پەیامی خوایە، نابێ دوا پەیامی ئیلاهیی دەستکاری بکرێت.

**تایبەتمەندی دووەم:** ئەوەیە کە ئەم قورئانە موعجیزە، واتە نەیارانی بەچۆکدادێنێ، یانی تەحەددای مرۆڤایەتی دەکات لە سەرەتای دابەزینیەوە تا ڕۆژی قیامەت، کە هاوشێوەی بهێنرێت. سەرەتا تەحەدداکەی وا بوو: ئەگەر دەتوانن وێنەی ئەم قورئانە بهێنن، هاوشێوەی ئەم قسەیە بهێنن، کە ئێوە دەڵێن قسەی هەڵبەستراوی موحەممەدە، یان قسەی پێشینانی خۆیەتی، دەی ئێوەش وەکو ئەمە بهێنن. دوایی تەحەدداکە قورس ئەکات و داوایان لێ دەکات ئەگەر ناتوانن هەمووی بێنن، (١٠) سورەت بهێنن،. دوا جار تەحەدداکە قورستر دەکات و دەفەرموێت: ئەگەر ناتوانن هەمووی بهێنن، یان (١٠) سورەت بهێنن، دەی یەک دانە سورەتی وەک {إِنَّآ أَعۡطَيۡنَـٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ} یان {وَٱلۡعَصۡرِ..} بهێنن، کە دوو دێڕ یان دێڕو نیوێکن..

دیارە ئەم تەحەددایە تەنها بۆ سەردەمێک نەبووە، لە مێژووی ئەم چواردە سەدەیەدا ئەم تەحەددایە بەردەوام بووەو تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە هاوشێوەی قورئان دێڕێک بڵێت، چ لە ڕووی ئیعجازیی و داڕشتنی بەلاغییەوە،

چ لە ڕووی ناوەرۆک و لە ڕووی تەشریعییەوە، چ لە ڕووی زانستە جۆراو جۆرەکانەوە، تا دەگاتە ئیعجازی ژمارەیی، ئێستا ئیعجازی ژمارەییش پەیدا بووە، لەگەڵ ئەوەی جاروبار زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا جۆرە ئیعجازێکی تێدایە.

**تایبەتمەندیی سێیەمی قورئانی پیرۆز:** ئەوەیە کە بابەتەکانی تێهەڵکێشن، قورئانی پیرۆز ڕیتم و سەبکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە: لە سیاقی گێڕانەوەدا ئەمرو نەهی تێدەخات، یان لە سیاقی ئەمرو نەهیدا، باسی دونیاو دواڕۆژ تێهەڵکێش ئەکات، بۆیە لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە تا ئێستا، بە سەدان و هەزاران جۆرە تەفسیر هەن، کە زۆر جار لە یەکیش ناچن و هەر کامیان شتی تازەی تێدایە، ئەوە نهێنی ئەو ئیعجازە قورئانییەیە.

**زانستەکانی قورئانی پیرۆز:**

زانستەکانی قورئان (علوم القرآن) کۆمەڵێک زانست ئەگرێتەوە، بۆ نموونە:

باسی وەحی و دابەزینی وەحی چۆن بووەو چۆن دابەزیوە؟ ئەوە عیلمێکە لە علومی قورئان. عیلمێکی تر باسی تۆمارو تەدوین و نووسینەوەی قورئانە، قورئانی پیرۆز چۆن نووسرایەوەو چۆن پارێزرا؟ عیلمێکی تر باسی تەفسیری قورئانە، یانی ڕاڤەکردن و ماناکردنی ئایەتەکانی قورئان. بەشێکی تر باسی ئیعجازی قورئانە، ئیعجازەکە لە ڕووی چییەوەیە؟ بۆ نموونە: بەلاغییە؟ زمانەوانییە؟ تەشریعییە؟ یان ئیعجازی عیلمییە؟ ئیعجازی عەدەدییە؟ یان تەئریخیە؟ تاد.. هەمووی باسێکی دوورودرێژە، کە خۆی زانستێکی سەربەخۆ پێکدێنێت.

یەکێکی تر لە زانستەکانی قورئان باسی (ئەسبابی نزول)ـە، هۆکارەکانی دابەزینی ئایەت و سورەتەکانی قورئان. ئەم ئایەتانە چۆن دابەزیون و بۆچی دابەزیون؟ چونکە هەموویان سەبەب نزولی حەقیقییان هەیە، هەندێکیشیان سەبەب نزولێکی کاتییان هەیە، یانی بە هۆی ڕووداوێکەوە دابەزیون. زانستێکی تایبەت دەربارەی ئەوە هەیەو دەیان کتێبی لەسەر نوسراوە. زانستی (تەجوید)یش یەکێکە لە زانستەکان، واتە جوانخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە ڕووی لەفزەکانیەوە، کە زانستێکی سەربەخۆیەو ئەوتریتەوە.

زانستێکی تری (علوم القرآن) عیلمی (قرائات)ـە، عیلمێک هەیە بەو ناوە، چونکە هەندێک لە وشەو ڕستەکانی قورئانی پیرۆز لە خوێندنەوەدا بە چەند جۆر دەخوێنرێنەوە. ئەمە بەشێکە لە نهێنییە لوغەتییەکانی قورئان و ئیعجازە زمانەوانییەکەی دەردەخات. زانستێکی تر (تەصویری فەننی) یانی وێنەکێشانی هونەرییە لە قورئانی پیرۆزدا، (کە دواتر وانەیەکی بۆ تەرخان دەکەین). هەروەها زانستی (ناسخ و مەنسوخ) یەکێکی ترە لە زانستەکانی علوم قورئان، کە ئەویش بە جیا وانەیەکی بۆ دادەنێین..

(تێبینی: لە کۆتایی ئەم زنجیرە وانەیەدا لیستی (٣٣) زانست لە زانستەکانی قورئانناسیمان داناوە، بە لای کەمەوە بۆ ئاشنابوونی بەڕێزتان بە ناونیشانی زانستەکانی ئەم بوارە).

لەبەر ئەوە کە دەڵێین: زانستەکانی قورئان و بە شێوەی کۆ دەیڵێین، چونکە لایەنەکان و زانستەکان زۆرن و جۆراوجۆرن.

**سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی علوم قورئان:**

لە ڕاستیدا لە سەدەی سێی کۆچییەوە سەرەتاکانی ئەم زانستە سەری هەڵداوە، کە هەندێک کتێب نوسراون، بۆ نموونە کتێبێک هەیە بە ناوی (فضائل القران ومعالمه وآدابه)، کەسێک بە ناوی (أبوعبید، قاسم کوڕی سەلامی هورەوی، ئەزدی، خوراسانی)، نووسیویەتی، کە لە ساڵی (٢٢٤ک) وەفاتی کردووە، کە تەقریبەن بەشێک لە زانستەکانی علوم قورئانی تێدایە. هەروەها عەلی کوڕی مەدینی (ابن المديني) ـ کە مامۆستای پێشەوا بوخاری بووەو ساڵی (٢٣٤ک) کۆچی دوایی کردووە، دوو کتێبی نووسیون بە ناوەکانی (الناسخ والمنسوخ)و (أسباب النزول)، کە هەندێک لە سەرەتاکانی ئەو زانستەی دیاری کردووە. یان حارسی موحاسیبی ـ کە یەکێکە لە عاریفە گەورەکان و ساڵی (٢٤٣ک) وەفاتی کردوە، کتێبی (فهم القرآن ومعانيه)ی نووسیوە.

بۆیە نیوەی یەکەمی سەدەی سێی کۆچیی، بە سەرەتای سەرهەڵدانی بەشێک لە زانستەکانی قورئان حیساب دەکرێت. بەڵام لە سەدەی چواری کۆچیی یەکەم کتێبی کۆکەرەوەو جامع ـ کە وشەی (علوم القرآن)یشی تێدا بەکارهاتبێت ـ کتێبێکە بە ناوی (الحاوي في علوم القرآن)، کەسێک بە ناوی محەممەد، کوڕی خەلەف، کوڕی مەرزەبان، نووسی، کە لە ساڵی (٣٠٩ک) کۆچی دوای کردووە.

بەڵام ئەگەر پێش ئەم مێژووە باسبکەین ـ یانی پێش سەدەی دوو و سێی کۆچیی ـ ئەوە لە سەردەمی صەحابەوە جۆرە گرنگیی دراوە بە تەفسیر، ئەگەر وەکو بەشێک لە زانستەکانی قورئان سەیری بکەین، تەنانەت خودی پێغەمبەر ﷺ تەفسیری هەبووە بۆ هەندێک لە ئایەتەکانی یان وشەو ڕستەکانی قورئانی پیرۆز،

بۆ نموونە: سەیری سەرچاوەکانی فەرمووده بکەین، هەندێک بەشیان تێدایه بە ناوی (باب التفسیر)، کە پێغەمبەر ﷺ تەفسیری بۆ هەندێک ئایەت کردووە.

دیارە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیی ژمارەیەک هاوەڵی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەبوون کە زۆر بەناوبانگ بوون و بە شارەزای تەفسیر ناسرابوون، بۆ نموونە: چوار عەبدوولّلاکە ـ کە بە عەرەبی پێیان ئەڵێن عەبادیلە ـ : عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص، عبد الله کوڕی عەباس، عبد الله کوڕی عومەر، عبد الله کوڕی زوبەیر، (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە زۆر شارەزا بوون لە تەفسیر، ئەمە بێجگە لە ئەبوبکرو عومەرو عائیشە (ڕەزای خوایان لێبێت)، کە ئەمانە زۆر نزیکبوون لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، صەحابەی تریش هەبوون، وەک زەیدو ئەبوموسای ئەشعری کە شۆرەتیان زۆرەو لە مێژوودا بەوە ناسراون کە شارەزای تەفسیر بوون.

ئەگەر سەدەی صەحابە تێپەڕێنین و بچینە سەدەی دوای ئەوان (تابعین)ەوەو سەیری سەرچاوەو تەفسیرە کۆنەکان بکەین ـ وەک طەبەری و قورطوبی و ابن الکثیرو ئەوانە ـ زۆر ناوئەبرێت لە هەندێک زانای تابعین، کە قوتابی صەحابەکان بوون، وەک: سەعیدی کوڕی زوبەیر، موجاهید، عیکریمە، طاوس، عەطاء، مەسروق، قەتادە، زەیدی کوڕی ئەسلم.. ئەمانە هەموو کۆمەڵێک زانای گەورەی تابعی بوون، کە زۆرلە تەفسیری قورئان شارەزا بوون.

ماوەتەوە ئەوە بزانین کە زانستەکانی قورئان زۆرن، بابەتەکانی جۆراوجۆرن و کەم کەم گەشەیان کردووە، هەندێک لەو زانستانە لە سەدە دواییەکاندا ئیزافە بوون، هەندێکیشیان هەر لە سەردەمی صەحابەو خودی پێغەمبەرەوە ﷺ هەبوون.

## ئەرکەکانی ئێمە بەرامبەر قورئانی پیرۆز

بەڕێزان! ئەم زانستانە زانستانێک نین تەنها بۆ زیادبوونی مەعریفە بن، بە پێچەوانەوە چەند ئەرکێکمان بەرامبەر قورئان بۆ دروست دەکەن:

**یەکەم:** دەبێ یەقینمان هەبێت لە دڵنیابوون لە قورئانی پیرۆزو تەصدیقکردنی وەک سەرچاوەی هیدایەتی خوایی، یانی لە سەرەتاوە بە پێی موقتەزای ئەوە کە خوای گەورە بەدیهێنەرو خالقە، فەرمانڕەواو ئامریشە، یانی ئەو دروستی کردووین، بۆیە تەنها ئەبێت فەرمانی ئەویش جێبەجێ بکەین، ئێمە مەخلوق و دروستکراوی خواین، ئەبێ فەرمانبەرداری خوایش بین.

**ئەرکی دووەم:** ئەرکی خوێندنەوەی قورئانە، (قیرائەت)، دەبێت دڵنیابین کە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ـ خۆی بۆ خۆی ـ عیبادەتە، یانی تێیبگەیت، یان تێینەگەیت، هەر سورەتێک یان هەرچەند ئایەتێک بخوێنی، چەند پیت بێت، ئەوەندە خێرت بۆ دەنووسرێت. ئەمە ئەرکێکە بۆ خەڵکی خوێندەوارو نەخوێندەوار، بە گوێگرتنیش هەر وایە.

**ئەرکی سێیەم:** بۆ کەسانی خوێندەوار کە بتوانن لە قورئان تێبگەن، ئەرکێکی تر هەیە کە ئەرکی چاکخوێندنەوەی قورئان و بەدوای یەکداخوێندنەوەی قورئانی پیرۆزە، واتە (تیلاوەت)، تیلاوەت و قیرائەت فەرقیان هەیە، قیرائەت ئەوەیە کە تەنها بخوێنیتەوە، واتە زۆر لێیشی ورد نەبیتەوەو لە ماناکانی تێڕانەمێنی، هەر قیرائەتت کردووە، بەڵام (تلاوەت) لە ڕیشەی (تِلْو)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتە بەدوای یەکدا هاتن، ئەمەیان بۆ تێڕامان و تەدەببوورە: {ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ}، البقرة/١٢١، یانی: ئەوانەی کیتابمان بۆ هێناون باش ئەیخوێننەوە، حەقی

تیلاوەی ئەدەنیؒ، یانی بە دوای یەکدا ئەیخوێننەوە، بۆیە ئەفەرمووێ: {كتاب أنزلناه إليك مُبارك ليدبروا آياته}، تەعلیلی ئەوە ئەکات بۆچی کیتابمان ناردووە؟ ئەفەرموێ: بۆ ئەوەی لێی وردببنەوەو بە دوای مانای ئایەتەکاندا بچن. تەدەبوور تەفەعولە لە (دُبُر) یانی بەدوای شتدا چوون، واتە ورد ببنەوە لە مانای ئایەتەکانی قورئان. ئەوە نیە دەفەرمێت: {أَفَلا يَتَدبَرُونَ القُرآن أَم على قُلُوب أقفالها}؟ کەوابێت ئەوانەی لە قورئان وردنابنەوە دڵەکانیان قوفڵکراون و داخراون. ئاخر قورئان کتابێکی موحکەم و پێکەوەگرێدراوو توندوتۆڵی خواییە، ئەمە لە کاری مرۆڤ ناچێت، ئەو وردبوونەوەیە یەقین و متمانەکەت زیاتر ئەکات.

**ئەرکی چوارەم:** ئەوەیە کە نیەتی کارپێکردنیمان هەبێت، واتە ئەوە کە خوا قورئانی پیرۆزی ناردووە تاکو بەگوێی بکەین، چونکە خوای گەورە دەفەرمێت: {أَطِيعُوا الله وَرَسُولَه}.

**ئەرکی پێنجەم:** بەرامبەر قورئانی پیرۆز گەیاندنیەتی، موسڵمانان ئەبێت گەیەنەری پەیامی خوای گەورە بن، زانستەکانی قورئان بەس بۆ ئەوە نین مەعریفەت بچێتە مێشکەوەو مرۆڤ ئاشنا ببێت بە هەندێک شت، زانینی ئەم زانست و زانیارییانە ئەم ئەرکانە لەسەر شانمان بەرامبەر قورئانی پیرۆز دروست دەکەن.

**پێناسی قورئانی پیرۆز:**

وشەی (قورئان) (القرآن) چاوگە وەک (قراءة) لە وشەی (قرأ)ـەیە، وشەی قورئان یانی خوێندنەوە، بۆیە زاناکانیش تەعریفی قورئانی پیرۆزیان بەم جۆرە کردووە: {القرآن: كَلامُ أَللهِ المُنَزَلِ على محَمّدِ، المُتَعَبَدِ بِتِلاوَتِه}، دیارە کەلامی خوا تەنها قورئان نیە کەلامێکی تریشی هەیە لای خۆیەتی، یان لە کتێبە ئاسمانییەکانی تردایە، پێناسەکە کە دەڵێت: (على محمد) یانی ئەوەی بۆ غەیری موحەممەد صلی

الله عليه وسلم هاتووە، بە قورئان حساب ناکرێت، هەرچەند لە لای خودایشەوە هاتبێت بۆ پێغەمبەرێکی تر.

برگەی (المتعبد بتلاوته) ئەو بەشە ئەگرێتەوە کە ئیجماع و کۆدەنگیی لەسەرە، واتە قیرائاتێک ناگرێتەوە کە (آحاد)ن، یانی ڕیوایاتێک کە (آحاد)ی ڕاوییان نەقڵیان کردووە، هەروەها (فەرموودەی قودسی)ش ناگرێتەوە. واتە تەنها ئەو بەشە کۆکراوە دەگرێتەوە کە لەبەردەستی ئێمەدایەو ئێستا پێی دەڵێین: موصحەف، کە لە سورەتی (فاتحە) تا سورەتی (الناس)ی تێدایە، ئەمە پێی دەڵێن تەعرفێکی (جامعی مانع) بۆ قورئانی پیرۆز.

**جیاوازیی لە نێوان قورئان و فەرموودەی قودسی و فەرموودەی نەبەوی:**

لە ڕوویەکە ترەوە پێویستە جیاوازیی لە نێوان قورئانی پیرۆزو فەدموودەی قودسی و فەرموودەی نەبەویدا بکەین:

١ـ قورئان لە ڕووی لەفزیی و ناوەرۆکەوە لای خوای گەورەوەیە، بە پێچەوانەی دووانەکەی ترەوە کە لەفزیان لە لایەن خواوە نیە.

٢ـ قورئان موعجیزەیەو تەحەددی لەگەڵدایە، بەڵام فەرموودە موعجیز نیەو تەحەددی لەگەڵدا نیە، با فەرموودەی قودسیش بێت.

٣ـ قورئانی پیرۆز بە تەواتور هاتووە، یانی ئیجماع و کۆدەنگیی لەسەر هەموو ئایەتەکانی هەیە، بەڵام فەرموودەی قودسی وا نیەو ڕیوایەتەکانی دڵنیایی نابەخشن و (ظني الثبوت)ن، فەرموودەی قودسی زۆر کەمیشن، ئەگەر دووبارەو لێکچووەکانیان لێ لابەین نزیکەی (٥٠) تا (٦٠) ڕیوایەتن.

٤ـ جیاوازییەکی تر ئەوەیە تەعەبوود بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەکرێت، یانی کە تۆ وشەیەک لە قورئان دەخوێنیتەوە، دە چاکەو (حەسەنە)ت بۆ دەنووسرێت، با لە وشەکەش تێنەگەیت، بەڵام ئەمە بۆ فەرموودەی قودسی نیە، ڕاستە بە گشتیی خێرێکت دەست دەکەوێت، بەڵام وەک قورئانی پیرۆز نیە کە بە هەر پیتێک حەسەنەت بۆ ببێت.

٥ـ قورئانی پیرۆز لە نوێژدا دەخوێنرێت، بەڵام فەرموودەی قودسی و فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژدا ناخوێنرێن.

٦ـ قورئانی پیرۆز لای جمهوری زانایان جائیز نیە بە لەشگرانیی و بێ دەستنوێژ دەستی لێ بدرێت، بەڵام ئەم حوکمە بۆ فەرموودەی قودسی و فەرموودەی نەبەوی نیە.

٧ـ لە لایەن خوای گەورەوە بەڵێنی پاراستنی تەواوی قورئانی پیرۆز دراوە، بەڵام بەڵێنی پاراستنی دوو جۆرەکەی تر نەدراوە.

ئەمانە گرنگترین ئەو جیاوازییانەن کە لە نێوان قورئانی پیرۆزو فەرموودەی قودسی و فەرموودەی ئاسایی هەن.

**ئیعجازو تەحەددی قورئانی پیرۆز:**

تەوەرێکی تر باسی لایەنی موعجیزی قورئانە، لە مێژووی دوای دابەزینی قورئاندا خەڵکێکی زۆر ویستوویانە لاسایی قورئانی پیرۆز بکەنەوە، بەڵام سەریان لە بەردی داوە، بە سەدان کەس هەوڵیانداوە کە هاوشێوەی قورئان بهێنن، هەر لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا ﷺ (موسەیلەمە)ی (کەذذاب) هەبووە، کە لافی پێغەمبەرایەتی لێ داوەو وشەی ڕیزکردووە، کە بووەتە جێی گاڵتەجاڕی

منداڵانی عەرەبزمان، چ جای ئەدیب و شاعیرو زمانزانان، بۆ نموونە کە بیستی سورەتی (ألم تر كيف فعل ربك بأصحاب الفيل)؟ دابەزیوە، ئەویش وتوویەتی: (الفيل، ما الفيل؟ وما أدراك ما الفيل؟ له هو خرطوم وطويل)! بۆیە ئەمانە بوونەتە جێی گاڵتەپێکردنی خوێندەوارەکانی سەردەمی خۆیان. یانی ئەوەیان لەبیر نەبووە کاتێک کە دەگوترێ قورئان (معجز)ە، واتە بەچۆکداهێنەرە، یانی تەحەددی ئەکات، تەحەددی (ئیعجازی ڕەوانبێژیی)، ئەکات، لە ڕووی زمانەوانی و لە ڕووی (بەلاغە) و (بەیان)و (بەدیع)ەوە. هەروەها بەشێکی پەیوەندیی بە (ئیعجازی تەشریعی)یەوە هەیە، بەشێکیشی باسی (ئیعجازی زانستی)یە، لە ڕووی فەلەکیات و لە ڕووی باسی گژوگیاو لە ڕووی دەریاو ئەستێرەناسیی و گەردوونناسیی و زەمینناسیی و مرۆڤناسیی و.. هتد. هەروەها بەشێکی (ئیعجازی ژمارەیی)یە، کە ئەوە لەم سەردەمەدا زۆر ڕووی تەحەددییەکەی خەست بووەتەوە، بە حوکی بوونی دەزگا هۆشمەندەکان، کە دواتر دەچینەوە سەر ئەم بابەتە.

کەواتە بە پێی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیا، تەحەددییەکانی قورئانی پیرۆز ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکەن، چونکە دەبێت ئەم قورئانە موعجیز بێت بۆ غەیری عەرەبیش، خۆ ناکرێت تەحەددییەکە تەنها هەر لە لایەنی بەلاغیدا بێت و بڵێین: قورئان تەنها بۆ عەرەبزمانان موعجیزەیە، ئەی کابرای هیندی چۆن ئیسفادە ئەکات لە فەصاحەو بەلاغەی عەرەبی؟ چۆن لێی تێئەگات؟ چۆن سەرنجی ڕادەکێشێت؟ (پشت بە خوا یەک وانە تەرخان دەکەین بۆ ئەم باسی ئیعجازەو جۆرو بەش و لایەنەکانی).

**بەش بەش دابەزینی قورئانی پیرۆز:**

لەم ئاقارەدا پێویستە بزانین کە قورئانی پیرۆز بە تەدریج دابەزی بۆ سەرزەوی، یانی قۆناغ بە قۆناغ، لەبەر چەند هۆیەک:

**یەکەم**: لەبەر ئەوەی پێغەمبەرﷺ باش و بە تەواویی وەریبگرێت، ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە کە دەفەرموێت: {وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ وَٰحِدَةٗ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلا} الفرقان/٣٢: بێباوەڕان ئەیانوت: بۆچی ئەم قورئانە بە یەک جارو بەسەریەکەوە نەهاتە خوارەوە بۆ سەر محەممەد؟ پاشان دەفەرموێت: لەبەرئەوە کە دڵی تۆی باش پێ مەحکەم بکەین، بۆیە بە تەدریج هاتە خوارەوە.

**دووەم**: لە ڕوویەکی ترەوە بۆ ئەوەی خەڵکی تێیبگەن و بابەتەکانی هەرس بکەن، چونکە ناکرێت قورئان بەم هەموو ئەحکامەوەو بەم هەموو لایەنە زۆرو جۆراوجۆرەوە، هەمووی بە جارێک بگەیەنرێت بە خەڵکی، بۆیە لە سورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێت: {وَقُرۡءَانا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٖ وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيلا} الإسراء/١٠٦، واتە: قورئانمان بەش بەش کرد، بۆ ئەوەی بە تەدەڕوج و هێدی هێدی و بە شێنەیی بیخوێنیتەوە بۆ خەڵکی، نەک بە یەک جار، هەمووی لەگەڵ ڕووداوەکاندا هات، نەدەکرا پێغەمبەرﷺ موصحەفێک لە تاقێکدا دانێت و هەر جارە شتێک ڕوو بدات و بچێت حوکمێک بخوێنێتەوە، بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی تەفاعولی لەگەڵدا بکرێت و بۆ ئەوەی واقعی بێت، جبریلی فریشتەی تایبەتی هێنانی وەحی خوا (علیه السلام)، بە درێژایی (٢٣) ساڵ لەگەڵ ڕووداوەکاندا چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزی دەهێنا، بە پێی پێویستی ئەو ڕووداوە.

**میتۆدی موفەسسیرەکان:**

دوا تەوەری ئەم وانەیە باسی میتۆدو مەنهەجییەتی موفەسسیرەکانە، ڕاڤەکارو توێژەرانی دەقی قورئانی پیرۆز، میتۆدی جۆراوجۆریان هەبووەو هەیە، کە باسی تەفسیری قورئان دەکرێت، چەندین جۆر تەفسیرمان هەن: تەفسیری گشتیی هەیە وەکو (ابن کثیر)، کە زۆر شتی تێدایە، لە ڕووی زمانەوانی و لە ڕووی ئەحکام و لە ڕووی مێژوو و لە ڕووی هێنانی ڕیزایەت و فەرموودەوە. تەفسیر هەیە تایبەتە بە ئەحکامەوە، وەک تەفسیری (جامع البيان في تأويل القرآن)ی (طبري)و (الجامع لأحكام القرآن)ی (قرطبی)، کە ئەو دووانە زیاتر بەناوبانگن. تەفسیر هەیە زۆر گرنگیی بە لایەنی زمانەوانیی داوە، وەک تەفسیری (الكشاف)ی زەمەخشەری، تەفسیری هاوچەرخیش هەیە کە زانستە نوێکانی تێدایە، بە تایبەتی زانستە تاقیکارییەکان (تەجریبیەکان)، وەک تەفسیری (الجواهر) کە زانایەکی بەتوانا بەناوی (طنطاوی جەوهەری) نووسیویەتی، ئەم تەفسیرە تەنانەت وێنەی بابەتە زانستیەکانی تێدایە. تەفسیریش هەیە زیاتر گرنگیی بە لایەنی بانگخوازیی و پەروەرەیی و ڕوحی داوە، وەک تەفسیری (في ظلال القرآن)ی شەهید (سيد قطب). یان تەفسیر هەیە زۆر (حەرەکی)یە، وەک (الأساس في التفسير)ی سەعید حەوا، یان (تفهيم القرآن)ی عەللامە (أبو الأعلى المودودي). تەفسیرە کوردییەکانیش زۆربەیان گشتین، کەمیان چوونەتە بواری پسپۆڕییەوە.

بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی باشترین تەفسیر تەفسیری بابەتییە، پێی ئەڵێن: (تەفسیری مەوضوعی)، چونکە ئەوە تەفسیری قورئان بە قورئان و تەفسیری قورئان بە سوننەتی پێغەمبەریشی تێدا تەحقیق دەبێت ﷺ، دیارە تەفسیری

مەوزوعی ڕوئیایەکی کاملت دەداتێ، حوکم بێت، یان ڕووداو بێت، یان بابەتێکی قیەمی و ئەخلاقیی، یان هەر شتێکی تر، هەروەها نهێنی بابەتی ئیعجازی تەشریعیشی تێدا دەردەکەوێت.

تەفسیری بابەتی چیە؟ بۆ نموونە: وشەی (الصلاة) لە هەموو قورئاندا کۆبکەیتەوە، بزانی قورئان چۆن وێنای نوێژی کردووە؟ یان وشەی (الزکاة) و (الصدقة) ئەوەی پەیوەندیدارە بە زەکات و صەدەقەوە کۆبکەیتەوە، تێئەگەیت کە قورئان چۆن وێنای زەکاتی کردووە، بۆ نموونە تەفسیری سورەتی (الفاتحة) ئەکەیت، ئەگەیت بە ڕستەی {أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ}، ئەگەڕێی بزانی لە قورئانی پیرۆزدا (منعم علیهم) کێن؟ ئەو کەسانە کێن کە خوای گەورە نیعمەتی پێداون؟ دەبینی لە سورەتی (النساء)دا ڕوونی کردووەتەوەو فەرموویەتی: {وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا} النساء/٦٩، ئەوانەی خوا نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون، پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و صاڵحەکانن، بۆ نموونە لە سورەتی مەریەمدا باسی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب ئەکات و دوایی لە کۆتاییدا ئەفەرمووێت: {أولئک الذین أنعم الله علیهم}، کەواتە (منعم علیهم) ئەتوانی بڵێی ئەو ناوبراوانەن. یان ئەفەرموێت: (غیر المغضوب علیهم ولا الضالین) ئەتوانین لە قورئاندا بگەڕێین بزانین، (مغضوب علیهم) لە قورئانی پیرۆزدا کێن؟ یان وشەی (ضال) بۆ کێ بەکارکراوە.

بەڕێزان! ئەمانە چەند زانیارییەکی سەرەتایی بوون، وەک دەسپێکێک بۆ چوونە ناو بابەتی زانستەکانی قورئانناسی (علوم القرآن)، بە پشتیوانی خوا لە وانەی داهاتووەوە لە بابەتی (وەحی)یەوە دەست پێدەکەین و دەچینە ناو بابەتەکانی زانستەکەوە..

## وانەی دووەم

## (وەحی) نیگاو سروشی خوای گەورە بۆ پێغەمبەرانی

لە زانستەکانی قورئانناسیدا بابەتێک هەیە لە ژێر ناونیشانی (وەحی)و ماناکەی لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەی زانستییەوە. هەروەها جۆرەکانی وەحی و چۆنییەتی پەیوەندیکردنی فریشتەی وەحی بە پێغەمبەرەوە ﷺ.

**مانای وەحی لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:**

**وشەی** (وحی) لە زمانی عەرەبیدا بە مانای ئاماژەیەکی توندوخێرا دێت، کە ڕەهەندێکی نهێنیشی تێدا بێت، واتە هەر ئاماژەیەک کە نهێنی بێت و خێرا بێت، پێی دەگوترێت وەحی. ئەمە لە قورئانی پیرۆزیشدا باسکراوە، بۆ نموونە بۆ ئیلهام ناردن بۆ دایکی موسا فەرموویەتی: ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَىٰ أُمِّ مُوسَىٰ أَنْ أَرْضِعِيهِ﴾ القصص/٧، ئەمە بە مانای ئیلهامی فیطریی دێت، واتە خوای گەورە خستییە دڵی دایکی موساوە. هەروەها بە مانای (ئیلهامی غەریزی)ش بۆ گیانداران بەکارهاتووە، وەک لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ﴾، یانی بە ئیلهامی غەریزی هەنگی فێرکرد. هەروەها وەحی بە مانای ئاماژەی خێراش دێت، وەک ئەوەی دەربارەی زەکەریا پێغەمبەر- درودی خوای لەسەربێت - دەفەرموێت: ﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ أن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴾ مریم/١١، لەوێدا (فَأَوْحَىٰ إِلَيْهِمْ) واتە (فأشار إِلَيْهِمْ). وشەی وەحی بۆ وەسوەسەی شەیطانیش بەکارهاتووە، وەک دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ﴾ الأنعام/١٢١، هەروەها بۆ مەلائیکەکانیش بەکارهاتووە، واتە خوای گەورە وەحی ناردووە بۆیان و خستوویەتییە دڵیانەوە: ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى

الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ﴾ الأنفال/١٢. دیارە وەحی بۆ پێغەمبەرانیش (علیهم السلام) هاتووە، کە ئەم باسەمان تەرخانە بۆ ئەم جۆرەیان.

کەواتە لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی (وەحی) ئەم چەند مانایە دەدا: ئیلهامی فیطیری و غەریزی، ئیشارەی خێرا، وەسوەسەی شەیطان. بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە زانایانی (علوم القرآن) پێناسێکی زانستییان بۆ (وەحی) کردووە کە دەڵێن:

"الوحی هو: إعلام اللهِ رَسولا مِن البَشَر بِأَمر مِن عِنده بِطُرقِ حَدَدها سبحانه.."، واتە: وەحی بریتییە ئاگادارکردنەوەی خوا بۆ پێغەمبەرێک لە مرۆڤەکان، بە فەرمانێک لە لایەن خۆیەوە، بە چەند شێوەیەک کە خۆی دیاری کردوون، چونکە چەند شێوەیەکی وەحی هەن، کە لە کۆتایی سورەتی (الشوری)دا هاتوون. ئەمە (وەحی)یە لە زاراوەی زانایانی (علوم القرآن)دا٠

**شێوەو جۆرەکانی وەحی:**

لە قورئانی پیرۆزدا شێوەکانی وەحی باسکراون، دەفەرموێت: [وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاءُ إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ] الشوری/٥١، واتە: هیچ مرۆڤێک بۆی نیە کە خوا قسەی لەگەڵدا بکات، تەنها بە شێوەی وەحی نەبێت، ئەوە ئیلهامە قەلبییەکەیە، یان لە پشتی پەردەوە، وەکو ئەوەی کە لەگەڵ موسا پێغەمبەردا (علیه السلام) ڕووی دا، یان فریشتەیەک دەنێرێت و شتێکی بۆ دێنێت کە خۆی ویستی لەسەرە..

ئەمانە جۆرەکانی وەحین، بێگومان بەشی زۆری چۆنییەتی ناردنی ئەم فریشتانە لەقورئاندا دەفەرموێت:

١ـ ﴿وإنه لتنزيل رب العالمين * نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ* عَلَىٰ قَلْبِكَ لتكون من المنذرين﴾ الشعراء/ ١٩٤.١٩٢، واته: ئەم قورئانە دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانییانە، روح الأمين ـ جبريل کە فریشتەی تایبەتمەندی وەحییە، علیه السلام ـ دەینێرێتە سەر دڵی تۆ ـ ئەی موحەممەد! ـ تا ببیتە وریاکەرەوە. واتە ڕاستەوخۆ خوا دەیخاتە دڵییەوە. هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَىٰ قَلْبِكَ ﴾، البقرة/٩٧.

٢ـ یان جاری وایە فریشتەی وەحی بە شێوەی خۆی دەردەکەوێت. لە سەرچاوەکانی فەرموودەو ژیاننامەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە دوو جار لەسەر شێوەی فریشتەیی خۆی بینیویەتی: جارێک لە ناوچەی (ئەجیاد) ـ شوێنێکە لە ڕۆژهەڵاتی مەککە – لەسەر داوای خۆی بینیویەتی، کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە: (ولقد رآه بالأفق المبين) التكوير/٢٣، جارێکیش لە (سدرة المنتهى)، کە لە سورەتی (النجم)دا باسی هاتووە، دەفەرموێت: (ولقد رآه نزلة أخرى* عند سدرة المنتهى)، ئەمە لە شێوەی خۆیدا، کە تەنها خوا خۆی دەزانێت چۆنەو پێغەمبەری خواش ﷺ کە بینیویەتی و سەرسام بووە لە گەورەیی و سامناکییەکەی.

٣ـ هەندێک جار لە شێوەی مرۆڤیشدا دەکەوتووە، واتە چووەتە شێوەی مرۆڤێکەوە. لە ڕیوایەتێکدا ـ کە (مەرفوعە)و نەسائی ڕیوایەتی دەکات و ئیمامی ئەحمەد بە (مەوقوف)ی هێناویەتی ـ دەڵێت: جبريل لە شێوەی دحیەی کەلەبی ـ کە یەکێک بوو لە ئەصحاب ـ دەرکەوتووە.

**گوماندروستکردن لەسەر وەحی:**

بە درێژایی مێژوو گومانی زۆر لەسەر وەحی دروست کراوە، سەرەتا هەر لە کاتی دابەزینی قورئانەوە بێباوەڕان و ئەهلی کتاب گومانیان لەسەر وەحی دروستدەکرد، وەکو خۆشتان دەزانن تا ئێستەش ئەم گوماندروستکردنە بەردەوامە. بۆ نموونە ئەو کاتە دەیانوت: ئەم قورئانە قسەی محەممەد خۆیەتی، جوابی ئەو کاتەش و ئێستەش ئەوەیە کە: ئەگەر قسەی خۆیەتی و لە توانای مرۆڤدایە، ئێوە بۆ هاوشێوەی ناهێنن؟ یان چۆن هەواڵی نەتەوە پێشووەکان و ڕووداوە ڕابردووەکان و تەنانەت پێشبینیەکانی داهاتوویشی باسکردووە؟ کەسێکی نەخوێندەوار چۆن ئەمانە تۆمار دەکات؟

ئەم تۆمەتە بەوە ڕەتدەکرێتەوە، کە قورئان پڕیەتی لە ڕووداوی مێژوویی دروست و پێشبینی دروست. لە ڕوویەکی ترەوە زۆرێک لە کێشەکانی خۆی لە قورئاندا باسکراون، چۆن کەسێک لە کتێبی دەستنووسی خۆیدا وا دەکات؟ تەنانەت زۆرجار لە پیلانی دووڕووەکان ئاگادار نەبووە، یان بۆ نموونە  کە سورەتی (المجادلة)ی بۆ دێت، پێش ئەوەی کە وەحییەکەی بۆ بێت، نازانێت چی وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە کێشەکانیان بردووەتە لای. یان تەنانەت هەندێک ڕەخنەو گلەیی لە خۆی کراوەو لە قورئاندا هاتوون، چۆن کەسێک ئاوا باسی خۆی دەکات؟

خاڵێکی تر هەر ئەوکاتەش گوتوویانە کە: محەممەد مامۆستای هەبووەو ئەم شتانەی لە خۆیەوە نەگوتووە، یەکێک وتوویەتی: کاهینێک دەرسی پێگوتووە، یەکێک وتوویەتی: جنۆکە دەرسی پێگوتووە، یان وتوویانە: هەندێک زانای

ئەهلی کتاب دەرسیان پێگوتووە، هەندێکی تر وتوویانە: ئاسنگەرێکی ڕۆمی نەصرانی دەرسی پێگوتووە، یان بوحەیرای ڕاهیب فێری کردووە، یان باسی وەرەقەی کوڕی نەوفل دەکەن، چەند شتێکی تریش، دەڵێن: محەممەد دەرسی لەمانە وەرگرتووە، لە کاتێکدا وەرەقەی کوڕی نەوفەل دەربترەی (وەحی) وتوویەتی: "محەممەد! ئەمە ئەو ناموسەیە کە خوای گەورە بۆ موساش ناردی، خۆزگە من زیندوو دەبووم کە کاتێک قەومەکەت تۆ دەردەکەن، تا یارمەتیم بدایتایە! (لەو کاتەدا وەرەقە پیر بووەو دایناوە لە کاتی دەرکەوتنی پێغەمبەرایەتی و دژایەتی قورەیش بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەو لە ژیاندا نامێنێت، بۆیە ئەوەی وتووە)، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا فەرموویەتی: (أو مخرجي هم؟): ئایا قەومەکەم من دەردەکەن؟ ئەویش دەڵێت: بەڵێ، دەرتدەکەن و هیچ کەسێک نەهاتووە شتێکی لەم شێوەیەی تۆی هێنابێت، ئیللا ئازار دراوە.." ئەمە تەواوی ڕووداوی بینینی وەرەقەیە، ئیتر لە کوێ فێری کردووەو چی فێر کردووە؟

جا قورئان لە سورەتی (النحل)دا ئەم گومانە وروژێنراوە باسدەکات و دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ﴾، ئێمە بەدڵنیایی دەزانین کە دەڵێن مرۆڤێک محەممەد فێری ئەم قسانە دەکات، بەڵام خوا ڕەدیان دەداتەوەو دەفەرموێت: ﴿لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَٰذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ﴾، زمانی ئەو کەسەی کەوا محەممەد نیسبەت دەدەنە لای، گوایە لەو فێربووبێت، ئەعجەمییە، لە کاتێکدا ئەم قورئانە زمانێکی (عەرەبی)یە، ڕوون و ڕەوان و ڕۆشنە، ئەو کەسە ئەم فەصاحەت و زمانڕۆشنییەی نیە، چۆن ئەم تۆمەتە دەدەنە پاڵی؟

کەواتە گومانی یەکەم لەسەر وەحی ئەوەیە کە قسەی خۆیەتی، گومانی دووەم ئەوەیە کە دەڵێن: ئەم قورئانە زیادو کەم کراوەو دەستی تێبراوە.

وەڵام ئەوەیە کە بە درێژایی چواردە سەدە دەرکەوتووە ئەم گومانە بێ بنەمایەو قورئان یەک وشەی زیادو کەم نەکراوە، تەحەددی و ئیعجازاتێک کە لە قورئاندا هەن، وەڵامن بۆ ئەو گومانە، چ ئیعجازی بەلاغی، تەشریعی، چ زانستیی، چ ئیعجازی ژمارەیی و ئەندازەیی..

هەروەها بوونی ئەو هەموو گلەیی و لۆمانەی کە لە قورئاندا بۆ پێغەمبەر نێرراون، بەڵگەیەکی زۆر گرنگن بۆ پووچبوونەوەی ئەو گومانە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەند شوێنێکی قورئاندا لۆمەو گلەیی لێ کراوە، بۆ نموونە لە سورەی (الأنفال)، ئایەتی (٦٧)و (٦٨)دا خوای گەورە ڕەخنەی لێگرتووە بەوەی کە هیچ پێغەمبەرێک بۆی نیە دیل بگرێت هەتا کاتێک دەسەڵاتی دەبێت لە زەویدا. هەروەها کاتێک مۆڵەتی دووڕووەکانیشی دا، خوای گەورە گلەیی لێکرد، کە بۆ مۆڵەتت دان؟ لە سورەتی (التوبة/٤٣)دا ئاماژەی پێکراوە.

کاتێکیش نیەتی هێنابوو کە داوای لێخۆشبوون بۆ هەندێک لە خزمانی موشریکی بکات، خوای گەورە فەرمووی: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ ولو كانوا أولى قربى﴾، واتە: پێغەمبەرو ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، بۆیان نیە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن بۆ موشریکین، هەرچەند خزمیش بن. یان لە سورەتی (أحزاب) و (تحريم) و (عبس)دا چەندین گلەیی لە خۆی باسکراون.. چۆن کەسێک خۆی دەستی هەبێت لە دانانی کتێبێکدا، ئەم ئاماژانەی تێدایە؟

ئەمە گەورەترین ڕەتکردنەوەیە بۆ ئەو کەسانە کە قورئان بە دانراوی پێغەمبەری خوا ﷺ دەزانن. بۆیە ئەوانەی ویستوویانە تەقلیدی قورئان بکەن، بوونەتە مەهزەلەو جێگە گاڵتەی خەڵک و هاوچەرخەکانی خۆیان، چونکە بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە هیچ بەرهەم بێنن. کەسانێکی زۆر دانیشتوون، بە هەزاران وەرەقەیان نووسیوە، هەزاران ڕستەیان داناوەو دڕاندوویانەو پێیاندا چوونەتەوەو دووبارە نووسیونیانەتەوە، لە مێژوودا چەندەها کەسی وا هەبوون، کە ئەم هەوڵەیان داوە، بەڵام سەریان لە بەردی داوەو هەوڵەکەیان بێ ئاکام بووە، لە سەردەمی خودی پێغەمبەردا (مسیلمة الكذاب)، ئەو هەوڵە نەزۆکانەی دا، دوایی لە مێژوودا باسی چەندینی تر کراوە، وەک: عبد الله بن المقفع، طلحة بن خويلد الأسدی، النضر بن الحارث، أبو الحسين أحمد بن يحيی، ناسراو بە (ابن الراوندی)، أبو الطيب المتنبی، أبو العلاء المعری و چەندینی تر.

**بابەتی مەککی و مەدەنی**

تەوەرێکی تر کە لە زانستی (علوم القرآن)دا گرنگیی زۆری پێدراوە، باسی مەککی و مەدەنییە، کە تەعریفی زۆری کراوەو ئەمە پوختەکەیەتی:

**بەشی قورئانی مەککی:** بەو ئایەتانە دەڵێن کە پێش کۆچکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینە دابەزیون، کە ئەمە باشترین پێناسە بۆ ئایەتە مەککیەکان.

کەواتە قورئانی مەدەنی ئەو ئایەتانەن کە دوای کۆچکردنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینە دابەزیون.

بێگومان صەحابەکان زۆر گرنگییان داوە بەم بابەتە، یاوەری پێغەمبەری خوا (ابن مسعود) سوێند دەخوات دەڵێت: "سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەک نیە

جگە لەو! یەک سورەت دانەبەزیوە لە قورئان، ئیللا من دەزانم لە کوێ دابەزیوە، هیچ ئایەتێک نیە لە قورئان، ئیللا من دەزانم دەربارەی چی دابەزیوە. ئەگەر بشزانم کەسێک هەیە لە من شارەزاتر لە قورئان، تەنها بزانم حوشتر دەیگاتێ، من دەچم بۆ لای". ئەمە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، ئەوەش دەردەخات کە (ابن مسعود)و هاوشێوەکانی لە یاران زۆر گرنگییان بە قورئانی پیرۆز داوە.

سەبارەت بە دیاریکردنی سورەت یان ئایەتی مەککی و مەدەنی هیچ ڕیوایەتێکی دروست لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەهاتووە مەگەر چەند ئاماژەیەک، ئەگەر نا نەیفەرمووە: ئەم ئایەتە، یان ئەو سورەتە، لەوێ هاتووە. بەڵام سەبارەت بەم بابەتە زانایان زۆر وردیان کردووەتەوەو بە ڕێگەی ئیستیقراو خوێندنەوەی وردی قورئانی پیرۆزو ئاماژەکانی ناوەرۆکەکانیان، زۆرێک لە ئایەت و سورەتەکانیان دیاری کردووە، کە لە مەککە یان لە مەدینە دابەزیون، یان ئەو بەشەی خیلافی لەسەرە، تەنانەت باسیان لەوە کردووە کە ئایەت هەیە مەککییە، بەڵام لە سورەتی مەدەنیدایە، یان بە پێچەوانەوە، ئەوەی لە مەککە دابەزیوە، بەڵام حوکمەکەی مەدەنییە، واتا هی سەردەمی مەدینەیە.. تەنانەت دیارییان کردووە کام ئایەت یان سورەت، بە شەو دابەزیوە، یان بە ڕۆژ؟ یان ئایەتێک لە زستاندا دابەزیوە، یان لە وەرزێکی تردا؟ یان لە سەفەردا دابەزیوە، یان لە ماڵەوە، دابەزیوە؟ لە مزگەوتدا دابەزیوە، یان لە بازاڕدا؟.. هەموو ئەم بابەتانەیان دیاریکردووەو تەواوی مەککی و مەدەنییەکانیان پۆلێن کردووە.

**دیاریکردنی سورەتەکان:**

ئەگەر لە مەدەنییەکانەوە دەستپێبکەین، بیست سورەتن، کە بریتین لە: (البقرة، آل عمران، النساء، المائدة، الأنفال، التوبة، النور، الأحزاب، محمد، الفتح، الحجرات، الحديد، المجادلة، الحشر، الممتحنة، الجمعة، المنافقون، الطلاق، التحريم، النصر)، بۆیە ئەمانە دەڵێم بۆ ئەوەی دڵنیابن ئەمانە هەموو سورەتی مەدەنییان پێدەڵێن. چەند سورەتێکیش خیلافیان لەسەرە کە ئایا مەککین یان مەدەنین، کە بریتین لە سورەتەکانی: (الفاتحة، الرعد، الرحمن، الصف، التغابن، المطففون، البينة، الزلزال، الإخلاص، الفلق، الناس).

غەیری ئەم دوو بەشە هەرچی سورەت لە قورئاندا ماون و ناومان نەبردوون، مەککین. ئەڵبەتە سورەت هەیە بە گشتیی (مەککی)یە، بەڵام ئایەتی تێدایە لە (مەدینە) دابەزیوە، بۆ نموونە: زانایان وتوویانە: سورەتی (الأنعام) هەمووی مەککییە، جگە لە سێ ئایەتی کە بریتین لە ئایەتەکانی: (١٥١-١٥٢-١٥٣)ی سورەتەکە، کە دەڵێن مەدەنین، ئەو ئایەتانەن باس لە خۆراکە حەرامکراوەکان ئەکەن، ئەمە بە پێی قسەی (ابن عباس) خوا لێی ڕازی بێت.

سورەتی مەدەنیش هەیە کە ئایەتی مەککی تێدایە، بۆ نموونە: سورەتی (الأنفال)، کە هەندێک دەڵێن: ئایەتی ژمارە (٣٠) تیایدا مەکییە، کە ئەم ئایەتەیە: ﴿وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ﴾، دەڵێن: ئەمە مەککییە، چونکە باسی ئەو کاتە دەکات، بەڵام ئەمە دروست نیە، چونکە قورئان بە وشەی (إذ) باسەکە دەکات، واتە دەفەرموێت: یادی ئەو ڕۆژە بکەرەوە، کەواتە خیطابەکە هەر لە مەدینەیە، بەڵام خوای گەورە بیری پێغەمبەر ﷺ دەخاتەوە، کە بیر بکاتەوە، کاتێک موشریکینی بیبڕوا

لە شاری مەککە ـ ئەوانەی حەقیان پۆشی ـ فڕوفێڵیان دژت کردو پیلانیان گێڕا، ویستیان زیندانت بکەن، یان بتکوژن، یان دەربەدەرت بکەن، ئەوان فێڵ و مەکر دەکەن، خوای گەورەش مەکریان لەناو دەبات و تۆڵەیان لێدەستێنێت.

لێرەدا پێویستە بڵێین: لە زمان و ڕێزمانی عەرەبیدا قاعیدەیەکمان هەیە دەڵێت: ئەگەر وشەی (إذ) چووە پێش فیعلی (مضارع) ئەوە فیعلەکە مانای ڕابردوو دەدات، بەڵام ئەگەر (إذا) چووە سەر فیعلی (ماضی) ڕابردوو، ئەوە فیعلە (ماضی)یەکە مانای داهاتوو (مستقبل) دەدات. جا کە دەڵێیت: (وإذ یمکر..) واتا باسی ڕابردووە، نەک باسی ئێستا، تا ناچار بین بڵێین: ئەم ئایەتە مەککییە، کەواتە لە ڕاستیدا سورەتی (أنفال) هەمووی مەدەنییە.

دەربارەی شەوو ڕۆژیش، کە: ئایا قورئان لە شەودا، یان لە ڕۆژدا دابەزیوە؟ لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری قورئان لە ڕۆژدا دابەزیوە، بەڵام نموونەی واش هەیە کە لە شەودا دابەزیوە، وەک: ئەو ئایەتەی باسی ئەو سێ کەسە دەکات کە دواکەوتن بۆ بەشداریی جەنگ، کە لە سورەتی (التوبة)دا باسکراوە، ئەوە لە سێ یەکی کۆتایی شەودا دابەزیوە. یان بۆ نموونە لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی دەفەرموێت: سەرەتای سورەتی (الفتح) لە شەودا دابەزیوە. هەروەها دەربارەی دابەزینی قورئان لە وەرزی هاوین یان زستاندا، بۆ نموونە: خاتوو عائیشە ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ خۆی دەربارەی ئایەتەکانی (إفک) لە سورەتی (النور)دا دەفەرموێت: کە لە زستاندا دابەزین. یان سورەتی (التوبة) کە باسی جەنگی (تەبوک)ی تێدایە، دەفەرموێت:

ئەوانەی لە بەشداریی جەنگەکە خۆیان دواخست، وتیان: (لا تنفروا في الحر): لە کاتی گەرمادا دەرمەچن.. ئەمە دەری دەخات کە لە کاتی هاویندا دابەزیوە.

دەربارەی دابەزین لە سەفەر، یان ماڵەوە: دیارە زۆربەی زۆری قورئانی پیرۆز لە ماڵەوە دابەزیوە، بەڵام ئایەتیش هەن کە لە کاتی سەفەردا دابەزیون، بۆ نموونە: سەرەتای سورەتی (أنفال) کە پاش ڕووداوی بەدر دابەزی، یان سورەتی (الفتح) کە دەربارەی ئاشتینامەی حودەیبیە لە نێوان مەککەو مەدینە دابەزی، لە کاتی سەفەری پێغەمەردا بوو ﷺ.

**سوودەکانی جیاکردنەوەی مەککی و مەدەنی:**

سوودەکانی زانیاریی لەسەر مەککی و مەدەنی ئەوەیە کە یارمەتی لە تەفسیردا دەدات، لەبەر ئەوە ئەگەر زانیاریت لەسەر ئەو جیاوازییانە هەبێت دەتوانی حوکمێک باشتر تێبگەیت. دەربارەی جیاکردنەوەی مەککی و مەدەنی کتێبەکان شتی زۆر جوانیان تێدایە.

ئێمە چۆن بزانین ئایەتێک مەککییە یان مەدەنییە..؟

بە ڕەچاوکردنی ئەم چەند ڕێسایە، پێیان ئاشنا دەبن:

هیچ سورەتێکی مەدەنیی وشەی (کلا)ی تێدا نییە، ڕستەی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا)ی تێدا نییە. ڕستەی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ) زیاتر لە سورەتە مەککییەکاندایە.

بە گشتی سورەتە مەککییەکان باس لە یەکتاپەرستیی و خواناسیی و دوارۆژو ئەو شتانەیان تێدایە، کەمتر باسی ئەحکامیان تێدایە.

نیشانەیەكی تر ئەوەیە كە بە گشتی سورەتە مەككییەكان كورتن، ڕستەكانیان و ئایەتەكانیشیان كورتن, جگە لە سورەتی (الأنعام) كە جیاوازیی هەیە، بەڵام سورەت و ئایەتە مەدەنییەكان بە پێچەوانەوە درێژن.

لە ڕوویەكی ترەوە ئایەتە مەككییەكان باسی دووڕووەكانی تێدا نییە، چونكە ئەوانە لە سەردەمی  مەدینەدا سەریان هەڵدا.

ئەمانە هەندێك تایبەتمەندیی و خاڵی جیاكەرەوەی سورەتە مەككی و مەدەنییەكان بوون لە یەكتر.

**سەرەتاو كۆتایی دابەزینی قورئان:**

سەبارەت بە سەرەتای دابەزینی قورئان و كۆتاییەكەی، ئەوەی كە زیاتر ڕای زانایانی لەسەرە ئەوەیە كە خاتوو عائیشەی دایكی باوەڕداران دەیگێڕێتەوە، دەڵێت: سەرەتای دابەزینی قورئان لە ئەشكەوتی (حراء) بوو، كاتێك كە جبریل (علیه السلام) چووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و سەرەتای سورەتی (إقرأ)ی بەسەردا خوێندەوە. دەڵێن: ئەو بڕگەیە یەكەم دابەزینی قورئان بووە، هەندێك ڕای تریش هەن كە دەڵێن: یەكەم سورەت كە دابەزیوە سورەتی (فاتحە) بووە، بەڵام ئەوەی كە زۆرینەی لەگەڵە ئەوەیە كە (إقرأ) بووە. كۆتا ئایەتیش ڕای جیای لەسەرە، هەندێك دەڵێن: ئایەتی (الكلالة)یە، ئایەتی (١٧٦)ی سورەتی (النساء)، هەندێك دەڵێن ئایەتی (٢٨٢)ی سورة (البقرة)یە، ئایەتە درێژەكە، كە درێژترین ئایەتی قورئانە. هەندێك دەڵێن ئەو ئایەتەیە كە باسی وازهێنانی كۆتایی لە ڕیبا دەكات: (وَذَرُوا ما بَقِيَ مِنَ الرِبا) البقرة/٢٧٨، هەندێكیش دەڵێن

ئایەتی سێی سورەتی (المائدة)یە: (الیوم أکملت لکم دینکم)، هەندێکیش دەڵێن: سورەتی (النصر)ە.

بۆیە پێشەوا (باقلانی) لە کتێبە نایابەکەیدا بە ناوی (الانتصار) دەڵێت: "هیچ شتێک لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەربارەی کۆتا ئایەت، یان کۆتا سورەت، نەوتراوە، هەرچی وتراوە بۆچوونی صەحابەکان یان تابعینە".

# وانەی سێیەم
# (أسباب النزول) هۆکارەکانی دابەزینی سورەت و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز

ئەم زانستە زانستێکی زۆر کۆنە، تەنانەت ئەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی (تابعین)، چونکە مەیمونی کوڕی میهران ـ کە یەکێکە لە تابعین و ساڵی (١١٧ک) وەفاتی کردووە ـ ئەو کاتە باسی (أسباب النزول)ی کردووە. ئەوەی کە لە بەردەستدا بێت کتێبێکی (ابن المدینی)یە، کە مامۆستای بوخاری یەو ساڵی (٢٣٤ ک) کۆچی دوای کردووە. دوای ئەو لە سەدەی پێنجدا (أبو حسن)ی واحدی دێت کە ساڵی (٤٦٨ ک) کۆچی دوای کردووە (أسباب النزول)ی نووسیوە، دواتر (ابن الجوزی) لە سەدەی شەش (أسباب النزول)ی نووسیوە. ئینجا (ابن الحجر)ی عەسقەلانی کتێبی (أسباب النزول)ی نووسیوەو ساڵی (٨٥٢ ک) وەفاتی کردووە. دوای ئەو (سیوطی) لە سەدەی دە، ساڵی (٩١١ ک) کۆچی دوای کردووە، (لباب النقول)ی نووسیوە.. ئەمانە بەناوبانگترین سەرچاوە پێشینەکانی باسی (أسباب النزول)ن.

بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە زۆربەی زۆری ڕیوایەتەکانی باسی (أسباب النزول) لاوازن، لە موسنەدی ئەحمەددا باسی (٢٨) ڕیوایەت کراوە، طەبەری (٥٠٠) سەبەب نزول باس ئەکات، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە چەند ئایەتێکی کەم (أسباب النزول)یان دیاری کراوە، تەنانەت واحیدی ـ کە زۆر کۆنە و ساڵی (٤٦٨)کۆچی دوای کردوە ـ لەو کاتەوە باسی ئەوە دەکات کە هەر کەس

هەڵدەستێ لەخۆیەوە شتێک دادێنێت، بەم عیبارەتە دەڵێت: "أما اليوم فكل أحد يخترع شيئا، ويختلق إفكا وكذبا، ملقيا زمامه إلى الجهالة، غير مفكر في الوعيد للجاهل بسبب الآية": ئەمڕۆ کەسێک یان کەسانێک هەن لەخۆوە شت دادەهێنن، لەخۆوە بوختان و درۆ هەڵدەبەستن، لە ڕووی نەزانینییەوە قسە دەکەن، ناترسن و بیرناکەنەوە لەو هەڕەشانەی کە کراون لەو کەسانەی ئاگایان لە ئایەت و سەبەبی ئایەتێک نیە.

بەڕێزان! لە کۆی زیاتر لە شەش هەزار ئایەتی قورئاندا، لە زۆرترین حاڵەتدا تەنها قسە لە حدودی (٢٥٠) ئایەتێک کراوە، کە ئەسبابی نزولیان هەبێت، کە زۆربەی زۆری ئەو گێڕانەوەو ڕیوایەتانەش لاوازن.

بەڵام بە گشتی بۆ ئەو بەشەی کە دروست و صەحیحن ئەم سوودانەی هەیە کە حیکمەتی تەشریعی ئەحکامەکان بزانین، یانی حوکمێک بۆچی هاتووە؟ حیکمەت و هۆکەی بزانین، یان ئەگەر حوکمێک عام بێت و تەخصیص کرابێت دەبێت ئاگامان لە تەخصیصکردنەکە بێت، یان ئەگەر (مطلق) بێت، سنوردار کرابێت، گرنگە بیزانین.

**پەیوەندیی نێوان ئایەت و سورەتەکان:**

خاڵێکی تر باسی زانینی موناسەبەی بەینی ئایەت و سورەتەکانە، لەم بارەیەشەوە کتێب زۆرن، بۆ نموونە (أبو جەعفەری ئەندەلوسی) کتێبێکی هەیە بە ناوی (البرهان، في مناسبة ترتيب سور القرآن)، موناسەبەی بەینی ئایەت و سورەتەکان باس دەکات.

لە ڕاستیدا لە زانا هاوچەرخەکاندا مامۆستا ناصر سوبحانی کتێبێکی گرنگی هەیە بە ناوی (پێشەکی تەفسیر)، لە سەرەتای قورئانەوە تا سورەتی هود چووە،[١] ئەویش گرنگییەکی زۆری هەیەو باسی پەیوەندیی سورەتی فاتیحەو بەقەرە هەتا سورەتی هود دەکات، زۆر بابەتێکی گرنگ و بەبایەخەو هەندێک کلیل و پێوەر لەو بوارەدا دەدات بە خوێنەر.

خاڵێکی تر باسی جۆرەکانی (سبب النزول)ە، جاری وا هەبووە شتێک ڕووی داوە، ئایەتێک لەسەری دابەزیوە، بۆ نموونە پاش دابەزینی ئایەتی ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ کە لە سورەتی (الشعراء) هاتووە، خوای گەورە بە پێغەمبەری فەرمووە: کەسە نزیکەکانی خۆت ئاگادار بکەرەوە لە حەقیقەتی ئەم پێغەمبەرایەتی و ئیسلامە. پێغەمبەریش (ﷺ) چووە شوێنێک بە ناوی (گردی صەفا)، کۆی کردنەوەو فەرمووی: ئایا من ئەناسن؟ وتیان: بەڵێ. وتی: ئەگەر من خەبەرتان بدەمێ کە ئێستا ڕەوە ئەسپێک لەم شوێنەوە، لە نزیک ئەم کێوەوە پەیدا ئەبن، ئایا ئێوە بڕوام پێدەکەن؟ وتیان: بەڵێ، ئێمە درۆمان لەتۆ نەدیوە. فەرمووی: دەی مادام بڕوام پێئەکەن، ئاگادارتان ئەکەمەوە کە سزایەکی گەورە بەڕێوەیە، ئاگادار بن. أبولهب ـ کە مامیشی بوو ـ وتی: دەک بە ناخی خاکدا بچی، بۆ ئەم قسەیە ئێمەت کۆکردەوە؟ قورئان بەشێکی ئەم بەسەرهاتەی لە سورەتی ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾ گێڕاوەتەوە، خوای گەورە وەڵامی دایەوە. دیارە (سبب نزول)ی حەقیقی لەو ڕووداوەدا جیایە لە (سبب

---

[١] مامۆستا ناصر ئەو کتێبەی بە زمانی فارسی نووسیوەو کراوە بە کوردی و ساڵی (٢٠٢١ز) لە لایەن (دەزگای بەرهەم)ەوە چاپکراوە.

نزول)ی کاتیی، (سبب نزول)ـە حەقیقییەکە ئەوەیە هەر کاتێک پێغەمبەرێک بێت ـ یان غەیری پێغەمبەر لە بانگخوازان ـ کە ڕاستی ئەگەیەنێ و هیدایەت بە مرۆڤەکان ئەگەیەنێت، کەسانی وەک (أبو لهب)ی لێ پەیدا دەبن، بەڵام خوای گەورە پشتیوانی ئەکات و ناهێڵێت دوژمنەکان زەفەری پێ بەرن.

نموونەیەکی تر ئەوەیە کە لە وەڵامی پرسیارێکدا ئایەت دابەزیوە، بۆ نموونە: (خەولە)ی کچی (ثەعلەبە) ئافرەتێک بوو هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)و وتی: مێردەکەم گەنجیمی خوارد، کە وەختێک چوومەتە تەمەنەوەو پیربووم، پێم دەڵێت: لەجێی دایکم بیت، یان لە جێی خوشکم بیت، لەم جۆرە دەستەواژانە لە هەموو نەتەوەکاندا هەیە، بۆ ئەزیەتدانی دەروونی ئافرەت، ئەڵێن: لە جێی دایکم بیت، یان لە جێی خوشکم بیت. پێغەمبەر (ﷺ) وەستاو جوابی نەدایەوە، تا جبریل هات و سەرەتای سورەتی (المجادلة)ی هێنا: ﴿ قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ﴾، حوکمی تایبەت بە خەولەی یەکلا کردەوە، بەڵام ئیتر ئێستە نابێ بڵێین: ئەم ڕووداوە تایبەتە بە خەولەوە، ئەم ڕووداوە حوکمی گشتیی وەرگرتووە، قورئان فەرمووی: کەسانێک ئازاری دەروونیی خێزانەکانیان ئەدەن، ئەوە حوکمەکەیەتی، ئەو حوکمە تا ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە.

لە لایەنەوە زانایانی ئوصول دەستەواژەیەکی گرنگیان داهێناوە، کە دەڵێن: (العبرة بعموم اللفظ، لا بخصوص السبب)، پەندو عیبەرەتگرتن بە مانای گشتیی لەفزە، نەک بە هۆکاری تایبەتی دابەزینی دەق. کەواتە کە حوکمی خوا دابەزی، هۆکار هەرچی بێت، ئیتر کار بە واتاو مەدلولی ئەو ئایەتە دەکرێت کە حوکمەکەی

تێدا هاتووە، نەک بە تایبەتمەندیی هۆکارەکە، ئەم حاڵەتە بۆ دەقی فەرموودەی (صەحیح)یش هەر وایە.

یان ـ بۆ نموونە ـ ئەو حوکمەی پاش ڕووداوەکەی بوختان بۆ خاتوو عائیشە، خوا لێی ڕازی بێت، کە لە ئایەتەکانی سورەتی (النور)دا دابەزی، ڕاستە دەقەکە تایبەت بوو بەو ڕووداوەوە، بەڵام حەددەکە حەددی گشتیی بوو، ئیتر دوای ئەو ڕووداوە، هەرکەس بوختانی وا گەورە بکات ـ کە پێی دەڵێن (قەذف)ـ ئەوەی کە وتراوە حەددی شەرعییەتی و دەبێت بە پێی ئایەتی هەشتی سورەتی (النور) هەشتا شەلاق بخوات و شایەتیشی وەرنەگیرێت.

بەڵام ئەبێت ئەوە تێبینی بکەین کە کاتێک ئەڵێین: عیبرەت بە عمومی لەفزە، یانی بۆ حاڵەتێکی هاوشێوە، نەک بۆ هەموو حاڵەتێک.

**جۆرەکانی (أسباب نزول):**

خاڵێکی تر لە (أسباب نزول)دا ئەوەیە هەندێک جار هۆکارەکان زۆرن، بۆ نموونە لەو ئایەتەی سورەتی (التوبة): ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَن يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ﴾، ئەمە حوکمێکی گشتییە، ئەفەرموێت: نابێت پێغەمبەرﷺو موسڵمانان داوای لێخۆشبوون بکەن بۆ بتپەرستان، ئەوانەی هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە. لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە ئەڵێن: ئەو ئایەتە دەربارەی (أبو طالب)ی مامی پێغەمبەری خوا هات، کاتێک وەفاتی کرد.

خاڵێکی تر دووبارەبوونەوەی دابەزینی ئایەتە. بۆ نموونە دەڵێن: ئایەتی تایبەت بە ڕوح چەند جار دابەزیوە، یان سورەتی فاتیحە چەند جار دابەزیوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە زۆر لاوازە، چونکە پێویست ناکات کاتێک کە

قورئان دابەزیوەو لە موصحەفدا تۆمار کراوەو بە فەرمانی جبریل بە پێغەمبەر ﷺ وتراوە بە صەحابەکان بڵێت: ئەو ئایەتە بخەنە فلاّن شوێن، ئەو سورەتە بخەنە فلاّن شوێن، پێغەمبەریش ﷺ پێی ئەفەرموون، ئیتر چ پێویستی بە دووبارە دابەزینەوە هەیە..؟ وا دیارە ئەو بۆچوونە لەوێوە سەری هەڵدابێت کە ڕیوایەتی دژبەیەکیان دەربارەی کاتی دابەزینی هەندێک ئایەت و سورەت بیستبێت و ویسنبێتیان بەو بۆچوونە ڕێکیان بخەنەوە.

جاری وا هەیە ئایەتێک یان بڕگەیەک لە سورەتێک دابەزیوە، بەشێکی تری درەنگتر، لە کاتێکی تردا دابەزیوە، بۆ نموونە: سەرەتای سورەتی (إقرأ) ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ إِقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾، یەکەم جار دابەزیوە، هەندێکی لە کاتێکی تردا دابەزیوە. هەندێک سورەت هەمووی بەیەکەوە دابەزیوە. بۆ نموونە: سورەتی (فاتحە) هەمووی بەیەکەوە دابەزیوە، یان سوڕەتی (الكوثر)، یان (العصر)، ئەم نموونانە لە قورئاندا زۆرن، بە تایبەتی لە ناو سورەتە کورتەکاندا.

تێبینیەکی تر ئەوەیە هەندێک لە قورئان بۆ پێغەمبەرانی تریش دابەزیوە، بۆ نموونە دەربارەی سورەتی ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾، خۆی لە کۆتاییدا دەفەرموێت: (إن هذا لفي الصحف الأولى* صحف إبراهيم وموسى). یان پێشەوا حاکم نەقڵ دەکات کە ئایەتی (التائبون العابدون الحامدون الراكعون..) بۆ سەر ئیبراهیم پێغەمبەر (عليه السلام) دابەزیوە.

شێوەی دیاریکردنی دابەزینیش لە ڕیوایەتەکاندا جیاوازە، جاری وا هەیە ڕاستەوخۆ وتراوە: فلاّن بەش لە قورئان (نزل فی كذا)، واتە دەربارەی فلاّن شت یان فلاّن ڕووداو دابەزیوە. جاری واش هەیە ناڕاستەوخۆ زانراوە.

شتێکی تر هەیە کە سەبەبی نزول یەک شتە، بەڵام تەعەددودی نزولی ئایەت هەیە. واتە بە جیاجیا چەند جارێک وەحی دابەزیوە بۆ یەک ڕووداو. بۆ نموونە (أم سلمه)ی دایکی بڕواداران، هاوسەری پێغەمبەر ﷺ جارێکیان وتی: یا رسول الله! ئەوە چیە لە قورئاندا لە باسی هیجرەتدا باس لە ژنان ناکرێت؟ یان جارێکی تر وتی: ئەوە چیە وەکو پیاوان باسی ئێمە ناکرێت؟ جارێکی تریش فەرمووی: پیاوان بەشداریی جەنگەکان ئەکەن، ژنان بەشداریی ناکەن، ئێمە نیوەی میراتمان بۆ هەیە.. یانی بۆ سەبەبەکەی پرسی. لە وەڵامی هەموویاندا یەک جار ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِن فَضْلِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا﴾.

**مانای (تنجیم)و بەش بەش دابەزینی قورئانی پیرۆز:**

خاڵێکی تر باسی (تەنجیم)ە، یانی بەش بەش دابەزینی قورئانی پیرۆز.. ئەمە هۆکارەکەی چیە؟ لە ڕاستیدا هۆکارەکەی چەند شتێکن، **یەکەمیان**: دڵ دامەزراندی پێغەمبەرە (ﷺ)، چونکە خوای گەورە ئەیزانی کە مواجەهەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ قەومەکەی بەردەوامە، بۆیە تەکراری هاتنی جبریل (علیه السلام) بۆ ئەو، دڵقایمییەک بوو، بۆ نموونە نەدەکرا جبریل لە ماوەی (٢٣) ساڵدا یەک جار بێت و وازی لێ بهێنێت. جاری وا هەبوو مانگانە، یان حەفتانە دادەبەزی.

**سەبەبی دووهەم** یان حیکمەتی دووهەم لە جیا جیا دابەزینی قورئان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی خوێندنەوەو گەیاندنی ئەم قورئانە لەسەرخۆ بێت، یان بە قۆناغ و ناوبەناو بێت. ئەمەش بۆ پرۆسەی لەبەرکردن، یان بۆ پرۆسەی هەرسکردنی لە لایەن صەحابەکانەوە ئاسانتر بوو. قورئان خۆی لەم بارەیەوە دەفەرموێت:

(وقرآنا فرقناه لتقرأه على الناس على مكث ونزلناه تنزيلا)، ئەفەرمویت: قورئانەکەمان بەش بەش کرد، بۆ ئەوەی لەسەرخۆ بیخوێنیتەوە بۆ خەڵکی، بۆیە لەسەرخۆو هێدی هێدی دامانبەزاند.

**خاڵی سێیەم** پەیوەندیی بە نەزمی بەینی ئایەت و سورەتەکانەوە هەیە، کە قورئان ئاماژەی پێدەکات، ئەفەرمویت: ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن غەیری خواوە بوایە، ئیختیلافی زۆرتان تێدا دەبینی، چونکە زۆر قورسە لە ماوەی (٢٣) ساڵدا ئەم ئایەتانە بە شێوەی جیا جیا دابەزن و کۆپلەیەکی موعجیز دەرچن کە خەڵکی بە چۆکدا بێنن.

**خاڵی چوارەم** لەم حیکمەتی پارچە پارچە دابەزینە ئەوەیە شان بە شانی ڕووداوەکان ئەڕوات، دابڕانێک لەگەڵ ژینگەو واقیع دروست نابێت، زۆر گرنگە هەدیی ئیلاهی شانبەشانی ژینگەکە بڕوات. بۆیە لە پرۆسەی پەروەردەکردن و گەیاندنی ئەم قورئانە ـ لە هەر سەردەمێکی تریشدا. پێویستە ئەم حیکمەتە لە تەنجیم، لە بەش بەشکردنی قورئان، دووبارە بکرێتەوە، نابێت قورئان بە یەک جار بخوێنرێتەوە، بەبێ ڕەچاونەکردنی ئەو حیکمەتانە..

# وانەی چوارەم

## قۆناغەکانی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز

نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

**قۆناغی یەکەم:** لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەری خوادا بووە ﷺ، بەتایبەتی لە کۆتایی ژیانیدا. چەند بەڵگەیەک هەن دەیسەلمێنن کە قورئان لەو سەردەمەوە دەست بە نووسینەوەی کراوە:

یەکێکیان ڕیوایەتێکی ئەنەسی کوڕی مالیکە ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ کە دەفەرموێت: کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد، چوار کەس زیاتر کەس قورئانی کۆ نەکردبووەوە، ئەوانیش: (أبو دەرداء، مەعاذ کوڕی جەبەل، زەید کوڕی ثابت، أبو زەید). ئەم ڕیوایەتە دەیسەلمێنێت کە کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی خودی پێغەمبەردا هەبووە.

هەروەها ڕیوایەتێکی تر لە (معجم الكبير)ی (طەبەرانی)دا هاتووە، کە عوثمانی کوڕی أبو العاص لەگەڵ چەند کەسێک لە هۆزی (ثەقیف) هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەفەرموێت چوومە لای پێغەمبەری خوا ﷺ موصحەفێکی لەلا بوو، موصحەفەکەی دا بە من و کردمی بە بەرپرس بەسەریانەوە، من لە هەمووشیان منداڵتر بووم، أبو نەعیم لە (معرفة الصحابة) تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەم ڕیوایەتەو دەڵێت: "عثمان کوڕی أبو العاص ئەو کاتە تەمەنی (٢٧) ساڵان بووەو گەنج بووە، داوای موصحەفەکەی کردووەو پێغەمبەریش پێیداوەو کردووشیەتی بە میری طائفییەکان".

جا کە دەڵێین (موصحەف)، مەعلومە، موصحەف ئەوەیە کە لە دوو توێی دوو بەرگدایە، وشەی موصحەف پارچە چەرم و پارچە بەردو ئەوانە ناگرێتەوە. خودی قورئان چەندین جار لە باسی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە دەکات بە کتێبە پێشووەکان و دەفەرموێت: ﴿مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُمْ﴾، ئەو ئایەتانە کە باسی قورئانی پیرۆزو تەورات دەکەن و ئەو وشەیەیان تێدایە، تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە صەحابە ئاشنابوون بە کتێبەکان و کتێبەکانی تریشیان لابووە، لە تەورات و ئینجیل و پەیامە پێشووەکان، بۆیە بە هەمان شێوە قورئانیشیان کۆکردووەتەوە.

لە ڕیوایەتێکی (ابن ماجة) و (ابن خذیمة)شدا هاتووە کە دەفەرموێت: (إن مما یلحق المؤمن من عمله وصفاته بعد موته، علما علمه ونشره، وولدا صالحا ترکه، ومصحفا ورثه، أو مسجدا بناه). لە باسی ئەوەدا چ کارێک دەچێتەوە بۆ خاوەن کار؟ یەکێکیان عیلمێکە بڵاوی بکاتەوەو خەڵکی فێربکات، یان منداڵێکی صالح کە لە دوای خۆی جێیدەهێڵێت، یان موصحەفێک کە بە میرات جێی دێڵێت بۆ دوای خۆی، یان مزگەوتێک کە دروستی دەکات.

کەواتە موصحەف هەڵگرتن باو بووە، ئەگەر لە بەشێکیش لە قورئان بووبێت، چونکە پێغەمبەری خوا وەفاتی نەکردووە، کە ئەم قسانە دەکرێن، مانای وایە پێش تەواوبوونی قورئان هەوڵدراوە کە بنووسرێتەوە، تا ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەفاتی کرد.. دەتوانین بڵێین کە ئەمە قۆناغی یەکەمە.

**لە قۆناغی دووەمدا** بە شێوەیەکی ڕەسمی تر لە لایەن مەرکەزی خیلافەتەوە لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا خوا لێی ڕازی بێت و لە سەردەمی دوای ئەویش سەردەمی عومەرو عوثمان، پرۆسەکە بەردەوام بووە، لە ناو کۆی

صەحابەدا ئەوانەی کە بەناوبانگن (٢٩) کەسن، کە نووسەرەوەی قورئانی پیرۆز بوون، کەسە زۆر بەناوبانگەکانیان بریتین لە پێشەوا عەلی، زەیدی کوڕی ثابت، ئوبەی کوڕی کەعب، مەعاویە.. ئەمە جگە لە صەحابە زۆر مەشهورەکان: ئەبوبەکر، عومەر، عوثمان و عبد اللەی کوڕی ڕەواحە.

**ئەو کەرەستانەی قورئانیان لەسەر نووسراوەتەوە:**

نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە زۆریی لەسەر چەند شتێک بووە، چونکە ئەو کاتە لە ناو عەرەبدا کاغەز بەکارنەهاتووە، یەکێک لەو شتانە پێیان گووتووە: (عسیب)، کۆی وشەکە (عسب) کە مەبەست لە پەلی گەڵای دارخورمایە. هەروەها لەسەر (لخاف) کە کۆی (لخفة)یە بە مانای دێڵەبەرد دێت، کە لە کوردەواریدا بە بەردی پان و ساف دەوترێت. هەروەها (کرنانە)ش هەبووە کە ڕەگی (عسیب)ە، پەلی دارخورما لە بنەکەیەوە. هەروەها (رقاع)یش بەکارهاتووە بە مانای پارچە چەرم، کە ئەویش کۆی (رقعة)یە. هەروەها لەسەر کەفەی شانی ئاژەڵ (أکتاف)یش قورئان نووسراوەتەوە. جگە لەوانە لەسەر (أقتاب) کۆی (قتب)ە، واتە پارچەداری پانکراو، کە دەبێتە تەختە.

گرنگە لەم دەستەواژانە تێبگەن، بزانن کە لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ تازە وەحی بۆ هاتبوو، قەدەغەی کرد کە فەرموودەی خۆی بنووسرێتەوە، بۆ ئەوەی لای صەحابەکان لەگەڵ قورئاندا تێکەڵ نەبێت، هەر بەو دەقە دەفەرموێت: (لا تکتبوا عني ومن کتب عني غیر القرآن فلیمحه)، واتە: لە منەوە هیچ مەنووسنەوە، هەر کەستان هەرچی نووسی غەیری قورئان، با بیسڕێتەوە. بۆیە ئەمەی فەرموو چونکە لە سەرەتاوە دەیویست

صەحابە ڕابێن لەگەڵ شێوازو سەبکی قورئانی و جیای بکەنەوە لە فەرموودە. دوای سەردەمێکی زۆر لە ئاشنابوونیان بە دەستەواژە قورئانییەکان و شێوەی داڕشتنی قورئان و فەرموودە، ئەوە بوو کە ئەم قەدەغەکردنەی هەڵگرت و بەڕەسمیی دەستیان کرد بە نووسینەوەی فەرموودە.

هەندێک لە صەحابە بەڕێزەکان پێیان دەگوتن (الكتاب المشهورون) بە تایبەتی ئەبوبەکرو عومەرو عوثمان و عبدالله کوڕی ڕەواحەو ئوبەی کوڕی کەعب و زەیدو عەلی.. ئەوانە مەشهور بوون بە نووسەرەوە بەناوبانگەکان، ئایەت دادەبەزی، پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی جێگەکەی پێدەگوتن، ئەیفەرموو: ئەو سورەتە بخەنە پێش ئەو سورەتە، یان ئەو ئایەتە بخەنە بەینی ئەو دوو ئایەتە.. ئەمە دەریدەخات کە لەو کاتەوە فەرمان بە نووسینەوە هەر هەبووە.

ئەو بەڵگەیەی دەیسەلمێنێت ئەو کەسانەی کە ناوبران سەرچاوەی متمانەپێکراوبوون، فەرموودەیەکی پێغەمبەرە ﷺ کە لە صەحیحی (بوخاری و مسلم)دا هاتووە دەفەرمویێت: (خذوا القرآن من أربعة: عبدالله بن مسعود وسالم ومعاذ وأبي بن كعب). عبد الله تەمەنی هەبوو، لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەفان وەفاتی کرد. سالم لە جەنگی (ریددە) لە یەمامە شەهید کرا، مەعازیش هەر مابوو تا سەردەمی عومەری کوڕی خەطاب، ئوبەی کوڕی کەعبیش لە سەردەمی عوثماندا وەفاتی کرد، ئەمانە تەمەنیان هەبوو، لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ خۆیان بەردەوام بوون، تا قورئان کۆتایی هات، ئەو دەقانەی کە پێیان دەسپێردرا دەیاننووسییەوە.

هەندێک ڕیوایەت هەن دەیسەلمێنن کە جبریل (علیه السلام) خۆی قورئانی عەرز دەکردەوە لەسەر پێغەمبەر، بە تایبەتی ڕەمەزانان، وەکو پێداچوونەوەیەک و بۆ ئەوەی لە لەبەرکردنەکەی دڵنیاببێتەوە، صەحابەکانیش گوێیان لە پێغەمبەر ﷺ دەگرتەوە بۆ دڵنیابوونەوە لە شوێنی ئایەت و سورەتەکان.

قۆناغی سێیەمی کۆکردنەوەی قورئان دوای وەفاتی پێغەمبەرﷺ، دوای جەنگەکانی وەرگەڕانەوە (حروب الردة)و جەنگی یەمامە بوو، کە مورتەددەکان لە ساڵی (١٢)ی کۆچیی وەرگەڕانەوەو دژی دەوڵەت هەستان، ئەبوبەکری صدیق دژیان وەستایەوە، هەرچەند لەو جەنگانەدا موسڵمانان سەرکەوتن، بەڵام (٧٠) کەس لە گەورە حافظانی قورئان شەهید کران. دوای ئەم ڕووداوە عومەری کوڕی خەطاب چووە لای ئەبوبکری خەلیفەو پێی وت: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا! قورئان کۆبکەرەوە. ئەبوبەکر وتی: ئاخر ئەم کارە پێشتر نەکراوە. عومەر دووبارەی کردەوەو زۆر تەئکیدی کردەوە، تا ئەبوبەکریش ڕازی بوو و بە زەیدی کوڕی ثابتی وت، ئەویش زۆر قورس گرتی، بەڵام دواتر ڕازی بوو، بەو جۆرە هەڵمەتێکیان دەستپێکردو هەموو پارچە ئایەت و سورەتەکانی قورئانیان لای صەحابە پێشینەکان کۆکردەوە. ئەمە لای ئەبوبەکری صدیق بە کۆکراوەیی هەڵگیرابوو، تا سەردەمی عومەری کوڕی خەطاب، لە سەردەمی عومەردا هەر پارێزرا، تا کاتێک کە (حەفصە)ی کچی عومەر- خوا لێیان ڕازی بێت - وەفاتی کرد دواتر دایە دەستی عوثمانی کوڕی عەفان.

**قۆناغی چوارەم** بۆ کۆکردنەوەی قورئان و نووسینەوەی، لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەفاندا بوو، خوا لێی ڕازی بێت، لە ڕاستیدا لە کاتی فەتحی

وڵاتی ئەرمینیاو ئازەربایجان کە سەرزەوی ئیسلام فراوان بوو، صەحابە دوورکەوتنەوە لە یەکتر، یەکێک لە صەحابەکان بە ناوی حوزەیفە کوڕی یەمان بینی خەریکە جیاوازیی لە جۆری خوێندنەوەی قورئان دروست بووە، بۆیە بە پەلە چووە لای پێشەوا عوثمانی کوڕی عەفان و هەندێک لە صەحابە بۆ تاوتوێی ئەو بابەتە، وتی: ئەمە وا نابێت، خەریکە جۆری خوێندنەوەکانی قورئان (قرائات) تێکدەچن، بڕیارێک بدەن کە موصحەفەکان یەک بخرێنەوەو هەموو قورئان کۆبکرێتەوە لە یەک موصحەفداو یەک شێوە خوێندنەوەدا. دوای ئەوە چەند نوسخەیەکی لەبەر بگیرێتەوەو بکرێت بە نوسخەی ئیمام، یان سەرچاوەی سەرەکیی، پاشان ئەو نوسخانە گشتاندنیان بۆ بکرێت.

بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک پێکهێنرا لە زەیدی کوڕی ثابت و عبدالله کوڕی زوبەیرو سەعید کوڕی عاص و عبدالرحمن کوڕی حارث، بە سەرپەرشتی عوثمانی کوڕی عەفان ـ کە خەلیفە بوو ـ چەند نوسخەیەکیان نووسییەوە. هەندێک دەڵێن: چوار نوسخە بووە، هەندێک دەڵێن پێنج، هەندێک دەڵێن حەوت، گرنگ ئەوەیە بۆ پایتەختی هەر هەرێمێک لە هەرێمە مەشهورەکانی ئەو کاتە، نوسخەیەکیان نارد، بۆ دیمەشق و قاهیرەو بەصرەو یەمەن و کوفەو بەحرەین.. بێجگە لە نوسخەی مەککەو مەدینە. ساڵی (٢٥)ی کۆچیی ئەم کارە کرا، ئەوەی کە ئەمە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە زۆر کەس لە زانایانی پێشین لە سەدەکانی دوای ئەو کارە، باس دەکەن کە ئەو نوسخەی قورئانانەیان بینیوە، بۆ نموونە (ابن جبیر) کە ساڵی (٦١٤ ک) ـ واتە لە سەدەی حەوتی کۆچیی ـ وەفاتی کردووە، دوای نزیکەی شەش سەدەو نیو نوسخەکەی شاری دیمەشقی

بینیوە، تەنانەت لە سەردەمی (ابن کثیر)یشدا کە ساڵی (٧٧٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە- دەڵێت: ئەو نوسخەیەی عوثمانم لە مزگەوتی دیمەشقدا بینیوە. یان (ابن بطوطە)ی گەشتیار کە ساڵی (٧٧٩ ک)کۆچی دوای کردووە، دەڵێت: نوسخەیەکم لە بەصرە بینیوە.. ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم نوسخانە هەر هەبوون، ڕەنگە ئەو نوسخەیەی کە ئێستە لە شاری (بێرمنگهام) لە وڵاتی بەریتانیا لەم ساڵانەدا دۆزرایەوە بەشێک بێت لە نوسخەی ئەو قورئانانەی سەردەمی عوثمان کوڕی عەفان، چونکە بە پێی بەڵگەنامەی زانستیی و فەحصی کاربۆنی تیشکدەر دەرکەوتووە کە ئەو نوسخەیە هی ئەو کاتەیەو (١٣٧٠) ساڵ لەمەو پێش نووسراوەتەوە، کە دەکاتە سەردەمی صەحابەکان.

دوای ئەوەی کە خەلیفە عوثمان ئەو کارەی کرد، بێگومان ڕاوێژی کرد بە صەحابەکان و هەموو پارچە قورئانەکانی تری لەناوبرد، نوسخەی ئوبەی کوڕی کەعب، نوسخەی عبداللە کوڕی مەسعود، ئەمانە هەمووی بەجیا جیاو پارچە پارچە قورئانیان هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبن و یەک نوسخە موصحەفی پەسەندکراوی هەموو لا بمێنێتەوە. ئەم کارەی عوثمان - خوا لێ ڕازی بێت - یەکێکە لەو کارانەی لای زانایان بە کۆدەنگیی (ئیجماع) ناودەبرێت، (ئیجماع) یەکێکە لەسەرچاوە تەکمیلییەکان بۆ هەندێک مەسائیل لە ئەحکامی شەریعەتدا، دەڵێن یەکێک لەو کارانە ئیجماعی فیعلیی لەسەر بووە ئەم کارە بووە، چونکە هەموو صەحابەکان ڕازی بوون و هیچ صەحابەیەک دژ نەبووە بەو کارە.

لێرەدا تێبینییەک گرنگە: ئەم تەرتیبە کە پێی دەوترێت تەرتیبی موصحەف، واتە کە (بسم اللە) دەنووسرێ و دواتر سورەتی فاتحە هاتووەو دوای ئەوە

(البقرة)یەو بە هەمان شێوە تا کۆتایی قورئان و سورەتی (الناس)، ئەمە پێی دەوترێت تەرتیبی موصحەف. ڕێکخستنی ئایەتەکان، واتە کام ئایەت یەکەم بێت و کام دووەم بێت، یان لە پێشدا کام سورەت بێت، دوای ئەو کامیان بێت، ئەمە پێی دەڵێن (تەوقیفی) واتە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووەو بە ئاراستەی ڕاستەوخۆی ئەو بووە، لەسەر ئەم بابەتەش جۆرێک لە ئیجماع و کۆدەنگیی زانایان هەیە، کە ئەو کارە بە فەرمانی جبریل بووە (علیه السلام) بۆیە یەکێک لە ئیعجازەکانی قورئان ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئایەتەکانیدا هەیە.

**پۆلێنکردنی سورەتەکان:**

سورەتەکانی قورئان هەندێک پۆلێنکردنیان هەیە، گرنگە کە بیانزانین: هەندێک سورەت هەن پێیان دەگوترێت: (السبع الطوال)، واتە حەوت سورەتە درێژەکە (البقرة، آل عمران، النساء، المائدة، الأنعام، الأعراف، الأنفال)، ژمارەیەکی تریان ناوێکی تریان هەیە (المئون) واتە سەدییەکان، یانی ئەو سورەتانەی لە (١٠٠) ئایەت زیاترن، (المثاني)ش هەن کە ئەوانەن کە ئایەتەکانیان لە (١٠٠) کەمترن، (المفصل)یش هەن کە سێ بەشن (طوال)و (أوساط)و (قصار)، واتە: درێژەکان و مامناوەندەکان و کورتەکان، ئەوانە لە سورەی (ق) یان (الحجرات)ەوە دەست پێدەکەن، تا سورەتی (الناس) لە کۆتایی قورئان، لەبەرئەوەش پێیان وتوون (المفصل) چونکە زوو زوو تەواو دەبن و بە (بسم الله..) نێوانیان دەپچڕێت و فاصلە دەکەوێتە نێوانیان.

ئەمانە هەموو دەستەواژەو زاراوەی تایبەتن بە (علوم القرآن)، هەرکەس بیەوێت بە قووڵیی لەم زانستە شارەزا ببێت، ئەبێت بیانزانێت.

**نهێنییەکی پیتەکانی سەرەتای هەندێک سورەت:**

تێبینیەکی تری گرنگ هەیە کە زۆر جار دەهێنرێتەوە بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ڕیزبەندیی ئایەتەکانی قورئان (تەوقیفی)ن و (وەحی)ن، ئەوەیە کە- بۆ نموونە- وشەی (الم)- کە ئایەتێکە- لە سەرەتای شەش سورەتدا هاتووە: (البقرة، آل عمران، العنكبوت، الروم، لقمان و السجدة) بە تەنیا ئایەتەو بە دوایدا ژمارە (١) نووسراوە، واتە دوای ئەو، ئایەتێکی ترەو ئەم ئایەتە سەربەخۆیە، بۆ نموونە بڕوانە سورەتی (البقرة)، بەڵام وشەی (الر)، ئایەت نیە، واتە دوای (الر) ئایەتەکە کۆتایی نەهاتووەو ڕستەیەک بەدوایدا هاتووە، جا ژمارە (١) نووسراوە، بۆ نموونە بڕوانە سەرەتای سورەتەکانی: (یونس، هود، یوسف، ئیبراهیم و الحجر). هەروەها (المر)یش لە سورەتی (الرعد). یان وشەی ﴿حم﴾ ئایەتێکی سەربەخۆیە، کە لە حەوت سورەتدا هاتووە: (غافر، فصلت، الشورى، الزخرف، الدخان و الجاثیة)، بەڵام (طس) ـ کە لە سورەتی (النمل)دایە ـ ئایەت نیە.

**ژمارەی ئایەت و وشەو پیتەکانی قورئانی پیرۆز:**

بە نیسبەت ژمارەی ئایەتەوە پێشتر ئیختلافێکی زۆر هەبووە، چونکە ژماردن دەستیی بووەو کارێکی ئاسان نەبووە، وەک ئەوەی بە دەزگایەکی هۆشمەندو ئەم دەزگا زیرەکانە بکرێت کە ئێستە هەن، وا نەبووە، زۆر جار وتراوە ژمارەی ئایەتەکان (٦٢٠٤) یان (٦٢١٤) یان (٦٢١٩) یان (٦٢٢٥) ئایەتن، بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەی ئایەتەکان (٦٢٣٦) ئایەتن. وشەکانی قورئانیش زیاتر

لە (٧٧٤٣٧) وشەن، پیتەکانیش نزیکەی (٣٢٣٦٧١) پیتن. ئەڵبەتە لە ژماردنی وشەو پیتەکاندا ڕای جیاواز هەیەو کەمێک زیادو کەم هەیە، هۆکەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی نووسینی پیتەکان و پەیوەندیی بە (رسم الخط)ەوە هەیە.

**گرنگییدانی صەحابە بە ناوەرۆکی قورئان:**

لە بابەتی تەدوینی قورئانی پیرۆز گرنگە ئەوە بزانین کە صەحابە ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ زۆر گرنگییان داوە بە قورئان، زۆرێکیان بە تەواویی لەبەریان کردووە، ئەم قورئانە ـ کە بە تەواتور هاتووەو خوا بەڵێنی پاراستنی داوە ـ هەر لە سەرەتای دابەزینی قورئانەوە هەزاران کەس قورئانیان لەبەر کردووە، هەتا ئێستاش ـ وەک دەزانن ـ لەبەرکردنی قورئان بەردەوامە، ئەم تەواتورە عەجیبە کە دروستبووە بە دەیان هەزار کەس لەیەک کاتدا قورئانی لەبەربووە، یەکێکە لە بەڵگەکان لەسەر پاراستنی ئەم قورئانە. ئەم جووڵەیە بەردەوامیش گەشەی کردووە، بۆ نموونە ئەگەر لە عەهدی صەحابە بە سەدان کەس قورئانی لەبەر بووبێت، لە عەهدی تابعیندا بووە بە هەزاران، دواتر بووە بە دەیان هەزار کەس، بۆیە سنگی خەڵکەکە گرنگترە لە نووسینەوە، چونکە زۆرجار بە پشتبەستن بە حافیزەو زیهنی ئەوان لە نووسینەوەی قورئان دڵنیا بوونەتەوە. لە هەر سەردەمێکیشدا تەشەنەی کردووە، ئەگەر لە سەرەتاوە سەدان کەس بووبن، لە نەوەی دواتردا بوونەتە هەزاران، دواتریش ـ وەک وتمان ـ بوونەتە دەیان و سەدان هەزار، لە سەردەمەکانی دوای ئەوەشدا بووەتە ملیۆنها کەس، وە هەروەها.. گرنگ ئەوەیە کە ئیهتمامدانی صەحابە بە قورئانی پیرۆزمان بۆ دەربکەوێت لە ڕووی ناوەڕۆکەوەو لە ڕووی شێوەوەو.. هتد.

عبدالله كوڕی عومەر- خوا لێیان ڕازی بێت - لە كۆتایی سەردەمی خیلافەتی ڕاشدیندا دەڵێت: "لقد عشنا برهة من الدهر، وأحدنا يؤتى الإيمان قبل القرآن، وتنزل السورة على محمد ﷺ، فيتعلم حلالها وحرامها، وآمرها وزجرها، وما ينبغي أن يقف عنده منها. ثم لقد رأيت رجالا يؤتى أحدهم القرآن قبل الإيمان، فيقرأ من بين فاتحته إلى خاتمته، ما يدري ما آمره ولا زاجره، ولا ما ينبغي أن يقف عنده، ينثره نثر الدقل". ئەمە پێشەوا حاكم و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە. واتە: ئێمە سەردەمێك ژیاین، پێش قورئان ئیمان فێردەكراین، سورەت دادەبەزییە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ كەسێك فێری حەڵاڵ و حەرامی دەبوو، فێری فەرمان و قەدەغەكان دەبوو، دەیزانی لە ئاست هەر ئایەتێكدا چۆن بوەستێت.. پاشان ئێمە ماینەوە هەتا خەڵكانێكمان بینی، پێش ئەوەی ئیمان فێرببن، قورئان فێردەبوون، لە سەرەتا تا كۆتایی قورئانیان دەخوێندەوە، بەڵام هیچ سوودیان لێنەدەبینی، نەیاندەزانی كامە شوێنی فەرمانەو دەبێت جێبەجێی بكات، كوێی شوێنی نەهییەو خۆدووورگرتنە، خۆی لێ دووربگرێت، نەیدەزانی چۆن لە ئاست ئایەتەكاندا هەڵوێست بگرێت، وەك جیاكردنەوەی خورمای پووچ دەستیان تێ وەردەدا، (واتە نەیاندەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بكەن).."

ئەم قسەیەی عبد الله وانەیەكی گرنگە بۆ ئێمەش، بۆیە لەم وانەیەدا باسم كرد، چونكە وەنەبێت تەنها بابەتی تەدوینی ظاهری قورئان جێی ئیهتیمامی صەحابە بووبێت، شتی لەم بابەتە وردیشیان وتووە. ئەمە زۆر دەقێكی گرنگە، بۆ ئەوەی تەنها گرنگیی بە شكڵ و ڕواڵەت و ظاهر، یان بە تەجویدو زانستی قرائات و ئەوانە نەدەین و لایەنی تر فەرامۆش بكەین، بەڵكو بە ئەندازەی حەجمی خۆیان

گرنگیی بە هەر شتێک بدەین، بایەخدانی زیاتر بە ناوەرۆکی قورئان بێت، بە بڕیاری ئیلتیزام بە قورئانەوە بێت. صەحابە بەم شێوەیە لەگەڵ قورئاندا ژیاون. عبداللەی کوڕی مەسعودیش ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ قسەیەکی لەو بابەتەی هەیە کە دەڵێت: "هەر کەس لە ئێمە کە دە ئایەت فێردەبوو، نەدەچوو بۆ ئایەتی تر، تاکو بە تەواویی لە ماناکانیان تێنەگات و کاریان پێنەکات".

بۆ ئەم لایەنە خوای گەورە موئەسەساتی گەورە گەورەی تەسخیر کردووە، لە سەردەمی هاوچەرخدا بۆ دەیانساڵ دەچێت لە عەرەبستانی سعودی و لە هەندێک وڵاتی تری ئیسلامیی، بە ملیۆنان نوسخە لە قورئان چاپدەکەن، بۆیە پیلان دژی قورئان لە کۆنترۆڵی دوژمنانی ئیسلام دەرچووە، لە سەدەی دوو و سێی کۆچییەوە بەرەوژوور ژمارەی موصحەف لەگەڵ ئەو دواکەوتوویيە لە ڕووی تەکنەلۆژیی و هونەرییەوە، ئەوەندە زۆر بوو کە لە دەسەڵاتی نەیارانی ئیسلامدا نەما، تا خەیاڵی ئەوە بکەن کە لە ناوی بەرن، یان بەربەرەکانێی بکەن، بۆ کەمکردنەوەی نوسخەکانی.. بۆیە ئەو وەعدو بەڵێنەی خوا بۆ پاراستنی قورئان، بە شێوەی کردەیی لە ژیانی خۆماندا بینیومانە.

**گرنگترین بەڵگەی پارێزراویی قورئانی پیرۆز:**

ئەم نووسینەوەو تەدوین و پاراستنی قورئانە بابەتێکی گرنکە  کە خراوەتە ناو زانستەکانی (علوم القرآن)، بۆ سەلماندنی مەرجەعیەتی و خوداییبوونی ئەم قورئانەو ڕاستێتیی بەڵێنی پاراستنی لە لایەن خوای گەورەوە، هەرچەند ئێمە لە سەرەتاوە بەڵگەیەکی مەنتیقی و عەقڵی ترمان هێناوەیەو وتمان: خوای مەزن کە بیەوێت هیدایەتی مرۆڤەکان بدات، دەبێت ئەم هیدایەتە سەرتاسەریی بێت و بۆ

هەموو شوێن و سەردەمەکان بێت، مادام واشبێت، دەبێت لە هەموو کاتێکدا ئەم قورئانە ـ کە سەرچاوەی هیدایەتە بۆ هەموو مرۆڤەکان ـ پارێزراو بێت. خوای گەورە بە موقتەزای صیفەتەکانی (عیلم و حکمەت و قودرەت)ی ـ زانست و بەتوانابوون و حەکیمبوونی ـ دەبێت ئەم قورئانە بپارێزێت، بە هەر شێوەیەک کە خۆی دەیەوێت، لە هەر سەدەمێکدا بە جۆرێک، لە سەردەمی خۆشماندا بە هۆی دەزگا هۆشمەندو زیرەکەکانەوە ـ ئایپات و موبایل و لە ڕێی ئامێری لێدانی سی دی و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و هەموو ڕێگاکانی سۆشیال میدیاو ئەو شتانەوە. بڵاوبوونەوەی قورئانی پیرۆز لە ئاستێکدایە کە تەصەوور ناکرێت، تەنانەت نەیارانی ئیسلامیشی سەرسام کردووە.

# وانەی پێنجەم

## تەفسیرو ڕاڤەکردنی قورئانی پیرۆز

هەر لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە ﷺ تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردووە، بۆیە زۆرێک لە سەرچاوەکانی فەرموودە وەک (صحاح و مەسانید و سونەن)ـەکان بەشێکیان تێدایە بە ناوی (باب التفسیر)، ئەو فەرموودانەی پێغەمبەریان کۆکردوونەتەوە کە تەفسیری هەندێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیان تێدایە، بۆ نموونە کاتێک ئەم ئایەتەی سورەتی (الأنعام) دابەزی، کە دەفەموێ: [ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ]: ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوەو هیچ ستەمێکیان تێکەڵ بە بڕواکەیان نەکردووە، ئەمن و ئاسایش بۆ ئەوانە، ئەوانەن کە ڕێنوێنیکراون.. کە ئەم ئایەتە دابەزی، هەندێک لە صەحابەکان کەمێک نیگەران بوون، وتیان: جا، کێمان هەیە زوڵمی لە خۆی نەکردبێت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی کرد کە مەبەست لەو ستەمە، شیرکە، ئێوە دوورن لەوە. ئەمەی فەرموو بۆ ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە.

یان بۆ نموونە لە سورەتی (یونس)دا فەرمووی: ﴿الذين أحسنوا الحسنى وزيادة﴾، بۆ ئەو زیادەیە پێغەمبەرﷺ ئاماژەی کرد کە مەبەست تەجەلییاتی ئیلاهی و سەیرکردنی موسوڵمانانە بۆ تەجەلییاتی خوای گەورە لە بەهەشتدا، ئەوەیە زیادەکەی کە باسی لێکراوە، یان دەربارەی ئایەتی (وأعدوا لهم ما استطتم من قوة) ڕیوایەتی صەحیح هاتووە کە تەفسیری وشەی (قوة)ی بە (ڕەمی) تیرئەندازیی کردووە، سێ جار لەسەر یەک فەرموویەتی: (ألا إن القوة الرمي، ألا إن القوة الرمي، ألا إن القوة الرمي).

لەبەر ئەوە لە ڕاستیدا پرۆسەی تەفسیرکردن لە سەردەمی خودی پێغەمبەری خواوە ﷺ دەستی پێکردووەو زۆرێک لە صەحابە زاناکانیش فێری ئەو تەفسیرە بوون، بە تایبەتی هەندێک لە گەورە صەحابەی وەک: (ابن عباس، ابن عمر، ابن مسعود)، بەتایبەتی عەبدوڵڵاکان کە مەشهورن، تەفسیری قورئانیان زۆر کردووە، وەک: عبدالله کوڕی عەبباس، عبدالله کوڕی مەسعود، عبد الله کوڕی عومەر، عبد الله کوڕی عەمر، هەروەها زەیدی کوڕی سابت، ئەبو موسا، جگە لە ئەبو بەکرو عومەرو صەحابە ناسراوەکان و ژمارەیەکی زۆر لە پێشینانی (السابقون الأولون) کە زۆر سپۆڕ بوون لە بواری تەفسیرکردندا، چونکە زۆر لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بوون ﷺ، بە تایبەتی (ابن عباس) کە تا حەددی ئەوەی تەفسیرێک بە ناوییەوە هەیە، هەرچەند زۆرێک لە سەنەدەکانی لاوازن، بەڵام هەوڵدراوە تەفسیرەکەی کۆ بکرێتەوە.

لە دوای صەحابە لە سەردەمی (تابعین)یشدا ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی ئەو صەحابانە، وەک سەعیدی کوری جوبەیر، موجاهید، عیکریمە، زوبەیر، طاوس، عەطاء، قەتادە، مەسروق و.. هتد، ئەمانە گەورە تابعینی جیلی دوای صەحابەن، زۆر سوودیان لە ئەصحاب بینیوە.. ئەگەر سەیری کتێبەکانی تەفسیر بکەین زۆرێک لەوانە نەقڵی تەفسیریان لێکراوە، دیارە هەندێکی لە صەحابەیان وەرگرتووە، بەڵام هەندێکی تری ئیجتیهادەو بۆچوونی خۆیانەو بە لای ئەهلی تەحقیقەوەو لای زانا ئوصوڵییەکان مولزیم نیە بۆ جیلی دوای خۆیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هاوکارێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز، بە تایبەتی ئەوانەی نەقڵی قسەیان کردووە لەو صەحابانەی زۆر لە خزمەتی پێغەمبەری

خودا بوون ﷺ یان ئەوانەی زۆر لە خزمەتی صەحابەکاندا بوون لە تابعین، دەکرێت سوودوەرگیرێت لە بۆچوون و ئارائیان بۆ شیکردنەوەو تەفسیرکردنی هەندێک بڕگەی قورئانی پیرۆز.

**جیاوازیی نێوان تەفسیرەکان:**

شتێکی دیارە کە بە پێی سەردەمەکان ناوەرۆکی تەفسیر گۆڕاوەو زۆرجار دۆخی سیاسی و کۆمەڵاتیی لە ناو تەفسیرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، واتە لە تەفسیری هەندێک لایەنی کۆمەڵایەتیی و ژیارییەوە کاریگەریی ژینگەکەی لەسەر هەبووە. بۆ نموونە تەفسیرەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامیی، تا دەگاتە عوسمانییەکان، ڕەنگدانەوەکی ئەو واقعەی لەسەرە، کە بە دەست ئیسلامەوە بووە، تەفسیرێک کە لە دۆخێکی تردا نووسرابێت، هەر وایە، بۆ نموونە: تەفسیری (في ظلال القرآن)ی (سەید قوطب)، کەش و هەوای زیندان و ستەم و ناحەقیی و چەوساندنەوە بەسەر بەشێکی زۆریدا دیارە، چونکە زۆرێکی لە ناو زینداندا نووسیوە، ئەمە جیاوازە لەو تەفسیرانەی لە سەردەمێکدا نووسراون کە موسڵمانان لە ڕووی دەسەڵات و تەکنەلۆژیی و شارستانییەوە لەپێشەوە بوون، ئێستە کەسێک لە وڵاتێکی وەک مالیزیا یان هەر وڵاتێکی تری هاوشێوەیدا تەفسیر بنووسێت، واقیعەکەی ڕەنگ ئەداتەوە لە نووسینەکەیداو جیاوازە لەو کەسەی لە وڵاتێکی وەک پاکستان یان بەنگەلادش تەفسیرێک بنووسێت، بۆیە ئەوەی ئەیەوێت سوود لە هەر تەفسیرێک ببینێت، باشترە دیراسەیەکی نەفسی و ئیجتیماعی سەردەمی نووسینی تەفسیرەکە بکات، چونکە ژینگەو کۆمەڵگەکان بە هەموو داب و نەریت و بەهاو عورفەکانییانەوە، تەنانەت تێگەیشتنە زمانەوانییەکان و

پاشخانی مەعریفی و کلتوریيانەوە، زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە تێگەیشتن و تەفسیرکردن. تەفسیرەکان جۆراوجۆرن، بۆیە پرۆسەی تەفسیریش بەردەوام بووەو تەفسیرەکانیش زۆر لە یەک جیاوازن، لە سەدەی یەکەوە کاری تەفسیرکردن دەستی پێکردووە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، تەنانەت کاتی وا هەبووە دەیان زانای موفەسسیر لە یەک کاتدا تەفسیریان کردووە بۆ قورئان.

به نیسبەت تەفسیرە کوردییەکانەوە، لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێکردووە، لە ئێشستادا تەفسیرە کوردییەکان بە هەر سێ شێوەزاری کرمانجی سەروو و خواروو و هەورامی، خۆی لە (٥٠) تاکو (٦٠) جۆر تەفسیر دەدات، بە تەفسیری کورت و مامناوەندیی و دوورو درێژەوە.. ئەمە حەزو خولیایەکە کە پێشینان بە زیادەوە بوویانەو پرۆسەکەش بەردەم دەبێت و لە هەموو سەردەم و ژینگەیەدا بە پێی دەرهاویشتە زانستیی و مەعریفیی و ژیاریی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم پرۆسەی تەفسیرکردنەی قورئان بەردەوام دەبێت.

مامۆستای گەورە شێخ محەممەدی خاڵ دەستپێشخەر بووە، لە سییەکانی سەدەی بیستەوە تەفسیرێکی هاوچەرخی بۆ قورئان دەستپێکرد، هەروەها مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و مەلا محەممەدی گەورەی جەلیزادەی کۆیە.. دوای ئەوانە نووسینی تەفسیر زۆر بوو، ژمارەیەکی زۆر تەفسیر هەن، زۆر بە دوورودرێژیی تەفسیری قورئانی پیرۆزیان کردووە. هەندێک تەفسیری کورتیش هەن، کە تەفسیری ژێرنووسن، یانی کورت و چڕن و تەفسیری ڕستە بە ڕستەن، ئەوانە ڕوویەکی ئیجابییان هەیە کە ئەوەیە ئەتوانین مانایەکی کورت لە قورئان لێیان وەربگرین، ڕووی سلبیشی هەیە کە ئەوەیە حەقی

قورئان نادرێ، تەنانەت قسە لەسەر ماناکردنی ژێرنووسیی کراوە، کە نابێت زۆر کورت بکرێتەوە، بە شێوەیەک بگاتە ئەو ئاستە کە زیان بدات لە ماناکردنی قورئان. ئەو جۆرە تەفسیرانەی مامناوەندن، نە ڕیوایەتی لاوازیان تێدایە، نە زۆریش کورتن کە خەڵەلیان بە ماناکە کردبێت، ئەوانە بەسوودن، بە کورتی هەریەکە لەو تەفسیرانە تایبەتمەندییەکیان هەیە، ناتوانین بڵێین: فڵان تەفسیر لە هەموویان باشترە، چونکە هەموویان خاڵی لاوازو خاڵی بەهێزیان تێدایە.

بە نیسبەت تەفاسیری عەرەبییەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژمارەیەک سایت و پێگەی گرنگ، دەبینین جۆرەها تەفسیریان تێدایە، بۆ نموونە: سایتێک هەیە بە ناوی (التفاسير العظيمة) (١٠٥) دانە سەرچاوەی تەفسیری تێدایە لە کۆن و نوێ، تەفسیری شیعەو سوننەو تەفسیری بابەتی ئەحکام و زمانەوانی و زانستیی و.. هتد. سایتێکی تر هەیە بە ناوی (ملتقى أهل التفسير) ئەمەیان بۆ توێژینەوە قورئانییەکانە، نزیکەی سێ هەزار توێژینەوەی تێدایە، ڕەنگە ئێستا زیاتر بێت، هەمووی لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکانە بە قورئانەوە. سایتێکی تر بە ناوی (موسوعة التفسير الموضوعي) کە تەفسیرێکی بابەتییەو دەکرێت ئیسفادەی زۆری لێبکرێت بۆ هەندێک بابەت، بۆ نموونە ئەتەوێت بابەتێک لەسەر خێزان بنووسیت، دەتوانی ئەو سایتە بکەیتەوەو هەمووی بێنیتە بەردەست، بۆ نموونە لەسەر بابەتی نوێژ، یان زەکات، یان هەر شتێکی تر..

بە نیسبەت تەفسیری زۆر تازەی کوردییەوە کە سوودتان پێبگەیەنێت و کلیلی فێربوونتان بداتێ، تەفسیرەکانی (مامۆستا ناصری سوبحانی)یە، کە لە ڕاستیدا لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزدا کەموێنەیە، چونکە لەڕووی

زمانەوانییەوە زۆر چووەتە قووڵایی ماناکان و زاراوەکانی شیکردووەتەوە، سوودیشی لە سەرچاوە زمانەوانییە دایکیەکان وەرگرتووەو هەوڵی داوە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانەوە زاراوەو موفرەدات مانا بکات. لە ڕووی باسی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکانەوە، باسی لە (سەبەب نزولی حەقیقی) کردووە، یانی کەش و هەوای دابەزینی ئایەتەکانی شیکردووەتەوە، باسی لەوەش کردووە کە چۆن دووبارە ئەو کەش و هەوایە دروست دەبێتەوەو هەڵێنجانێکی ئیمانیی و ڕوحیی جوانی کردووە لە ئایەتەکان و حیکەم و فەلسەفەی ئەحکامیشی جوان دەرهێناوە، لەگەڵ هەر حوکمێکدا حیمەتەکانی دەستنیشان کردووە. ئەمانە تایبەتمەندییەکانی تەفسیری مامۆستا ناصری سوبحانین.

**کاریگەریی ژینگە لەسەر هەندێک تەفسیر:**

بە نیسبەت مەنهەجیەت و میتۆدو شێوازی موفەسسیرەکانەوە، جیاوازییان زۆرە، پێشتر ئاماژەیەکمان کرد کە هەندێک لە موفەسسرین تەفسیری گشتیی (عام)یان کردووە، وەک: (ابن کثیر)، (ئالوسی)، (مەراغی)و (التحریر والتنویر)ی (ابن عاشور)، واتە هەم ئاماژەیان بە لایەنی زمانەوانی کردووە، هەم ئەحکام، هەم (أسباب نزول)، هەروەها ڕیوایەتیان زۆر هێناوە. بەڵام هەندێکیان زۆر تایبەت بوون بەوەی کە ئەحکام دەربێنن، وەک: (قورطوبی و طەبەری). هەندێک لە تەفسیرەکان زیاتر گرنگییان بە لایەنی زمانەوانی داوە، وەک تەفسیری (کشاف)ی زەمەخشەری، یان تەفسیری (بەیضاوی) کە چڕوپڕە. هەندێکیان گرنگییان بە تەفسیری عیلمیی داوەو علومە تەبیعیەکانی تێدا زەق کردووەتەوە، وەک تەفسیری (جەواهیری)، کە یەکێک لە زانا هاوچەرخەکانی

میصر بە ناوی طەنطاوی جەوهەری نووسیویەتی. هەندێک موفەسسیری تر گرنگییان بە لایەنی بانگخوازیی و پەروەردەیی داوە، وەک سەید قوطب و ئەبوئەعلای مەودودی، هەروەها هەندێکیان گرنگییان بە لایەنی حەرەکیی و جموجووڵ داوە، بە تایبەتی لە موفەسسیرە هاوچەرخەکان وەک سەعید حەوا. هەندێکیش ئیهتیمامیان بە تەفسیری بابەتیی (مەوضوعی) داوە، بۆ نموونە: نوێژ لە قورئاندا، زەکات لە قورئاندا، پەروەردە لە قورئاندا، خێزان لە قورئاندا، سیستمی ئابووریی لە قورئاندا.. ئاوا بە شێوەی بابەتیی جیایان کردووەتەوە، ئەمەیان باشترین جۆری تەفسیرە، چونکە حەقی بابەتێک ئەداو بە شێوەیەکی گشتیی لە هەموو ڕوویەکەوە بابەتێکی دیاریکراو ڕوون دەکاتەوە.. ئەمانە هەموو میتۆدو مەناهیجی جیاوازی (مفسرین)ن.

**چەند تێبینیەک لەسەر تەفسیرەکان:**

سەبارەت بە تەفسیرەکان ـ چ دێرینەکان، چ هاوچەرخەکان ـ سەرەڕای ئەوەی خزمەتێکی گەورەیان بە قورئانی پیرۆز کردووە، بەڵام چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەریان هەن، کە لێئاگابوونیان بۆ ئەم سەردەمە پێویستیشەو ئاسانیشە:

١ـ ئەبێت بزانین تەفسیرەکان ـ بە تایبەتی دێرینەکان ـ زۆر جار نەقڵی بێ سەنەدیان تێدایە، یانی وتوویانە: فڵان کەس وای وتووە، بەڵام سەنەدەکەی باسنەکردووە. یان هەندێک جار سەنەدەکەی باسکردووە، بەڵام کەسی لاوازی تێدایە، دیارە ئەو جۆرە بڕگانە لەو جۆرە تەفسیرانەدا نابێت متمانەیان پێبکرێت، نابێت بکرێت بە ماڵ بەسەر قورئانی پیرۆزەوە. بۆ نموونە یەکێک ئەڵێت: مەسروق لە تابعین وای وتووە، یان ابن عباس لە صەحابەکان وای وتووە، ئەمە لە هەر

تەفسیرێکدا هەبێت نابێتە حوججەو بە بێ سەنەد پشتی پێ نابەسترێت. ئەکرێت بۆ ئیستیئناس لە وەرگرتنی مانای ئایەتێکی قورئاندا سوودێکی لابەلایی لێ وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر بڵێین: ئەمە تاکە مانایەو ئەمە تەواوی مەبەستی خوای گەورەیە، شتی وا نابێت، بە تایبەتی کاتێک دژ بێت بە ماناو مەدلولی هەندێک ئایەتی تر لە جێی تری قورئانی پیرۆزدا، یان ئیشکالی فیکریی دروست بکات. بە کورتی قسەی کەس لەو حاڵەتانەدا نابێتە بەڵگەو حوججەت، جگە لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

٢ـ تێبینیەکی تر لەو تەفسیرە پێشووانەدا ئەوەیە کە ئیددیعای نەسخی ئایەتیان زۆر زۆر تێدا کراوە، یانی جاری وا هەیە ئایەتێک دەهێنن بە زۆر ئەڵێن: ئەمە نەسخی دەیان ئایەتی تری کردووەتەوە، بۆ نموونە هەندێک وتوویانە: ئایەتی ﴿قاتلوا المشركين..﴾ هەرچی ئایەتی باسی چاوپۆشیی و لێبوردن و عەفو و صەفح و پەنادان و چاکەکاریی و ئیحسان و (بر)و (قسط)و ئەو شتانەیە، هەمووی نەسخ کردووەتەوە.. ئەم قسەیە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، ئەم ئایەتانە نەسخ نەبوونەتەوە، چۆن بە قسەو بۆچوونی کەسێک دەیان حوکم نەسخ دەبنەوە؟ ئەم ئایەتانە چەندین حوکم و بەهای ئەخلاقیی ئاینی ئیسلامیان لەخۆگرتووە، چۆن بە بۆچوونێکی بێ بەڵگە نەسخ دەبنەوە؟ ئەمە ئەبێت بسەلمێنرێت کە لە خواوە یان لە پێغەمبەری خواوە هاتووە، کە فڵان حوکم سڕراوەتەوەو نەسخ بووەتەوەو حوکمی هەڵگیراوە.

زۆر جار سەرنج دراوە کە هەندێک لەو موفەسسیرە بەڕێزانە دوو ئایەت یان چەند ئایەتێکیان دیوە کە بە ظاهر دژ بە یەک بوون، یەکسەر وتوویانە:

فلان ئایەتیان ناسخەو فلانیان مەنسوخ، بۆ ئەوەی گونجاندن و تەوفیق بخەن لە نێوانیاندا، لە کاتێکدا کە ورد دەبیتەوە ئەو ئایەتانە یان (عام)ن و بە (تەخصیص) کردن تەوفیق دەخرێن، یان (مطلق)ن و بە (تەقیید) کردن تەوفیق دەخرێن، یان (مجمل)ن بە (تەبیین)کردن ڕێکدەخرێن و هیچ پێویست ناکات یەکسەر بوترێت: ئەوە ناسخەو ئەوە مەنسوخە. زۆرجار ئەو حاڵەتە پەیوەندیی بە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامەوە هەیە، یان پەیوەندیی بە دابەزینی تەدریجی و پلە بە پلەی ئەحکامەکانی سەردەمی مەککەو مەدینەوە هەیە.

٣ـ هەروەها زۆرێک لە زانایان وتوویانە. وەک لە باسی (أسباب النزول)دا ئاماژەمان بۆ کرد - زۆربەی ڕیوایەتی (أسباب النزول) - یانی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکان - لاوازن، ئەبێ تەنها پشت بەو بەشەیان ببەسترێت کە سەنەدی موتتەصیل و مەحکەم و دروستیان هەیە، کە ئەوانەش زۆر کەمن.

٤ـ تێبینیەکی تر پەیوەندیی بە لایەنی زمانەوانییەوە هەیە، زۆر جار لایەنی زمانەوانی پشتگوێ خراوە، یان تەئکید کراوە کە (موتەرادیفات)و وشەی هاومانا لە قورئاندا هەیە، بۆ نموونە: وشەی (عام) بە (سنة) مانا کراوە، یان وشەی (دهر) بە (زمان) مانا کراوە لە کاتێکدا ئەمانە ماکانیان لە قورئانی پیرۆزدا جیاوازە، قورئانی پیرۆز عەرەبییە، ئەبێت بۆ دۆزینەوەی مانای دروستی هەر وشەیەک بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی زمانی عەرەبی. زۆر جار لە هەندێک تەفسیردا ئەوە ئیهمال کراوە، ئەبێ ئاگاداری ئەو خاڵە بین.

٥ـ تێبینیەکی تر ئەوەیە کە ڕەبتی بەینی بابەتەکانی قورئان کەم دراوە بە یەکەوە، بۆ نموونە ئایەتێکیان هێناوە مەعنا کراوە، ئایەتێکی تر ئەو مەعنایە

کامڵ ئەکات، یان سورەتێکی تر، یان مەقتەعێکی تر لە قورئان، بەڵام ئەو بڕگەیەیان نەهێناوە بۆ پشتیوانی لەوەی تر، بۆیە هەندێک لە زانایان ڕەخنەی توندیان گرتووە لەو مەنهەجە، بۆ نموونە خەطیبی بەغدادی ـ کە یەکێکە لە عولەما وردو موحەققیقەکانی سەدەی چواری کۆچیی ـ کتێبێکی هەیە بەناوی (الجامع لأخلاق الراوي)، ئەڵێت: "ولا أعلم في التفسير كتابا مصنفا سلم من علة فيه، أو عري من مطعن عليه.." واتە: لە تەفسیردا کتێبێک شک نابەم دانرابێت، بێ گرفت و عیللەت بێت، یان تانەیەکی لێنەدرابێت و گلەیی لەسەر نەبێت. بەغدادی کە ساڵی (٤٦٣ ک) کۆچی دوایی کردووە، بەم قسەیەی باس لە تەفسیرە نووسراوەکانی پێش خۆی دەکات، لە سەدەکانی یەک تا چواری کۆچیی کە دەکاتە تەفسیری موفەسسیرە گەورەکانی پێش خۆی، لە زانایانی (تابعین)و (تابعی تابعین)ەوە، وەک: موجاهید، نافع، عەطاء، موقاتیل، سوفیانی ثەوری، ئیبن وەهەبی میصری، حەسەنی بەصری، ئیبن جورەیج، فەرراء، سەهلی تەستوری، ئیبن وەهەبی دینەوەری، ئەبوبەکری نەیسابوری، نەححاس و ئیبن مەردەوەیهەوە، تا دەگاتە پێشەوا طەبەری شێخی موفەسسرین و پێشەوایان ماوەردی و واحدی و عبد القاهر جورجانی و سەمعانی.. لە هاوچەرخانی خۆی. واتە لە هەموویان ڕەخنەی هەبووە، جا ئەگەر بۆچوونەکانی سەدەکانی دوای خۆی ببینیایە، دەبوو چی بگوتایە ؟!

بەهەرحاڵ، باشترین جۆرەکانی تەفسیر ئەوانەن کە تەفسیری قورئان بە قورئان ئەکەن، چونکە وشەیەک لە قورئاندا هاتووە، واتاکەی هەر لە قورئاندا، لە شوێنێکی تردا دەرهێنراوە، بۆ نموونە: ئەگەر بمانەوێت بزانین ﴿أنعمت

علیهم﴾ یانی چی و کێن ئەوانەی نیعمەتی خوایان بەسەردا ڕژاوە؟ سەیری شوێنی تری قورئان دەکەین، دەبینین ڕوون کراوەتەوە کە (منعم علیهم) ـ واتە ئەو کەسانەی نیعمەتیان بەسەردا ڕژێنراوە- بریتین لە پێغەمبەران و (صدیقین)و شەهیدان و صاڵحین. لەو ئایەتەدا کە دەفەرموێت: ﴿ومن يطع ٱلله وٱلرسول فأولئك مع ٱلذين أنعم ٱلله عليهم من ٱلنبيين وٱلصديقين وٱلشهداء وٱلصالحين..) النساء/٦٩. یان ئەگەر بمانەوێ بزانین (ضال) گومڕا کە لە سورەتی فاتیحەدا هاتووە کێیەو فێرمان ئەکات کە پەنابگرین بە خوا لە گومڕایان و لەوانەی غەزەبیان لێگیراوە، ئەوە سەیر ئەکەین بزانین لە کوێی قورئاندا باسی گومڕا کراوە، دەبینین قورئان بەشێک لە تایبەتمەندیی گومڕایانی باسکردووە، بۆ نموونە دەفەرموێت: (إن الذين كفروا بعد إيمانهم ثم آزدادوا كفرا لن تقبل توبتهم وأولئك هم ٱلضالون) آل عمران/٩٠.

لەبەر ئەوە جۆری یەکەم لە تەفسیرە باشەکان ئەوەیە کە قورئان تەفسیری قورئان ئەکات، لە پاڵ ئەوەیشدا ئیسفادە لە سوننەت و ڕیوایەتی دروست ئەکات، چونکە کەس نیە لە مرۆڤەکان بەقەدەر پێغەمبەری خوا ﷺ لە قورئان باش تێگەیشتبێت، چونکە بۆ خۆی دابەزیوە. هەروەها ئەکرێت سوود لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکانی (سیرە)ش وەربگیرێت بۆ تێگەیشتن لە قورئان، چونکە سیرەی کرداریی پێغەمبەرو کرداری جەمعیی و ئیجماعیی صەحابەکان ـ خوا لێیان ڕازی بێت ـ ڕوونکەرەوەی هەندێک لایەنی قورئانن.

**سوود لە تەفسیری تەحقیقکراو وەرگرن:**

دوا تێبینی بە نیسبەت هەر سەرچاوەیەکی تەفسیر، یان هەر کتێبێکی ترەوە لە سەرچاوە تەفسیرییەکان و (علوم القرآن) یان (علوم الحدیث)ـە کۆنەکان، بەڕێزتان دەبێت ئەو جۆرە تەفسیرانە، یان ئەو جۆرە کتێبانە بگرن بەدەستانەوە کە تەحقیق کراون و لەگەڵ تەحقیقدا تەخریجی ڕیوایەتەکان کراوە، تەفسیر هەیە دەیگریت بەدەستەوە، سەیردەکەی هیچ پەراوێزێکی لە خوارەوە نیە، سوود لەو جۆرە تەفسیرانە مەبینن، چونکە  بە دەیان هەڵەیان تێدایەو تەحقیق نەکراون. بۆیە کە تەفسیرتان گرت بەدەستەوە، یان هەر کتێبێکی تر، سەیری سەر بەرگەکەی بکەن بزانن نووسراوە: (تحقیق ودراسة فلان) یان نا؟ یان بزانن لە خوارەوەی لاپەڕەکانیدا پەراوێزی هەن یان نا؟ بۆ هەموو کتێبێکی پێشینان ئەمە بکەنە قاعیدەیەکی زانستیی، لەو کتێبانە سوود ببینن کە تەحقیقیان لێ نووسراوە، ئەو جۆرە کتێبانە پێیان ئەڵێن: (موحەققەق)، لەو جۆرە چاپانە ئیسفادە بکەن.

## وانەی شەشەم

## ئیعجازی قورئانی پیرۆزو ڕەهەندەکانی

هەر لە سەرەتای دابەزینییەوە، قورئانی پیرۆز وەکو موعجیزەی سەرەکیی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ ناسێنراوە، چونکە لە سەردەمی هەر پێغەمبەرێکدا جۆرە موعجیزەیەک هەبووە، کە گونجاو بووە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا، یان ئەو قەومەی کە ئەو پێغەمبەرەی بۆ هاتووە، بۆ ئەوەی بگونجێت تەحەددای لەسەر بکرێت.

بۆیە ئیعجاز ـ عادەتەن ـ دەبێت لە شتێکدا بێت کە تەحەدداکراوەوەکان لێی بزانن و شانازیی پێوە بکەن، بۆ نموونە لە سەردەمی پێغەمبەر عیسادا (علیه السلام) پیشەی پزیشکیی زۆر باوبووە، لە لایەنی تەندروستیی و پزیشکییەوە پێشکەوتوو بوون، بۆیە موعجیزەکانی عیسا (درودی خوای لەسەر) لەو بارەیەوە بوون، تەنانەت تواناکەی ئەو گەیشتووەتە چلەپۆپەو مردووی زیندوو کردووەتەوەو قسەی لە نەیارەکانی بڕیوە، ئەمە قورئان دووپاتی دەکاتەوە، کە دەفەرموێت: (وأحيي الموتى بإذن الله) آل عمران/٤٩، یان: (وإذ تخرج الموتى بإذني) المائدة/١١٠، کە ئەوە ئیتر ئەوپەڕی تەحەددای خۆیان و زانست و هونەرەکەیان بووە. یان لە سەردمی موسادا (علیه السلام) چاوبەست و دەستتەڕی و جادووگەریی و ئەو شتانە باو بووە، بۆیە موعجیزەکەی موساش بەو شێوازانەی خواردووە، وەک ئەوەی کە لە بەسەرهاتی دار عەصاکەی‌و بوون بە مار لە قورئاندا باسکراوە.

لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا ﷺ ڕەوانبێژیی و فەصاحت و بەلاغەت و شیعرو ئەدەب و چامەنووسین باو بووە، عەرەبەکانی دوورگە لە ڕووی

زمانەوانییەوە زۆر پێشکەووتوو بوون، بۆیە موعجیزەی سەرەکیی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ قورئانی پیرۆز بوو، کە لەو ڕەهەندەوە تەحەددایەکی قورسی کردو تا ئێستەش ئەو تەحەددایە هەر بەردەوامە.

جا، زانایانی (علوم القرآن) ئەمەیان وەک زانستێکی سەربەخۆ ناساندووە، کە پێناسی موعجیزەیان تێدا کردووەو باسی قۆناغەکانی ئیعجازیان کردووە.

**پێناسی موعجیزە:**

لە ڕووی زمانەوانییەوە موعجیزە واتە: (کارێکی بەچۆکداهێنەر، یان عاجزکار)، کارێکە عادەت شکێنە، واتە لە دەرەوەی عادەت و توانای ئاسایی مرۆڤەکانە، عادەت نایگرێتەوەو شتێکی نائاساییە، هاوکاتیشە لەگەڵ تەحەدداو داوای ڕووبەڕووبوونەوە.

لێرەدا حەزدەکەم لە کتێبەکانی (علوم القرآن)دا پێناسی وشەی (موعجیزە)تان بۆ بێنم کە لە نیو دێڕدا وتوویانە: (أمر خارق للعادة، مقرون بالتحدي): کارێکی عادەتشکێنە، هاوکات تەحەددای لەگەڵدایە. ئەمەیە وایکردووە کە موعجیزەی هەریەک لە پێغەمبەران (عليهم السلام) لەگەڵ سەردەم و قۆناغەکەی خۆیاندا موناسەبەی هەبووە، لەو لایەنەوە کە نەتەوەکەیان زۆر پێشکەووتوو بوون، لەوەدا موعجیزەکە هاتووە، خۆ ناکرێت لە سەردەمێکدا ـ بۆ نموونە ـ داهێنان و وردەکاریی لە زانستی پزیشکیدا باو بێت، کەسێک بێت تەحەددا لە بوارێکی تردا بکات، بۆ نموونە کەسێک لە دارتاشیدا زۆر پێشکەوتووە، ناکرێت و نابێت کەسێکی تر بێت لە بواری ئاسنگەریدا تەحەددای بکات، ئەبێت لە هەمان پسپۆڕیی خۆیدا تەحەددا بکرێت. بۆیە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا ﷺ کە

بەلاغەت و ڕەوانبێژیی گەیشتە چڵەپۆپە، وەکو لەحەت چامە بەناوبانگەکە (المعلقات السبع)دا دەرکەوت، واتە حەوت چامە عەرەبییەکە، کە بەرهەمی حەوت گەورە شاعیری عەرەبی زۆر گەورەو بەناوبانگ بوون، کە بە حەددێک ڕەوان و فەصیحن کە عەرەبەکانیش خۆیان پێی سەرسام بوون و لەوانە بە دواوە شتی وا بەهێز لە ڕووی زمانەوانیی و ئەدەبییەوە دووبارە نەبوویەوە. خاوەنی ئەو حەوت چامەیە بریتین لە (حارث کوڕی حلزة، امرئ القیس، زوهەیر کوڕی ئەبی سولما، طرفة کوڕی عەبد، عەمر کوڕی کلثوم، عەنتەرە کوڕی شەدداد، لەبید کوڕی أبو ربیعەی عامری).

ئەم حەوت شاعیرە لە پێشبڕکێ نێونەتەوەییەکانی خۆیاندا- کە لە بازاڕێکی شاری مەککەدا سازدەکرا بە ناوی (بازاڕی عوکاظ)- هەرکەسیان بەهێزترین شیعری بگوتایە خەڵاتیان دەکرد، کە بریتیبوو لەوە چامەکەیان لە ناوەوەی دیواری کەعبەدا هەڵدەواسی، کە تا ئەم ساڵە دواییانەش ئەم چامە هەڵواسراوانە مابوون. لە ڕاستیدا نە پێش ئەو سەردەمە شتی وا گوترابوو، نە دوای ئەوەش شتی وا گوتراوەتەوە، لە هیچ سەردەمێکداو هیچ نەتەوەیەکیشدا نەبیستراون.

## قۆناغەکانی تەحەددای قورئان بۆ نەیارانی

ئەمەی باسکرا لایەنی ئیعجازی زمانەوانیی و فەصاحەت و بەلاغەی قورئانی پیرۆز بوو، ئەگەر نا لایەنەکانی تری ئیعجازی قورئانیش هەن، بەڵام ئێستە تەنها دەمانەوێت قۆناغەکانی ئیعجاز باسبکەین. بێگومان بۆ ئەوەی کە تەحەدداکە زۆ قورس بێت، مەنهجی قورئان وابووە کە لە سێ قۆناغدا تەحەدداکەی کردووە:

**لە قۆناغی یەکەمدا** دەفەرموێت: ئەگەر ئێوە موحەممەد بە هەڵبەستەری ئەم قورئانە دەزانن، دە فەرموون ئێوەش عەرەبن، ئەم نەخوێندەوارە، ئێوە خوێندەوارن، ئەم ئیمکاناتی نییە، ئێوە هەتانە، ئەم ئەدیب و شاعیر نییە، خۆ ئێوە شاعیرو ئەدیبی زۆرتان هەیە، فەرموون هاوشێوەی قورئانە شتێک بڵێن. ئەم تەحەددایە لە سورەتی (الطور)دایە کە دەفەرموێت: (فليأتوا بحديث مثله إن كانوا صادقين): ئەگەر ڕاستگۆن، با قسەیەکی هاوشێوەی ئەم قورئانە بێنن. دیارە هیچ وڵامێکیان نەبوو و هیچیان بۆ نەکرا.

**لە قۆناغی دووەمدا**، پاش ماوەیەک، تەحەدداکەی قورستر کردو فەرمووی: ئەگەر نموونەیەکی هەموو قورئانتان بۆ نایەت دە سورەت هاوشێوەی ئەم قورئانە بێنن،: ﴿فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ﴾، واتە: ئێوە مادام پشتتان بە غەیری خودا بەستووە، کێی ترتان بۆ دەکرێ بە پشتیوان، بیهێنن لەگەڵ خۆتاندا، دە سورەت هەڵبەستن، بەڵام هاوشێوەی ئەم قورئانە بێت کە دابەزیوەتە سەر موحەممەد. بێگومان لەم قۆناغەشدا بەدیاریانەوە وەستا، هیچیان بۆ نەکرا.

**لە قۆناغی سێیەمدا** تەحەددییەکەی تەواو قورس کردو فەرمووی: دەی کە ناتوانن دە سورەتیش بێنن، بە لای کەمەوە یەک سورەت بێنن، وەکو ئەم قورئانە، لە سورەتی (البقرة)دا کە فەرمووی: ﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾، واتە: ئەگەر ئێوە ڕاستدەکەن، یەک دانە سورەتی هاوشێوەی ئەم قورئانە بێنن، لە خوایش زیاتر کێ لە تواناتاندایە بانگی بکەن، سورەتێکی وەکو (الکوثر) کە دێڕو نیوێکە، یان (العصر)، یان (الإخلاص)، کە ژمارەی ئایەتەکانیان کەمن، بێنن.. بەڵام نەیانتوانی و ئەمەشیان بۆ نەکرا.

لەبەر ئەوە لایەنی ئیعجازی بەلاغیی و فەصاحیی قورئان، لە سەردەمی ئەوپەڕی گەورەیی و پێشکەوتنی زمانەوانیی عەرەبدا نەکرابێت، ئیتر هەرگیز هیچ کاتێکی تر ناکرێت، چونکە هیچ سەردەمێک نابێتە هاوشێوەی سەدەی پێنج و شەشی زاینی کە شاعیرانی عەرەب بەو شێوەیە پێشکەووتوو بوون، خۆیان ئیعتراف دەکەن بەوەی کە هاوشێوەی نەبووەو ناشبێتەوە.

**لایەنەکانی تری ئیعجازی قورئانی پیرۆز:**

لایەنەکانی تری ئیعجازی قورئان زۆرن. ئاشکرایە کە قورئانی پیرۆز تەنها بۆ نەتەوەی عەرەب نەهاتووە، کە ئەم ئیعجازە بەلاغیی و لوغەوییەی ببێتە (حوججەت)، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتیی هاتووە. لەبەر ئەوە لایەنەکانی ئیعجازی قورئان زۆرن، یەکێکیان (لایەنی بەلاغی)یە، کە تیشکێکی زیاتری دەخەینە سەرو نموونە دێنینەوە، یەکێک لەو نموونانە ئەوەیە کە وەلیدی مامی ئەبوجەهل، چووە لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە قورئانی دەخوێندەوە. وەلید شاعیرێکی زۆر

گەورەو بەتوانا بوو، لەو کاتەدا وەلید کەوتە ژێر کاریگەریی قورئان و قسەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ، ڕۆیشتەوە بۆ لای ئەبو جەهل، هەستی بەوە کرد کە کاری تێکراوە، بۆیە ئەبو جەهل پێی وت: مامە! شتی وا نەکەیت، تۆ کەسایەتییەکی ناسراویت، شتێک دەربارەی محەممەد بڵێ و بیسەلمێنە محەممەدت خۆش ناوێت. وەلید لە وەڵامیدا قسەیەکی بەهێزی کرد، نەیتوانی ڕاستگۆ نەبێت، چونکە بە تەواویی کەوتبووە ژێر کاریگەری قورئانەوە. بۆیە وتی: "وماذا أقُولُ؟ فَوَاللَّهِ ما فِيكم رَجُلٌ أعْلَمُ بِالشِّعْرِ مِنِّي ولا بِرَجْزِهِ ولا بِقَصِيدِهِ، ولا بِأشْعارِ الجِنِّ، واللَّهِ ما يُشْبِهُ الَّذِي يَقُولُ شَيْئًا مِن هَذا. وواللهِ إنَّ لِقَوْلِهِ الَّذِي يَقُولُ حَلاوَةً، وإنَّ عَلَيْهِ لَطَلاوَةً، وإنَّهُ لَمُثْمِرٌ أعْلاهُ، مُغْدِقٌ أسْفَلُهُ، وإنَّهُ لَيَعْلُو وما يَعْلى عليه، وإنَّهُ لِيَحْطِمُ ما تَحْتَهُ ". (حاکم و بەیقەقی بە سەنەدی صەحیح گێڕاویانەتەوە) واتە: جا چی بڵێم؟ سوێند بەخوا! کەستان تێدا نیە لە من شارەزاتر بن لە شیعر، لە جۆری (ڕەجز)ی و لە جۆری چامەی، تەنانەت لە شیعری جنۆکەش دەزانم. سوێند بەخوا! ئەوە کە محەممەد دەیڵێت هیچی لەوانە نیە. سوێند بەخوا! ئەو قەولەی کە ئەو دەیڵێت زۆر شیرینە، زۆر پاراوە، سەرەوەی بەرهەمدارە، بنەوەی چڕوپڕە، ئەم شتەی کە پێیدەوترێت قورئان سەردەکەوێت، هیچ کەس و شتێک بەسەریدا سەرناکەوێت، بە دڵنیایی ژێری خۆی وردوخاش دەکات.

ئەم پیاوە پێیان دەوت (أفصح الشعراء) ڕەوانبێژترینی شاعیران، لە کاتی خۆیدا ناوبانگی دەرکردبوو، ئەبوجەهل و دارودەستەکەی هەموویان دەیانزانی کە وایشە، بەڵام دیارە ڕاستیی و صەراحەتێکی تێدابووە کە نەیتوانیوە فێڵ لە خۆی بکات، بۆیە شیعرەکانی خۆی دڕاند، شیعرەکانی خۆی کە لە کەعبە هەڵواسرابوون لایبردن، تەنانەت تەرکی شیعری کرد. تەنها ئەویش نەبووە کە ئەمەی بەسەر هاتووە، دەگێڕنەوە کە کەسێکیش هەبووە بە ناوی (نەضر)ی

کوڕی (حارث)، داستانبێژی مونافیسی پێغەمبەری خوا بووە، هەر کاتێک پێغەمبەر ﷺ قورئانی بۆ کەسانێک دەخوێندەوە، ئەمیش بەدوایدا دەچووە هەمان کۆڕ، دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی داستانی عەنتەرەو بەسەرهاتە پێشووەکان و شیعری شاعیرانی سەردەمی نەفامیی کۆنی دەگێڕایەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی سەرقاڵ بکات، بەڵام ئەویش کاتێک کەم کەم قورئانی پیرۆزی بیست، وایلێهات کە بڵێت: "ئەی پیاوانی قورەیش! بڕۆن خەمی خۆتان بخۆن، محەممەد بە منداڵیی و گەنجیی چاک و پاک و ئەمین بوو بە لاتانەوە، ئێستە کە خەریکە مووی سپی لە ڕیشی دێت و چووەتە تەمەنەوەو دەڵێت: من پێغەمبەرم، ئێستە پێی دەڵێن: شێتە، یان درۆزنە.. شتی وا مەکەن، شتی وا سەرناگرێت". لەبەر ئەوە ئەوانەی کە ئینصافیان هەبووە هەستیان کردووە کە درۆکردن لەگەڵ ئەو ڕاستییە کە محەممەد شتێکی هێناوە کە لە کاری مرۆڤ ناچێت، زەحمەتە.

بەهەرحاڵ، لە ڕووی زمانەوانییەوە عەرەب کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە هاوشێوەی قورئان نە وتراوەو نە دەشگوترێ، حەوت چامەکە (المعلقات السبع)ی هەڵواسراوی ناو کەعبەی ئەو سەردەمەش، ناگەن بە لای کەمی ئەم دارشتنەی کە پێی دەڵێن قورئانی پیرۆز.

**لایەنی دووەمی ئیعجاز** کە لە قورئاندا هەستی پێبکرێت (ئیعجازی تەشریعی)یە، لە قورئاندا شتێکی زۆر ڕوونە، یاساناسان، دەستورزانان، ئەوانەی کە پسپۆڕی بواری قانونن، لە کۆن و تازە، ئیعترافیان بەم حەقیقەتە کردووە، بۆ نموونە: ئەم شەریعەتی خواییە گونجاوە لەگەڵ بوونەوەر، لەگەڵ سروشت، گونجاوە لەگەڵ سیستمی هەستی و بوون، هیچ شەریعەیێکیش نیە کە

ئەم گونجان و سازگاربوونەی تێدابێت، گونجاوە لەگەڵ ناخی مرۆڤ، هیچ زەحمەتیەکی تێدا نییە، سازگارە لەگەڵ فیطرەتی مرۆڤدا. ئەحکامەکانی بابەتە قیەمی و ئەخلاقییەکان، لەگەڵ فیطرەتی مرۆڤدا گونجاون. لە ڕوویەکی ترەوە گونجاوە لەگەڵ ژینگە، لەگەڵ سەردەمەکان، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە ئەو پایەو بنەمایانەو ئەو مرونەت و سەماحەتەی کە لە قورئاندایەو ئەو سازگارییەی کە لەگەڵ سروشت و لەگەڵ ناخی ئینساندا هەیەتی و ئەو هاوئاهەنگییەی لەگەڵ بوونەوەرداو لەگەڵ خوێندنەوەی کەوندا بە شێوەیەکی گشتی هەیەتی، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ئەم تەشریعە لەلایەن خالقێکی شارەزاوەیە بە مرۆڤ و تەنها خوایە بتوانێت ئەم تەشریعە (متكامل)و هاوسەنگە بنێرێت، چونکە دروستکارو بەدیهێنەری مرۆڤ، خۆی بەدیهێنەری گەردوونیشە، هەر خۆیشی دەتوانێت شەریعەتێک بهێنێت کە گونجاوبێت لەگەڵ هەموو ژینگەو سەردەمەکان و حاڵەتەکانی هەموو مرۆڤەکان.

**ئیعجازی سێیەم لە قورئاندا** ئیعجازی هەواڵی غەیبە. قورئان پڕیەتی لە باسی هەواڵی ڕابردوو، باسی واقعێک کە دوورە لە محەممەدو ژینگەی محەممەدەوە ﷺ هەروەها پڕە لە باسی داهاتوو.

لە ڕابردوودا سەیر دەکەیت مێژوویەکی دوورودرێژی باسکردووە، لە بەسەرهاتەکانی ئادەم و باسی نوح، عادو ثەمود، ئیبراهیم و ئیسماعیل، لوط، موساو عیساو مەریەم، داودو سولەیمان، یوسف و باوکی و براکانی، ذو القرنین، شوعەیب.. هتد، ئەمە زۆر گرنگە، ئەم هەموو مێژووە، کەێکی نەخوێندەوار لە کوێی هێنا؟ یان باسی واقع و حاڵی ئەوکاتەی کردووە، بۆ نموونە تەنانەت

نهێنی دووڕووەکانی کردووە، قسەی دڵی دووڕووەکانی گێڕاوەتەوە، بۆ نموونە دەفەرموێت: ﴿يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِي قُلُوبِهِمْ ﴾، ئاماژە بەوە دەکات کە دووڕووەکان ترسی ئەوەیان بووە سورەتێکیان لەسەر دابەزێت و قسەی ناو دڵیشیان بکات. یان باسی شەڕی نێوان دەوڵەتی ڕۆم و فارسی کردووە، کە لەو کاتەدا دانیشتوانی دورگەی عەرەبی هەر ئاگایان لێی نەبووە. هەروەها زۆر حاڵەتی تری باسکردووە، بۆ نموونە وێنای ناوماڵی دووڕووەکانی کردووە، وێنای ناو ناخیانی کردووە، کە چۆن پیلان دەگێڕن و شەوانە دادەنیشن و بەڕۆژ چی دەکەن و ویستوویانە لە جەنگەکاندا چی بکەن و چۆن دەیانەوێت بەربەرەکانێی موسڵمانان و پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن؟

لە ڕوویەکی ترەوە قورئان باسی داهاتووی زۆر تێدایە، بۆ نموونە باسی چارەنوسی ئەبولەهەبی تێدایە: ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ﴾ کاتێک ئەم سورەتە لە سەرەتای سەردەمی مەککەوە دابەزی، خۆ ئەبولەهەب دەیتوانی بە درۆ بڵێت: من موسڵمان بووم و مامەڵەی زاهریش لەگەڵی ئەبوایە موسڵمانانە بێت، ئەو کارەی بەس بوو بۆ بەدرۆخستنەوەی قورئان، بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات. یان بۆ نموونە قورئانی پیرۆز باسی (فەتحی مەککە)ی تێداکراوە، پێش ڕووداوی ئازادکردنی مەککە، یان باسی شکستی قورەیشییەکان کراوە لە ڕووداوی (بەدر)دا، پێش ڕووداوەکە، هەروەها باسی سەرکەوتنی ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا.

بە کورتیی زۆر شت لە قورئاندا دەربارەی داهاتوو هاتووە، ئەگەر بۆ بابەتی قیامەت و قەبرو بەهەشت و جەهەنەم و ئەوانە، بێباوەڕانێک بڵێن وا نیە، ئەی بۆ ئەم بابەتە مێژووییانە چی ئەڵێن؟ بڕۆ مێژوو بخوێنەرەوە، بزانە چ

مێژوویەک هەیە پێچەوانەی ئەوە بێت کە خوا باسی کردووە؟ دەربارەی ئادەم و حەوا، دەربارەی کوڕەکانیان، تا دەگاتە سەردەمی پێش سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام ﷺ کە هەموو مێژووناسان و کتێبەکانی شەرحی ئینجیل و تەورات و ئەوانە، باسی ئەو بابەتانەیان کردووە، بە بێ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگای لەو کتێبانە بێت و خوێندبنییەوە.

**ئیعجازی چوارەم لە قورئاندا** لایەنی تەحەدداو ئیعجازی زانستییە، کە مەبەست لێی زانستە جۆراوجۆرەکانە، وەکو: دروستبوونی بوونەوەر، گەردووونناسی، زەویناسی، ڕووەکناسیی، دەریاناسی، مرۆڤناسی.. قورئان پڕییەتی لە باسی زەوی و توێژەکانی، ئاسمان و چینەکانی، باران و ئاوو دەریاکان، کەژو کێوەکان، دروستبوونی مرۆڤ، قۆناغەکانی دروستبوونی کۆرپەلە لە سکی دایکیدا، یان باسی کشانی گەردوون، جووڵەی هەورەکان، باسی یاساو سوننەتە کەونییەکان، ئاماژە پزیشکییەکان.. هتد ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەمە لەلایەن خواوەیە، محەممەدێکی نەخوێندەوار ئەمانەی چۆن زانی؟ کە مێژووی ژیانیشی دەیسەلمێنێت هیچ کەسێکیشی نەدیوە، تا کەمترین زانستی لێوەربگرێت.

**ئیعجازی چوارەم لە قورئاندا** ئیعجازی ژمارەییە، کە لەم دواییانەدا بە حوکمی دروستبوونی کۆمپیوتەرو گەڕانی ئەلیکترۆنیی و داهاتنی کەرەستە هۆشمەندەکان پەیدابوو. بە تایبەتی تر دوای داخڵکردنی قورئانی پیرۆز بۆ ناو کۆمپیوتەر بەشێوەی وۆرد.

ئەم بابەتە ڕەنگە هەندێک جار موبالەغەو زیادەڕەویی و (تصنع)ی تێدا کرابێت، بەڵام بەدوور لەو بەشە زیادەڕەوییە، حەددێکی مەعقولی هەیە دەیسەلمێنێت کە ئەم قورئانە وەحی خوایەو ناکرێت تەنها لە ڕێی تەصادوف و ڕێکەوتەوە ئەم هەموو تەوافوقە عەدەدییە دروست ببێت. لێرەدا تەنها چەند نمونەیەک دەهێنمەوە، بۆ نموونە: لە چەندین شوێنی قورئاندا وشەی (الدنیا) هاتووە کە (١١٥) جار هاتووە، کەچی کە لە قورئاندا دەگەڕێین دەبینین وشەی (الآخرة)ش هەر (١١٥) جار هاتووە، کە موقابیلی (الدنیا)یە، ئەمە لە یەک شوێندا نیە تا بڵێی گرنگییەکەی چیە؟ ئەو وشانە لە سیاقاتی جۆراوجۆر، ئایەت و سورەتی جۆراوجۆردا هاتوون، کە پێش سەردەمی کۆمپیوتەر، یان ئێستەش بەبێ کۆمپیوتەر، یان هەر دەزگایەکی تری هۆشمەند، دەبێ زۆر بگەڕیی، تا بیاندۆزیتەوە.. یان بۆ نموونە وشەی (أقم الصلاة) پێنج جار هاتووە، (أقیموا الصلاة) دوازدە جار هاتووە, کە دەکاتە حەڤدەو ژمارەی ڕکاتەکانی نوێژ دەکات. یان وشەی (امرأة) (٢٤) جار هاتووە، وشەی (الرجل)یش (٢٤)جار هاتووە. وشەی (حسنات) (١٦٧) جار هاتووە، وشەی (سیئات)یش (١٦٧)جار هاتووە. یان وشەی (الناس) (٥٠) جار هاتووە، وشەی (أنبیاء)یش هەر پەنجا جار هاتووە، وەک ئەوە کە بڵێیت: پێغەمبەران (علیهم السلام) بۆ (الناس) نێردراون. یان وشەی (الیوم) (٣٦٥) جار هاتووە، ڕێک بە ئەندازەی ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ. یان ساڵ دوازدە مانگە، کە بە عەرەبی پێی دەوترێت (شهر)، ڕێک وشەی (شهر) دوازدە جار هاتووە، بە ئەندازەی ژمارەی مانگەکان.

بەم جۆرە ـ سبحان الله ـ هەندێک تەوافقاتی سەیر لە قورئاندا هەن، بۆ نموونە وشەی (مصیبەت)و لق و بەشەکانی لە قورئاندا (٧٥) جار هاتووە، وشەی (شکر)یش هەر (٧٥) هاتووە، وەک بڵێت: ئەرکی موسڵمان بەرامبەر هەر موصیبەتێک کە ڕوو دەدات (شوکر)ی خودای گەورەیە! یان وشەی (الملائکە)و موشتەقاتی (٨٨) جار هاتووە، وشەی (الشیاطین)یش ـ کە بەرامبەر بە مەلائیکەن ـ هەر (٨٨) جار هاتووە..

یان لە ڕوویەکی ترەوە وشەکانی داستانی (کهف) (٣٠٩) وشەن، کە ژمارەی ئەو ساڵانەیە یارانی ئەشکەوت تیایدا ماونەتەوە! ئەمە شتێک نیە بە ڕێکەوت هاتبێت. یان بۆ نموونە وشەی (سبع سماوات) لە قورئاندا حەوت جار هاتووە.

ئەمانە شتی هەروا ئاسایی نین، ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە بە وردیی لەلایەن خودای گەورەوە دارێژراوە، ئەوە ئێستە بە بۆنەی وۆردو سێرج و کارئاسانی گەڕانی ئەلیکترۆنییەوە، بەلامانەوە ئاسان بووە، ئەگەر نا خۆت بخەرەوە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوپێش، دەیان و سەدان پارچە بەردو پێست و چڵە دارخورماو پارچە تەختە بێنە بەر چاوت کە قورئانیان لەسەر نووسراوە، هەموو ئەمانەش لە ماوەی (٢٣) ساڵدا دابەزیون، لە ناکاو لە دوا ساڵی کۆچدا ـ واتە پاش (٢٣) ساڵ لە دابەزینی یەکەم ئایەت ـ ئەمانە کۆکەرەوە، دەست بکە بە گەڕان بۆ ژماردن و دۆزینەوەی ئەم جۆرە وشە تەوافوقییانە، جا ئەزانی کە ئەو کارە نەک هەر ئاسان نیە، بەڵکو ئەستەمە، چونکە سورەت و ئایەتەکانی قورئان پێکەوە بە یەکجار دانەبەزیون، تا بڵێیت کەی ئەستەمە؟ بیست و سێ ساڵ نێوانیانە، لە بۆنەو کات و شوێنی جیاجیادا دابەزیون، لە سەرەتایشەوە

پێکەوە نەنووسراونەتەوە. جا چاک لەم قسەیە تێفکرە، تا لە ڕووی ئیعجازی ئەو لایەنە تێبگەیت..!

**لایەنێکی تری ئیعجاز** کە هەندێک هەوڵیان داوە شتی لێدەربهێنن، لایەنی زانستی پزیشکیی و بابەتی ترە، وەک: دەربارەی سووتان و گۆڕینی پێست و باسی سەرەپەنجەکان و دەربارەی بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی ئۆکسجین و سوودەکانی هەنگ و هەنگوین و زەیتون، یان حەرامکردنی مردارەوەبوو.. هتد. ئایەتێکی وەک ئەم ئایەتەی سورەتی (الحج) هەندێک لە زانایان دەڵێن بە لای کەمەوە ئاماژەی تێدایە بە شەش زانست: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰ أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ﴾، ڕاستیشە چەندین ئاماژەی زانستیی تێدایە، کە لەم چەند دێڕەدا کۆبووەتەوە.

بە گشتیی هەندێک لە زانایان ئەو ئایەتانەیان کۆکردووەتەوە کە نزیکەی (٣٠٠) ئایەتن، دەربارەی زانستەکانی زیندەوەزانیی، کیمیا، فیزیا، پزیشکیی، جیۆلۆجی، فەلەکناسی و هەندەسەو ئەستێرەناسی، تەنها پێشەوا غەزالی لە چەندین کتێبیدا ئاماژە بە دەیان جۆرە زانست دەکات.

بۆیە بە ڕاستی بابەتی موعجیزەو تەحەددیات بابەتێکی زۆر گرنگە، لێرەدا تەنها بە کورتی باسمان لێوەکرد، چونکە خۆی بابەتێکی زۆر دووورودرێژەو چەندین کتێبیان لەسەر نووسراون، بەڵام بۆ ئێرە ئەوەندە کافییە، إن شاء الله ئیسفادەی لێدەکەن، بۆ درێژەی ئەم بابەتانە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە

پسپۆڕییەکان. ئەم پوختەیەمان لێرەدا بۆیە باسکرد، چونکە زۆر جار تەنها باسی ئیعجازی زمانەوانی و بەلاغیی دەکرێت و ئەوەمان بیردەچێتەوە کە قورئان بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بۆ نموونە: کەسێکی هیندیی چی بکات لە باسی لایەنی فەصاحەتی عەرەبی قورئان؟ ئەو هەر عەرەبی تێناگات، تا دەرکی موعجیزەبوون بکات. یان کەسێکی ئینگلیز ئەگەر موعجیزەیەکی تری قورئانیی بۆ باس نەکەیت، ناکەوێتە ژێر کاریگەریی، بۆیە زۆر هەڵەیە هەمیشە گرنگیی بە لایەنی بەلاغیی قورئان بدرێت و لایەنەکانی تری پشتگوێ بخرێن و نەتەوەو زمانەکانی تر حیسابیان بۆ نەکرێت.

# وانەی حەوتەم

# جۆرەكانی نەسخ و ڕای زانایان لەسەری

**واتاو پێناسی نەسخ لە زمانی عەرەبیدا:**

نەسخ لە عەرەبیدا بە چەند واتایەک دێت، واتایەكی زۆر بەربڵاوی هەیە كە بە مانای (كۆپیكردن)و لەبەرگرتنەوە دێت، بەڵام لە سەرچاوەكانی زمانی عەرەبیدا بە مانای لابردن و لادانی شتێكیش هاتووە، یانی شتێک لا بدەیت و شتێكی تر بهێنیتە جێگەی، كەواتە لە ڕووی زمانەوانییەوە دوو واتای سەرەكیی هەن: كۆپیكردن و لابردن. لە قورئانی پیرۆز ـ سورەتی (البقرة)ـ دا هاتووە، دەفەرموێت: (ما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها)، یان دەفەرموێت: (إنا كنا نستنسخ ما كنتم تعملون)، كەواتە وشەی (نسخ) و (استنساخ) لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. جا بەڵگەی ئەو زانایانەی كە دەڵێن: نەسخبوونەوە لە قورئاندا هاتووە، ئەو ئایەتەی یەكەمیانە.

بەڵام لە ڕووی زاراوەیی (اصطلاح)ـەوە وەكو زاراوەیەكی ناو ئەم زانستەی (علوم القرآن) وا پێناس كراوە كە: "رفع حكم شرعي بدليل شرعي متأخر"، واتە: نەسخ هەڵگرتنی حوكمێكی شەرعییە، بە بەڵگەیەكی شەرعیی كە دوای ئەو دێت.

ئەوەی كە گرنگە ئەوەیە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە نەسخ كراوە، ڕوونترین ئایەتی ئایەتی (١٠٦)ی سورەتی بەقەرەیە كە لە سەرەوە هێنامان:{مَا نَنسَخۡ مِنۡ ءَايَةٍ أَوۡ نُنسِهَا نَأۡتِ بِخَيۡرٖ مِّنۡهَآ أَوۡ مِثۡلِهَآ..} واتە هیچ ئایەتێک كۆپی

ناکەینەوە، یان ئایەتێک بخەینە جێی ئایەتێکی تر، یان لە بیری بەرینەوەو لایبەرین، مەگەر لەو باشتر، یان هاوشێوەی ئەو دەخەینە جێگەی.

لە قورئاندا بە دەستەواژەیەکی تریش ئەم باسی نەسخە هاتووە، وشەی (تبدیل) گۆڕینی بۆ بەکاربراوە، لە سورەتی (النحل)دا ئەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَّكَانَ آيَةٍ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾: هەر کاتێک ئایەتێک بخەینە جێی ئایەتێکی ترو بیگۆڕین، خوا خۆی باشتر ئەزانێت چی ئەنێرێت، (نەیاران) بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێن: تۆ بوختان هەڵئەبەستی. بەڵام زۆرینەی ئەوان بێ ئاگان لە حەقیقەتەکان.

ئەم دوو ئایەتە بەڵگەی زانایانن لەسەر ئەوەی کە نەسخ لە قورئانی پیرۆزا هەبووە، بەڵام لەم سەرەتایەوە پێویستە ئەوە بزانین کە لە بابەتی نەسخدا ڕاجیایی و (خیلاف)ێک هەیەو هیچ کاتێک ئیجماع لەسەر هەموو جۆرەکانی نەسخ نەبووە، ڕاستە زۆرینە (جمهور)ی لەگەڵە، بەڵام هەموو جۆرو بەشەکانی نەگەیشتووەتە ئیجماع، چونکە لە هەندێک سەردەمدا ئایەتی زۆریان ڕیز کردووەو ناوی نەسخیان لێ ناون، زۆرێکی تریش ڕەدیان داونەتەوە، کە ئێستە ئاماژەیان پێدەکەین.

بەڵام دیارە نەسخ بەو شێوەیەی کە لە زانستی علوم قورئاندا باسکراوە، هیچ کاتێک لە فەرموودەیەکی صەحیحدا ئاماژەی پێ نەکراوەو ئیجماعی زانایانی لەسەر نەبووە.

**بوارەکانی نەسخ و جۆرەکانی نەسخکردنەوە:**

بە نیسبەت جۆرەکانی نەسخەوە لە سەرچاوەکانی زانستی (علوم القرآن)دا چوار جۆر نەسخ باسکراون، هەندێکیان زۆرینەی زانایانی لەگەڵە، هەندێک جۆری زۆرینەی لەگەڵ نیە. بۆ نموونە:

**یەکەم: نەسخی قورئان بۆ شەریعەتە پێشووەکان:** ئەم جۆرەیان هیچ خیلافێکی زانایانی لەسەر نیە. قورئانی پیرۆز هاتووە، نەسخی بابەتە جوزئییەکان و ئەو شتانەی پەیوەندیی بە ژینگەو دۆخی تایبەتی کۆمەڵگە پێشووەکانەوە هەیە، کە لە تەورات و ئینجیل و زەبورو صوحوفی ئیبراهیم و موساو کتێبە ئاسمانییەکانی تر ئاماژەی پێکراوە، ئاساییە کە قورئان گۆریبنی. بەڵام نە مەسائیلی بیروباوەڕ گۆڕاوە، نە ئەحکامە بنەڕەتییەکانیش ـ حەڵاڵ و حەرامەکان ـ گۆڕاون، بۆ نموونە: لە هیچ سەردەمێکدا درۆ حەڵاڵ نەبووەو دوایی حەرام کرابێت، یان ڕاستی حەرام نەبووە، دوایی واجب کرابێت، بەڵکو لە شتە جوزئییەکاندا۔ ئەوانەی دەچنە خانەی (متطورات) و (متغيرات) ئاڵ و گۆڕیان بەسەرهاتووەو قورئان نەسخی کردووەنەتەوە.

**دووەم: نەسخی قورئان بە قورئان:** یانی حوکمێک لە ئایەتێکدا هاتبێت، حوکمەکە بە ئایەتێکی تر هەڵگیرابێت، یان ئایەتەکە، یان هەردووکیان بە قورئان نەسخ بووبنەوە. بۆ نموونە: خوای گەورە سەرەتا سەبارەت بە عیددەی ئەو ئافرەتەی کە مێردی دەمرێت فەرمووی: پێویستە ساڵێکی تەواو چاوەڕێ بکات، پاشان بۆی هەیە هاوسەرگیریی بکاتەوە: (والذين يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً وَصِيَّةً لأَزْوَاجِهِمْ مَّتَاعاً إِلَى الحول) البقرة/٢٤٠، پاشان ئەم ئایەتە نەسخ کرایەوە بە ئایەتی

(٢٣٤)ی سورەتی (البقرة)، کە دەفەرموێت عیددەیان چوار مانگ و دە ڕۆژە: (والذين يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجاً يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرا) البقرة/٢٣٤.

**سێیەم: نەسخی قورئانە بۆ سوننەت:** یانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە گوفتاری، یان کرداری، یان ئیقرارو دانپیادانانی، حوکمێکی بڕیار داوە، خوای گەورە بە قورئانی پیرۆز نەسخی کردووەتەوە. بە نموونە: موسڵمانان بە فەرمانی پێغەمبەری خوا ماوەیەکی زۆر بۆ نوێژکردن ڕوویان دەکردە (بيت المقدس)، بەڵام لە مانگی شەعبانی ساڵی یەکەمی کۆچیی، دوا بەدوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامیی لە مەدینە، فەرمانی لە خواوە هات و ئایەت دابەزی کە لەمەو لا ڕوو بکەنە (مسجد الحرام)، فەرمووی: (فولّ وجهَك شطرَ المسجد الحرام وحيثما كنتم فولّوا وجوهَكم شَطْرَه) البقرة/١٤٤، بەم ئایەتە سوننەتە کردەییەکەی پێغەمبەر ﷺ نەسخ کرایەوە.

**چوارەم: جۆری نەسخی قورئانە بە سوننەت:** چ گوفتار بێت، یان کردار، یان ئیقرار، هەر سێ جۆرەکەی سوننەت، کە ئەمەیان زۆر دژوارەو زۆرینەی زانایانی لەگەڵ نیە، بە تایبەتی پێشەوا شافعی ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ وتوویەتی: تەنانەت قورئان بە سوننەتی موتەواتەریش نەسخ نابێتەوەو شتی وا نەگونجاوە، یانی قورئان حوکمێکی تێدا دابەزیبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ بە گوفتاری، یان کرداری، یان ئیقراری، نەسخی ئەو ئایەتەی کردبێتەوە، یان نەسخی حوکمی ئەو ئایەتەی کردبێتەوە، پێشەوا ئەحمەدیش لە قەولێکیدا لەگەڵی نیە، بەڵام پێشەوا مالک و ئەحمەد بە جائیزیان زانیوە. بەڵگەی شافعییەکان بۆ ئەو بۆچوونەیان کە نەسخی قورئان بۆ سوننەت بە دژوارو ناجائیز ئەزانن ئەوەیە کە لە ئایەتی (١٠١)ی سورەتی (النحل)دا فەرموویەتی:

﴿ وَإِذَا بَدَّلْنَا آيَةً مَكَانَ آيَةٍ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يُنَزِّلُ قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مُفْتَرٍ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾. هەروەها بەڵگەیەکی تریان ئایەتی (١٠٦)ی سورەتی (البقرة)یە کە دەفەرموێت: ﴿ مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾.

**ڕای نەیارانی فەرموودە لەسەر نەسخ:**

بەرامبەر زۆرینەی ئەو زانایانە، کەمینەیەک هەن کە باوەڕیان بە فەرموودەو ڕیوایات نیە، لە سەردەمی هاوچەرخدا پێیان دەڵێن: (قورئانییەکان)، پێشتریش هەبوون، ئەڵێن: بە هیچ شێوەیەک نەسخ لە قورئاندا نیە، بەڵگەش بە دوو ئایەت دێننەوە، یەکێکیان ئەو ئایەتەی سورەتی (ق) کە دەفەرموێت: ﴿ما يبدل القول لدي وما أنا بظلام للعبيد﴾: واتە: بەڵێن و قەول و قەرار لای من ناگۆڕێت، من بەرامبەر بەندەکان ستەمکار نیم. بەڵام ئەوە سیاقەکەی دیارە، لەوێدا باسی گۆڕینی حوکم نیە، بەڵکو هەڕەشەی خوایە لە کافرانی سەرسەخت، چونکە سەرەتای سیاقەکە دەفەرمویَ: ﴿ أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ * مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ * الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ * قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلالٍ بَعِيدٍ * قَالَ لا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ * مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلاَّمٍ لِّلْعَبِيدِ﴾. کەواتە ئەوە باسی بەڵێنێکی خوای گەورە ئەکات کە فەرموویەتی: هەر کافرێکی عەنیدو کەللەڕەق کە ڕێ لە خێرو چاکە دەگرێت و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدات، ئەبێ بچنە سزای دۆزەخەوە، تەنانەت وایلێدێت هاوەڵ و قەرینە شەیتانەکە دەڵێت: من گومڕام نەکرد، خۆی گومڕا بوو، خوای گەورە ئەفەرموێت: لە قیامەتدا لەبەردەمی مندا ملمانێ و دەمەدەمێ مەکەن،

پێشتر بەڵێنم داو خستمە بەردەمتان، من بەڵێن ناگۆڕم.. کەواتە ئەوە ئاماژە نیە بە نەسخ، ئاماژەیە بە وەعدو بەڵێنێکی خوا لە دونیادا بۆ قیامەت.

یان بەڵگەیان هێناوەتەوە بە ئایەتێکی تر لە سورەتی (الأنعام) کە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَىٰ مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّىٰٓ أَتَىٰهُمْ نَصْرُنَا وَلَا مُبَدِّلَ لِكَلِمَـٰتِ ٱللَّهِ﴾، ئەفەموێت: پێش تۆ ئەی محەمەد! پێغەمبەرانێک بە درۆخرانەوە، بەڵام صەبریان کرد لەسەر ئەوە، ئەزیەتیش دران، تا خوای گەورە سەریخستن، دوای ئەوە ئەفەرمووێت: (ولا مبدل لكلمات الله): هیچ گۆڕانێک نایەت بەسەر وشەکانی خوادا! واتە ئەویش باسی بەڵێنی خوایە کە ناگۆڕێت، نەک گۆڕینی ئەحکام، یان ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە کە نەفی نەسخ بکات.

**سەبارەت بە ژمارەی ئایەتە مەنسوخەکان:**

بە نیسبەت ژمارەی ئەو ئایەتانەی نەسخ کراونەتەوە: ڕای زۆر هەن، مەشهورترینیان ئەوەیە کە عەللامە (سیوطی) باسی لێکردووە ـ کە ساڵی (٩١٠) وەفاتی کردووە ـ دەڵێت: تەنها بیست ئایەت نەسخیان تێدا کراوەتەوە. ئەو دواهەمین زانایە تەحقیقی کردووەو کەمترین ژمارەی ئایەتی مەنسوخی وتووە. پێش ئەو عبد القادر بەغدادی باسی لەوە کردووە کە (٦٦) ئایەت نەسخیان تێدایە. پێشتر لەویش (ابن سولامەی بغدادی)ـ کە ساڵی (٤١٠) وەفاتی کردووەـ باسی لە نەسخبوونەوەی (٢١٣) ئایەت کردووە! (ابن الجوزی)ش ـ کە یەکێکە لە زانا مەشهورەکان ـ باسی لە (٢٧٤) ئایەتی مەنسوخ کردووە. هەروەها (جەعفەری نەححاس) ـ کە لە سەدەی چواری کۆچیی ژیاوە ـ باسی لە (١٣٤) حاڵەتی نەسخ کردووە.

بەو جۆرە ئەم بابەتی نەسخە ئەو هەموو قەولانەی لەسەرە، بەڵام ئەوەی زۆرترین زانایان هاوڕان لەگەڵی، ئەو قسەیەی (سیوطی)یە کە وتوویەتی بیست ئایەت نەسخیان تێدایە.

کەواتە دوو لایەنی دژ بەیەک زۆر زیادەڕەوییان کردووە لە باسی نەسخدا، لایەنی یەکەم کە زیادەڕەویی زۆریان کردووە لە ئینکاری نەسخداو بە ڕەهایی ڕەدیان کردووەتەوە. لایەنی دووەم ئەوانەی زیادەڕەوییان کردووە لە ژمارەی ئایەتی مەنسوخدا، هەر دوو ئایەتێکیان دیبێت کە دژیەکبوونێکی ڕواڵەتییان تێدایە، یەکسەر بڕیاریانداوە نەسخە، بۆ نموونە: هەرچی ئایەتی باسی صەفح و چاوپۆشی و چاکەکاریی و ئیحسان و ئەو شتانەیە کە نەرمییان تێدایە لەگەڵ خەڵدا، بێ بەڵگە وتوویانە: هەموو نەسخ کراونەتەوە بە ئایەتی شمشێر (سەیف)، ئایەتی سەیف چیە؟ هیچ ئەسڵێکی نیە، دیارە مەبەستیان یەکێک لەو ئایەتانەیە کە فەرمانیان تێدایە بە شەڕکردن لەگەڵ بێبڕوایان، وەکو ئایەتی: (وقاتلوا المشركين كافة)، لە کاتێکدا کەس لە زانایان نەیوتووە کە دەقێکی شەرعیی هاتبێت و ئەوەی بە ئایەتی سەیف دانابێت، بە مەرجێک نابێت بە ئیجتیهاد هیچ دەقێک ناو بنرێت ئایەتی سەیف، دەبێت بە دەقێکی شەرعی ئەو کارە بکرێت و پەیوەندییەکەی نێوانیشیان بسەلمێنرێت.

ئەو کارەی هەندێک لە زانایان کردوویانە، کە بە ئیجتهیاد پەیوەندیی نێوان دوو ئایەت یان دوو کۆمەڵە ئایەتییان بە باسی ناسخ و مەنسوخیی ڕێکخستووە، دەکرا لە ڕێی (عام)و (تەخصیص)، یان (مطلق)و (تەقیید)، یان (مجمل) و (تەبیین)ەوە چارەسەر بکەن، چونکە لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو

نموونانەی لە باسی نەسخدا هێناونیانەتەوە لەو بابەتەن، واتە: ئایەتێکی (عام)یان دیوە، بە ئایەتێکی تری (تەخصیص)کراوی نەخواردووە، یەکسەر بە بەکارهێنانی دەستەواژەی نەسخ تەعاروزە شکڵییەکەیان هەڵگرتووە، لە کاتێکدا زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بڵێن: ئایەتی یەکەم (عام)ەو ئایەتی دووەم (تەخصیص)ی کردووە. وە هەروەها بۆ بابەتی (مطلق) و (مجمل)ەکەش.

یان هەندێکجار دژیەکبوونە شکڵییەکەی نێوان دوو ئایەت، یان دوو کەمەڵە ئایەت، پەیوەندیی بە قۆناغی مێژووییەوە هەیە، یانی کۆمەڵەی یەکەمیان باسی سەردەمێکە ئەوەی خواستووە، کۆمەڵەی دووەمیان بە هۆی گۆڕانی سەردەمەکەوە، حوکمەکەی گۆڕیوە.

**ڕای هەندێک لە زانایان لەسەر ئاڵۆزیی بابەتی نەسخ:**

سەبارەت بە گرنگیی و ئاڵۆزیی بابەتی نەسخ، ژمارەیەک لە زانایانیش ئاماژەیان بەو ئاڵۆزییە کردووە، بۆ نموونە عەللامە (ئەبوبەکری حازمی) کە زانایەکی گەورەی شافعییەو لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە. دەڵێت: "بابەتی ناسخ ومەنسوخ زانستێکی مەزن و ئاڵۆزە، زۆر کەس تیایدا سەرگەردان بووە، زۆر کەس لە هەوڵی دۆزینەوەی حەقیقەتیدا خۆیان ون کردووە، زۆر کەس وا گومانی بردووە تەنها بە ئاگاداربوون لە ڕیوایات و ئەخبار، کارەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام هەرکەس لە جیاوازیی نێوان ڕای صەحابە وردببێتەوە، لەو شتانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ وەریانگرتوون، ئەو قسەیەی ئێمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەوەی شایەتیی بۆ دروستیی ئەم قسەیە دەدات قسەی (الزهری)یە ـ مەبەستی پێشەوا (ابن شهاب الدين الزهری تابعی (١٢٣ ک)یە کە دەڵێت:

"شەرعزان و فەقیهەکان عاجزبوون لە تێگەیشتن لە ناسخ ومەنسوخ لە فەرموودەکانی پێغەمبەرداو ئەم بابەتە ماندووی کردن". ئەمە قسەی کەسێکە کە بابەتی زانستی صەحابەکان گەڕاوەتەوە لای ئەوو هەرچی فەرموودەی ناوچەی حیجازە لە خولگەی ئەودا دەسووڕێنەوە! (الزهری) ئەو کەسەیە کە وتوویەتی: "کەس پێش من ئەم زانستەی نەنووسیوەتەوە" بۆیە ئەو سەرچاوەی سەرەکیی بوو بۆ فەرموودەو پشت بەو دەبەسترا بۆ فتوا. ئەو بەو جۆرە ئەو زانستی (ناسخ ومەنسوخ)ـەی بە گرنگ و هەستیار زانیوەو بەوجۆرەش باسی حاڵی فەقیهەکانی کردووە.!"[٢]

**بۆچوونی پێشینان و پاشینان لەبارەی نەسخەوە:**

بە پێی خوێندنەوەو بەراوردکردنی ڕاو بۆچوونی فەقیهەکانی صەحابەو تابعین لەگەڵ بۆچوونی زانا ئوصولییەکانی پاشین، دەردەکەوێت کە مەبەستیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی (نەسخ)دا جیاواز بووە.

دێرینترین کەس کە بە ڕوونیی ئاماژەی بەم بابەتە کردبێت پێشەوا (طەبەری)یە کە لە موفەسسیرە هەرە پێشینەکانی قورئانەو لە کۆتایی سەدەی سێی کۆچیدا ژیاوە، دەڵێت: "لە ئایەتەکانی قورئان و هەواڵەکانی پێغەمبەری خوادا نەسخێک وجودی نیە، مەگەر ئەو دەقەی حوکمێکی چەسپاوی نەفی کردبێت، کە فەرزی کردبێت لەسەر بەندەکانی خوا، ئەو دەقە دەبێت لە ڕواڵەت و ناوەرۆکیدا هیچ ئەگەرێک هەڵنەگرێت غەیری نەسخبوونەوە. خۆ ئەگەر هەر ئیحتیمالێکی تری هەڵگرت، بۆ نموونە بە مانای ئیستیسنا بوو، یان (تەخصیص)و

[٢] الاعتبار في الناسخ والمنسوخ، أبو بكر محمد بن موسى الحازمي الهمداني، ٢/١.

(تەعمیم) بوو، یان (موجمەل) و (تەبیین) بوو، ئەوە جیایە لە ناسخ و مەنسوخ و پەیوەندیی بەو باسەوە نیە، چونکە هیچ شتێک مەنسوخ نیە تەنها ئەو حوکمە نەبێت کە پێشتر حوکمەکەی و فەرزکردنەی سەلمێنرا بێت".[٣]

دوای پێشەوا طەبەری شارەزاترین کەس لە زانستەکان کە زیاتر بۆچوونەکەی ئەوی شیکردووەتەوە، پێشەوای ئوصولزان (شاطبی)یە کە دەڵێت: "الذي يظهر من كلام المتقدمين أن النسخ عندهم في الإطلاق أعم منه في كلام الأصوليين، فقد يطلقون على تقييد المطلق نسخا، وعلى تخصيص العموم بدليل متصل أو منفصل نسخا، وعلى بيان المبهم والمجمل نسخا، كما يطلقون على رفع الحكم الشرعي بدليل شرعي متأخر نسخا".[٤] واتە: ئەوەی لە قسەی زانایانی پێشین بۆم مەعلوم بووە ئەوەیە کە مەبەستیان لە وشەی (نەسخ)ـ کاتێک بە ڕەهایی بەکاری دێنن ـ گشتگیرترە لە قسەی ئوصولییەکان. ئەوان ـ واتە پێشینان ـ بە سنووردارکرنی (مطلق)یان دەگوت: نەسخ، یان بە تایبەتکردنی (عام)ێکیان دەگوت: نەسخ، یان بە ڕوونکردنەوەی (مجمل)ێکیان دەگوت: نەسخ، هەروەک بە هەڵگرتنی حوکمێکی شەرعیی، بە بەڵگەیەکی شەرعیی دواتریشیان دەگوت: نەسخ، چونکە هەموو ئەم حاڵەتانە لە یەک مانادا هاوبەشن، کە بوونی گۆڕانکارییە.. بەڵام نەسخ لە زاراوەی (متأخرين)دا وا دەگەیەنێت کە فەرمانی پێشوو کە لە حوکمە مەنسوخەکەدا هاتووە، لە بازنەی تەکلیف و ئەرک چووەتە

---

[٣] النسخ في القرآن، د. مصطفى زيد، ٧٩/١.

[٤] الموافقات، الشاطبی، ٣٤٤/٣.

دەرەوەو سڕڕاوەتەوە، واتە تەنها حوکمە نوێکە جێ مەبەستی خوایەو تەکلیفە، کەواتە یەکەمیان کاری پێناکرێت و دووەمیان کاری پێدەکرێت.

هەروەها زانایەکی فاسی بە ناوی (ابن الحصار)ـ ساڵی(٦١٠ک) وەفاتی کردووە ـ قسەیەکی زۆر جوان دەکات، کە پێشەوا (سیوطی) لە (الإتقان) دەیگێڕێتەوەو بە ڕاستی دەکرێت بیکەینە ڕێساو بنەمای ئەم بابەتە، دەڵێت: "لا يعتمد في النسخ على قول عوام المفسرين، بل ولا اجتهاد المجتهدين، من غير نقل صحيح، ولا معارضة بينة، لأن النسخ يتضمن رفع حكم وإثبات حكم تقرر في عهده ﷺ والمعتمد فيه النقل والتاريخ دون الرأي والاجتهاد، والناس فى هذا بين طرفي نقيض"،[٥] واتە: لە بابەتی نەسخدا پشت نابەسترێت بە عاممەی موفەسیرین، بەڵکو تەنانەت پشت نابەسترێت بە ئیجتیهادی موجتەهیدنیش، بەبێ بەڵگەیەکی شەرعیی و وەڵامێکی ڕوون، چونکە نەسخ واتە هەڵگرتن و لادانی حوکمێک کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ بڕیاردراوەو بڕاوەتەوەو هێنان و دانانی حوکمێکی نوێ، ئەم کارە دەبێت یان لە ڕێی نەقڵەوە ـ واتە لە خودی پێغەمبەرەوە ـ بیسترابێت، یان لە ڕێی گێڕانەوەیەکی مێژووییەوە بێت، نەک لە ڕێی ڕەئی و بۆچوون و ئیجتیهادەوە..!

(ابن القيم)میش قسەیەکی بە هەمان ئاراستە هەیە کە دەڵێت: "مراد عامة السلف بالناسخ والمنسوخ: رفع الحكم بجملته تارة ـ وهو اصطلاح المتأخرين ـ ورفع دلالة العام والمطلق والظاهر وغيرها تارة، إما بتخصيص أو تقييد، أو حمل مطلق على مقيد، وتفسيره وتبيينه، حتى إنهم يسمون الاستثناء والشرط والصفة

---

[٥] الإتقان في علوم القرآن, السيوطي، ٦٦/٢.

نسخا، لتضمن ذلك رفع دلالة الظاهر وبيان المراد.."، واتە: مەبەستی عاممەی سەلەف لە ناسخ و مەنسوخ هەندێکجار هەڵگرتنی حوکمێکە بە گشتیی ـ کە ئەوە زاراوەی زانایانی (متأخرين)یشە ـ هەندێکجاریش هەڵگرتنی دیلالەتی لەفزی (عام) و (مطلق) و (ظاهر)و غەیری ئەمانەیە، لە تەخصیصکردن، یان سنووردارکردن، یان ڕوونکردنەوە، تەنانەت زۆرجار ئیستیسناو شەرت و صیفەتیان ناوناوە نەسخ، چونکە بەوکارە واتە ڕواڵەتییەکە هەڵدەگیرێت و مەبەست ڕوون دەبێتەوە.." پێشەوا (ابن القيم) ئەمە وەک ڕەخنە باس دەکات.

ئەو تەشخیصەی پێشەوا طەبەری و عەللامە شاطبی و (ابن القيم)و ئەو زانا موحەققیقانەی تر یارمەتیدەرێکی زۆر باشە بۆ ئەو ئاراستەیەی لەم وانانەدا خستمانە ڕوو، کە لە بابەتی نەسخدا ئەوەندە دەست والا نەکرێت و بە بێ بەڵگە حوکمی نەسخ بەسەر ئایەت و فەرموودەدا نەدرێت، چونکە کارێکی مەترسیدارە. هەر بۆ نموونە لەسەر مەترسیداربوونی ئەو کارە ئەوەندە بەسە کە نموونە بەوە بێنینەوە لە سەردەمانێکداو تا ئێستەش لە لایەن کەسانێکەوە مامەڵەکردن بەو ئایەتانە ڕاگیراوە کە باسی لێخۆشبوون و چاکەکاریی و ئیحسان و بەخشندەیی دەکەن لەگەڵ بێباوەڕانی ئاشتیخواز ـ ئەوانەی کە شەڕ لەگەڵ موسڵمانان ناکەن ـ بە بیانووی ئەوەی کە ئەو ئایەتانە هەموو نەسخ بوونەتەوە بە ئایەتەکانی (قتال)و شەڕکردن، لە کاتێکدا هەموو ئەو ئایەتانە ئەحکامی نەگۆڕو جێگیریی گرنگیان تێدایەو پەیوەستن بە ئەحکامی مەنزومەی کۆمەڵایەتی و ئیداریی و سیاسی ئیسلامەوەو ناکرێت تەنها بە ئیجتیهادی کەسانێک ئەحکامی خوای پەروەردگار مۆرکی نەسخبوونەوەو سڕینەوەیان لێ بدرێت. لە کاتێکدا

لەسەر بنەمای ئەو ڕێسا ئوصولییانەی وەک (تخصیص)ی (عام)و (تەبیین)ی (موجمەل)و (تەقییدی)ی (موطلەق)و قۆناغبەندیی مێژوویی، ئەو کێشە سادانەی دژیەکبوونی ڕواڵەتیی نێوان دوو دەق چارەسەر دەبێت، وەک لە چەند شوێنی تری ئەم زنجیرە وانەیەدا ئاماژەمان پێکرد.

**پێکهاتەکانی ناوەرۆکی قورئان:**

بە نیسبەت وەحی و ناوەرۆکی قورئانەوە، بە پوختی ئەبێت بە سێ بەشی بنەڕەتییەوە: بەشێکی مەسائیلی غەیبییە، بابەتی ناوو صیفاتی خوای گەورەو پێغەمبەرایەتی و دواڕۆژو بەهەشت و دۆزەخ و فریشتەو.. هتد، ئەمەیان بە هیچ جۆرێک ناسخ و مەنسوخی تێدانیە، کە بەشە زۆرەکەی قورئانە. بەشی دووەمی قیەم و بەها ئەخلاقییەکانە، ئەویش بە هیچ شێوەیەک نەسخی تێدا نیە. بەشی سێیەم ئەحکامە، ئەحکامیش دوو جۆرن: ئەحکامە بنەڕەتیی و نەگۆڕەکان، ئەوانیش گۆڕانیان تێدا نەبووە. هەندێک ئەحکام هەن دەچنە خانەی بابەتی گۆڕاوەوە، ئەوانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەوانەی پێیان دەڵێن ئەحکامی جوزئی و بە پێی سەردەم و ژینگەو کۆمەڵگەو حاڵەتەکان پێویست دەبێت گۆڕانگارییان تێدا بکرێت، ئەو چەند حاڵەتەی نەسخ کە دەوترێت هەبوون، لەم زەمینەیەدا بوون.

**جۆرەکانی نەسخ لە ڕووی مانەوەو نەمانەوەی دەق و حوکمییەوە:**

زانایانی قورئانناسیی قسەیان لە چەند جۆرێک نەسخ کردووە، لێرەدا هەر بۆچوونێکی بنەڕەتیی کە لەو بارەیەوە وتراوە، باسدەکەین، ڕای زانایانی موحەققیش دێنین کە لەگەڵ هەندێک جۆریدا نین:

**جۆری یەکەم** کە دەیڵێن ئەوەیە کە ئایەتێک حوکمیشی گۆڕاوەو نەسخ بووەتەوە، خوێندنەوەو تیلاوەتیشی گۆڕاوەو نەسخ بووەتەوە! ئەمە شتێکی زۆر سەیرە کە قورئان هاتبێتە خوارەوەو دەقی ئایەتێک هاتبێت، بەڵام دەقەکە دوایی هەڵگیرابێت، حوکمەکەشی هەڵگیرابێت. بۆ ئەوە نموونە ئەهێننەوە بە فەرموودەیەک کە پێشەوا موسلیم و ترمذی و نەسائی و مالک.. هتد هێناویانە، بەڵام پێشەوا بوخاری نەیهێناوەو نەیخستووەتە ناو (جامعی صەحیح)ەکەیەوە. ئەو ڕیوایەتە ئەمەیە کە لە خاتوو عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە دەیگێڕنەوە: (إن فيما أنزل من القرآن عشر رضعات معلومات يحرمن، ثم نسخن بخمس معلومات، فتوفي رسول الله وهن فيما يقرأ من القرآن) (صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: ١٤٥٢): باس لەوە دەکات کە پێشتر لە قورئاندا هاتووە کە دە گوژمە شیر بدرایە بە هەر منداڵێک، ئەو منداڵە ئەبوو بە مەحرەمی ئەو شیردەرە، گوایە ئەوە نەسخ کراوەتەوە بە پێنج گوژمەو تا کاتی وەفاتی پێغەبەر ﷺ ئەو ئایەتانە لە قورئاندا هەبوون و خوێندراونەتەوە، ئێستە هیچ کام لەو ئایەتانە ـ نە ناسخەکە، نە مەنسوخەکەـ لە قورئاندا نین!.

**جۆری دووەمی نەسخ** ئەوەیە کە حوکمەکەی هەڵگیراوە، بەڵام خوێندنەوەو تیلاوەتەکەی ماوە، بۆ نموونە ئایەتێکی وەک: (فاعف عنهم) (واصفح)، ئایەتەکانی باسی (بر) و (إحسان) لەگەڵ بێباوەڕان.. گوایە حوکمەکەیان نەسخ کراوەتەوە بە ئایەتێکی وەک: (قاتلوا المشركين)، بەڵام خوێندنەوەیان ماوە.

لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە ئیشکالەکانی قسەی بەشێک لە زانایانی ئەم زانستە، کە بێ بەڵگە ئەمەیان وتووە، لە کاتێکدا ئەوە پەیوەندیی بە قۆناغبەندیی مێژووی بانگەوازەوە هەیە، یان ئەچێتە خانەی (تخصیص) و (تعمیم)، یان (إطلاق) و (تقیید)، یان (إجمال) و (تبيين)، یان ئیستیسنا.

بۆ نموونە چەندین جۆر شوێنی سەرزەوی ئیسلام هەن، لە هەندێک شوێن قیتال و شەڕکردن کاری پێدەکرێت، بەڵام لە هەندێک شوێنی تردا کاری پێناکرێت. لە هەندێک شوێندا موسوڵمانان چەوساوەن و دەبێت پەنابەرنە بەر ئایەتەکانی لێبوردن و چاوپۆشیی و صەبرو خۆڕاگریی، بەڵام لە هەندێک شوێن کە توانای داکۆکیی لە خۆیانیان هەیەو ئەتوانن بەرەنگار ببنەوە، نابێت ستەم قبوڵ بکەن و دەبێت کار بە ئایەتەکانی جەنگ و بەرەنگاربوونەوە بکەن.

**جۆری سێیەم:** باس لەوە دەکەن کە گوایە نەسخی دەقێک راوە، یانی خوێندنەوەو تیلاوەتەکەی نەسخ کراوەتەوە، بەڵام حوکمەکەی ماوە، کە ئەمەشیان زۆر نامۆو غەریبە، نموونە بە بابەتی زانی موحصەن دێننەوە، گوایە ئایەتێک هەبووە بەم شێوەیە: (الشيخ والشيخة إذا زنيا فارجموهما ألبتة)[٦]، واتە: پیاوی هاوسەردار، یان ژنی هاوسەردار، ئەگەر زینایان کرد، ئەوە بەردبارانیان

---

[٦] سنن البيهقي، بە ژمارە: ١٦٩١١ و المستدرک، الحاكم، بە ژمارە: ٨٠٦٨.

بکەن. دەڵێن: ئەم ئایەتە دەقەکەی نەسخکراوەتەوەو لە قورئاندا سڕڕاوەتەوە، بەڵام حوکمەکەی ماوە، کە لە ڕاستیدا ئەم بابەتەش دژوارەو زانایانی موحەققیق لەگەڵی نین، پێشەوا زەرکەشی لە (البحر المحیط)دا پێی وایە شتی وا وجودی نەبووە، پێشەوا ئەبوبەکری باقلانی لە کتێبی (الانتصار)دا. کە بۆ داکۆکیی لە قورئان نووسیویەتی ـ ئەڵێت: شتی وا زۆر زەحمەتەو مومکین نیە حوکم بمێنێت و لەفز هەڵگیرێت..

وا دیارە ئیشکالەکە لەوێوە دروستبووە کە لە سەرەتای چوونی پێغەمبەردا ﷺ بۆ مەدینە، حوکمی شەرعیی زانی موحصەن لە قورئاندا دانەبەزیبوو، بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر شتی وا ڕوویدابێ، کاری بە شەریعەتی تەورات کردووە. ،[٧] دوایی ئایەتی (الزانية والزاني فاجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة) (النور/٢) دابەزی، کە فەرمانی دا ژن و پیاو لە حاڵەتی وادا سەد شەلاقیان لێ بدرێت، وەک دیارە ئایەتەکە هاوسەردارو بێ هاوسەری جیا نەکردووەتەوە، هەرچەند زانایان وتوویانە شەلاق تەنها بۆ بێ هاوسەرانە.

ئەمە باشترین بۆچوونە کە زۆرێک لە زانایانی هاوچەرخی لەگەڵن و پێویست ناکات پەنا ببرێتە بەر ڕیوایەتێک کە کێشەی زۆر دروست دەکات،

---

[٧] چەند ڕیوایەتێک هەن دەریدەخەن کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەتای چوونی بۆ مەدینەو پێش دابەزینی ئایەتی تایبەت بە حوکمی شەلاقدان لە زیناکارن (ئایەتی دووەمی سورەتی "النور")، حوکمی ڕەجمی بەسەر چەند ژن و پیاوێکی جوولەکەی زانی موحصەندا جێبەجێکردووە، وەک لەم سەرچاوانەدا هاتووە: صەحیحی موسلسم بە ژمارە: (١٧٠١٧٠٠، ١٧٠١)، موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارە: ١٨٥٢٥، أبو داود، بە ژمارە: (٤٤٤٨) سنن النسائي، بە ژمارە: (٧٢١٨) ، سنن ابن ماجە، بە ژمارە: (٢٣٢٧).

گوایە ئایەت هەبووە، بەڵام دەقەکەی سڕاوەتەوەو حوکمەکەی ماوەتەوە، کە لەگەڵ حیکمەتەکانی دابەزینی ئەحکام ناخوات.

کەواتە ئەوەی لە نەسخدا لای زۆربەی زانایان گونجاوە بریتییە لە: نەسخی قورئان بۆ شەریعەتە پێشووەکان، کە لە پێشدا باسمان کرد، هەروەها نەسخی قورئان بۆ سوننەت، وەکو ڕووکردنە (بیت المقدس) لە نوێژەکاندا، کە بە فەرمانی پێغەمبەر لە مەدینەدا بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک، تا چەند مانگێک پاش کۆچکردنیش، هەر ڕوویان دەکردە قودس ﷺ دوایی قورئان ئەوەی سڕییەوەو فەرمانی کرد کە ڕوو بکەنە کەعبە (مسجد الحرام)، فەرمووی: (قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ). کەواتە سوننەتێکی کرداریی پێغەمبەر ﷺ نەسخ کرایەوە بە قورئان.

نەسخی سوننەت بە سوننەتیش گونجاوەو ڕوویشی داوە، یانی خودی پێغەمبەری خوا ﷺ لە قۆناغێکدا خۆی فەرمانی کردبێت بە شتێک و لە قۆناغێکی تردا لەبەر پێویستیی، یان بەرژەوەندییەک گۆڕیبێتی، وەکو بابەتی چوونە سەر گۆڕستان، کە لە سەرەتاوە قەدەغەی کرد، لەبەر ئەوەی موسڵمانان زۆر قاڵ نەبووبوون لەگەڵ یەکتاپەرستیی و چەمکە تازە تەوحیدییەکان، دوایی کە لێیان دڵنیابوویەوە، فەرمووی: (کنت نهيتكم عن زيارة القبور، ألا! فزوروها)[8] پێشتر قەدەغەم کردبوون بچنە سەر گۆڕستان، ئێستە ئاگادارتان دەکەمەوە کە بچن،

[8] صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: ١٠٥٤.

دیاره ئەوه بۆ پەندو عیبرەتوەرگرتن بوو، ئەوەبوو خۆیشی سەردانی گۆڕی دایکی دەكرد.

یان دەربارەی نووسینەوەی فەرمووده: له سەرەتاوه پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كرد فەرموودەی خۆی بنووسرێتەوه، چونكه ترس هەبوو لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا تێكەڵ ببێت، چونكه قورئانیان دەنووسییەوه. لەبەر ئەوه له سەرەتاوه زۆر شارەزا نەبووبوون به ئاوازو شێوازو سەبكی قورئان، كاتێك دڵنیا بووەوه كه هاوەڵانی ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووه، مۆڵەتی دا كه فەرموودەكانی خۆی بنووسرێنەوه. ئەمەش وەڵامی ئەو دژیەكبوونەی هەندێك ڕیوایەته، دەربارەی نووسینەوەی فەرمووده، كه بەشێكیان قەدەغەی نووسینەوه دەكەن و هەندێكی تر مۆڵەت به نووسینەوه دەدەن.

له نموونەی قەدەغەكردنی نووسینەوەی فەرموودەدا له سەرەتاوه فەرمووی: (لا تكتبوا عني ومن كتب عني غير القرآن فليمحه، وحدثوا عني ولا حرج).[9]
بەهێزترین نموونەی فەرمان به نووسینەوەش ئەو فەرموودەیەیه كه له هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووه كه فەرمووی (أكتبوا لأبي شاه)[10]: فەرمووده بۆ أبو شاه بنووسنەوه، أبو شاه ئەو صەحابییه بوو كه له كاتی ئازادكردنی مەككەدا له یەمەنەوه هاتبوو، گوێی له پێغەمبەری خوا ئەگرت كه قسەی دەكرد، لەبەر ئەوەی زۆر تامەزرۆی وەرگرتن و لەبەركردنی فەرموودەكان بوو، وتی: یا رسول الله! بۆم بنووسنەوه. ئەویش فەرمووی: بۆی بنووسنەوه.

[9] صەحیحی موسلیم، به ژماره: ٣٠٠٤.

[10] صحيح الترمذي، به ژماره: ٣٠٠٤.

**نەسخبوونەوەی قورئان بە ئیجماع و کۆدەنگیی زانایان:**

گوایە جۆرێکی ترە لە نەسخ، کە باسکراوەو هیچ بنەمایەکی زانستیی نیە، کە بە داخەوە لە هەندێک سەرچاوەدا باسکراوە، لە کاتێکدا خودی ئیجماع و کۆدەنگیی زانایان و ئەگەری ڕێککەوتنی بەشێوەی کردەیی و واقیعی، قسەی لەسەرە، چونکە ئیجماع یانی کۆبوونەوەی تێکڕای زانایانی موجتەهیدی ئوممەت لە سەردەمێکدا، لە شوێنێک، بۆ تاوتوێکردنی بابەتێک، بە بێ دواکەوتنی یەک کەس لە موجتەهدین. دەی ئەمە لە تەواوی مێژووی ئیسلامدا تەنها لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشدیندا چەند جارێک ڕێککەوتووەو دوای پرژو بڵاوبوونەوەی زانایانی هاوەڵان بە وڵاتاندا، لە ناوەڕاستی سەدەی یەک بە دواوە، ڕێکەوتنی دژوار بووە، چ جای لەم سەردەمە هاوچەرخانەدا کە کۆبوونەوەی موجتەهیدین ـ ئەگەر ببن ـ بووەتە شتێکی ئەستەم و نەگونجاو!

ئەمە حاڵی ئەم جۆرە نەسخەیە، کە تەنها بۆ زانیاریی بەڕێزتان ئاماژەم پێکرد. ئیجماع خۆی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوە تەبەعیی و جوزئییەکان، دوای کتاب و سوونەت دێت، مەرجێکیشی ئەوەیە کە دەبێت دەقێک لە قورئان و سوننەتدا نەبێت جا پەنا ببرێتە بەر ئیجماع، جا ئەگەر دەقێک لە کتاب و سوننەت هەبوو، ئیتر چۆن بە ئیجماع نەسخ ئەبێتەوە؟

**چەند نموونەیەک کە بە نەسخ ناوبراون و نەسخ نین:**

لە هەندێک سەرچاوەدا چەند نموونەیەک بە نەسخ ناوبراون و لە ڕاستیدا نەسخ نین، بۆ نموونە وتراوە ئایەتی (٥)ی سورەتی (التوبة): (فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ.. ) گوایە ئەم ئایەتە (١٢٤) ئایەتی نەسخ کردووەتەوە، لەو ئایەتانەی باسی چاوپۆشیی و مرونەت و لێبوردن و ئاشتی و ئەو شتانە ئەکەن..! ئیتر ئەوە ڕەچاو نەکراوە کە ئەم ئایەتە لە سیاقی ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (التوبة)دا هاتووە، کە تایبەتن بە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ بێباوەڕە پەیمانشکێنە شەڕفرۆشەکانی قورەیش، کە چەندین جار بەڵێننامەیان لەگەڵ موسڵمانان بەست، بەڵام شکاندیان و خیانەتیان لەگەڵ کردن. قورئان لە سەرەتای سورەتەکەوە دیاریشیان دەکات و دەفەرموێت: (براءة من الله ورسوله إلى الذين عاهدتم من المشركين)، لە ئایەتی چواریشدا دیاری دەکات کە ئەم تورەیی خواو بێبەرییبوونە ئەو بێباوەڕە هاوپەیمانانە ناگرێتەوە کە لەسەر بەڵێنی خۆیان ماون و پەیمانیان نەشکاندووە، کە دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا پەیمانی ئاشتی بپارێزرێت و شەڕیان لەگەڵ نەکرێت، دەفەرموێت: (إِلَّا الَّذِينَ عَاهَدْتُمْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ثُمَّ لَمْ يَنْقُصُوكُمْ شَيْئًا وَلَمْ يُظَاهِرُوا عَلَيْكُمْ أَحَدًا فَأَتِمُّوا إِلَيْهِمْ عَهْدَهُمْ إِلَى مُدَّتِهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ). کەواتە ئەو ئایەتەی ناویان ناوە (ناسخ)و زۆر جار بە ئایەتی سەیف ناوی دەبەن، باسی تاقمێکی تایبەت دەکات، نەک هەموو بێ باوەڕان، تاکو بڵێین ئەو ئایەتە تەواوی ئایەتەکانی تری قورئان کە باسی ئاشتی و چاوپۆشیی و ئەو شتانە دەکەن، دەسڕێتەوە.

جێی سەرنجە هەر لەو سەرەتای سورەتی (التوبة)یەدا داواکراوە مافی پەنابەریی بە بێباوەڕی پەنابەر بدرێت. لە ئایەتی شەشی هەمان سورەتدا فەرموویەتی: (وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله ثم أبلغه مأمنه..)! ئیتر چۆن بە ڕەهایی هەرچی بێباوەڕە دەکوژرێت و ڕەچاوی ئەم حوکمە شەرعییانە ناکرێت؟ یان چۆن بێ بەڵگە لافی نەسخبوونەوەیان لێدەرێت، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ لە شاری مەدینەدا بەڵێننامەی پێکەوەژیانی لەگەڵ بێباوەڕانی نیشتەجێی ئەو شارە نووسی و مامەڵەو هەڵسوکەوتی ئاسایی لەگەڵ کردن، لە کاتێکدا جوولەکەو گاورو بتپەرست و مەجوسی لەو شارەدا بوون؟

یان هەندێک جار تەخفیفی حوکمێک کراوە، ناویان ناوە نەسخ، بۆ نموونە: لە ئایەتی (٦٥)و (٦٦)ی سورەتی (الأنفال)دا کە خوای گەورە ئەمر ئەکات بە پێغەمبەر ﷺ هانی موسڵمانان بدە لە کاتی شەڕدا، ئەگەر (٢٠) کەس لە ئێوە هەبن صابرو خۆڕاگر بن، بەسەر (٢٠٠) کەسدا سەرئەکەون، ئەفەرموێت. (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ إِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ (٦٥)). ئایەتی دواتر لەسەریان سووک دەکات و دەفەرموێت: (الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِئَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا مِائَتَيْنِ (٦٦))، واتە ڕێژەی (١) بە (١٠)ـەکە دەبێت بە (١) بە (٢)! ئەمە لە ڕاستیدا تەخفیف و سووککردنەو لە دەقی ئایەتەکەشدا وشەی سووککردن هاتووە، ئیتر چ پێویست ئەکات بکرێتە نەسخ و سڕینەوە؟ خوا بە ڕەحمی خۆی ڕەحمی کردووە بە موسڵمانان و لەسەری سووککردوون.

یان بۆ نموونە زۆرجار حوکمێکی ڕەها تەقییدو سنووردارکراوە بە ئایەتێکی تر، ئەمەشیان ناو ناوە نەسخ، بۆ نموونە لە ئایەتی (١٠٢)ی سورەتی (آل

عمران)دا دەفەرموێت: (اتقوا الله حق تقاته)، هەندێک وتوویانە ئایەتی (١٦)ی (التغابن) نەسخی ئەوەی پێشووی کردووەتەوە، کە دەفەرموێت: [فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ وَأَنفِقُواْ خَيۡرٗا لِّأَنفُسِكُمۡۗ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ]: چەند ئەتوانن لە خوا بترسن، دەی ئەمە بۆ نەسخ بێت؟ لە کاتێکدا ئەتوانین بڵێین تەقیدو سنووردارکردنە بۆ ئایەتەکەی پێشوو.

یان لە ئایەتی (١٩٩) سورەتی (الأعراف) دەفەرموێت: {خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ}، پیاوێکی گەورەی وەک (ابن حزم) ئەڵێت: ئەم ئایەتە مەنسوخە بە ئایەتەکانی باسی شەڕو قیتال.! بە داخەوە تەنانەت هەندێک دەربارەی ئەم ئایەتە وتوویانە: دوو بڕگەی (خذ العفو) و (وأعرض عن الجاهلين) لە سەرەتاو کۆتاییدا مەنسوخن، بەڵام ڕستەی ناوەڕاست (وأمر بالعرف) موحکەمەو نەسخ نەبووەتەوە!

یان وتوویانە ئایەتی (١١٥)ی سورەتی (البقرة) کە ئەفەرموێت:[وَلِلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ] نەسخ بووەتەوە بە ئایەتی (١٤٩)ی هەمان سورەت کە دەفەرموێت: [وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۖ]، لە کاتێکدا هیچ دژایەتییەک لە نێوان ئەو دوو ئایەتەدا نیە، تاکو ناچار بین پەنابەرین بە نەسخ، ئایەتی یەکەم باسی ئەوەیە کە خوا خاوەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایشە، ڕووی دڵمان هەمیشە لە خوای گەورە بێت و نیەتمان هەر بۆ ئەوبێت، لە هەر کوێ بین ڕوو بکەینە ئەو، چونکە لە هەموو شوێنێک وەک یەک ئامادەیە. بەڵام ئایەتی دووەم تایبەتە بە باسی نوێژکردنەوە، کە پێویستە لە هەر کوێ بووین ڕوو بکەینە (مسجد الحرام).

کەواتە- وەک جاری تریش وتمان - تا بکرێت دەبێت هەوڵ بدرێت لە ڕێی تایبەتکردنی دەقی گشتی، (تەخصیصی عام)، یان سنوردارکردنی دەقی ڕەها، (تەقییدی مطلق)، یان ڕوونکردنەی دەقی کورت و پوخت، (تەبیینی مجمل)، یان لە ڕێی باسی قۆناغبەندییەوە، ڕێکخستن لە نێوان ئەو ئایەتانەدا بکرێت کە بە خوێندنەوەی خێرا وا گوماندەبرێت دژ بەیەکن، بەڵام لە ڕاستیدا تەواوکاری یەکترن. ئەوەی بایەخی ئەم خاڵە دووپات دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم قورئانە پرۆگرامی ژیانە بۆ هەموو سەردەم و ژینگەو کۆمەڵگەکان و تەنها بۆ ناوچەو سەردەمێک نەهاتووە، تا بەو ئاسانییە بڵێین: فلان حوکم نەسخ بووەتەوە، لە کاتێکدا لە هەموو سەردەمێکدا ئەگەری پێویستبوون و پەناپێبردنەوە بۆیان دێتە پێشەوە.

لە مێژووی ئیسلامیدا زانایەک لە پێشینان بە ناوی ئەبو موسلیمی ئەصفەهانی بە ڕەهایی بڕوای بە نەسخ نەبووە، لە کۆتایی سەدەی سێ و سەرەتای سەدەی چواری کۆچی ژیاوە، لە ساڵی (٣٢٣ک) وەفاتی کردووەو خاوەن تەفسیرێکی زۆر گرنگیش بووە بە ناوی (جامع التأويل) کە (١٢) بەرگ بووەو فەوتاوە، بەڵام تا سەردەمی فەخری ڕازی - کە لە (٦٠٦ک) وەفاتی کردووە- لەبەر دەستاندا بووە، چونکە ئەو لە سەدان شوێنی تەفسیرەکەی خۆیدا (تەفسیری ڕازی) قسەی لێ نەقڵ دەکات و پێی سەرسامە، هەرچەند ئەو ئەبو موسلیمە بیری موعتەزیلەی هەبووە، هەروەها لە موفەسسیرەکانی تر (طوسي) و (طبرسي) زۆرێک لە بۆچوونەکانی ناو تەفسیرەکەی (أبومسلم)یان خستووەتە تەفسیرەکەی خۆیانەوە.

لە هاوچەرخەکانیش عبد الکریم الخطیب، محەممەد أبو زهرەو مامۆستا موستەفا زەڵمی بە هەمان شێوە چوون بۆ باسی نەسخ، مامۆستا ناصر سوبحانی بە شێوەیەکی زانستیترو هاوسەنگتر باسی دەکات، هەروەها د.یوسف قەرەزاوی، ئەحمەد حجازی، عبد الکریم خەتیب، محەممەد ئەبو زەهرە، محەممەد خزری بەک، د. مستەفا زەڵمی، د. محسن عبد الحمید، کاک ئەحمەدی موفتی زادە، بە هەمان شێوەی ئەو زانایانە واتای نەسخیان کردووە.

**هەندێک ڕیوایەتی ناڕاست و لاواز دەربارەی نەسخ:**

ڕەنگە لە هەندێک سەرچاوەی تایبەت بە زانستەکانی (علوم القرآن)دا چاوتان بکەوێت بە هەندێک ڕیوایەت کە گرفت بۆ تێگەیشتنتان دروست بکەن، بۆیە بە پێویست ئەبینم کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەوانە بکەم و ڕوونکردنەوەیەک لەسەریان بدەم:

لە ڕیوایەتێکدا ـ کە لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەددایەو بەداخەوە کەوتوویشەتە ناو (جامع الصحیح)ی پێشەوا موسلیم ـ لە ئەبو موسای ئەشعەری دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: (إِنَّا كُنَّا نَقْرَأُ سُورَةً كُنَّا نُشَبِّهُهَا في الطُّولِ وَالشِّدَّةِ ببَرَاءَةَ، فَأُنْسِيتُهَا، غيرَ أَنِّي قدْ حَفِظْتُ منها: لوْ كانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِن مَالٍ، لَابْتَغَى وَادِيًا ثَالِثًا، وَلَا يَمْلأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إلَّا التُّرَابُ)، واتە: جاران ئێمە سورەتێکمان دەخوێندەوە، لە درێژیی و توندیدا دەمانچواند بە سورەتی بەرائە (التوبة)وە، لەبیریشمان برایەوە، بەڵام ئەوەندەیم لەبەر کرد کە: ئەگەر مرۆڤ پڕی دوو شیو زێڕی هەبێت، هەوڵ بۆ شیوێکی سێیەم دەدات و جگە لە خاک و خۆڵ هیچ شتێک سکی پڕ ناکات.

ئەم ڕیوایەتە دیارە لاوازەو دزەی کردووەتە ناو (صحاح)و گومان لەسەر پاراستنی قورئان دروست دەکات و هیچ تەئویلکردنێکی ناوێت جگە لەوە بوترێت: لاوازەو لەگەڵ بەڵێنی پاراستنی قورئان یەک ناگرێتەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەتای بانگەوازدا لە مەککە سورەتی (النجم)ی دەخوێندەوە، لە تێهەڵکێشکردنی ئایەتەکاندا۔ گوایە۔ تەعریفی لە بتەکانی قورەیش کردووەو دوای ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت: (أفرأيتم اللات والعزى؟ ومناة الثالثة الأخرى) فەرموویەتی: (تلك الغرانيق العلى* وإن شفاعتهن لترتجى)[11] کاتێکیش گەیشتووەتە کۆتایی سورەتەکەو فەرموویەتی: (فاسجدوا لله واعبدوا)، هەموو ئامادەبووان بە بڕوادارو بێبڕواوە چوون بە کوڕنووشداو سەریان خستووەتە سەر خاک. دواتر بێباوەڕەکان لە خۆشیدا وتوویانە: ئەوە محەممەد ناوی لە بتەکانی ئێمەش هێنا، پێشتر بە چاکە ناوی نەدەهێنان، واتە هەندێک لە بیروباوەڕی ئێمەی قبوڵ کرد.!

بۆ زانیاری بەڕێزتان سەرلەبەری ئەم بەشە لە مەتنی ئەو ڕیوایەتە هەڵبەستراوەو بەداخەوە دزەی کردووەتە ناو هەندێک لە سەرچاوەکانی فەرموودەو تەفسیرەکان. مەترسی ئەم ڕیوایەتە لەوەدایە کە گومان لەسەر قورئان و پێغەمبەرایەتی دروستدەکات و ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە شەیتان توانیویەتی دزە بکاتە سەر زمانی پێغەمبەری خوا ﷺ و ڕستەی ناشایستە بخاتە سەر

[11] واتە: ئەو بتانە کە وەک مەلی (غەرانیق)ی بەرزەفڕن، بە دڵنیایی تکاکاریی و شەفاعەتیان پەسەندەو ئومێدی لێدەکرێت. الغرانيق کۆی (غرنوق) یان (غرنيق)ـە، کە جۆرە مەلێکی سپی ملدرێژی بەرزەفڕە، بتەکان چوێنراون بەوانەوە، گوایە وەک ئەو مەلانە بەرز ئەبنەوە بۆ ئاسمان و لای خوای گەورە دەبنە تکاکارو شەفاعەت ئەکەن بۆ مرۆڤەکان..!

زمانی، کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک ئەم بوختانە گەورەیە بکەوێتە ناو سەرچاوەکانی ئیسلام. بۆیە لە هەرکوێ ئەم بەسەرهاتەتان بینی باوەڕی پێ مەکەن و دڵنیابن کە پێچەوانەیە بە پلەوپایەی بەرزی عیصمەت و بەڵێنی پارێزگاریی خوا بۆ قورئانی پیرۆز، کە فەرموویەتی (إنا نحن نزلنا الذكر وإنا له لحافظون). [١٢]

هەندێک لە زانایان زۆر بە توندی ئەم ڕیوایەتەیان ڕەدکردووەتەوە، لەوانە: (ابن خزيمة) وتوویەتی: ئەم ڕیوایەتە زندیقەکان هەڵیانبەستووە. زانای ئوصولی (ابن العربي)ش وتوویەتی: ڕیوایەتێکی پووچەو هیچ بنەمایەکی نیە. (قاضی عەیاض)یش وتوویەتی: "ئەم ڕیوایەتە لە ڕووی مەعناوە کە ئاماژە بەوە دەکات پێغەمبەر مەدحی بتەکانی کردبێت، کوفرە. یان لەو ڕووەوە کە شەیتان لە پێغەمبەری تێکدابێت و قورئانی لێشێواندبێت، ئەمە پێچەوانەی عیصمەتە".[١٣] هەروەها موفەسسیری گەورە (ابن كثير) دەڵێت: "بەسەرهاتی (غەرانیق) بە چەند ڕێگەیەک هاتووە، کە هەموویان (مرسل)ن، واتە لاوازن و هیچ کامیانم نەدیوە لە ڕێگەیەکی

---

[١٢] بە داخەوە ئەم ڕیوایەتە کەوتووەتە چەندین سەرچاوەو لە دەیان ڕێگەو سەنەدیشەوە هاتووە، سەیر ئەوەیە کە وتوویانە پێنج لەو سەنەدانە صەحیحن، واتە بە پێی پێوەری فەرموودەناسان ڕاوییانی سەنەدەکە مەرجی (صیحەت)یان تێدایە! کە دەبوو پێش لەوە باس لە مەترسی ناوەڕۆک و مەتنی ڕیوایەتەکە بکەن. لەو سەرچاوانەی ئەم ڕیوایەتە هەڵبەستراوەیان تێدایە:

لە (فتح الباری)دا (ابن حجر العسقلانی)، ٤٣٩/٨. هەروەها واحدی لە أسباب النزول، لا: ٢٠٨، ابن الأثير الجزری، لە أسد الغابة، بەرگی سێ، سيوطي لە أسباب النزول، لا: ٢٠١. جگە لە طەبەری و ابن أبي حاتم و بزار و ابن مردويه..

[١٣] الشفا، القاضي عياض, ١٢٦/٢.

ڕاست و دروستەوە هاتبێت"[14] شەوکانیش باسەکەی هێناوەو وتوویەتی: هەموو ڕێگاکانی ئەم ڕیوایەتە ناڕاستن[15]. پێشەوا (فخر الدین)ی (رازی)ش لە تەفسیرەکەیدا وتوویەتی: "ئەم چیرۆکە پووچ و هەڵبەستراوە"

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە: بەشە ڕاست و دروستەکەی ئەم بەسەرهاتە، پێشەوا بوخاری و موسلیم لە (صەحیح)ەکەیاندا هێناویانە کە پوختەکەی تەنها ئەمەندەیە: (أن النبی ﷺ قرأ سورة النجم فسجد بها، فما بقي أحد من القوم إلا سجد): پێغەمبەر ﷺ سورەتی (النجم)ی خوێندەوەو سوجدەی برد، کەس نەمایەوە لە خەڵکەکە سوجدە نەبات، هەموویان چوون بە کوڕنووشدا.[16]

---

[14] تەفسیری (ابن کثیر)، ٢٣٩/٣.

[15] فتح القدیر، الشوکانی، ٢٥٠/٢.

[16] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (١٠٧١، ٣٩٧٢، ٤٨٦٣) هەروەها صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٥٧٦).

# وانەی هەشتەم
# (الأحرف السبعة)

لەم وانەیەدا باسی (الأحرف السبعة) دەکەین، ئەو حەوت شێوازەی کە لە هەندێک وشەو ڕستەدا قورئانی پیرۆزیان پێ دەخوێنرێتەوە. ئەمە لە ناو کتێبەکاندا بابەتێکی زۆر ئاوکێشە. لە ڕاستیدا زۆر یەکلانەکراوەتەوە کە (الأحرف السبعة) چییەو جیاوازیی لەگەڵ (القراءات السبع) چییەو مانای چییەو نموونەکانی چۆنن و کامانەن؟ لەسەر ئەم بابەتانە قسەی زۆری کراوە، تەنانەت پێشەوا (ابن الأثیر)ی جەزیری ـ کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی باکوری کوردستان ـ لە کتێبێکیدا بە ناوی (النشر في القراءات العشر)، باسی ئەوە دەکات کە "سی و ئەوەندە ساڵ خەریک بووم تا لە تێگەیشتنی ئەو بابەتە یەکلابوومەوە"، بۆیە لە زۆربەی ئەو بابەتانەی لێرە باسی دەکەین پشت بە بۆچوونەکانی ئەو دەبەستین.

سەرەتا پێویستە ئەوە بزانین کە وشەی (أحرف) کۆی وشەی (حەرف)ە، (حرف) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ڕوو، یان شێواز، یان شێوەیەک لە شێوەکان دێت، (ابن فارس)ی زمانزانی عەرەب دەڵێت: (الحرف) بە مانای (الوجە) یان (الطریقە) دێت، لە قورئانی پیرۆزدا وشەی (حرف) بەم مانایە هاتووە وەکو دەفەرموویێت: ﴿ومن الناس من یعبد الله علی حرف﴾، ئەمە لە ڕووی زمانەوانییەوە، واتە شێوەیەک لە شێوەکان، کەواتە کە دەڵێین (الأحرف السبعة) واتە حەوت شێوە خوێندنەوەکە بۆ قورئانی پیرۆز.

لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری خوادا باسی ئەم (أحرف)ە هاتووە، یەکێک لەوانە ڕیوایەتێکە کە بوخاری و موسلیم دەیگێڕنەوە، دەفەرموێت: (إن هذا القرآن أنزل على سبعة أحرف، فاقرأوا ما تيسر منه)[17]: بەڕاستی ئەم قورئانە بە حەوت شێوە هاتووەتە خوارەوە، بە کامیان ئەتوانن، یان چەندی ئاسانە بۆتان، لێی بخوێننەوە. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: (أقرأني جبريل القرآن على حرف، فراجعته، فلم أزل استزيده، فيزيدني، حتى انتهى إلى سبعة أحرف)[18]، واتە: جبريل (عليه السلام) بە یەک شێوە قورئانی بۆ خوێندمەوە، منیش پێیدا چوومەوە، بەردەوامیش داوام لێدەکرد زیادی بکات، واتە جۆرەکانی تریش بڵێت، ئەویش بۆی زیاد کردم، تا گەیشتە حەوت شێوە خوێندنەوە. لە ڕیوایەتێکی تری صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە جبريل (عليه السلام) هاتە خزمەتی پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: (إن الله يأمرك أن تقرأ أمتك القرآن على سبعة أحرف، فأيما حرف قرؤوا عليه فقد أصابوا.)[19] واتە: خوا بەڕاستی فەرمانی پێکردووی کە بە حەوت شێوە قورئان بۆ ئوممەتەکەت بخوێنیتەوە، هەر شێوەیەک لەو شێوانە دروستە. ڕیوایەتێکی تریش هەیە کە عومەری کوڕی خەطاب گوێی لە هیشامی کوڕی حەکیم بوو کە سورەتی (الفرقان)ی دەخوێندەوە، شێوازی خوێندنەوەکەی کەمێک جیاواز بوو لە شێوازی خوێندنەوەی عومەر، دواتر لای

[17] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٦٩٣٦)، صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٨١٨).

[18] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٤١٨٨)، صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٨١٩).

[19] سنن النسائي، بە ژمارە: (٩٣٩).

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کرد، پێغەمبەر ﷺ گوێی لە هەردووکیان گرت و فەرمووی: (هكذا أنزلت): هەروا دابەزێنراوە، بەهەر دوو شێوەکە هاتووە[20]، واتە بە هەرکامیان دەیخوێندەوە پەسەندە.

لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ بدەم کە: کاتێک دەڵێین: حەوت شێوە، بە مانای ئەوە نیە کە هەموو ئایەتێک، یان هەموو ڕستەیەک، یان هەموو وشەیەک، بە حەوت شێوە دەخوێندرێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لە کۆی سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا- لە سەرەتای قورئانەوە لە سورەتی (الفاتحة)وە، تا کۆتایی قورئان لە سورەتی (الناس)- لە هەندێک شوێندا، لە هەندێک ڕستەو هەندێک وشەدا، جیاوازیی لە خوێندنەوەیان هەیە، بە گۆڕینی پیت بێت، یان بە گۆڕینی بزوێن، یان بە گۆڕینی چەند حاڵەتێک، چەند شێوە خوێندنەوەیەکی قورئان هەن، کە کۆی شێوە جیاوازەکان هەر ئەو حەوت دانەیەن و شێوازی خوێندنەوەی لەوە زیاتر لە قورئانی پیرۆزدا نیە، ئەوەیە مانای (الأحرف السبعة)، کەواتە هەموو ئایەتێک، یان هەموو وشەیەک بە حەوت شێوە ناخوێنرێتەوە.

ئەم بابەتە زۆرێک لە زانایان باسیان کردووە، (سیوطی) نزیکەی (٣٥) قەولی هێناوە، لە (ابن حبان)یش هەمان ژمارە نەقڵ ئەکات، هەروەها (قرطبی) لە تەفسیرەکەیدا باسی زۆربەی ڕەئییەکان دەکات، ئینجا ڕای (أصولی) و (لوغەوی)و زمانزانەکان دێنن، هەموو ڕەئییەکان جیاوازییان هەیە لە دیاریکردنی ئەو نموونانەی کە دەیهێننەوە، بەڵام لە کۆی هەموویان ئەوە تێدەگەین کە هەندێک

---

[20] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٢٤١٩)، صەحیحی موسلیم، بە ژمارە: (٨١٨).

لەو جیاوازییانە دەگەڕێنەوە بۆ بزوێن و سەرو بۆرو ژێری وشەکان، هەندێکی دەگەڕێنەوە بۆ پیتەکان، پیتی خاڵدار هەبووەو پیتی بێخاڵ هەبووە، بۆ نموونە: وشەی (تبینوا) لە قورئاندا هاتووە کردوویانە بە وشەی (تثبتوا)، یان وشەی (مالک) بە شێوەیەک نوسراوە، لە باتی پیتی ئەلف بنووسرێت، لەسەر میمەکە مەددێک نوسراوە، بۆ ئەوەی بە (مەلیک)یش بخوێنرێتەوە، زۆربەی جیاوازییەکان بەم شێوەیەن، نەک وا بزانین جیاوازییەکە لە حەددێکدایە کە کاریگەریی کردبێتە سەر (رسم الخط)ی عوسمانی.

هەندێ لە زانایان وتوویانە: ئەو حەوتە بریتین لە ئەحکامی قورئانی، هەندێک وتوویانە: مەبەست زمانی هۆزەکانە، هەندێکیش پێیان وایە ئەو جیاوازیانەن کە لە ئاخاوتنا هەن

جا، سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی حەوت جۆرە (أحرف)ی کردووە، هەندێک لە زانایان وتوویانە کە ئەم ژمارەیە بۆ (تکثیر)و زۆرییە، نەک بۆ (تحدید)، یەکێک لەوانە (قاضی عیاض)ی فەقیهە ـ کە لەساڵی (٥٤٤)ی کۆچی وەفاتی کردووە ـ دەڵێت: مەرج نییە جۆرەکان حەوت بن، دەکرێت زیاتر بن، لە ناو عەرەبدا حەوت بۆ (تکثیر) بەکاردێت، جمال الدین قاسمی لە هاوچەرخەکان هاودەنگە لەگەڵ (قاضی عیاض)دا، بەڵام جمهوری زانایان دەڵێن مادام پێغەمبەر ﷺ وشەی (سبعة)ی بەکارهێناوە، پێویست ناکات بڵێین بۆ (تەکثیر)ە، بەڵکو بۆ (تەحدیدە)و شێوازەکان حەوت جۆرن، نە زیاتری، نە کەمتر.

لێرەدا گرنگە تێبگەین کە ئەم جیاوازییانە دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازیی لەهجەی هۆزەکانی عەرەب، چۆن ئێمە لە کوردەواریدا لە هەندێک ناوچە پیتی (ح)

دەکرێت بە (ع)، یان بە پێچەوانەوە، یان هەندێک ناوچە پیتی (س)یان بۆ بەکارنایەت و دەیکەن بە (ث)، یان بە پێچەوانەوە، لە ناو هۆزە عەرەبەکانیشدا ئەمە هەبووە، بۆ نموونە: هەندێکیان ناتوانن بڵێ (عیسا) دەڵێن (عیسیٰ)، یان (موسا) دەکەن بە (موسیٰ)، بە ئیماله ئەیڵێن، یان هەندێک پیت دەگۆڕن، بۆ ئەوەی قورئان بە لەهجەی هەموویان بخوات، خوای گەورە ڕێگەی پێداون ئەم ئاڵوگۆڕە بکەن، مادام لە ئەسڵی وشەکەدا ئاڵوگۆڕ دروست نەبێت، دەکرێت بە هەموویان بخوێنرێتەوە، پێغەمبەریش ئیقراری ئەو جیاوازییانەی کردووە.

ئەڵبەتە هەندێک لە زانایان دەڵێن: ئەمە لە سەرەتاوە وابووە، تا دوایی یەک شێوە- کە شێوەی سەرەکی قوڕەیشە- جێگیر بووەو هەمووان پێی ئاشنابوون، ئیتر ئەم قورئانە دوایی بەم (رسم الخط)ـە نووسرایەوە کە عثمان کوڕی عەفان بۆ نوسخە سەرەکییەکان بەکاری هێنا، کە پێشتر لە دەرسێکدا باسمان کرد، چەند نوسخەیەکی نارد بۆ پایتەختەکانی ئەو کاتە: بەغدادو بەصرەو قاهیرەو کوفەو مەککەو مەدینە.. ئەو موصحەفانەی بە یەک شێوە نوسییەوە، لە هەندێک شوێندا نەبێت کە ڕیعایەتی ئەوەی کردووە کە بەشێک لە (أحرف)و شێوەکان جێگەی ببێتەوە تیایدا، وەکو نموونەکەی وشەی عیسا یان موسا، کە بە ئەلفی مەقصورە نوسیونی، نەک مەمدودە، واتە لە شێوەی (یێ)دا نووسیویەتی، بۆ ئەوەی بە ئیمالەش بخوێندرێتەوە، بەم شێوەیە کە دەڵێین (عیسیٰ)، ئەمە پێی دەوترێت ئیماله، واتە وا نوسراوە کە بۆ هەردووکیان بگونجێت، یان وشەی (مالک) لە سورەتی (الفاتحە)دا هاتووە، لە باتی ئەلفەکە بە میمەکەوە بنێن،

(ملک) نوسراوە، بەڵام لە کاتی حەرەکەت بۆ داناندا هەڵکشاویکیان داناوە لەسەر میمەکە، بۆیە بڵێیت: (مالک) ئەبێت، بشڵێیت: (ملک) هەر ئەبێت.

کەواتە (حرف) یانی جۆرێک لە جۆرەکانی زمانی هۆزەکانی عەرەب، کە لە حدودی حەوت جۆردا بوون، ئەو جیاوازییانەی کە هاتوونەتە ناو قورئانی پیرۆزەوە، هیچ لە مانا ناگۆڕێت، بەڵکو شێوازی خوێندنەوەکە کەمێک جیاوازە، تەنانەت نهێنیی ئیعجازێکی گەورەی لوغەوی قورئانی پیرۆز دەردەخات. (ابن جەوزی) کە ساڵی (٥٩٧ک) کۆچی دوای کردووە ئەم ڕایەی هەیە، (ابن الأثیری جزیری)یش کە ساڵی (٨٥١ک) کۆچی دوای کردووەو یەکێکە لە زانا گەورەکانی کوردستان، ئەویش کە دەڵێت سی و ئەوەندە ساڵ خەریکی ئەم زانستە بووم، هەمان بۆچوونی هەیە، کە حەرف مەبەست لێی جۆرێکە لە جۆرەکانی زمانە فەرعییەکانی هۆزە عەرەبەکان، لە هەندێک شوێنی قورئاندا، لە هەندێک وشەدا، حەوت شێوە ریعایەت کراوە، بۆ ئەوەی ریعایەتی هەموو هۆزەکانی تێدا بکرێت.

جا نموونەکانیش بە زیادو بە کەمکردنی پیتێک دەهێنینەوە، بۆ نموونە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿والذین هم لأماناتهم وعهدهم راعون﴾، دەکرێت بخوێنرێتەوە بە ﴿والذین هم لأمانتهم وعهدهم راعون﴾. چونکە پیتی ئەلف نەلکێنراوە بە وشەی (أمانات)ەوەو تەنها هەڵکشاویکیان لەسەر داناوە. واتە وشە جەمعەکەی (أمانات) کراوە بە موفرەد (أمانة). جاری وا هەیە لە حەرەکەتدا جیاوازیی هەیە، بۆ نموونە: هەندێک هۆز وتوویانە: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾، هەندێکی تر وتوویانە (نِسْتَعِينُ) واتە بزوێنی فەتحەکەیان گۆڕیوە بە کەسرە، هەندێک هۆز وتوویانە (مَعَكُم)، هەندێک وتوویانە: (مَعْكُم)، کە ماناکەی ناگۆڕێت.

هەندێکجار هەمزەیان نەرم کردووەتەوە، بۆ نموونە: (مستهزؤن) وتوویانە (مستهزون)، واتە هەمزەکەیان کردووە بە واو. حاڵەتێکی تر هەیە کە پێش و پاشخستنی پیتە، بۆ نموونە وشەی (صاعقه) کراوە بە (صاقعه)، ئەمە لە کوردەواریی خۆشماندا هەیە، کە هەندێک ناوچە لە باتی بڵێن: (جومعە) دەڵێن (جوعمە)، هەمان ئەو حاڵەتەیە، واتە چۆن لە ناو هۆزە جیاجیاکانی هەر نەتەوەیەکدا هەندێک پیت، یان هەندێک وشە، بە جۆرێکی جیاواز دەخوێنرێتەوە، لە ناو عەرەبیشدا وایە، هەمان ئەو مەبەستەش دەدا کە جۆرەکەی تریشی لەسەرە، بەڵام جیاوازیی لە شکڵەکەیدا هەیە. بە کورتی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قورئان ئەوە بووە کە هەر لە سەرەتای دابەزینییەوە ئەو حاڵەتەی ڕەچاو کردووە.

نموونەیەکی تر گۆڕینی شکڵی پیتە، بۆ نموونە: ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿إن جاءكم فاسق بنبأ فتبينوا﴾، ئەکرێت بخوێنرێتەوە بە (فتثبتوا)، بێگومان دەزانین کاتێک کە قورئانی پیرۆز نوسراوەتەوە - چ ئەوەی سەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ چ ئەوەی سەردەمی صەحابە - تەنانەت ئەو نوسخەیەی عوثمان، پیتە خاڵدارەکان خاڵیان لەسەرو ژێردا نەبوو، بۆ نموونە: وشەی (فتثبتوا) نە (ف)، نە (ت)، نە (ث)، نە (ب)، نە (ت) هیچ کامیان خاڵیان لەسەر نەبوو، بەڵام لە خوێندنەوەدا دەیانزانی ئەمە (تثبتوا) یان (تبينوا)وەو بە هەردووکیان دەخوێندرایەوە، چونکە سنگاو سنگ و دەماودەم لە ڕێی هەزارانەوە وا هاتبوو.

جۆرێکی تر لە جیاوازیی (أحرف) لە تەخفیف و تەشدیددایە، واتا پیتێک شەددەی لەسەر دادەنرێت، هەندێکی تر شەددە لەسەر هەمان پیت دانانێن، بۆ نموونە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت ﴿وإذا أردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا

فیها﴾، لەوێدا (أمَرْنا) بە مانای ئەمرو فەرمان دێت، واتە فەرمانمان دەرکرد بۆ موترەفەکان. بەڵام دەکرێت بوترێت (أمّرْنا) بە شەددەی میمەکە، واتە موترەفەکانمان کرد بە ئەمیرو سەرکردە بەسەریانەوە.

ئەمە دەربارەی حرف یان (أحرف)، کە حیکمەتەکەی، یان نهێنیی و سوودەکەی ئەوەیە حاڵی ئاخاوتن (تلفظ)ی هۆزەکانی ڕەچاوکردووە، لە نوتق و دەرهاویشتنی حەرفێک، شێوەکان ڕیعایەت بکرێت، حیساب بۆ ئەو هۆزە بکرێت، بۆ نموونە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەی لەگەڵ هەندێک صەحابە ڕەچاو کردووە، یەکێک لەوانە ئەشعەرییەکی یەمەنی بوو، بە ناوی (کەعب کوڕی عاصمی ئەشعەری)، پێغەمبەری خوا ﷺ قسەی لەگەڵدا دەکرد، ئەشعەرییەکان عادەتەن لامی تعریفیان دەگۆڕی بە میم، بۆ نموونە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک لەگەڵ ئەودا بوو، ئەو فەرموودەیەی خۆی کە دەفەرموێت: (لیس من البر الصیام فی السفر)، بەم جۆرە گۆڕی بۆ لەهجەی ئەوان، فەرمووی: ( لیس من امبر امصیام في امسفر)، واتە لامی تەعریفەکانی گۆڕی بە میم،[21] کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕیعایەتی لەهجە یەمەنییەکەی کردووە.

ئەم جیاوازییە وەک وتمان نهێنیی زمانەوانییی تێدایە، جیاوازیی تەنەووعە، وشەیەک چەند مانایەک دەدات، یان ڕەچاوی شێوە خوێندنەوەی چەند هۆزێک دەکات، نابێت بوترێت: کامیان دروستەو کامیان هەڵەیە؟ یان بۆ نموونە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت: ﴿ربَّنا باعِدْ بين أسفارنا﴾، کە ئەمە دوعایە، بەڵام جۆرێکی تر

---

[21] ئەم ڕیوایەتە لە موسنەدی ئیمام ئەحمەددا بە ژمارە: (٤٣٤/٥) هاتووە.

لە حەرفەکە ئەوەیە کە وشەی (باعِدْ) کە فرمانە، بکرێت بە فیعل و بگوترێت: ﴿ربُّنا باعَدَ﴾، ئەمە دەبێتە خەبەر، لێرەدا هەردووکیان جائزن و هەردوو شێوەکە مانا دەبەخشن، واتا کێشەیەک نییە.

به شێوەیەکی تر ئەمە باس بکەین، کە بە شێوەی ئیستقرائی، واتە بە خوێندنەوەی یەک بە یەکی نموونەکانی ئەو شوێنانەی قورئانی پیرۆز کە ئەحروفەکەیان تێدایە- کە لەم حەوت ئاستە دەرناچێت، یەک نموونەمان نییە کە دوو مانای دژ بە یەک بدەن، هەرچی دوو مانای دژ بە یەکی داو کێشەی بۆ خوێنەر، یان بیسەر دروستکرد، ئەوە کاری پێناکرێت.

**جیاوازیی (القرائات السبع) و (الأحرف السبع):**

لێرەدا پێوستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم کە ئێمە دوو دەستەواژەمان هەن: (قرائاتی سبع)و (أحرفی سبع)، لە ڕاستیدا لە یەکتر جیاوازن. (قرائاتی سبع) لە سەدەی چواری کۆچی زۆر درەنگتر قسەی لەسەر کراوەو زانایەک بە ناوی (ئەحمەد کوڕی موسای تەمیمی) ناسراو بە (ابن مجاهدی بەغدادی)- کە ساڵی (٣٢٤ک) کۆچی دوایی کردووە- کتێبی (السبعة في القراءات)ی نووسی، واتە حەوت قیرائەتەکەی لە زانایانی سەدەی دوو و سێی پێش خۆیەوە کۆ کردبوونەوە.

کەواتە (قرائات) جیاوازە لە (أحرف)، چونکە (أحرف) لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە، وەک پێشتر ئاماژەم پێکردو چەند فەرموودەیەکمان لەسەری هێنا، بۆیە ڕای جمهوری زانایان لەسەر ئەوەیە کە ئەم (أحرف)ە مادام لە پێغەمبەرەوە هاتووەو وشەی (سبعە)ی بۆ بەکارهێناوە، کەواتە حەوتن و ناکرێت بڵێین: زیاتر یان کەمترن، بەڵام لە (قرائات)دا (قرائات)ی عەشریشمان

هەیە، واتە تا دە چووە، هەندێکیان (متواتر)، هەندێکیان (مەشهور)ن، هەندێکیان لاوازن، لەبەر ئەوە ئیجتیهادی زانایانی تێکەڵ بووە، بەڵام (الأحرف السبعة) چەندین فەرموودەی لەسەر هاتووە، کە ئێمە پێشتر باسی سێ چوار فەرموودەی صەحیحمان کرد، لەبەر ئەوە نابێت (أحرف) تێکەڵی (قرائات)بکەین.

بۆ زانیاری بەڕێزتان جیاوازییەکە زۆر هەستارە، بە حەددێک کە عالمێکی گەورەی وەکو (فەراهیدی) ـ کە بە باوکی زمانی عەرەبی دەژمێردرێت و لە سەدەی دووی کۆچیدا کۆچی دوای کردووە ـ هیچ فەرقێکی نەکردووە لە نێوان (قرائات و أحرف)دا، بەڵام زانایانی تر وتوویانە: نەخێر، (أحرف) جیاوازە لە (قرائات)، (أحرف) لە قورئاندا ماوەتەوە، بەڵام قرائەتەکان لەم قورئانەی کە بە (رسم الخط)ی عوسمانیی نووسراوە، قرائەتەکانی تێدا نەماوە، بەڵام (أحرف)ـەکانی تێدا ماوەو لەو شوێنانەی کە دیاریکراون لە هەندێک کتێبکدا، یان لە هەندێک چاپدا، جۆری جیاوازی (أحرف)ەکان دیاریکراون، وا نووسراونەتەوە کە بخوێنرێتەوەو بمێنێتەوە، هەرچەند طەبەری ـ کە یەکێکە لە موفەسسیرە گەورەکان ـ دەڵێت: "ئەمڕۆ موسڵمانان هەر بە یەک حەرف قورئان دەخوێننەوە، ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ئیقراری لەسەر کردووەو شەش حەرفەکەی تر نەماون." بەڵام ئەمە ڕایەکی جیاوازە، چونکە جمهوری زانایان ڕایان وایە کە موصحەف بەجۆرێک نووسراوەتەوە کە ئەو جیاوازییانەی تێدایە، واتە ئێستا ئەگەر تۆ موصحەفێک بگری بە دەستەوە، لە سەرەتای سورەتی (الفاتحة)ـەوە تا کۆتایی قورئان، حەوت جۆرە (تلفظ) بۆ هەندێک وشە دەبینیت، کە جۆری نووسینی وشەکە هاوکاری کردووە، کە ئەو (تلفظ)ـە

جیاوازانە بەکاربهێندرێت. دیارە ئەم ڕایە زانایانی تریش وتوویانە، پێشەوا (باقلانی و ابن تیمیة) دەڵێن لە موصحەفی عوثماندا جۆری (أحرف)ەکان ماون، چونکە لە ئەساسدا لە پێغەمبەرەوە بیستراون، تەنانەت دان بەوەدا دەنێن کە هەموو ئەو شێوازانەی جیاوازیی دەگەیەنن لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ هەر ڕیعایەت کراون و هیچ کێشەیەکیش دروستناکەن، جیاوازییەکە ـ وەک پێشتر وتمان ـ جیاوازیی تەکامولی و توندوتۆڵکردنی مانایە بۆ وشەیەک، نەک جیاوازیی جەوهەریی، تا ببێتە کێشە، یانی تۆ بپرسی: دوا جار پێمان بڵێن: وشەی (تثبتوا) ڕاستە، یان (تبینوا)؟ یان وشەی (أمَرْنا) ڕاستە یان (أمّرنا)؟ (نَستَعین) ڕاستە، یان (نِستِعین)؟ وەڵآم ئەمەیە کە هەموو شێوازەکان دروستن، ئەوانەی کە پیت دەگۆڕن، مانا جیاواز ناکەن، مانای یەکتر تەواو دەکەن، ئەوانەشی کە شێوەی وشەکە دەگۆڕن بۆ شێوەیەکی تر، ڕەهەندێک و لایەنێک لە لایەنێکی تری مانا دەخەنە ڕوو، نەک لایەنەکەی تر ڕەد بکاتەوە،

**زانایانی حەوت قرائات:**

بە کورتی قرائات جیایە لە (أحرف)، قرائات حەوت جۆر خوێندنەوەن، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کەیفیەتی خوێندنەوەی قورئانە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لە چەند شوێنێکدا، جۆری خوێندنەوەی هەندێک وشە جیاوازە، ژمارەیەک زانا هەبوون لە سەدەی دووی کۆچییەوە ناوبانگیان دەرکردووە، پێیان دەڵێن: (أصحاب القرائات السبع)، هەندێک دەیکەن بە دە جۆرو دە کەس، ئەو جیاوازییانەیان دیاریکردووە، ئەوانیش ئەم زانایانەن:

١ـ ابن عامر الشامی، کە ساڵی (١١٨ک) وەفاتی کردووە.

٢ـ عبدالله كوڕی كەثیر (ابن كثیر)ی مەككی، كە ساڵی (١٢٠ك) وەفاتی كردووە.
٣ـ عاصمی ئەسەدی، كوفی، كە ساڵی (١٢٧ك) وەفاتی كردووە.
٤ـ أبو عامر، كوڕی عەلائی بەصری، كە ساڵی (١٥٤ك) وەفاتی كردووە.
٥ـ حەمزەی كوفی، كە ساڵی (١٥٦ك) وەفاتی كردووە.
٦ـ نافعی مەدەنی، كە ساڵی (١٩٧ك) وەفاتی كردووە.
٧ـ عەلی كوڕی حەمزەی كەسائی، ئەویش كوفییەو ساڵی (١٨٩ك) وەفاتی كردووە.

زۆربەی ئەم زانایانە عێراقین، بە تایبەتی كوفین، یان شامین، یەكێكیشیان مەككین، هەندێك لە زانایان و مێژوونووسان سێ كەسی تریشیان بەم ناوانە زیاد كردووە، بۆیە پێیان دەڵێن: (أئمة القرائات العشر)، كە ئەوانیش بریتین لە: (أبو جعفری مەدەنی)، كە ساڵی (١٣٢ك) وەفاتی كردووە، (ابن إسحاقی حەضرەمی)، كە ساڵی (٢٠٥ك) وەفاتی كردووە، (خلف بن هشام) كە ساڵی (٢٢٩ك) وەفاتی كردووە. ئەمانە ـ حەوت كەسەكە حیساب بكەین، یان دە كەسەكەـ لە دوای سەدەی دووی كۆچییەوە پەیدابوون و زانستی (قرائات)یان تۆمار كردووە، بەو شێوەیەی كە لە كتێبی تایبەت بەم بوارەدا هەیە.

كەواتە ئەمانە هەموو جیاوازن لە بابەتی (أحرف) كە مەبەست ئەو شێوە خوێندنەوانەن كە لە سەردەمی پێغەمبەردا لە سەرەتاوە بۆ موراعاتی حاڵی هۆزە عەرەبەكان لە ئاخاوتنیاندا بۆ هەندێك پیت و هەندێك وشەـ هەر لە جبریلەوە (علیه السلام) ڕیعایەت كراوە، هەتا كاتی خوێندنەوەی پێغەمبەریش بۆ هۆزەكان، دیارە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بە لەهجەی قورەیش ئەو وشانەی دەخوێندنەوە، بەڵام هەندێك كەس كە جیاواز دەیخوێندنەوە، وەكو ئەو جیاوازییەی نێوان

عومەری کوڕی خەطاب و هیشامی کوڕی حەکیم کە باسمان لێوە کرد، ئیقراری هەردووکیانی کردووە، یان جاروبار وەکو ئەوەی بۆ ئەشعەرییەکە قسەی کرد ئەلفولامی تەعریفی دەگۆڕی بە میم.. ئەمە ڕیعایەتکردنە، دواتر کەم کەم حاڵەتەکە ئیستقراری کردووەو جێگیر بووە لەسەر یەک شێوە، کە ئەوەیە ئێستە لە بەردەستی ئێمەدایەو هەندێک لە شوێنە هەستیارەکان ـ کە خزمەت بە مانای وشە دەکەن ـ جیاوازن، جیاوازییەکان جیاوازیی خزمەتکردنە بە مانای وشە، بە مانای بەهێزبوونی لایەنێک لەو لایەنەی کە بە شێوەکەی تر تەقویەتی دەکات، بەو مەبەستە ماوەتەوە لە ناو موصحەفداو هیچ کێشەیەک نییە، بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە جێگەی پرسیار کە حیکمەت لە جیاوازیی وشەکان، یان پیتەکان چییە؟ بە کورتی باسێکمان لێوە کرد کە جیاوازییەکە جیاوازیی تەکامولی و تەواوکارییە لە مانادا، والله أعلم..

## وانەی نۆیەم

## جۆرەكانی لەفزی قورئانی

ئەم وانەیە تایبەتە بە باسی جۆرەكانی لەفزی قورئانییەوە، كە هەندێكی (عام)ـە، هەندێكی (خاص)ـە، هەندێكی (مطلق)ـە، هەندێكی (مقید)ە، هەندێكی (مجمل)ـە، هەندێكی (مبین)ـە.

سەرەتا پێویستە بزانین كە قورئانی پیرۆز سەبك و داڕشتنێكی تایبەتی خۆی هەیە، كە لە وانەكانی پێشووشدا ئاماژەمان پێكرد. ئەمە لە ڕووی بەلاغی و تەشریعییەوە گرنگییەكی تایبەتی خۆی هەیە، لە زانستەكانی (اصول الفقه) و (علوم القرآن)دا زۆر جەختكراوەتەوە لەسەر ئەم بابەتە كە: جۆری دەقە قورئانییەكە چ جۆرێكە؟ ئایا دەقێكی گشتییەو واتاكەی حوكمێكی گشتیی دەگەیەنێت؟ یان تایبەتەو حوكمێكی تایبەت دەگەیەنێت؟ ئایا دەقێكی (مطلق)و ڕەهایەو هەموو واتان لە ژێریدا دەگەیەنێت؟ یان (مقید)ە بە بابەتێكی تایبەتەوە؟.. وە هەروەها..

ئەمەی لەم وانەیەدا باسی دەكەین پەیوەندیی بە دەقی قورئان و دەقی سوننەتیشەوە هەیە، یانی لە وانەكانی فەرموودەناسیشدا پشت بە خوا ـ ئەگەر خوا تەمەنی داینێ و هاتینەوە خزمەتتان ـ لەوێیش هەر باسی دەكرێتەوە، بەڵام لێرە بە كورتی ئەوە بزانن كە هەر باسێك دەربارەی لەفزی (عام) و (خاص) و لەفزی (مطلق)و (مقید)و.. هتد پەیوەندیی بە دەقی (كتاب)و (سوننەت)یشەوە هەیە.

ئەوەش بزانین کە ئەم بابەتە لە یاساو دەستورە دونیاییەکانیشدا پەیڕەو کراوە، بۆ نموونە دەڵێن فلانە ماددەی قانونیی (عام)، بە فلانە ماددەی تر (تەخصیص) کراوە. یان فلان برگەی (مطلق)، بە فلان ماددەی تر (تەقیید) کراوە. جاری واش هەیە دەقی دەستوریی بە یاسا تەفسیر دەکرێت، یان یاسا بە ڕێکارو تەعالیم ڕووندەکرێتەوە، یان کورت و موجمەلەو تەبیین دەکرێت.

کەواتە ئەم باسە پەیوەندیی بە فیقهی نەصصەوە هەیە، یانی تێگەیشتن لە جۆری دەق، مەبەستەکەش لێی دەرهێنانی حوکمە، یانی چۆن حوکمێک لە دەقێک دەربهێنرێت؟

**پێناسی عام و خاص:**

لەفزی (عام) ئەو لەفزەیە کە تەواوی ئەو نموونانەی دێنە ژێر ئەو باسەوە دەگرێتەوە، بەڵام (خاص) پێچەوانەکەیەتی و تایبەتە بە هەندێک حاڵەتەوە، بۆ نموونە: دەقێکی قورئانی پیرۆزمان هەیە دەفەرموێت: (کل نفس ذائقة الموت): هەرچی نەفسە دەبێت مەرگ بچەژێت. ئەم دەقە پێی دەڵێن دەقێکی عام، یان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (کل مسکر حرام): هەموو سەرخۆشکارێک حەرامە، ئەمە خاص نیە، ئەمە حوکمێکی عاممە.

جا بۆ ئەوەی بزانین چۆن لەفزی عام لە قورئانی پیرۆزدا بناسینەوە، لەفزی عام بە چەندین وشەو دەستەواژە دەناسرێتەوە، هەر ڕستەیەک یەکێک لەم وشانەی تێدا بوو، ئەوە لەفزی (عام)ـە:

١ـ وشەی (کل)، وەک: (کل من علیها فان).

٢ـ وشەی (جمیع)، وەک: (جمیع لدینا محضرون).

٣ـ پیتی (الـ) چووە سەر هەر ئیسمێک، وەک: (أحل الله البيع وحرم الربا).

٤ـ وشەی (الذی)، وەک: (الذي قال لوالديه أف لكما..).

٥ـ وشەی (التي)، وەک: (وقل لعبادي يقولوا التي هي أحسن).

٦ـ وشەی (ما)، وەک: (إنكم وما تعبدون من دون الله حصب جهنم).

٧ـ وشەی (من)، وەک: (من يعمل سوءا يجز به).

٨ـ وشەی (أي)، وەک: (قل ادعو الله أو ادعوا الرحمن أيا ما تدعوا فله الأسماء الحسنى).

٩ـ وشەی جەمعێک کە ئیزافە کرابێت بۆ لای وشەیەکی تر، وەک: (أموالكم) لە ئایەتی (ولا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل)، یانی هەموو جۆرە ماڵ و سامانەکانتان.

١٠ـ جۆرێکی تر: هەر وشەیەکی (نەکیرە) لە سیاقی نەفیدا، واتە هەر ڕستەیەک نەفی تێدایە، وشەیەکی نەکیرەی تێدایە، ئەوە ئەبێتە لەفزی عام، وەک: (فلا رفث ولا فسوق ولا جدال في الحج)، ئەمە لێرەدا مادام پیتی (لا)ی نافیە هاتووە، ئیتر نابێت (رفث) و (فسوق) و (جدال) تایبەت بکرێن..

ئەمانە گرنگترین جۆرەکانی لەفزی (عام)ن لە قورئانی پیرۆزدا، کە زۆرترین جار بەکار هاتوون و زۆر دووبارە بوونەتەوە.

**نموونەیەکی دەقی (عام)ی (تەخصیص)کراو:**

لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت: (والمطلقات يتربصن بأنفسهن ثلاثة قروء) البقرة/ ٢٢٨: ئافرەتانی تەڵاقدراو سێ سووڕ چاوەڕێ دەکەن، ئینجا بۆیان هەیە هاوسەرگیریی بکەنەوە. ئەم دەقە عاممە، بە ظاهری ئەم دەقە دەبێت هەموو ژنێک وا بکات و سێ سووڕ چاوەڕێ بکات، بەڵام سەیردەکەین ئایەتێکی تر هەیە کە

تویژێک لە ئافرەتان جیادەکاتەوەو ئەو دەقە عاممە تایبەت و (تەخصیص) دەکات، دەفەرمویت: (وأولات الأحمال أجلهن أن يضعن حملهن) الطلاق/٤: ژنە باردارو دووگیانەکان کات و مۆڵەتیان ئەوەندەیە کە سکەکەیان دانێن، بۆچی؟ چونکە حیکمەت لە چاوەڕێکردنی سێ سووڕ بۆ ژنی تەڵاقدار ئەوەیە کە منداڵدانی پاکببێتەوە، ئێستە کە ژنی باردار بە دانانی منداڵەکەی منداڵدانی پاکدەبێتەوە، ئیتر پێویست ناکات سێ سووڕەکە چاوەڕێ بکەن و بە دانانی منداڵەکەیان بۆیان هەیە هاوسەرگیریی ئەنجام بدەن.!. بەو جۆرە دەقی دووەم کە (خاص)ـە، دەقەکەی یەکەم کە (عام)ـە، تایبەت دەکات.

هەروەها لە ئایەتێکدا ئەفەرمویت: (حرمت عليكم الميتة والدم) المائدة/٣: مردارەوەبوو و خوێنتان لەسەر حەرام کراوە، ئەم ئایەتە (عام)ـە، (الميتة) و (الدم) لەفزی (عام)ن، پێشتر وتمان پیتی (الـ) چووە سەر هەر ئیسمێک دەیکەنە عام، کەواتە هەموو مردارەوەبوویەک و هەموو خوێنێک حەرامە. بەڵام ئایەتێکی (خاص)مان هەیە دەفەرمویت: (قل لا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحا) الأنعام/١٤٥، کەواتە لێرەدا خوێنەکەی تایبەت کرد بە جۆری خوێنی شل و ساری (مسفوح)، کەواتە (سپڵ و جگەر) ناگرێتەوە، چونکە لەو جۆرە نین. کەواتە ئەم ئایەتەی دووەم (خاص)ـەو پێشووەکەیان (عام)ـە. ئەمە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خواشدا ﷺ ڕوون کراوەتەوە کە دەفەرمویت: (أحلت لنا ميتتان ودمان: فأما الميتتان فالسمك والجراد، وأما الدمان فالطحال

والکبد)[22]: دوو مردارەوەبوو و دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵکراون: مردارەوەبووەکان: ماسی و کولله، خوێنەکانیش: سپڵ و جگەر.

ئایەتێکی تر دەفەرموێت: (فانکحوا ما طاب لکم من النساء) النساء/٣: چی دڵتان گرتی لە ئافرەتان، مارە ببڕن، هاوسەرگیریی بکەن لەگەڵ ئەو ژنانەی بۆتان ئەگونجێن. ئەم ئایەتە (عام)ە، بەڵام ئایا هەموو ئافرەتێک دەگونجێت بۆ ئینسان؟ دیارە نەخێر، لە ئایەتێکی تردا ژنەکانی تایبەت کردوون، چونکە هەندێکیانی ئیستیسنا کردووەو وەدەری هێناون، دەفەرموێت: (حرمت علیکم أمهاتکم وبناتکم وأخواتکم وعماتکم وخالاتکم..) النساء/٢٣، واتە: دایک و کچ و خوشک و پوورەکانتان، حەرامکراون لەسەرتان، خۆ ئەمانەش هەر (ژنان)ن، بەڵام بەم ئایەتە، ئایەتە پێشووەکە تەخصیص کراوەو لە گشتاندن لایداوە.

**حوکمی لەفزی (عام):**

هەر کاتێک لەفزێکی (عام)ی قورئانی پیرۆز هاتە بەردەستمان و بەڵگەیەکمان نەبوو کە تەخصیصی بکەین، ئەوە واجیبە حەملی بکەینە سەر عمومەکەی و کار بە هەموو ناوەڕۆکەکەی بکەین، یانی ئیسپاتی ئەو حوکمە بکەین لەسەر هەموو نموونەو مەصادیقەکانی.

بەڵام ئەگەر بەڵگەیەک هەبوو کە تایبەتی دەکرد، ئەوە تایبەتی ئەکەین. یەکێک لە هەڵەکان کە زۆرێک لەخەڵکی تێی کەوتوون ئەوەیە کە گشتاندن بۆ دەقی تایبەتکراو دەکەن، بۆ نموونە دەڵێن خوا فەرموویەتی: (فاقتلوا المشرکین

---

[22] موسنەدی ئەحمەد، بە ژمارە: (٥٧٢٣)، سونەنی ئیبن ماجە، بە ژمارە: (٣٣١٤).

حيث وجدتموهم)البراءة/٥: بتپەرستانتان لە هەر کوێ بینی، بیانکوژن. دیارە ئەم ئایەتە زاهیرەکەی ئەوە دەگەیەنێت، چونکە وشەی (المشرکین) عاممەو ئەلفولامی لەسەرە! بەڵام ئەو کەسانەی حوکم لەمە دەردێنن بێ ئاگان لەوەی چەندین ئایەتی تر هەن کە تەخصیصی ئەم ئایەتە دەکەن و نابێت حوکم تەنها لە ئایەتێک وەربگرن، کە ئایەتی تری پەیوەندیدار بە هەمان بابەتەوە هەیە. ئەمەش ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو ئایەتە:

ئەم ئایەتە ئایەتی پێنجەمە لە سورەتی (البراءة)، سورەتەکە تایبەتە بەو کافرانەی قورەیشەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ چەندین جار پەیماننامەی لەگەڵ مۆرکردن و شکاندیان و خیانەتیان کرد، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە سەرەتای سورەتەکەوە دەفەرموێت: (براءة من الله ورسوله إلى الذين عاهدتم من المشركين)، پاشان دەفەرموێت: (إلا الذين عاهدتم من المشركين ثم لم ينقصوكم شيئا ولم يظاهروا عليكم أحدا فأتموا إليهم عهدهم إلى مدتهم)، هەر لەو سیاقەدا دەفەرموێت: (وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله ثم أبلغه مأمنه)، دوای ئەوەش دەفەرموێت: (إلا الذين عاهدتم عند المسجد الحرام فما استقاموا لكم فاستقيموا لهم إن الله يحب المتقين).. ئەمانە هەموو ئیستیسناکردن و تەخصیصکردنی دەقە پێشووەکەن، کە دەیسەلمێنن فەرمانی کوشتنی دەقە (عام)ەکەی (فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم) تەنها تایبەتە بەو بێباوەڕانەی کە پەیمانیان شکاندووەو خیانەتیان کردووە.

دەی ئەوەتا خوای گەورە لە سەرەتاوە دەفەرموێت: بیانکوژن، بەڵام بە دوایدا دەفەرموێت: پەیمانەکەتان لەگەڵیان تەواوبکەن، واتە شەڕیان لەگەڵ

مەکەن. هەروەها دەفەرموێت: ئەوانەی داوای پەنابەریتان لێدەکەن، پەنایان بدەن، تا فەرمایشتی خوا ببیستن، پاشان بە سەلامەتی بیاننگەیەننەوە نیشتیمانی خۆیان.. جا، ئەمە ئەگەر (تعمیم) و (تخصیص) نیە، چۆن لە شوێنێک فەرمان بە کوشتن دەدات و لە شوێنی تر فەرمان بە پەنادان دەدات؟

کەواتە ئەم ئایەتەی ﴿فاقتلوا المشريكين﴾ تەخصیص کراوە بەو بێباوەڕانەی خائین و پەیمانشکێن و شەڕفرۆشن، نەک هەموو بێباوەڕێک..

**لەفزی (مطلق) و (مقید):**

جۆرێکی تر لە (ألفاظ) لەفزی موتڵەق و موقەییەدە، موتڵەق واتە ڕەها، موقەییەدیش سنوورەکانی ئەو ڕەهایە کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە: لە سورەتی (البقرة) دەفەرموێت: ﴿وأشهدوا إذا تبايعتم﴾: هەر کاتێک کڕین و فرۆشتن و مامەڵەتان کرد، شایەت بگرن. ئەم لەفزە لەفزێکی موتڵەقە، شایەتییەکە هەرچۆنێک بێت باسی نەکردووە. نموونەی موقەییەد ئەوەیە کە لە سورەتی (الطلاق)دا دەفەرموێت: ﴿وأشهدوا ذوي عدل منكم﴾، واتە: دوو کەسی دادگەر لە خۆتان بکەنە شایەت، کە عەدالەتیان تێدابێت، واتە نابێت کەسی ناڕاست و نادادگەر بگیرێت بە شایەت، بۆیە ئەو ئایەتە ڕەهاو موتڵەقە، سنووردارکراوە بە ئایەتی دووەم.

یان لە باسی وەصیەتدا لە سورەتی (المائدة) دەفەرموێت: (اثنان ذوا عدل منكم): دوو کەسی دادگەر لە خۆتان، تا وا نەزانین هەموو کەس بۆ شایەتیی دەشێت.

**بەراوردی لەفزی (مطلق) و (مقید):**

جا لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە کار بە هیچ لەفزێکی موتڵەق ناکرێت، تا بگەڕێین و دڵنیا ببینەوە ئایا بە لەفزی تر تەقیید کراوە یان نا؟ ئەگەر تەقییدو سنووردار نەکرابوو، ئەوە ئیش بە ڕەهاییبوونەکەی دەکرێت، ئەگەر تەقییدکرابوو، ئەوە لە ڕەهاییبوون دەکەوێت و بە پێی لەفزی دووەم کاردەکرێت. ئەمە ـ وەک پێشتر وتمان ـ بۆ بابەتی دەرهێنانی ئەحکام لە دەقە شەرعییەکان زۆر سوودی لێدەبینرێت و زۆرێک لەو تاقم و گرووپانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە زیادەڕەویی دەکەن و لە سنوور دەردەچن و لە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا توندوتیژیی دەکەن، لەفزێک لە قورئان دەهێنن کە (إطلاق)و ڕەهاییبوون دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەگەر شارەزای دەقە شەرعییەکان بوونایە، دەیانزانی ئەو دەقە هەرچەند لەو جێیەی خۆیدا ڕەهایی دەگەیەنێت، بەڵام لە جێی تری قورئانی پیرۆزدا موقەییەدو سنووردار کراوە.

**لەفزی (مجمل) و (مبین):**

جۆرێکی تر لە ئەلفاز لەفزی موجمەل و موبەییەنە، لەفزی موجمەل ئەوەیە کە واتاو دیلالەتی ڕوون نیەو موبهەمەو چەند شتێک دەگەیەنێت، مەبەست لێی بە تەواویی ڕوون نیە، ئەبێت پشت بە غەیری خۆی ببەستیت، تا بۆت ڕوون ببێتەوە. بۆ نموونە: باسی (الصلاة) لە ئایەتی (أقیموا الصلاة)دا موجمەلە، نوێژ چۆنەو ڕۆژانە چەند جارەو چەند ڕکاتەو چی تێدا دەخوێنرێت و وەستان و دانیشتن و هەستانەوەو جووڵەکانی ناوی چۆنن..؟ هیچ کام لەوانە لە ئایەتەکەدا ڕوون نەکراوەتەوە.

یان لە باسی زەکاتیش فەرموویەتی: (وآتوا الزكاة)، ئەویش موجمەلە، بەڵام زەکات چۆنە؟ پشکەکانی چەندن؟ لە چی و چیدا زەکات دەدرێت؟ بڕەکەی چەندە..؟ ئەمانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە، لەو ئایەتەدا هیچ لەوانەش باس نەکراوە.

ئەوە شێوەی لەفزی (موجمەل)، بەڵام (موبەییەن) ئەوەیە کە ماناو مەدلولی ڕوونە، واتە ڕوونکردنەوەی تێدایەو موجتەهید پێویستی بە گەڕان نابێت بۆ ڕوونبوونەوەی، وەڵامی ئەو پرسیارانەی تێدایەو مەبەست لێی ڕوونە. بۆ نموونە لە باسی لایەنێک لە پرۆسەی زەکاتدا خاوەن مافەکانی باسکردووەو فەرموویەتی: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ)، ئەم لەفزە ڕوونکردنەوەی تێدایە، شتێکی لە موبهەمیدا نەهێشتووەتەوەو ئەو هەشت تاقمەی باسکردووە کە زەکاتیان پێدەشێت، بۆیە دەشێت بەم برگەیە بگوترێت ڕوونکەرەوەو موبەیین بۆ لایەنێک لە موجمەلی ئایەتی (وآتوا الزكاة).

**بابەتی داپۆشینی قولەقاپ و حوکمەکەی، (بە نموونە) :**

با لێرەدا نموونەیەک بێنمەوە بە چەند فەرموودەیەک دەربارەی درێژیی جلوبەرگ، کە تێنەگەیشتنیان زۆر جار کێشەی لە هەندێک مزگەوتدا بۆ موسڵمانان ـ بە تایبەت لاوان ـ دروستکردووە:

١ـ فەرموودەیەک لە صەحیحی بوخاریدا هەیە دەفەرموێت: (ما أسفل من الكعبين من الإزار فهو فى النار)، واتە: هەر برێک لە کراس، یان پانتۆڵ، یان هەر پۆشاکێکی تر، لە خوار قولەقاپەوە بێت، ئەوە دەچێتە ئاگرەوە، واتە لە پاشەڕۆژدا بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێنرێت..

ئەم فەرموودەیە نابێت بە جیا کاری پێبکرێت و حوکمی لێ دەربهێنرێت، چونکە موجمەلەو چەند فەرموودەیەکی تر هەن کە پەیوەندییان بەم ڕیوایەتەوە هەیەو ڕوونی دەکەنەوە. بۆیە دەبێت کۆی فەرموودەکانی تر بهێنین، بزانین کامیان موجمەلەو ڕوونکردنەوەی دەوێت؟ کامیان موتڵەقەو سنووردارکردن و تەقییدی دەوێت؟ کامیان گشتیی (عام)ەو تایبەتکردنی دەوێت؟

پێویستە بگەڕێین، بزانین ئایا حیکمەتی چیە کە ئەم هەڕەشەیە کراوە؟ ئایا فەرموودەی تر هەن لەسەر هەمان بابەت؟

بە پێی گەڕانێک کە خۆم بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامم داوە، ئەم چەند فەرموودەیەی تریش هەن دەربارەی هەمان بابەت:

١ـ لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا ینظر الله إلی من جر إزاره بطرا): خوا سەیری کەسێک ناکات، کە بە فیزو لەخۆباییوونەوە کراسەکەی درێژ دەکاتەوەو ڕایدەکێشێت بە دوای خۆیدا.

٢ـ هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەفەرموێت: (من جر ثوبه خیلاء لم ینظر الله إلیه یوم القیامة): هەر کەس پۆشاکەکەی بەری بە فیزو دەعیەو تەکەببورەوە بە دوای خۆیدا ڕابکێشێت، خوا لە ڕۆژی دواییدا بە چاوی ڕەحم سەیری ناکات. لێرەدا پێشەوا ئەبوبەکری صدیق وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! من لایەک لە کراسەکەم شۆڕدەبێتەوە، (واتە قاچم دادەپۆشێت)، دەبێت زوو زوو بیپێچمەوەو بەرزی

بکەمەوە. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (إنک لست ممن یصنع ذلک خیلاء)[٢٣]: تۆ لەوانە نیت کە بە مەبەستی تەکەبوورو فیزو لەخۆباییبوون ئەو کارە بکەیت. !

٣ـ لە ڕێوایەتێکی پێشەوا (موسلیم)یشدا دەفەرموێت: (من جر إزاره لا یرید بذلک إلا المخیلة، فإن الله لا ینظر إلیه یوم القیامة): هەر کەس کراسەکەی بە دوای خۆیدا ڕابکێشێت و هیچ مەبەستێکی نەبێت جگە لە فیزو لەخۆباییبوون، بە دڵنیایی خوا لە پاشەڕۆژدا ڕووی ڕەحمەت ناکات بەلایدا.

وشەی (مخیلة) لەم فەرموودەیەداو (خیلاء) لە فەرموودەی پێشوودا، هەردووکیان لە (خەیل)ـەوە هاتوون بە مانای ئەسپ. دەڵێن: ئەوەی سواری ئەسپ دەبێت هەواو فیزو دەعیەیەک لە کەللەی دەدات، چونکە خۆی لە بەرزیدا دەبینێتەوە.!

پێویستە لێرەدا ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە درێژکردنەوەو کشاندنی جلوبەرگ بە زەویدا، مۆدەو عادەتێکی نەفامیی طاغوت و ملهوڕەکانی قورەیش بوو، کە دەبوو کراسەکەی بەریان گەزێک ـ هەندێکیان زیاتر. لە باڵای خۆیان درێژتر بێت و نۆکەرو کۆیلەکانیان لە دواوە بۆیان هەڵگرن، هەمان ئەو عادەتە قێزەونەی کە ئێستەش لە هەندێک فلیم و دراما ئەوروپییەکاندا ئەنجام دەدرێت.!

بەم جۆرە بینیمان کە ئێمە فەرموودەیەکی موجمەلمان هەبوو، کە فەرمووی: هەرکەس کراسی بەری لە قولەقاپی خوارتر بێت، ئەوە لە دۆزەخدایە، بەڵام بینیشمان کە سێ فەرموودەی تر تەبیینی ئەو فەرموودە موجمەلە دەکەن و ڕوونی دەکەنەوە کە هۆکاری هەڕەشەکە تەکەبوورو فیزو لەخۆباییبوونەو

---

[٢٣] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: (٥٧٨٤)، صەحیحە موسلیم، بە ژمارە: (٢٠٨٥).

حیکمەتی ئەو حوکمە ئەوەیە کە موسڵمان خاکیی و (متواضع) بێت و خۆی لە خەڵکی جیانەکاتەوەو فیز بەسەر کەسدا نەکات.

جا ئەگەر بەم تێگەیشتنەوە لەو دەقانەو لەو حوکمە تێبگەین، ئەوا لە سەدا نەوەدی موسڵمانانیش نانێرین بۆ دۆزەخ، کە لەم سەردەمەدا خوار قولەقاپیان بە پانتۆڵ و بیجامەو دشداشەکانیان داپۆشراوە، چونکە دەزانین بە نیازی فیزو لەخۆباییبوون و تەکەببورو خۆجیاکردنەوە لە توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگە، ئەو کارەیان نەکردووە، ئاخر خۆیان لە کێ جیابکەنەوە، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەمانجۆر پۆشاکیان لەبەردایەو کەس بەو کارە فیز بەسەر کەسی تردا ناکات؟!

کەواتە مەنهەجیەتی دروست بۆ مامۆستایەکی بەڕێزی مزگەوت، یان بانگخواز، یان وتاربێژێک ئەوەیە کە ـ بۆ نموونە ـ هەر کات فەرموودەی (ما أسفل من الكعبين فهو فی النار) دەخوێنێتەوە، ئەو سێ فەرموودەیەی تریش باسبکات و نەیانشارێتەوە، هەر چواریان لێکبدات و بەمجۆرە پوختەی ماناکەیان دەربهێنێت و بڵێت: هەر کەس لەبەر فیزو دەعیەو تەکەببور پۆشاکی بەری درێژکردەوەو کشانی بەدوای خۆیدا، ئەوە ئەو بەشەی قاچی کە داپۆشراوە بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێنرێت. بۆیە کاتێک ئەبوبەکری صدیق وتی: جار جار کراسەکەی من شۆڕدەبێتەوە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەوە تەکەببوری تێدا نیەو تۆ ئەی ئەبوبەکر! بۆ فیز ئەوە ناکەیت. ئەمە دەری دەخات کە حیکمەت و هۆکارێک لەو فەرموودەیەی یەکەمدا هەیە، یان مەبەستێک هەیە، بۆیە دەبێت لە کۆی هەموویان حوکمەکە دەربهێنین، نەک لە یەک دانەیان.

**بابەتی شێوەی سوننەتی سیواککردن، (بە نموونە) :**

نموونەیەکی تر شێوەی سیواککردنە، کە چەند فەرموودەیەکی لەسەرە:

١ـ فەرموودەیەک لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لولا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة): ئەگەر زەحمەتم دروست نەکردایە  لەسەر ئوممەتەکەم، فەرمانم پێدەکردن کە لەگەڵ هەر نوێژێکدا سیواک بکەن.

باشە ئەم ڕیوایەتە کەی ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بێیتە ناو جەماعەت و لەناو مزگەوت و بە بەرچاوی خەڵەکەوەو لە کاتی قامەتکردندا سیواک لە گیرفانی چڵکن و تۆزاویتا دەربهێنیت و بیخەیتە دەمتەوەو دوایی بە لیک و پیسییەکەی ناودەمتەوە، بیخەیتەوە گیرفانت، یان بیکەی بە قەدتدا؟!

ئایا باشترو دروستتر ئەوە نیە کە لە سەرچاوەکانی فەرموودەداو (شمائل الرسول)دا بگەڕێین بزانین پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن سیواکی کردووە، تا لەو ئیشکالاتە ڕزگارمان ببێت کە لە وێنەی سەرەوەدا بۆمان دەرکەوتن؟

٢ـ ئەی بۆچی کار بەم فەرموودەیەیان ناکرێت کە پێشەوایان (مالک و نەسائی و ئەحمەد گێڕاویانەتەوە)و دەفەرموێت: (لولا أن أشق على أمتي لأمرتهم عند كل صلاة بوضوء، ومع كل وضوء بسواك ): ئەگەر ناڕەحەتیم لەسەر ئوممەتم دروست نەدەکرد، فەرمانم بەسەردا دەدان کە لەگەڵ هەر نوێژێکدا دەستنوێژ هەڵگرن و لەگەڵ هەر دەستنوێژێکیش سیواک بکەن.

٣ـ لە ڕیوایەتێکی تردا لە صەحیحی (ابن حبان) دەفەرموێت: (لەگەڵ هەر دەستنوێژێکدا سیواکی دەکرد)..

٤ـ طەبەرانی دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرنەئەچوو لە ماڵەوە هەتاکو سیواکی نەکردایە.

٥ـ عائیشەی دایکی ئیمانداران دەفەرموێت: کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ دەستنوێژی دەگرت، سیواکەکەم بۆ دەردەهێناو دەمشوشت، پاشان سیواکی پێدەکرد، دوای ئەوە بۆم دەشوشتەوەو هەڵمدەگرتەوە. (أبو داود).

٦ـ ابن عباس دەفەرموێت: (کان رسول الله ﷺ یصلي باللیل رکعتین رکعتین، ثم ینصرف فیستاک)، (ابن ماجة)، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دوو ڕکات دوو ڕکات نوێژی دەکرد، پاشان دەڕۆیشت و سیواکی دەکرد. ئەمە دەری دەخات کە لە کاتی وەستانیدا بۆ نوێژکردن، سیواکی نەکردووەو دوورکەوتووەتەوە بۆ سیواککردن.

ماوەتەوە ئەوەش بزانین کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ و چوار خەلیفەکەشدا مزگەوتەکان بەلۆعەو ئاویان تێدانەبووەو خەڵکی لە ماڵەوە دەستنوێژیان گرتووەو لەگەڵ هەر دەستنوێژێکدا سیواکیان کردووە، پاشان سیواکەکەیان شتووەو خستوویانەتەوە ناو سیواکدانەکەیان تا کاتی دەستنوێژ گرتنێکی تر.

بۆیە هەندێک لە زانایانی حەنەفی و مالیکی دەڵێن: سیواککردن لە ناو مزگەوتدا کەراهەتی هەیە، پێشەوا قورطوبی هەر بەم دەقە وتوویەتی: "ولا یتسوک فیها لأنه من إزاله القذر "[٢٤] : لە مزگەوتەکاندا سیواک ناکرێت، چونکە

[٢٤] المفهم لما أشکل من تلخیص مسلم، القرطبی، ٥٤٤/١.

بەشێکە لە لابردنی پیسی. دیارە کە سیواک دەکەی، شتی زیادی ناو دەمت دەردەهێنی و ئەگەری زۆرە بکەوێتە سەر فەرشی مزگەوت.

تەنانەت زانایانی مالکی و حەنەفی وتوویانە: لە شوێنی گشتیداو لەناو خەڵکدا نابێت سیواک بکرێت، کەواتە لە ناو پاس، تەکسی، میترۆ، شەمەندەفەر، فڕۆکە، یان ناو بازاڕو دوکان و مۆڵ و هەر قەرەباڵغییەکی تردا نابێت سیواک بە بەرچاوی کەسانی ترەوە بکرێت.

بۆیە نابێت باسی سوننەتبوونی سیواککردن تەنها لەو فەرموودەیەی یەکەمی سەرەوە دەربێنین و بڵێین: سیواککردن لە کاتی دەسپێکردنی هەر نوێژێکدا سوننەتەو ڕیوایەتەکانی تر وەلانێین کە چۆنییەتییەکەمان بۆ ڕوون دەکەنەوەو بە هەموویان دەریدەخەن کە پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەوە لەگەڵ دەستنوێژگرتندا سیواکی کردووەو دەمودانی پاککردووەتەوە، دواتر هیچی نەخواردووەو چووە بۆ مزگەوت و نوێژەکەی کردووە، لە دوای نوێژەکە ئەگەر شتێکی خواردبێت ـ لە مزگەوت یان لە دەرەوەی مزگەوت ـ چووەتەوە ماڵەوەو سیواکەکەیان بۆ شتووەو سیواکی کردووە، یان جارێکی تر کە دەستنوێژی گرتووەتەوە بۆ نوێژێکی تر دووبارە سیواکی کردووەتەوە، بە هەمان شێوە ڕۆژانە لە ماڵەوە دەمودانی خاوێن کردووەتەوە، وەک لە ڕێوایەتەکەی عائیشەوە دەردەکەوێت سیواکەکەی نەبردووە بۆ مزگەوت و لە ماڵەوە لە کاتی دەستنوێژگرتندا سیواکی کردووە.

بەم شێوەیە ڕزگارمان دەبێت لە دیاردەی سیواککردن بە شێوەی ناسوننەتی و لە ناو چڵکی گیرفاندا، یان لەگیرفاننانی بە تەڕیی پاش بەکارهێنانی لە کاتی نوێژدا، هەروەها ئەزیەتدانی موسڵمانان بە کاری پاککردنەوەکەی دەمودان و

ئەگەری پیسبوونی ناومزگەوت. هەموو ئەم شتانە کە نەک هەر سوننەت نین، بەڵکو پێچەوانەن بە ئایەتی (إن الله یحب المتطهرین)و دژن بە سوننەتی کردەیی پێغەمبەری خواش ﷺ.

بە کورتی: حوکمی لەفزی موجمەل و موبەییەن ئەوەیە کە: نابێت کار بە موجمەل بکرێت، تا کاتێک دیلالەت و ماناکەی بە ئایەتێک یان سوننەتێکی چەسپاو ڕوون دەبێتەوە، کە تەبیینی ئەو موجمەلەمان بۆ بکات. هەروەها دەبێت بۆ هەر حوکمێکی شەرعی کۆی ئەو ئایەت ـ یان فەرموودانەـ بێنین کە پەیوەندیدارن بە یەک بابەتەوە، ئەو کاتە ئیتر لایەنەکانی بابەتەکە ڕوون دەبنەوەو حوکمی نادروست دەرناکەین و ئەم و ئەویش بە موبتەدیع و لادەر نازانین و موسڵمانێکی ئەهلی مزگەوت ـ تەنها لەبەر ئەوەی پانتۆڵەکەی کەمێک لە قاچی داپۆشیوە، یان لەماڵەوە بە شێوەی سوننەتیی سیواکی کردووەو لەبەرچاوی تۆ نەیکردووەـ بە دەرچوو لە ئاین لە قەڵەم نادەین..!

# وانەی دەیەم

## بابەتی (محکم) و (متشابە)

(موحکەم) و (موتەشابھ) لە ناو زانستەکانی قورئانناسیدا بابەتێکە لەو بابەتانەی بۆ خۆی بووەتە زانستێکی سەربەخۆو زۆرێک کتێبی لەسەر نووسراوەو زانایەکی وەک (سیوطی) کتێبێکی نایابی لەسەر نووسیوە، هەروەها زانایانی تریش پێش ئەوەو دوای ئەوەش، دەیان کتێبیان لەسەر نووسیوە.

**پێناسی (محکم) و (متشابە).**

ئەم دابەشکردنە بۆ هەندێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆ (محکم و متشابە) لە ڕووی واتاوەیە، واتە لە ڕووی مانای ئایەتەکانەوە قورئان بە شێوەیەکی گشتیی کراوە بە دوو بەشەوە: بەشێکیان ناوناوە (محکم): ئەو ئایەتانەن کە ماناو دیلالەتیان ڕوونەو یەک مانا دەدەن بەدەستەوەو خیلاف لە ماناکەیاندا دروست نەبووە. (متشابە) بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ئایەتانەن کە زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن. ئەڵبەتە لەسەر پۆلێنکردنی ئەوەی کە کام ئایەتانە (محکم)ن و کام ئایەت (متشابە)ن، خیلافێکی زۆر هەیە، لێرەدا ناچینە تەفاصیلی ئەوەوە، بەڵام ئاماژە بە خیلافەکان دەکەین، بۆ ئەوەی وەکو زانستێک ئاگاتان لێبێت.

سەرەتا دەچینە خزمەتی قورئانی پیرۆز کە بۆ خۆی بە ڕوونیی باسی (محکم و متشابە)ی کردووە، واتە پۆلێنی ئایەتەکانی کردووە بۆ ئەو دوو جۆرە، بەڵام لە تەفسیری ئایەتەکاندا خیلاف دروستبووە، لە سورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێت:

﴿هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ﴾.

زۆرینەی موفەسسیرو قورئانناسان بەم شێوەیە خوێندوویانەتەوە، قیرائەتێکی تریش هەیە کە بەم شێوەیە ئەم ئایەتەیان خوێندووەتەوە: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ ، وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا﴾ واتە لەسەر (إلا الله) دەوەستن و لە (والراسخون)ەوە وەک ڕستەیەکی نوێ دەستپێدەکەن. ئەمە بابەتێکی زمانەوانی نەحوییە، کە کاریگەریی لەسەر مانا هەیە، واتە هەندێک وشەی (الراسخون)یان عەطف کردووەتە سەر لەفزی جەلالە (وشەی الله) بەو شێوەیە دەڵێن: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ﴾، کە بەم شێوەیە بێت ماناکەی دەگۆڕێت، هەندێکیش وتوویانە (والراسخون..) عەطف ناکەین بە مانای ئەوەی کە (وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ) سەرەتای ڕستەیەکی نوێیەو دەبێتە موبتەداو (يَقُولُونَ..) دەبێتە خەبەر، مانای ئەم ئایاتە دەکەین و دواتر دەچینە سەر جیاوازیی ئەو دوو جۆرە خوێندنەوەیە:

ئایەتەکە دەفەرموێت: زاتی (الله) ئەو زاتەیە کە کتابی ناردووەتە سەر تۆ ئەی موحەممەد! هەندێک لەو قورئانە ئایەتانێکی موحکەمن، بە مانای ئەوە کە مانایان ڕوونەو یەکسەر تێیاندەگەین، ئەمانە دەبنە دایکی کتاب، واتە سەرچاوەو مەتنی سەرەکیی کتاب. هەندێکی تر لە ئایەتەکانی (موتەشابە)ن، بە مانای ئەوەی کە چەند مانایەک هەڵدەگرن، ئەوانەی کە لە دڵەکانیاندا نەخۆشی هەیە، شوێنی ئەو بەشە لە ئایەتەکان دەکەون کە زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن، بە مەبەستی ئاشووب و فیتنەنانەوە لە ناو موسڵماندا، هەروەها بە مەبەستی

تەئویلکردن بە ئارەزووی خۆیان، لە کاتێکدا تەئویلی ڕاستی ئەو ئایەتانە کەس نایزانێت خودا نەبێت، ئەوانەی کە ڕۆچوون لە زانستدا دەڵێن: بڕوامان بە کۆی ئەم کیتابە هێنا، هەمووی لە لایەن پەروەردگارمانەوەیە، وریا نابنەوەو وەبیرخۆناهێننەوە ئەوانە نەبێت کە خاوەن هزرو بیرن. ئەمە ماناکردنی ئایەتەکە بە شێوەخوێندنەوەی یەکەم.

مانای دووەمی ئایەتەکە ئەمەیە: کەس تەئویلی ئەو ئایەتانەی (متشابە)ن نازانێت خوا نەبێت و ئەو زانایانەی کە لە زانستدا ڕۆچوون..

دوو ئایەتی تریش هەن کە پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە، سەرەتای سورەتی هود کە دەفەرموێت: ﴿الر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ﴾، واتە: ئەم کتابە کتابێکە ئایەتەکانی توندوتۆڵ کراون و پێکەوەبەستراون، دوای ئەوە درێژەیان پێدراوە، واتە ڕوون کراونەتەوە لە لایەن زاتێکەوە کە کاربەجێ و شارەزاو زانایە.

ئایەتی دووەم لە سورەتی (الزمر) دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا﴾، واتە: خوای گەورە باشترین وتەو فەرموودەی ناردووە، کە ئەم قورئانەیە، کتابێکی (متشابە)ـە، واتە لێکچووە.

جا لەبەر هاتنی وشەی (محکم) لە ئایەتەکەی سورەتی هودو هاتنی وشەی (متشابە) لە ئایەتەی سورەتی (الزمر)دا پێشەوا (سیوطی) هەندێک بۆچوونی نەشازی هێناوە، گوایە هەندێک لە زانایان وتوویانە قورئان هەمووی (محکم)ە، بە دەلیلی ئەوەی کە لە سورەتی (هود)دا فەرموویەتی﴿كتاب أحكمت آياته﴾، بەڵام وەڵامی ئەمە ئەوەیە کە ئێستە باسمان کرد، لە سورەتی (آل عمران)

دەفەرمویێت: ﴿مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ﴾ ، هەر خۆی پۆلێنیان دەکات بۆ دوو بەش: هەندێکی (محکم)ەو هەندێکی (متشابه).

هەندێکی تر - کە کەمینەیەکن - وتوویانە: قورئان هەمووی (متشابه)ە، چونکە لە سورەتی (الزمر)دا دەفەرمویێت: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا﴾، کە ئەمەش هەمان وەڵامی پێشووی دەدەینەوە، کە قورئان خۆی دابەشیدەکات هەردووکیان، ئیتر چۆن دەڵێن هەمووی موحکەمە؟ یان هەمووی موتەشابەهە؟ ئەوە مانای وایە وشەی (محکم ومتشابه) لەو دوو ئایەتەدا مانا لەفزییەکەیان مەبەستە کە دەفەرمویێت: ﴿كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ﴾ موحکەم بە مانای ئەوە نا کە زانایانی (علوم القرآن) کردوویانە لە پۆلێکردنەکەدا، بەڵکو بە مانای ئەوەی کە هەمووی توندوتۆڵەو پێکەوەبەستراوەو هیچ خیلافێکی تێدا نییە، کاتێکیش کە دەفەرمویێت: ﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا﴾ متشابەهـ بە مانای ئەوە نا کە وەکو زاراوە لە لایەن زانایانەوە بەکارهاتووە، بەڵکو بە مانا زمانەوانییەکەی، واتە ئەم قورئانە لێکچوونی زۆرە لە ڕووی ئیعجازەوەو لە ڕووی هێزی ماناو لە ڕووی ڕاستی و حەقگوتنەوە، نەک بە مانای ئەوەی کە جیاواز بێت لە موحکەم.

کەواتە ئەو دوو قەولە زۆر لاوازن و ڕەتدەکرێنەوە، قەولی صەحیح و دروست ئەوەیە کە قورئان بەشێکی موحکەمەو بەشێکی متشابە، بە پشتبەستن بە ئایەتەکەی سورەتی (آل عمران) کە باسمان لێوەکردو زۆر ڕوونە. ئەو ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێک لە ئایەتەکانی قورئان (محکم)ن و ناوی ناون (أم القرآن)، لێرەوە تێدەگەین کە مەبەستی لە (محکم) ئەو بەشەیە لە ئایەتەکان کە

ڕوونن و تەئویلیان پێوست نییەو یەک مانا دەبەخشن. ئەو ئایەتانەی تریش کە هەر قورئانی پیرۆزن و (متشابە)ن، بە مانای ئەوەی کە لە کات و حاڵەتی جیاواز جیاوازدا، لە ژینگەی جیاواز جیاوازدا، بە پێی پێویستیی مرۆڤەکان، دەکرێت مانای تریان لێ بخوێنرێتەوە، ئەوانە ناونراون (متشابە).

جا، زانایان گەڕاون بە دوای ئەو ئایەتانەدا، بۆ نموونە: وتوویانە (موحکەم) ئەو ئایەتانەن کە ناسخن، یان حەڵاڵ و حەرام باسدەکەن، یان دەربارەی (حدود)و (فرائض)ن، واتە هەمان ئەو مانایە دەدەن کە پێشتر وتمان، مانایان ڕوون و ئاشکرایە. (متشابە)یش ئەو ئایەتانەن کە مەنسوخن، یان ماناکانیان ڕوون نین، وەکو ئایەتەکانی (أسماء و صفات)ی خوای گەورە، یان وەکو (فواتح السور) سەرەتاکانی ئەو سورەتانەی کە بە پیتەکان دەست پێدەکەن وەکو: (الم، الر، حم، یس، ص..)، یان هەندێک ڕووداوی قیامەت و بابەتی پەیوەندیدار بە بەهەشت و دۆزەخەوە کە مرۆڤ زۆر باش تێیان ناگات، یان لە یەک مانا زیاتر لەخۆدەگرن، وەکو ئایەتی حەرام و حەڵاڵ و فەرزو ئەوانە نین کە حوکمەو دەتوانی جێبەجێی بکەیت، لە ڕووی ماناو تێگەیشتنەوە زیاتر لە مانایەک دەبەخشێت، زانایان ئەو جۆرە پۆلێنەیان کردووە، بۆ نموونە: وتوویانە ئایەتێکی وەکو ﴿الرَّحْمَٰنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَىٰ﴾ دەچێتە خانەی (متشابە)وە، کە دەفەرموێت: خوای خاوەن ڕەحمەت لەسەر عەرش وەستا. ئەم ئایەتە چۆنی تەفسیر بکەی؟ چۆن بیگونجێنی؟ چۆن بیخەیتە زیهنی خوێنەرەوە؟ ئەمە (متشابە)ە، بە مانای ئەوەی وەکو ئایەتێکی تری (موحکەم) نیە، بۆ نموونە وەک مانای ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ نیە کە یەکسەر دێتە زیهنت، بەڵام کە باسی

وەستان و (استواء)ی خوای گەورە ئەکەیت، وێنایەکی کامڵ نایەتە بەرچاوت، یان کاتێک دەفەرموێت ﴿ويبقى وجه ربک﴾ ، یان ﴿ يد الله فوق أيديهم ﴾، یان ئایەتی دروستبوونی عیسا، یان ئایەتی: ﴿والسماوات مطويات بيمينه﴾ ، یان دەفەرموێت: ﴿وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا﴾.. ئەمانە وێنای تەواوی ماناکەیان ڕوون نیە، بۆیە بۆتە کێشە لە نێوان هەندێک تاقم و فیرەقی ئیسلامیدا، ئەوانەی کە مانای لەفزییان کردووە وتوویانە: (الرحمن على العرش استوى) تەواو، خوای گەورە وەستا لەسەر عەرش و بڕایەوە، بۆیە لەلایەن نەیارەکانیانەوە ناونراون (المجسّمة)، چونکە جیسم بۆ خوا بڕیار دەدەن، ئەمانیش ئەوانیان بەوە ناوناوە کە (المعطّلة)ن، بە مانای ئەوەی کە صیفەتی خوا ئینکار دەکەن، لە ڕاستیدا حەددی میانەی ئەمە ئەوەیە کە ئەم جۆرە ئایەتانە لە شێوەی (استعارە)ن و خوازراوەن، خوای گەورە ویستوویەتی زیهنی ئینسانەکان نزیک بکاتەوە لەوەی کە لە صیفەتەکە تێبگەن. کاتێک خوای گەورە لەسەر عەرشی دەسەڵات ڕادەوەستێت، ئەمە لە زیهنی خوێنەر نزیک دەکاتەوە لەوەی کە باسی شکۆو دەسەڵاتی ئیلاهییە. یان کاتێک دەفەرموێت ﴿ويبقى وجه ربك﴾ ، ئەتوانی بڵێی: یانی (ويبقى ربک)، ئیتر ئەوەندە قوڵبوونەوەی ناوێت، تا بگاتە حەددی تەجسیم، یان ئینکاری هەمووی بکەیت، تا بگاتە حەددی (تعطيل). یان کە دەفەرموێت: ﴿وجاء ربک) ئێ دیارە خودای گەورە هاتنێکی هەیە، بەڵام شایستەیە بە زاتی گەورەی خوا، یان دەستی هەیە، دەستی قودرەتی هەیە، چاوی هەیەو ئەبینێ، یان خەبیرەو شارەزایە، یان کە قسە دەکات، وە هەروەها هەموو شتەکانی تر.. ئایەتی زۆر هەن ئەگەر مرۆڤێکی ئاسایی بیەوێت لەم

شتانە تێبگات دەبێت بەخواستن و (استعارە) کەلیماتێک بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی ئینسانەکان تێبگەن، خۆ ئەگەر بە شێوەیەک کە پڕاوپڕ وەصفی تەواوی حاڵەتەکانی زاتی خوای بکردایە، ئینسانەکان تێینەدەگەیشتن، یانی زیهنیان وەرینەدەگرت، بۆیە بەکارهێنانی دەست و دەموچاوو هاتن و ڕۆیشتن و ئەوانە کە لە ئایەت و فەرموودەدا کە هەن، بۆ نزیکخستنەوەی زیهنی بیسەرە، تا تێبگات لە صیفەتە خواییەکان و لە گەورەیی خوا تێبگات، بۆ نموونە کە باسی عەرش دەکات، مرۆڤ لە عەرشەوە پادشایی و دەسەڵاتێکی دێتە بەرچاو، کە کاتێک خوای گەورە ئەو وشەیە بەکاردێنێت یەکسەر تێدەگات، واتە ئەم باسە باسی سەڵتەنەت و تواناو دەسەڵاتە، ئەوەش نابێتە تەئویل، یان تعطیل بۆ صیفات، بەڵکو تۆ صیفەتەکە باشتر دەگەیەنی بە زیهنی بیسەرەکە، ئەمە ـ والله أعلم ـ باشترین قسەیە کە لەو زەمینەدا کرابێت.

لەم بابەتەدا زانا زمانزانەکان ڕایان جیاوازە لە ئوصولییەکان، ئوصولییەکان دەیبەنەوە بۆ بابەتی مەنسوخ و ناسخ، بۆ نموونە: دەڵێن (موحکەم) هەموو ئەو ئایەتانەن کە ناسخن، غەیری مەنسوخن، بۆیە پێشەوا (شاطبی) نزیکەی دە بۆ دوازدە لاپەڕەی لە (الموافقات)دا دەربارەی بابەتی (محکم ومتشابە) نووسیوە، لە یەکێک لە قسەکانیدا دەڵێت: "(متشابە) کەمەو جۆراوجۆرە، ئەوانەن قەواعیدی گشتییان تێدا نییە، بەڵکو لە فروعی مەسائیلدا هاتوون، مەنسوخ زۆر کەمە". یان قسەیەکی جیاواز لەوەی کە لە ڕووی لوغەوییەوە موفەسسیرەکان دەیکەن، یان یەکێکی وەکو (ابن حزم) دەڵێت: (متشابە) بریتین لە سەرەتا (فواتح)ی سورەتەکان، وەکو ئاماژەم پێکرد: (الم، الر، ص، یس)، هەروەها

سوێندەکان کە لە قورئاندا هەن، وەکو: (والطور، والنجم، والشمس، والليل..)، کە ئەوە لە کتێبی (احکام)دا باسی دەکات، ئەوەی کە موفەسیرین پێی نەگەیشتوون بە مانای حەقیقی ئەوانەی هەموو ناوناوە (متشابە)، پێشەوا (سیوطی) ـ وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد ـ چەند لاپەڕەیەکی زۆری تەرخان کردووە بۆ ئەم بابەتەو لە نموونەکانی (محکم)دا ئەقوالی هێناوەو وتوویەتی: "هەندێک دەڵێن (محکم) ئەوەیە کە مەبەست لێی معلوم بێت، (متشابە)یش ئەوەیە کە عیلم بە حەقیقەتی شتەکە، تەنها لای خودای گەورە بێت". جا نموونە دێنێتەوە بە بابەتی قیامەت و (حروف متقطعە)و دەڵێت: هەندێکیش وتوویانە: "(محکم) ئەوەیە مانای ڕوون بێت، (متشابە)یش ئەوەیە کە مانای ڕوون نەبێت".

هەندێکی تر وتوویانە (محکم) ئەوەیە یەک مانا هەڵبگرێت، (متشابە) ئەوەیە چەند مانایەک هەڵبگرێت. هەندێکی تر وتوویانە (محکم) ئەوەیە کە ماناکەی مەعقول بێت، (متشابە) ئەوەیە کە ماناکەی مەعقول نەبێت، (کە ئەمە بە ڕاستی قسەیەکی نادروست و ناشایستەیەو ئەدەبی تێدا نیەو نەدەبوو (سیوطي) یاسی بکردایەو نەدەبوو بکەوتایەتە ناو کتێبەکانی زانستی (علوم القرآن)، چونکە تۆ مانایەک نەزانیت، ئیتر نابێت بڵێیت نامەعقول، ئەوە خۆتی کە ناتوانیت دەرکی حەقیقی ئایەتەکان بکەیت). هەروەها دەڵێت: هەندێکی تر وتوویانە: (محکم) بریتییە لە فەرائیزەکان و وەعدو وەعیدو ئەحکام و ئەو شتانە، (متشابە)یش ئەو شتانەی ترە، غەیری ئەو بابەتانەنە..

**پوختەی مانای (محكم) و (متشابە):**

لەبەر ئەوە كە قسەكان زۆرن، بە پێویستی نازانم هەموویان بێنم، نەتیجەیەكی كورت و پوخت باسدەكەم، ئەویش ئەوەیە كە (محكم) بریتییە لەو ئایەتانەی كە قورئان ناوی ناون (أم الكتاب)، ئەوانەن كە وەكو هەوێنن، مانایان موحكەمە، بە مانای ئەوەی توندوتۆڵەو زیاتر لە مانایەك هەڵناگرن و پێویستیان بەوە نییە كە ڕاڤەو شروحاتی زۆر بكرێن و خوێنەر یان بیسەر ئەگەر ڕەچاوی قەواعیدی عەرەبی بكات یەكسەر نەتیجەیەك وەردەگرێت. دەكرێت بڵێین: ئەو ئایەتانەی ئەو بابەتانەیان تێدایە كە دەبنە ثەوابتی قورئان، دەتوانین ناویان بنێین (محكمات)، (متشابهات)یش ئەوانەن كە دەچنە خانەی (متغیرات)، واتە ئەو ئایەتانەی كە بابەتەكانیان دەچنە خانەی (متغیرات)و گۆڕانیان بەسەردا دێت، كە ئەمە یەكێكە لە نهێنییەكانی قورئانی پیرۆز، نابێت ئەمە بە ئیشكال بزانین، بەڵكو یەكێك لە نهێنییەكانی قورئانی پیرۆز ئەوەیە كە هەندێك لە ئایەتەكانی واتای زۆر هەڵدەگرن، بە دەستەواژەی زانایان (حمال أوجه)ن، لە هەر سەردەمێدا بە پێی ئاڵوگۆڕێك كە سەری هەڵداوەو سەرهەڵدەدات، یان لە ڕووی كۆمەڵایەتی، یان لە ڕووی دەروونیی، یان لە ڕووی ئابووریی و لە زۆربەی لایەن و ڕووەكانەوە، مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن، ئەو ئایەتانە (متشابە)ن، لەبەر ئەوە ئەمە نەك ئیشكالەو لاوازیی، بەڵكو نهێنیی بەشێك لە ئیعجازی قورئان دەردەخات، بەڵكو نیشانەی ئەوەیە كە ئەم قورئانە فیعلەن مەنهەجی هیدایەتی ئیلاهییە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، چونكە بڕیارە بۆ سەردەمێك نەبێت و بۆ هەموو سەردەمەكان بێت، بڕیارە بۆ

کۆمەڵگەیەک نەبێت و بۆ هەموو کۆمەڵگەکان بێت، بڕیارە بۆ ژینگەیەکی سیاسی دیاریکراو نەبێت، بۆ هەموو ژینگەکان بێت.. بۆیە دەبێت وەڵامگۆی هەموو ئەگەرەکان و هەموو کاتەکان بێت..

کەواتە لەو ڕووەوە کە دەقەکان سنووردارن و ڕووداوەکان بێسنوورن، دەقەکان کەمن و ڕووداوەکان زۆرن، لەو ڕووەوە دەبێت هەندێک لە مەتنی ئەم ئایەتانە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ ئەوە بشێت کە چەند ڕوو هەڵبگرێت، چەند مانا هەڵبگرێت، هیچ دژایەتیەکیشیان نەبێت..

بەڕای بەندە ئەمە باشترین واتاکردنە بۆ دوو دەستەواژەی (محکم و متشابه)، هیوادارم بەمە بتوانین لە بەشێک لە نهێنییەکانی قورئانی پیرۆز تێبگەین، کە بەشێک لە ڕووی ئیعجازی تەشریعی دەخاتە ڕوو و بە پێی دەقی ئایەتەکەی سورەتی (آل عمران) کە دەفەرموێت: ﴿وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا﴾ ، ئەوەش ئاماژەیەکە کە ئیتر پێویستی بەوە نیە بکرێتە دوو بەش و دوو بەشەکەش دژ بە یەک بن، بەڵکو هەمووی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە هاتووە، هەمووی ڕەحمەت و هیدایەتە، هەمووی بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ ئاسوودە بێت، ئەم سەرچاوەی هیدایەتە بە ڕوونیی دەبێت مانای هیدایەتی تێدابێت، کە یەکێک لە ماناکانی هیدایەت ڕوونکردنەوەو بەرچاوڕوونیی بەخشینە، ئەمەش ئەوانە دەیزانن کە لە زانستدا ڕۆچوون (الراسخون فی العلم)، خەڵکی سادەو سەتحی نایزانن و یەک مانای لێهەڵدەگرن، دواتر دژی مانایەکی تر کە دەکرێت دژ ئەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو مانایە، بەڵام ئەهلی عیلم لەو ڕووەوە تێدەگەن کە ئەمە هەمووی لەلایەن خواوەیەو مادام

لای خواوەیە هیدایەتەوەو هیدایەت بە مانای ڕوونیی دێت، قورئان لە ئایەتەکانی سەرەتایدا یەکسەر دەفەرموێت: (هدى للمتقين)، دواییش فەرموویەتی: (هدى للناس)، ئەم سەرچاوەی هیدایەتە نابێت ناڕوون بێت، لە چەندین شوێنی تریشدا قورئان خۆی ئاماژەی پێکردووە کە ئەم قورئانە ئاسانکراوە، لەبەر ئەوە هەر ماناکردنێکی (متشابه) بەو ڕووە سلبی بێت، بە مانای ئەوەی ئاڵۆزبێت و تێینەگەین و مانای حەقیقی دەرنەکەوێت، ئەوە تەفسیرێکی هەڵەیە، چونکە دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندییەی کە بۆ قورئان بڕیار دراون، وەک (میسر)ی (مبين)ی و ئاسانکاری، فەرموویەتی: (بلسان عربي مبين)، بەخشینی زیاتر لە یەک ماناش لە لایەن ئایەتێکەوە، هەرگیز بە مانای ناڕوونی و دژایەتی موبینییەت نیە، تا بڵێین دژی موحکەمە.

بێگومان قسەی تریش زۆر کراوە لە بواری (محكم و متشابه)، بەڵام بە پێویستی نابینم کە زیاتر لەسەری بڕۆین، چونکە زیهنی خوێنەر پەرت دەکات و لە ئەسڵی بابەتەکە لایدەدات، بۆیە بەوەندەی کە باسمان کرد تێدەگەین کە مەبەست لە ئایەتی (محكمات) ئەوانەن ماناکانیان ڕوونن و نەگۆڕن و جێگیرن، کە بریتین لە ئایەتەکانی ئەحکام، ئایەتەکانی باسی بەها ئەخلاقییەکان، هەروەها فەرائیزەکان و باسی حەڵاڵ و حەرامەکان، ئەوانەی کە بۆ هەموو سەردەمێک پێوستیان بەوە نییە تەئویل و تەفسیری جۆراوجۆر بکرێن. (متشابهات)ەکانیش ئەوانەن کە کات و حاڵەت و ژینگەو شوێن تەحەککوم دەکەن لەوەی کە

ئاڵوگۆڕێک لە ماناکانیاندا بکرێت، بە بێ ئەوەی دژایەتی لە بەینی ماناکانیاندا دروست ببێت.

هیوادارم توانیبێتم ئەم بەشە لە زانستی (علوم القرآن)تان بۆ ڕوون بکەمەوە، وەکو ئاماژەم پێکرد زۆرێک لە کتێبەکان ئەم بابەتەیان باسکردووەو هەندێک لە کتێبە هاوچەرخەکان خزمەتی زیاتریان کردووە لە کتێبە پێشووەکان، چونکە ئەو ئەقواڵە زەعیفانەیان لابردووەو پوختەی صەحیحەکانیان هێناوە.

# وانەی یازدەهەم

## بابەتی (الوجوه والنظائر)و تەئلیف و تەرجیع و اقتباس لە قورئاندا

بابەتی (الوجوه والنظائر) بابەتێکی ترە کە لە سەرچاوەکانی زانستی (علوم القرآن)دا باسکراوەو پەیوەندیی بە ناوەرۆکی قورئانی پیرۆزەوە هەیەو لە قورئاندا نموونەی زۆری هاتووە، مەبەست لێی ئەو وشانەن کە یەک داڕشتنیان هەیە، یان یەک پەیکەری لەفزییان هەیە، بەڵام ماناکانیان جۆراوجۆرن و لە شوێنی جیاوازدا ماناکانیان گۆڕاون. (الوجوه) بە لەفزەکە دەڵێن، (النظائر) بە هاوشێوەکانی ئەو لەفزە دەڵێن. بۆ نموونە: وشەی (الهدی) ـ کە لە دەیان شوێنی قورئاندا هاتووە ـ لە هەموو ئەوانەدا یەک مانا نادات، بەڵکو چەندین مانا دەدات، دەکرێ لە دوو شوێن یەک مانا بدات، بەڵام مەرج نیە لە هەموو شوێنێک یەک مانا بدات، ماناکان تەواوکاری یەکتریشن، بێ پەیوەندیی نین و لە یەکتر جیاواز نین، ڕیشە ئەسڵییەکەیان ئەچێتەوە بۆ یەک مانا، بەڵام بەشێک لە ماناکەو لایەنێک لە ماناکە لە سیاقێکی تردا ڕوون ئەبێتەوە.

وشەی (الهدی) لە قورئانی پیرۆزدا (٢٥٠) جار هاتووە، هەندێکجار بە چەندین مانا هاتووە، بە مانای (مەعریفە)، (بەیان)، (إرشاد)، (تەوبەو گەڕانەوە)، (سوننەت).. هاتووە، بۆ نموونە لە سورەتی (النحل)دا دەفەرموێت: (وبالنجم هم یهتدون)، لێرەدا بە مانای وەرگرتنی زانیارییە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکان، لە ڕێی ئەستێرەکانەوە. یان لە سورەتی (البقرة)دا دەفەرموێت: (أُولَٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ)، لێرەدا هودا بە مانای بەیان و بەرچاوڕوونی دێت. یان لە سورەتی

(القصص) کە دەفەرموێت: (عسى ربي أن يهديني سواء السبيل)، القصص/٢٢، بە مانای ئیرشادو ڕێنوێنیە. یان لە سورەتی (الأعراف) کە دەفەرموێت: (إنا هدنا إليک)، لێرەدا بە مانای گەڕانەوەو تەوبەیە، یان لە سورەتی (الأنعام)دا کە دەفەرموێت: (فبهداهم اقتده)، بە مانای سوننەت و ڕەوییەو ڕێبازو ڕێچکەیە.

ئەمە نموونەیەکە، لێرەوە تێدەگەین کە دەمدان لە تەفسیری قورئانی پیرۆز لە لایەن زۆر کەسەوە ـ کە ئاشنا نین بە زمانی عەرەبی ـ هەڵەیەکی گەورەیە، ئەمەیە زۆر کەس و زۆر تاقم و گرووپ و لایەن و ڕەوتی ئاینیشی بەهەڵەدا بردووە، کە کەسێک لە چەندین مانای وشەیەک تەنها یەک مانای دەزانێت، دەچێت ئەو مانایەی دەکات، لە کاتێکدا وشەکە لە هەموو شوێنێک ئەو مانایە نادات. بۆ نموونە لە وشەی (هیدایەت) تەنها ئەو مانایەی وەرگرتووە کە (ڕێنوێنی)یە، بەڵام سەیردەکەیت لە چەندین ئایەتی تریشدا هەر بە هەمان شێوە وشەکە مانا دەکات. ئەمە یەکێکە لە هەڵەکان، یان لە شوێنەکانی لادان و پێترازان، کە مرۆڤ تیایاندا دەکەوێتە هەڵەوە. بۆیە دەبێت هەر کەس کە باسی تەفسیری قورئانی پیرۆز دەکات، بزانێت کە قورئان عەرەبییەو دەستەواژەو زاراوە عەرەبیەکانیش بەو شێوەیەن و مانای قووڵیان هەیە، مانای سەرچاوەی ئەسڵییان هەیەو مانای لێکچوو یان لێکنزیکیان هەیە، کە ڕاستە پەیوەندییان بە مانا حەقیقییەکەوە هەیە، بەڵام هەندێکجار بەشێک لە ماناکە دەگەیەنن، نەک هەموو ماناکە.

بۆ نموونە وشەی (الصلاة)، کە مانایەکی زاراوەیی هەیە، مانایەکی زمانەوانیشی هەیە. (الصلاة) لە قورئاندا بە مانای پێنج فەرزەکەی نوێژ هاتووە، کەواتە بۆ

نموونە: ئایەتی (وأقیموا الصلاة)و (ویقیمون الصلاة) باسی نوێژە، بەڵام جاری وا هەیە وشەی (الصلاة) بە مانای دوعایە، بۆ نموونە لە سورەتی (التوبة) بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (وصل علیهم)، واتە: دۆعایان بۆ بکە. یان دەفەرموێت: (إن الله وملائکته یصلون علی النبی، یا أیها الذین آمنوا صلوا علیه). جاری وا هەیە (الصلاة) بۆ شوێنی نوێژ بەکار هاتووە، وەکو لە سورەتی (الحج)دا فەرموویەتی: (ولولا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا)، لێرەدا مەبەست لە (صلوات) ـ کە کۆی وشەی (صلاة)ـە ـ شوێنی نوێژە، نەک خودی نوێژ.

لێرەوە تێدەگەین کە دەمدان لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆز بە بێ شارەزایی لە زمانی عەرەبی، بە تایبەتی بە بێ ئاشنایی بە موفرەدات و وشەو زاراوە قورئانییەکان هەڵەیەکی گەورەیە. ئەمەیە زۆر کەس و تاقم وگرووپ و ڕەوتی ئاینیشی بە هەڵەدا بردووە، دەبینی کەسێک دێت وشەیەک بە جۆرێک مانا دەکات، لە کاتێکدا بە چەندین مانای تریش هاتووە، بۆ نموونە: لە وشەی (هیدایەت)دا تەنها ئەو بەشەی دەزانن کە بە مانای ڕێنوێنییە، لە کاتێکدا ڕەنگە ئەو مانایە بۆ هەموو شوێنێک نەشێت.

(النظائر) کۆی (نظیرة)یە، واتە: هاوشێوە، بۆ نموونە: وشەی (الفتنة) لە قورئاندا بە مانای شیرک هاتووە، وەک دەفەرموێت: (والفتنة أشد من القتل)، یان بە مانای ڕێگریی هاتووە (واحذرهم أن یفتنوك)، یان هەندێکجار بە مانای تاقیکردنەوە دێت، یان بە مانای عەزاب و سزا، وەک دەفەرموێت: (جعل فتنة الناس کعذاب الله). یان وشەی (الأم) بە مانای دایک دێت، هەندێک جار بە

مانای ئەسڵ دێت، چونکە فەرعی لێ دەبێتەوە، وەک چۆن دایک فەرعی لێ دەبێتەوە، بەڵام خۆ نابێت لەوێدا بە (دایک) مانای بکەیت.

ئەم بابەتە پەیوەندییەکی جەوهەریی و مەنهەجیی بە زانستی (فیقهـ) و دەرهێنانی ئەحکامەوە هەیە، چونکە موجتەهید لە دەرهێنانی حوکمدا پشت بە تێگەیشتن لە وشەو دەستەواژەو زاراوە قورئانییەکان دەبەستێت. بۆیە لەو لایەنەوە بەم شێوەیە پێناس کراوە:

تاج الدين السبكي لە پێناسی (الأشباه) وتوویەتی: "هو أن يجتذب الفرع أصلان، ويتنازعه مأخذان، فينظر إلى أولاهما وأكثرهما شبها فيلحق به."[٢٥]"واتە: (أشباه) ئەوەیە فەرعێک دوو ئەسڵ ڕوو بەخۆی کێش بکات، بۆیە فەقیهـ لێیان ورد ئەبێتەوە، لە کامیان نزیکتر بوو، حەملی ئەکاتە سەر ئەوە.  کەواتە مەبەست لە (أشباه) ئەو فەرع و بەشە فیقهییانەن کە لە حوکمدا لە ڕواڵەتدا لەیەک دەچن، بەڵام لە حوکمدا لەبەر وردەکارییەک لە یەک جیاوازن. (نظائر)یش: ئەو لق و بەشە فیقهییانەن کە کەمترین لێکچوونیان هەیە، کەواتە (نظائر) ناوە بۆ لەفزەکان، (أشباه) ناوە بۆ مەخناو مەدلولەکان.

سەبارەت بەم زانستە چەندین سەرچاوە نوسراون، وەک:

١- الأشباه والنظائر، أبو عبد الله الدامغانی. (ت: ٤٧٨ هـ).

٢- الأشباه والنظائر، ابن الوكيل (ت: ٧١٦ هـ).

---

[٢٥] الأشباه والنظائر، تاج الدين السبكي، ٢/ ١٨٢.

٣- الأشباه والنظائر، تاج الدين السبكي (ت: ٧٧١ هـ).

٤- الأشباه والنظائر، الأسنوي (ت: ٧٧٢ هـ).

٥- الأشباه والنظائر، ابن الملقن (ت: ٨٠٤ هـ).

٦- الأشباه والنظائر، السيوطي، (ت: ٩١١هـ).

دەوترێت: یەکەم کەس کە پێش ئەمانە لەم بارەیەوە بابەتی نووسیوە (موقاتیل کوڕی سولەیمانی بەلخی)یە، کە پێش شافعیش وەفاتی کردووە. دوای ئەو (ثعالبي) بە هەمان ناو کتێبێکی نووسیوە. ئەمانە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو زانستەن، هەرکەس بیەوێت تەواوی (الأشباه والنظائر) یان (الوجوه والنظائر)ەکان بزانێت، واتە وشە پڕ ماناکان و لێچووەکان، ئەتوانێت سەیری ئەو کتێبانە بکات.

**تەرتیبی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆز (تەئلیفی قورئان):**

لە دەستەواژەی زانستەکانی قورئاندا (تەئلیف) بە واتای تەرتیبی سورەتەکان و ڕێکخستنی ئایەتەکان دێت، واتە ڕیزبەندیی کردنیان، چ سورەتێک پێش یان پاش چ سورەتێکە، یان چ ئایەتێک پێش یان پاش چ ئایەتانێکە..؟ ئەو ڕیزبەندییە کە سورەتی (الفاتحة) دانراوە، پاشان (البقرة)، دوای ئەو (آل عمران)، هەروەها تا دەگاتە دوا سورەت، سورەتی (الناس).. یان کام ئایەت یەکەمەو کام دووەمەو لە کوێ نێوانیان جیا بکرێتەوە؟ ئەم کارە کارێکی (تەوقیفی)یە، واتە بۆچوونی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا نیەو لە نێوان جبریل و پێغەمبەردا ﷺ ڕێکخراوە، کە فەرمانیان کردووە ئایەتەکان بەو شێوەیە دانێن، بۆ نموونە: لە سورەتی (إقرأ) کە فەرموویەتی: ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤) عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (٥) ﴾ لە سەرەتای

دابەزینی وەحی، یەکەم جار ئەم بڕگەیە لەو سورەتە دابەزیوە، پاش ماوەیەکی تر چەند ئایەتێکی تر بە شوێن ئەمانەدا هاتوون، ئەو شوێنە هیچ نەخراوەتە پاڵی، یانی خانەی جیا بووەو بە بۆشیی هێڵدراوەتەوەو لە کاتێکی تردا بڕگەیەکی تر دابەزیوە. ئەمە پێی ئەڵێن تەرتیبی ئایەت و سورەت، بە عەرەبی پێی دەڵێن: (تألیف القرآن).

بەڵگە لەسەر ئەمە لە قورئانی پیرۆزدا زۆرن، بۆ نموونە دەفەرموێت: ﴿لا یأتیه الباطل من بین یدیه ولا من خلفه تنزیل من حکیم حمید) فصلت/٤٢، واتە: ئەم قورئانە هیچ پووچیی (و شتێکی ناڕەوا) نە لە پێشییەوە، نە لە دوایەوە ڕووی تێناکات، (چونکە) لە لایەن خوایەکی کاربەجێ و بەشکۆو گەورەوە دابەزێنراوە..

دیارە- وەک جاری تریش وتوومانە ـ قورئانی پیرۆز لە سەرەتاوە، بە بێ خاڵ و بە بێ سەرو بۆرو ژێر بووە، تا سەردەمی خەلیفە عبد الملک کوڕی مەروان، ئەو یەکەم کەس بوو کە نوقتەی سەورو ژێری پیتەکانی داهێنا، ئەو یەکێک بووە لە خوێندەوارە شارەزاکان لە زمانی عەرەبی و ئاشنا بە ئەلفبێی عەرەبی. بۆ نموونە پیتی (بـ) لە (بسم الله الرحمن الرحیم) بە بێ نوقتە نووسرابوو، خاڵ لە ژێریدا نەبوو، بەڵام ئەوەندە خوێندرابووەوەو ئەوەندە لەبەر کرابوو، هەموو کەس دەیزانی کە ئەو پیتە (بـ)ییە، (تـ)ێ، یان (نـ)، یان (ثـ)ێ نیە، واتە وشەکە (تسم) نیەو (نسم) نیەو (ثسم) نیە، بەڵکو (بسم)ە، یان وشەی (الرحمان) نونەکەی نوقتەی نەبوو، دوایی بۆی دانرا، یان (الرحیم) ییەکەی نوقتەی لە ژێردا نەبوو، بە فەرمانی ئەو خەلیفەیە لە لایەن (أبو الأسود الدؤلي)یەوە نوقتە داهێنرا.

**(تەرجیع):**

بابەتێکی تر کە پەیوەندیی بە لایەنێکی تری قورئانی پیرۆزەوە هەیە، بابەتی (تەرجیع)ـە، تەرجیع لە (رجوع)ـە بە مانای گێڕانەوە، یان دووبارەکردنەوەی سەرەتای وشەیەک کە بە پیتێک دەست پێدەکات، بۆ نموونە کەسێک ئەڵێت: الحمد دوو ـ سێ جار ئەڵێت: ئەل ئەل ئەل (الحمد)، ئەمە پێی ئەڵێن: تەرجیع، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسە لەسەر وڵاخ بووە، ئەمە خودی پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەری هاتووە، لەسەر پشتی وڵاخێکی سوارییی ـ ئەسپ، یان حوشتر، یان هێستر ـ بووە، بە پێی بەرزکردنەوەو هاویشتن و دانانی دەستوپێی وڵاخەکە لە زەوی، کە قورئانی پیرۆزی خوێندووە، دەنگیشی بەرزو نزم کردووەتەوە. ئەم حاڵەتی بەرزبوونەوەو نەوییبوونەوەیەی دەنگ، ناونراوە (تەرجیع)و بە جائیز زانراوە، ئەگەر نەبێتە هۆکاری گۆڕینی تەلەففوزی پیتێک، یان وشەیەک.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە کە (عبدالله بن مغفل المزني) ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ دەڵێت: ڕۆژی فەتحی شاری مەککە پێغەمبەرم بینی لەسەر حوشترێک بوو، سورەتی (الفتح)ی دەخوێندو (تەرجیع)ی تێدا دەکرد، لە مەعاویەیان پرسی (تەرجیع)ـەکەی پێغەمبەری خوا چۆن بوو؟ وتی: دەیفەرموو: ئا، ئا،ئا.. سێ جار.[٢٦]

[٢٦] صەحیحی بوخاری، (٧٥٤٠).

**(اقتباس):**

بابەتێکی تر هەیە هەر تەواوکەری ئەم بەشانەیە، پێی دەڵێن: (اقتباس)، یانی تێهەڵکێشکردنی هەندێک بابەت بۆ قورئانی پیرۆز، بۆ نموونە: شیعر، یان حیکمەت، یان پەند، یان هەر پەخشانێک لە نووسیندا بە باشیان نەزانیوە تێکەڵ بکرێت بە قورئان، مەگەر بە مەبەستی فێرکردن، ئەویش بە مەرجی جیاکردنەوەی شێوەی ئایەتەکان، خۆ ئەگەر نووسینە زیادەکە لە پەراوێزدا بێت باشترە، بۆیە باشترین شت بۆ ئەو کەسانەی بە عەرەبی ئەنووسن ئەوەیە کە ڕەسمی موصحەف بهێنن و بیخەنە ناو نووسینەکەیان، لەوە باشترە خۆیان بە وۆرد بینووسن، چونکە ڕەسمی موصحەف وێنەیەو هەڵەی تێدا ناکرێت. دیارە نووسینی کوردی و عەرەبی تێکەڵ نابێت، بەڵام ئەگەر نووسینەکە عەرەبی بوو، لە بەرنامەی (مصحف المدينة) وێنەی قورئانەکە هەڵگیرێت و بخرێتە نێوان دوو کەوانەی زەخرەفەدارو جیابکرێتەوە لە تێکستەکەو بخرێتە سەر وۆردەکە زۆر باشترە. بەهەرحاڵ، باشترین شێوە چاپ ئەوەیە کە پیتە عەرەبییەکان جیابکرێنەوەو تێکەڵنەکرێن بە پەڕەگراف و وێنەی موصحەفیش دابنرێت، بۆ ئەوەی کەس بە هەڵە نەیخوێنێتەوە، یان دەقی قورئانی پیرۆزو دەقی تری لە لا تێکەڵ نەبێت.

بۆیە وا چاکە هەر کە دانانی ئایەت هاتە پێشەوە سەرەتا بنووسرێت: خوای گەورە دەفەرموێت: یان بە عەرەبی دەنووسیت: (قال الله تعالى).. پاشان بەو شێوەیەی کە وتمان، ئایەتەکە لە نێوان دوو کەوانەی زەخرەفەدا دابنرێت، خۆ ئەگەر ئایەتەکە بهێنرێتە سەرەتای دێڕێکی نوێ ـ واتە سەرەتاو کۆتاییەکەی بۆ خۆی بکرێتە پەرەگرافێکی سەربەخۆ ـ زۆر باشترە.

**وشەی غەیرە عەرەبی لە قورئانی پیرۆزدا:**

بابەتێکی تر بوونی وشەو زاراوەی غەیرە عەرەبییە لە قورئانی پیرۆزدا. زۆر جار پرسیار دەکرێت: ئاشا وشەی غەیرە عەرەبی لە قورئانی پیرۆزا هەیە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە، چونکە هەر کەسێکی خوێندەوار قورئان بگرێت بە دەستییەوە ئەزانێت بە تەئکید قورئان ژمارەیەک وشەی غەیرە عەرەبی تێدایە، چونکە قورئان بە زمانی عەرەبییە، عەرەبیش بۆ خۆی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانە دراوسێکانی ئەو سەردەمەی سەدەی پێنج و شەشی زاینی، زمانی فارسی لێ نزیک بووە، حەبەشی لێ نزیک بووە، ڕۆمی و عیبری لێ نزیک بووە، تێکەڵییەکی زۆریشی هەبووە لەگەڵ زمانی هیندی و زمان و شێوەزارە مەشهورەکانی تری ئەو کاتە، تەنانەت سریانی و بەڕبەڕی و.. هتد.

کەواتە ئەگەر پرسیار کرا: ئایا لە قورئانی پیرۆزدا وشەی غەیری لەهجەی قورەیشی تێدایە؟ هەروەها ئایا وشەو دەستەواژەی زمانەکانی تری تێدایە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ، بە دڵنیایی، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین قورئانی پیرۆز چەندین وشەی تێدایە کە قورەیشەکان بەکاریان نەهێناوەو نایهێنن و ناوچەی حیجازیش بە کاری ناهێنن. پێشەوا (سیوطی) زۆرێک نموونە لەوانە دێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە قورئان وردببینەوە چەندین وشەی لەهجەکانی: یەمەنی، عومانی، هوزەیلی، حیمیەری، جورهومی، خەثعەمی ـ تێدایە.. بۆ نموووونە: لە سورەتی (النجم)دا دەفەرمووێ: ﴿وأنتم سامدون﴾، ئەم وشەیەی

(سامدون) قورەیش بەکاری ناهێنێت، ئەمە لەهجەیەکی یەمەنییە، کە بە  مانای تیاچوون دێت. یان بۆ نموونە لە سورەتی (یوسف) دەفەرموێت: (أنی أرانی أعصر خمرا)، خەمر لێرەدا بە لەهجەی خەڵکی عومان بە واتای ترێ دێت، نەک بە مانای شەراب.  یان کە دەفەرموێت: (والرجز فاهجر)، بە زمانی هوزەیل یانی عەذاب. یان لە سورەتی یونس دەفەرموێت: (فزیلنا)، بە زمانی حیمیەرییەکان یانی (میزنا)، جیامان کردەوە. لە سورەتی (سبأ)دا کە وشەی (القطر) هاتووە، بە مانای مس هاتووە، کە هۆزی قورەیش بەکاری ناهێنن. وشەی (هلوعا) لە سورەتی (المعارج) لە زمانی خەثعەمییەکاندا بە مانای بێزارو بێتاقەت دێت. هەروەها وشەی (شطط) لای ئەوان بە مانای درۆو هەڵبەستن دێت، لای قورەیشەکان بەکارنایەت..[٢٧]

بەهەرحاڵ ئەمە باسی لەهجە جۆراوجۆرە عەرەبییەکانە، جیاواز لە لەهجەی قورەیش، چونکە واقعی شارەکانی مەککەو مەدینەو هەندێک ناوچەی تری حیجاز وا بووە کە ئەو لەهجەو شێوازانەی تێدا بووە.

**وشەی غەیرە عەرەبی**: لە قورئانی پیرۆزدا چەندین وشەی زمانەکانی تریشی تێدایە، لە فارسی، نیبطی، حەبەشی، زنجی، ئەفریقی، قبطی، تەنانەت وشەی ڕۆمیی و هیندی و بەڕبەڕی.. بۆ نموونە وشەکانی: دینار، سجیل، سرادق، قفل، کافور، کنز، یاقوت، أباریق، تنور.. ئەمانە هەموو فارسین. تەنانەت وشەی (سجیل) لە هەندێک تەفسیردا ئەڵێت: یەکخراوی (سنگ) و (گل)ی فارسییە، کەم

---

[٢٧] عەللامە (سیوطی) لە کتێبی (الإتقان في علوم القرآن)دا بەشێکی تەرخان کردووە بەم بابەتەوە، لە ژێر ناونیشانی: (باب فیما وقع فیه بغیر لغة العرب)و دەیان نموونەی لەم بابەتە هێناوەتەوە.

کەم بووەتە (سجيل). يان (سرادق) لە بنەڕەتدا (سەرا پەردە)ی فارسييە، يانی پەردەی سەرايەک، يان شوێنێک. يان وشەی (أباريق) کە کۆی (إبريق)ـە، لە وشەی (آبريز)ی فارسی، ئاوڕێژی کوردی وەرگيراوە. يان (تنور) تەندوری فارسی يان تەنوری کوردييە.. ئەمانە هەموو وشەی غەيرە عەرەبين هاتوونەتە ناو قورئانی پيرۆز، چونکە لەو کاتەدا بەکارهێنراون، بە تايبەتی ئەو شتانەی کە کەرەستەو ئامڕازن، بۆ نموونە: قوفڵ، إبريق، سرادق، سجيل، تەنور، نەک وشەی ئەسڵيی چاوگداری عەرەبی بن.

هەروەها لە سورەتی (آل عمران)دا وشەی (إصر) هاتووە، وشەيەکی (نبطی)يە، بە مانای عەهد، يان فيردەوس، يان قرطاس، ئەمانە نيبطين، لە سورەتی (أحزاب)دا وشەی (إناه) هاتووە، کە وشەيەکی بەربەرييە، بە مانای کامڵبوون و گەيين. يان وشەی (المهل)، سيوطی دەڵێت: ئەم وشانە بەربەرين.. (يا جبال أوبی معه)، بە زمانی حەبەشی بە مانای تەسبيحات دێت. يان وشەی (قەسوەرە) حەبەشييە، هەروەها (جبت) لای حەبەشييەکان بە مانای ساحر دێت. وشەی (جهنم) لە (کهنام)ی عيبرييەوە هاتووە، (يەهود)يش وشەيەکی عيبرييەو لە بنەڕەتدا (يەهوذا)يە. هەروەها (حصب) لە قورئانی پيرۆزدا هاتووە ـ کە بە مانای دار دێت ـ کەليمەيەکی زنجييە. لە سورەتی ئالی عيمراندا وشەی (ربيون) هاتووە، يان (عەدەن)، ئەمانە وشەی سريانين، يان وشەی (الرقيم) وشەيەکی ڕۆمييە بە مانای لەوح هاتووە. هەروەها وشەی (طوبی)، (سندس)

وشەی هیندین، یان (قنطار) لە ئەسڵدا ئەفریقییە..[٢٨] ئەمانەمان هەموو بە نموونە هێنایەوە، نەک بە شێوەی ئیستیقرائی، کەسێک بیەوێت هەموو وشە غەیرە عەرەبییەکانی ناو قورئانی پیرۆز جیا بکاتەوە ئەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبەی لە پەراوێزدا ناومان بردووە.

[٢٨] پێشەوا (سیوطی) کتێبێکی هەیە بە ناوی (المهذب فیما وقع من القرآن من المعرب)، دەیان وشەی غەیرە عەرەبی کە لە ناو قورئانی پیرۆزدا هاتوون باس دەکات.

# وانەی دوازدەیەم

## وێناکردنی هونەریی

وێناکردنی هونەریی ـ کە بە زمانی عەرەبی پێی دەگوترێت (التصویر الفنی) ـ بۆ خۆی زانستێکی سەربەخۆیە لە زانستەکانی قورئانناسی. لە سەرچاوە پێشووەکانی سەلەفدا بە هیچ شێوەیەک ئەم بابەتە بەم دەستەواژەیە باسنەکراوە، هەندێک وشە بەکارهێنراون لە لایەنی هونەرییەوە، کە تا ڕادەیەک نزیکن لەم بابەتەوە، وەک وشەی (تجسیم)، یان (تخییل)، یان هەندێک بابەتی تری پەیوەندیدار بە لایەنی بەلاغەو ڕەوانبێژییەوە، وەک: (استعارە)و (کنایە)و (مەجاز)و ئەو شتانە، بەڵام باسی وێناکردنی هونەریی لە سەردەمی هاوچەرخدا سەری هەڵدا، لەگەڵ گەشەی هونەری وێنەکێشان و هونەری تەشکیلی و هونەر بە شێوەیەکی گشتی.

لە ڕاستیدا فەزڵ و گەورەیی ورووژاندن و خستنەڕووی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ شەهید سەید قوتب، کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوو- سەدەی بیست ـ دا ئەم بابەتەی وروژاندو دوو کتێبی بەنرخی نووسی: یەکێکیان بە ناوی (التصویر الفني في القرآن)، ئەویتریان بە ناوی (مشاهد القیامة في القرآن)، لە تەفسیرەکەشیدا (في ظلال القرآن) لە هەندێک وێستگەدا، زۆر هەڵوێستەی کردووە لەگەڵ ئەم بابەتە.

ئەم بابەتە هەروەک پەیوەندیی بە وشەو ڕستەوە هەیە، پەیوەندیی بە پیتیشەوە هەیە، یانی قورئانی پیرۆز لە هەڵبژاردنی وشەکانیدا، ڕیعایەتی هەڵبژاردنی پیتی کردووە. پیتەکانی لەگەڵ ڕۆح و ناخی ئینساندا گونجاندووە،

یانی بۆ هەر مەبەستێک وشەیەکی بەکارهێنابێت، مەبەستەکە هەرچی بێت، بەڵام کاریگەریی ڕەوانیی لەسەر ئینسان هەبێت، جۆری ئەو پیت و وشانەی وا هەڵبژاردووە کە لەگەڵ ئەو بابەتە ڕێکبکەون، بابەتی ئاسان بن، پیتەکان سووک و ئاسانن، بابەتی شیددەت و قورسی بن، پیتەکان لەگەڵیان گونجاون، دۆخی دەروونیی مرۆڤەکان چۆنبووبێت، ئەوەی ڕەچاوکردووە، بۆ نموونە سەرنجتان نەداوە کە قۆناغی مەککە قۆناغی چەوسانەوەو تازەموسوڵمانبوون و تازە پەیدابونی پەیامی خوا بووە، چۆن ئایەتی کورت کورتی هەڵبژاردووە، یان سورەتی کورت کورتی هەڵبژاردووە، بڕواننە سەرەتای سورەتی والفجر، کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلۡفَجۡرِ، وَلَيَالٍ عَشۡرٖ، وَٱلشَّفۡعِ وَٱلۡوَتۡرِ، وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَسۡرِ، هَلۡ فِي ذَٰلِكَ قَسَمٞ لِّذِي حِجۡرٍ﴾؟ سەرەتا بە یەک وشە دەستپێدەکات، دوایی دەیکاتە دوو وشە، دوایی دەیکاتە سێ.. یانی ناخی ئینسان دەهەژێنن، ئایەتەکان موخاتەبەی عاتفەو ڕوح ئەکەن، لەگەڵ هەست و سۆزو ڕەوانی مرۆڤ گفتوگۆ دەکەن، لە کاتێکدا ئایەتە مەدەنییەکان درێژن و چڕو پڕن، چونکە قسە لەسەر ئەحکام ئەکەن، یان با بڵێین خیطاب لەگەڵ عەقڵی مرۆڤ دەکەن، بۆچی؟ چونکە ئەو خەڵکە قۆناغی سۆزدارییان تێپەڕاندو دڵنیابوونەوە لە پێغەمبەرایەتیی، ئەمە سەرەتای سەردەمی مەککە نیە، تا بەم شێوەیە لەگەڵیان بەردەوام بێت، بۆیە سەیر دەکەین سورەتە مەدەنییەکان هەم ئایەتەکانیان درێژن، هەم پیتی وشەکانیان زۆرترن، بابەتەکانیشیان پڕن لە ئەحکام و حەلاڵ و حەرام و حدودو بابەتی پەیوەندیدار بە دەوڵەت و دەسەڵات و سوپاو ئەو شتانەوە.

لەبەر ئەوە حاڵەکە وا دەخوازێت کە ئەو نەسەقەی قۆناغی مەککە بگۆڕێت، لە قۆناغی مەککە خوای گەورە دەیەوێت ئەو تازە موسوڵمانانە تێبگەیەنێت ئەم محەممەدە ـ کە خۆیان ناسیویانە بە ئەمین و دەستپاک ـ پێغەمبەرێکەو هەڵگری پەیامێکی خواییە، بۆیە ڕەخنە لە خودی پێغەمبەریش ﷺ دائەبەزێت. تۆ موشریکێک بێنە بەرچاوت، ئەگەر لەگەڵ ویژدانی خۆیاندا ڕاستگۆ بوون، چۆن گوێیان گرتووە لە سورەتی (عبس وتولى) کە قورئانی مەککیەو لەو سەرەتایەوە دابەزی؟ ئەو سورەتە ڕەخنەی خوای موتەعالە لە پێغەمبەر ﷺ کە چۆن لە سۆنگەی سووربوونییەوە لەسەر ئەوەی زلهێزو تاغوتەکانی قورەیش موسوڵمان بن، پشتی هەڵکرد لە موسڵمانێکی موهتەدی هەژاری نابینا؟ خوای گەورە بە صیغەی فیعلێکی غایب ئایەتەکان دەستپێ دەکات، کە نیشانەی گلەیی پێوە دیارە، ئەفەرموێت: ﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ (١) أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ (٢) وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ (٣) أَوۡ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ ٱلذِّكۡرَىٰٓ (٤) أَمَّا مَنِ ٱسۡتَغۡنَىٰ (٥) فَأَنتَ لَهُۥ تَصَدَّىٰ (٦) وَمَا عَلَيۡكَ أَلَّا يَزَّكَّىٰ (٧) وَأَمَّا مَن جَآءَكَ يَسۡعَىٰ (٨) وَهُوَ يَخۡشَىٰ (٩) فَأَنتَ عَنۡهُ تَلَهَّىٰ (١٠) كَلَّآ إِنَّهَا تَذۡكِرَةٞ (١١) فَمَن شَآءَ ذَكَرَهُۥ (١٢) فِي صُحُفٖ مُّكَرَّمَةٖ (١٣) مَّرۡفُوعَةٖ مُّطَهَّرَةِۭ (١٤) بِأَيۡدِي سَفَرَةٖ (١٥) كِرَامِۭ بَرَرَةٖ (١٦) قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ (١٧)} .. تۆ خۆت بخەرە ئەو دۆخەوە کە پێغەمبەر ﷺ لە مەجلیسێکدایە، بێباوەڕانی ملهوڕی قورەیش ڕوویان تێکردووەو کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قسە جوانەکانی، ئایەتەکانی تر کە پێش ئەم ئایەتە دابەزیون، چۆن لەگەڵ ناخی ئەماندا قسە دەکەن، چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ڕائەچلەکێنێ، کە تۆ ـ ئەی موحەممەد! ـ شتی وا نەکەیت، نابینایەکی هەژار بە زەحمەت و ناڕەحەتیی دێتە لات، چۆن دڵی دەڕەنجێنی؟ چۆن پشتی لێهەڵئەکەیت و ڕوودەکەیتە ئەوان؟ ئەمە

ئەگەر ئەخلاقی پێغەمبەرێک نەبێت، ئایا ئەخلاقی کەسێکە کە خۆی دەیەوێت بەرنامە دانێت؟ خۆی دەیەوێت تەئلیفات بکات؟ خۆی دەیەوێت شت بنووسێت؟ ئایا خۆی ڕەخنە لە خۆی ئەگرێت؟ هەر ئەم ئایەتە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەواغیت و سەرانی قورەیش لە ڕووی فیزو ئیستیعلاو ئیستیکبارەوە، لە ڕووی عینادو جحودو ئینکارەوە، موسڵمان نەئەبوون، ئەگینا دڵنیابوون ئەم پێغەمبەرە لە لایەن خواوە ئەم پەیامەی هێناوە.

لەم لایەنی هونەرییەوە هەر ڕستەیەک لە قورئانی پیرۆز بهێنیت، لەوە جوانتر داناڕێژرێت کە خوا دایڕێژاوە، زۆر کەس لە پسپۆڕان بەراوردی وردیان لە نێوان ڕستەیەکی قورئان و دەیان ڕستەی هاوشێوەی قورئاندا کردووە، هەرگیز لەوەی قورئان ڕەوانترو فەصیحتریان نەهاتووە بە خەیاڵدا، سەریان لە بەردی داوە، دەیان خۆرهەڵاتناس، دەیان ئەدیب و شاعیرو شارەزای زمانی عەرەبی مولحید، ئەم حاڵەتەیان بەسەردا هاتووە، بەڵام شکستیان هێناوە.

یەکێک لەوانە لە بابەتێکدا ئەڵێت: "چۆن ئێوە دەڵێن: لەم قورئانە فەصیحتر ناوترێت؟ خوا فەرموویەتی: (إياك نعبد وإياك نستعين)، من کورت و پوختتر دەڵێم: (نعبدک ونستعينک)! ئەمە هەمان مانا دەدات، بە کورتترو ڕەوانترا!"، بەڵام ئەمە نەزانییەکە لەو کەسەوە کە کەمترین شارەزایی لە زمانی عەرەبی نیە، ئەگەر کەمترین زانیاریی ببوایە، جیاوازیی مانای ئەو دوو داڕشتنەی دەزانی، ئەو کەسەو هاوشێوەکانی نازانن کە کاتێک لە ڕستەیەکی وەک (إياك نعبد)دا مەفعول دەکەوێتە پێش فیعل حەصر دەگەیەنێت، واتە (إياك نعبد) یانی تۆ ڕوو

بە خوای پەروەردگار دەڵێیت: خوایە! تەنها تۆ دەپەرستین، بەڵام (نعبدک) کە ئەو دەیڵێت، واتە دەتپەرستین، یانی حەصری تێدا نیەو دەکرێت دەیان شتی تریش بپەرستێت! ئەو نازانێت (إیاک) بۆ دەخرێتە پێش فیعلەوە. لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر من بڵێم: (تەنها تۆم خۆشدەوێت)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەسی ترم خۆشناوێت، بەڵام ئەگەر بڵێم: (خۆشمدەوێیت) وا ناگەیەنێت کەسانی ترم خۆشناوێت، دەکرێت کەسانی تریشم خۆشبوێت..

بۆیە هەر ڕستەیەک لە قورئانی پیرۆزدا بێنیت، نەک لە لایەنی ڕێزمانییەوە بەهێزتر نابێت، بەڵکو چ لە ڕووی واتاو مەدلول و ناوەرۆکەوە، چ لە ڕووی ئاوازو مۆسیقاو داڕشتنەوە، لەگەڵ ئەو ڕستەیەی دەهێنرێت بەراورد ناکرێت. بۆ ڕەوانی مرۆڤیش هەرگیز لەوە سازگارترو ڕەوانتر نابێت، بۆیە هەڵبژاردنی وشەکانی قورئان لە ڕستەکاندا گونجاوە لەگەڵ ڕەوانی ئینسان، کورت و درێژیی ئایەتەکان لە بابەتەکاندا گونجاوە لەگەڵ بابەتەکاندا، ئاوازی وشەکانی قورئان سازگارییان هەیە لەگەڵ ڕەوانی خوێنەر یان بیسەری قورئان، هەست و ویژدانی ئینسان دەهەژێنن، مرۆڤ بە ئاسانی وەریاندەگرێت، لەسەر ڕوحی قورس نین.

با ـ وەک نموونە ـ گوێیەک بگرین لە سورەتی (والنجم)، ئەو سورەتەی کە بێباوەڕانی بە چۆکدا هێناو کاتێک پێغەمبەر ﷺ خوێندییەوە، ژمارەیەک لە موسوڵمانان لەگەڵ کۆمەڵێک لە بتپەرستان وەستابوون، کە پێغەمبەر ﷺ لە خوێندنەوەی تەواو بوو و فەرمووی: (فاسجدوا لله واعبدوا) هەموویان پێکەوە چوون بە کڕنووشداو سەریان خستە سەر زەوی..

بەداخەوە پێشتر باسمان کرد کە لە هەندێک سەرچاوەدا وا گومان براوە کە ـ گوایە ـ پێغەمبەری خوا- پەنا بە خوا- لە سیاقی ئایەتەکاندا ناوی بتەکانی بردبێت و فەرمووبێتی: (تلك الغرانيق العلى ، وإن شفاعتهن لترتجى)، گوایە ئەم بتانە شەفاعەتیان لای خوا پەسەند دەکرێت، لە خۆشی ئەوەش موشریکین وتبێتیان: ئەوا محەممەدیش بەشێک لە ئاینەکەی ئێمەی پەسەند کردو هاتە سەر مەزهەبمان، بۆیە سوجدەیان بردووە..

بەڕێزان! پێشتر لە وانەی (حەوت)دا ڕوونمان کردووە کە ئەو ڕیوایەتە بێ بنەمایەو ڕای ژمارەیەک لە زانایانمان هێناو دڵنیابووینەوە کە لە ڕووی مەتنەوە بوختانێکەو کەوتووەتە ناو سەرچاوەکانی تەفسیرەوە. نەخێر، ئەوە کاریگەریی و ئیقاع و مۆسیقاو وێنەی هونەریی سورەتی (النجم) بوو ئەوانی وا لێکرد، خۆزگە بەندە دەنگم خۆش بووایە، ئەو سورەتەم بخوێندایەتەوە بۆ بەڕێزتان، تا بتانزایە کە چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ـ کە کەس ناتوانێت تەقلیدی دەنگی ئەو بکات ـ چونکە هەر نازانین دەنگی چۆن بووە، بەڵام بە دڵنیایی لەبەر ئەوەی پێغەمبەرێکی هەڵبژێرراوی خوا بووە، دەنگیشی ناوازە بووە، چۆن ئەو سورەتەی (النجم)ی خوێندووەتەوەو بتپەرستە گوێگرەکان لە ناچاریدا وا کەوتوونەتە ژێر هەژموونی سورەتەکەو ماناکانی سورەتەکە، کە ئەوانیش لەگەڵ موسڵمانان کوڕنووشیان بردووە. ئێمە بە دەنگی نەگونجاوی خۆمان سورەتەکە دەخوێنینەوە:

سەرەتای سورەتەکە تا ئایەتی (٥٧)، کۆتایی وشەکانی بە ئەلفی مەقصورە هاتووە، بۆ ئەوەی هەناسەی خوێنەر یان بیسەری لەگەڵ بکشێت و بەرزببێتەوە:

. ئیتر چۆن پێغەمبەر ﷺ پشتیوانیی لە بتەکانی ئەوان ئەکات، کە لێرەدا لە لات و مەنات و عوززایان ئەدات، کە سێ بتی هەرە گەورەی قورەیش بوون: {إِنۡ هِيَ إِلَّآ أَسۡمَآء سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَمَا تَهۡوَى ٱلۡأَنفُسُۖ وَلَقَدۡ جَآءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ ٱلۡهُدَىٰٓ (٢٣)﴾.

لە کۆتاییدا گەورەیی و پەروەردگاریتیی خوایان بیر ئەخاتەوەو ئەفەرموویت: {وَأَنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلۡمُنتَهَىٰ (٤٢) وَأَنَّهُۥ هُوَ أَضۡحَكَ وَأَبۡكَىٰ (٤٣) وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحۡيَا (٤٤) وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ (٤٥) مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ (٤٦) وَأَنَّ عَلَيۡهِ ٱلنَّشۡأَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰ (٤٧) وَأَنَّهُۥ هُوَ أَغۡنَىٰ وَأَقۡنَىٰ (٤٨) وَأَنَّهُۥ هُوَ رَبُّ ٱلشِّعۡرَىٰ (٤٩) وَأَنَّهُۥٓ أَهۡلَكَ عَادًا ٱلۡأُولَىٰ (٥٠) وَثَمُودَاْ فَمَآ أَبۡقَىٰ (٥١) وَقَوۡمَ نُوحٍ مِّن قَبۡلُۖ إِنَّهُمۡ كَانُواْ هُمۡ أَظۡلَمَ وَأَطۡغَىٰ (٥٢) وَٱلۡمُؤۡتَفِكَةَ أَهۡوَىٰ (٥٣) فَغَشَّىٰهَا مَا غَشَّىٰ (٥٤) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكَ تَتَمَارَىٰ (٥٥) هَٰذَا نَذِير مِّنَ ٱلنُّذُرِ ٱلۡأُولَىٰٓ (٥٦)}.. تا ئێرە گوێگران هەموو ئەهەژێنێت، بۆیە ئەم جارە هەناسەبڕکێ دروست: {أَزِفَتِ ٱلۡأٓزِفَةُ (٥٧) لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ كَاشِفَةٌ (٥٨) أَفَمِنۡ هَٰذَا ٱلۡحَدِيثِ تَعۡجَبُونَ (٥٩) وَتَضۡحَكُونَ وَلَا تَبۡكُونَ (٦٠) وَأَنتُمۡ سَٰمِدُونَ (٦١) فَٱسۡجُدُواْۤ لِلَّهِ وَٱعۡبُدُواْ ۩ (٦٢)﴾.

سەرنج بدەن چۆن کۆتایی بە سورەتەکە دێنێت، کۆتایی سورەتەکە بەم واوانە دێنێت، بەم ئیشباعە، بۆ ئەوەی هەناسە درێژ ببێتەوە. لەبەر ئەوە هەموو ئامادەبووان بە بێ ئەوەی زۆر بە خۆیان بزانن، ئەچن بە کڕنووشداو موسڵمانان سەری بەندایەتییان بۆ خوای گەورە ئەخەنە سەر خاک، بێ باوەڕانیش ناچار ئەبن کە لەگەڵ ئەوان سەریان نەوی بکەن و سەریان بخەنە سەر زەوی.

ئەمە بەشێکە لە وێناکردنی هونەریی لە قورئانی پیرۆزدا، ئەمە لە هیچ چامەیەکی نەفامیدا، لە هیچ پەخشانێکی ئەو سەردەمەو دوای ئەو سەردەمەدا، ڕیعایەتی ئەم جۆرە شتانە نەکراوە، کە لە یەک کاتدا خوای گەورە خیطاب لەگەڵ عەقڵ بکات، خیطاب لەگەڵ ڕۆح بکات، خیطاب لەگەڵ ناخ بکات، هەستی ئینسان ببزوێنێت. وشەکانی، ڕستەکانی، پیتەکانی پێکهێنەری وشەکانی، ئیقاع و مۆسیقای ئایەتەکانی.. هەمووی بەمەبەست بێت. ئەمە بۆ خوای گەورە هیچی تێناچێت، خوای گەورە داهێنەرو بەدیهێنەری زمانەکانە، بەدیهێنەری تەواوی هونەرەکانە، بۆیە بۆی ئاسانە کە هەڵبژاردنی وەحییەکەشی لە قاڵبێکدا بکات، کە مرۆڤەکان بە چۆکدا بهێنێت.

مامۆستا ناصری سوبحانی ـ بەڕەحمەت بێت ـ ئەڵێت: "ئەگەر زۆرێک لە ڕاڤەکارانی قورئان ئەوەیان بزانیایە کە بێباوەڕان چەندە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم سورەتەی (النجم)و چۆن بە شێوەیەکی دوور لە ویستی خۆیان بە کڕنووشدا چوون، هەرگیز بیریان نەئەکردەوە لەوە کە ئاوا ڕیوایەتێکی هەڵبەستراو بخەنە ناو کتێبەکانیانەوە".

بەڕێزان! لایەنە هونەرییەکەی قورئان زۆر لەمە زیاترە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە کورترین داڕشتنی بۆ زۆرترین واتاو زانیاریی کردووە، کە نموونە زۆر زۆرن، بۆ نموونە بڕگەیەکی سورەتی (هود) دێنین، کە تایبەتە بە بەسەرهاتی تۆفانی نوح و کاولبوونی ئەو ناوچەیەی نوح و قەومەکەی تێدا بووە، بە دێڕێک زۆربەی دیمەنەکانی ڕووداوەکە وێنا دەکات. چی بەسەر هاتووە؟ چۆن زەوی ئاوی هەڵمژیوەو لووشی داوە، چۆن ئاوی ئاسمان گیراوەتەوە، چۆن دنیا

وشک بووەتەوە، چۆن کاشی بەعەمەڵ هاتووە، چۆن کەشتی بەسەر کێوی (جودی)یەوە لە باکوری کوردستان نیشتووەتەوە، چۆن کۆتایی بە بابەتەکە هاتووە؟ هەموو ئەمەی بە دێرێک باسکردووە، کارێک کە بە هیچ شێوەیەک لە توانای مرۆڤدا نیە بتوانێت ئاوا ڕستەیەک ڕیکبخات: (وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) هود/٤٤: وترا بە زەوی: ئادەی ئاوت هەڵلوشەرەوە، وترا بە ئاسمان: ئاوەکەت بگرەوە، ئاو نغرۆ چوو، کار جێبەجێ بوو، کەشتی لەسەر جودی لەنگەری گرت، وترا: ستەمکاران لەوەو لا تر بچن.

ئەم ڕستە کورت و پوختانە بۆ بەسەرهاتی دوورو درێژ، بەسەرهاتی نۆسەدو پەنجا ساڵەی نوح پێغەمبەرو نەتەوە کەللەڕەقەکەی بەنموونە، ئەمە تەنها میتۆدو شێوازی قورئانە.

هەروەها هەڵبژاردنی هەر وشەیەک لە قورئانی پیرۆزدا لەگەڵ ماناکەی، بە مەبەستە، جۆری پیت و وشەو ڕستەکانی، سازگارییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ مانادا، تۆ سەیری ئایەتی (والليل إذا عَسْعَسَ) بکەو بە باشی گوێی لێ بگرە، هەست بە کشانی تاریکی شەو لە وشەی (عَسْعَسَ))دا دەکەیت! یان سەرنجی ئایەتی (والصّبح إذا تَنَفّسَ) بدە، لە بیستنی وشەی (تَنَفّسَ) هەست بە شنەو نەفەسی دەمەوبەیان دەکەیت!

هەر وشەیەک لە وشەکانی قورئان بگریت، ئەو حاڵەتەی تێدایە. شەهید سەید قوطب لە تەفسیری وشەی (اثاقلتم إلى الأرض)، لە ئایەتی﴿ يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ما لَكُمْ إِذا قِيلَ لَكُمُ انْفِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الْأَرْضِ؟ أَرَضِيتُمْ بِالْحَياةِ الدُّنْيا مِنَ

الْآخِرَةِ؟ فَما مَتاعُ الْحَياةِ الدُّنْيا فِي الْآخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ.﴾ دەڵێت: "وشەی (اثاقلتم) بە ئاوازو زەنگ و مۆسیقاکەی وێنای جەستەیەکی قورسی کەوتوو دێنێتە بەرچاو، کە لەبەر قورسی و سەنگینیی بە زەویدا نووساوە، ئەوانەی بەرزی دەکەنەوە زۆر بە زەحمەت دەیجووڵێنن و بڵندی دەکەنەوەو لەبەر قورسی دەکەوێتەوە سەر زەوی." شەهید کاک (ناصر سوبحانی)یش لەگەڵ گێڕانەوەی ئەمەی سەید، وشەی (اثاقلتم) بە ئاوازێکی تایبەت دەخوێنێتەوەو پیتەکان بەگوێرەی دەرهاویشتەکان درێژ دەکاتەوەو دەڵێت: (اثّاااا قَلْـــ ـ تُمْ) دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: وشەکە وێنای حاڵەتەکە دەکات: ئەو کەسەی کە لەبەر قورسیی بە زەویدا نووساوە، لە بەشی یەکەمی وشەکەوە (إثّاااا) ئەڵێی بە نوێڵێک بەرزی ئەکەیتەوە، کە ئەگەیتە پیتەکانی (قَلْ) ئەڵێی لەبەر سەنگینی و قورسیی لە بەرزبوونەوە ئەوەستێ، کە ئەگەیتە پیتەکانی (تُمْ) ئەڵێی نوێڵەکە لە ژێری ئەترازێ و زرمەی لێ هەڵدەستێ و دەکەوێتەوە سەرزەوی!" یانی هەڵبژاردنی پیت بە پیتی وشەی (اثاقلتم) گونجاوە لەگەڵ ئەو مانایەی کە ئایەتەکە دەیەوێت بیگەیەنێت، هەروەها دیاریکردنی کێشی وشەکەش سازگارە لەگەڵ ئەو وێنایە کە قورئان دەیەوێت بە خوێنەرو بیسەری بگەیەنێت. ئەم ئایەتە باسی حاڵی ئەو دونیاویستانەیە کە کاتێک داوایان لێ ئەکرێت لە پێناوی ڕێی خوادا هەستن و بجووڵێن، بەو جۆرە دەچەقن بە زەویداو هەستان بە لایانەوە قورسە، دەڵێی تاشەبەردن و دەبێت نوێڵ بخەیتە ژێریان و بەرزیان بکەیتەوە. ئەمەیە پێی دەگوترێت (تەصویری فەننی)، واتە وێناکردنی هونەریی، کە لە سورەت و ڕستەو وشەکانی هەموو قورئاندا، نومایانە.

ئەمە تەنها نموونەیەکەو ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو دوو کتێبەی سەید قوتب (مشاهد القيامة في القرآن) و(التصوير الفني في القرآن)، دەیان نموونەی تریان تێدایە.

یەکێکی تر لە حاڵەتەکان، یان وێناکردنەکان بەرجەستەکردنی مانایە لە لەفزدا، بۆ نموونە: لە سورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلۡغَضَبُ﴾ ، وێنای تووڕەبوونی موسا (عليه السلام) وا دەکات، ئەڵێی تووڕەیی موسا ئەوەندە زۆر بووە، تووڕەییەکە هاتووەتە دەنگ!، ئەفەرموێت: کاتێک تووڕەیی لە موسادا بێدەنگ بوو! یان بۆ نموونە لە وێناکردنی حاڵەتی دڵ و گوێ و چاوی کەسانی دووڕوودا دەفەرموێت: ﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞ﴾ دڵ و گوێ و چاوی ئەوانت دەهێنێتە پێش چاوو پرۆسەی مۆرلێدانێکیش وێنا دەکات، کە لە لایەن خوای گەورەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو وێناکردنە هەرگیز بە تەعبیری سادە دەرناکەوێت.

قورئانی پیرۆز لە کێشانی سیناریۆو تابلۆکانیدا شێوازێکی زۆر زۆر تایبەتی هەیە، بۆ هەر ڕووداوێک ـ چ لە ڕابردوو بووبێت، یان لە ئێستادا بێت، چ بۆ داهاتوو بێت ـ مەبەستی بێت وێناکە لەبەر چاوی ئینسان بمێنێتەوە، سیناریۆیەکی گونجاوی بۆ دەکێشێت، سەیری ئەم چەند ئایەتە بکەن: ﴿ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ﴾، ئەگەر ئەم ڕستەیە تەنها ئەمەندە بوایە کە ئەفەرموێت: زەمینلەرزەی دواڕۆژ شتێکی زۆر گەورەیە، ئەم ئەندازەیە زوو لەبیری مرۆڤ دەچووەوە، بەڵام بە دوای ئەو ڕستەیەدا وێنایەک بۆ گوێگر یان خوێنەر دەکێشێت، کە لە بیر ناچێتەوە، ئەفەرموێت: ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێکە؟ ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە کە هەموو دایکێکی شیردەر مناڵە شیرەخۆرەکەی وازلێدێنێت و

پشتی لێدەکات، هەموو دایکێکی دووگیان منداڵەکەی لەبارئەچێت، خەڵکی ئەبینی وەک سەرخۆش و مەست وان، ئەوانە سەرخۆش نین، بەڵام سزای خوایە بەسەریانەوە وا سەختە! یانی سێ دیمەنت دێنێتە بەرچاو: پشتهەڵکردنی دایکی شیردەر لە جگەرگۆشەکەی، لەبارچوونی سکی ئافرەتی دووگیان، دیمەنی مەستیی و سەرخۆشیی خەڵکی، یانی مەشهەدەکانت بۆ وێنادەکات. دەفەرموێت: (يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ)، ئەوەی یەک جار گەیشبێت بە خزمەتی ئەم ئایەتانە ئەم مەشهەدو دیمەنانەی لەبیرناچێتەوە. خۆ دەکرا بە دەستەواژەو دارشتنی سادەو ساکار گوزارشت لەمە بکات، کە: ڕووداوی پاشەڕۆژ سەخت و زەحمەتە، قورسەو ئازارو سزاو ناڕەحەتییەکانی زۆرن، بەڵام بەو نموونانە گرتەی تایبەتی لە زیهنی مرۆڤدا وێنائەکات.

بەشێکی تری ئەم لایەنە هونەرییە لایەنی هێنانی چیرۆکە، بابەتی (قِصَص) و (قَصَص)ـە، چونکە چیرۆکیش دەچێتە خانەی هونەرەوە. لەو لایەنەوە دوو جۆر گێڕانەوە هەن: جۆری چیرۆک و دیرۆک و داستان، کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن (قِصّة)و کۆی دەبێتە (قِصَص)، جۆری دووەم بەسەرهات و گێڕانەوەی ڕووداون، (قَصَص)، واتە گێڕانەوەی ڕووداوو بەسەرهاتە مێژووییەکان، گێڕانەوەکانی قورئانی پیرۆز لەم جۆرەن..

# وانەی سێزدەیەم

## چیرۆک و پەندو سوێند لە قورئانی پیرۆزدا

لەم وانەیەدا ئاماژەیەک دەکەین بە چەند بابەێکی وەک: چیرۆک و (أمثال) لە قورئانی پیرۆزدا:

**بابەتی یەکەم/ چیرۆک:**

بە نیسبەت چیرۆکەوە ـ کە هونەرێکە هەر لە کۆنەوە هەیە ـ وەک لە وانەیەکی پێشووتردا وتمان ـ دوو جۆرە: یەکەمیان دارشتنی خەیاڵاتی چیرۆکنووس یان ڕۆماننووسێکە، کە چەند سیناریۆیەک وێنا دەکات و دەیانخاتە قاڵبی چیرۆک یان ڕۆمانێکەوە.. دووەمیان: بەسەرهاتی ڕاستەقینەو ڕووداوو بەسەرهاتی مێژوویین، دەخرێنە قاڵبی چیرۆکەوە، یان ئەو چوارچێوە هونەرییەی کە پێی دەگوترێت: ڕۆمان.

لە قورئانی پیرۆزدا لە جۆری یەکەمیان نییە، واتە بەو شێوەیە بێت کە بەسەرهاتێک هەڵبەسترابێت و لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە خودای گەورە گێڕانەوەکان کە دەیانگێڕێتەوە هەموویان لە جۆری (قَصَص)ن، نەک (قِصَص)، ئەو دوو وشەیە جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە (قِصَص) کۆی (قِصّة)یە، بە مانای چیرۆک. ئەم وشەیە ـ نە بە موفرەد، نە بە کۆ ـ لە قورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام وشەی (قَصَص) خۆی موفرەدە، بە مانای گێڕانەوەی خەبەر، یان بەسەرهاتی واقعیی کە لە قورئانی پیرۆزدا چوار جار ئەم وشەیە هاتووە، لە چوار سیاقی جیاوازدا کە باسی بەسەرهاتی نەتەوە پێشووەکان ـ بە تایبەتی پێغەمبەران ـ دەکەن.

ئەگەر لە سەرەتای قورئانەوە باسی بکەین: بۆ نموونە سورەتی (آل عمران) نزیکەی (٦١) ئایەتی باسی چەند ڕووداوێک دەکەن، لەوانە: باسی هاوسەری عیمران، دایکی مەریەم، زەکەریاو عیسا (علیهم السلام)و لە دایکبوونی عیساو گەورەبوونی و.. هتد، بڕێکی زۆر ئەم باسانە دەکات، دواتر بەدوای ئەمانەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْقَصَصُ الْحَقُّ﴾: بە دڵنیایی ئەوی کە باس کرا، بەسەرهاتی ڕاستەقینەو (قصص)ی حەقن و ڕاستن.

یان ئەگەر بچینە خزمەتی سورەتی (الأعراف) دەبینین کە نزیکەی (١٧٠) ئایەتی باسی ئادەم و حەواو باسی پێغەمبەران نوح و هودو صالح و شوعەیب (علیهم السلام) دەکات، دواتر باسی پێغەمبەر موساو بەسەرهاتی لەگەڵ (بنی إسرائیل) دەکات، بە دوای هەموویاندا دەفەرموێت: ﴿ فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾: ئەم بەسەرهاتانە بگێڕەوە، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە.

هەروەها لە سەرەتای سورەتی (یوسف)دا دەفەرموێت: ﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ﴾: ئێمە جوانترین بەسەرهات و چیرۆک دەگێڕینەوە بۆ تۆ ـ ئەی محەممەد، ئەی خوێنەری قورئان! ـ بەم وەحیەی بۆت هاتووە لەم قورئانە. دیارە دەزانین کە خوای گەورە لە سورەتی یوسفدا ڕۆمانێکی لە ژیانی یوسف (علیە السلام) تۆمار کردووەو هەموو مەشهەدەکان بەسەرهات و ڕووداون، نەک سیناریۆی خەیاڵاتیی و هەڵبەستراو. ئەوەیە ﴿أَحْسَنَ الْقَصَص﴾ەکەی کە لە سەرەتای سورەتەکەوە دەیفەرموێت.

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێک هەیە بە ناوی (القَصَص)، پانتاییەکی زۆری تەرخان کردووە بۆ باسی چەند نەتەوەو پێغەمبەرێک، وەک: بەسەرهاتی

موساو فیرعەون، تاوانەکانی فیرعەون، باسی دایکی موساو هەوڵەکانی.. دوای ئەم بەسەرهاتانە ـ کە نزیکەی (٢٥) ئایەت دەڕوات ـ باس لە موسا دەکات کە دەچێتە لای شوعەیب و لەسەر داوای کچەکان دەفەرموێت: ﴿ فَلَمَّا جَاءَهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ﴾ کاتێک موسا دەچێتە لای ئەو پیرەی مەدیەن ـ کە بە ڕای بەشێک لە زانایان شوعەیبە (علیه السلام) ـ بەسەرهات و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە شوعەیب فەرمووی: مەترسە، لە خەڵکە ستەمکارەکان ڕزگارت بوو. ئەمە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت کە (قَصَص) بە مانای بەسەرهاتی حەقیقییەو جیایە لە چیرۆکی هەڵبستراوو هەڵچنراوی خەیاڵات.

بێگومان وەکو دیارە ئەم قەصەصە قورئانییانە زۆر کورت و پوخت و چڕو پڕن، جیاوازییان هەیە لەگەڵ چیرۆکی خەیاڵاتی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان، بە پێچەوانەوە زۆرێک لە دیمەنەکان، یان مەشهەدو سیناریۆی بەسەرهاتەکان پەڕێندراون و بەجێهێڵراون بۆ سەلیقەی گوێگر یان خوێنەری قورئان.. بۆ نموونە لە باسی یوسف پێغەمبەردا، یان لە باسی (أصحاب الکهف)دا، سەرنجمان داوە کە دەیان سەعات بۆ سیناریۆکەی داڕێژراوە، لە حەقیقەتیشدا زۆرێک لەو ڕووداوانە ڕاستن، چونکە بەبێ ئەوە ناکرێن، بۆ نموونە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی یوسفدا: مشتو مڕی نێوان براکان باس دەکات، بیرێک وێنا دەکات، مامەڵەو کڕین و کۆیلەبوونێک دەخاتە ڕوو، پادشایەک و چەندین خەوو پیلان و زیندان و دایەلۆک و گفتوگۆی جۆراوجۆر دەگێڕێتەوە، هەموو ئەمانە وێنا کراون و کراون بە سیناریۆ، بەڵام ناواخنی ئەمانە پڕیەتی لە مەشهەدو پەردەی تری هونەریی، کە بە بێ باسکردن مرۆڤ دێنە بەرچاویان و باسکردنیان

ناوێت. بۆ نموونە: دەنگەدەنگی نێوان براکان، دیارە لەسەر ئیرەییە، قورئان تۆخی ناکاتەوە. خستنە ناو چاڵەبیر، دیارە بۆ یوسف ئازاربەخش و ناڕەحەتە، قورئان باسی ناکات، کڕینی مالک بۆ یوسف، دیارە مامەڵەی تێدا بووە، باس نەکراوە، هەروەها دەیان دیمەن و مەشهەدی تر، وەک: گردبوونەی خەڵکی و سەرسام بوونیان بە جوانیی یوسف، بوونی مەزات و مامەڵە، بوونی کۆشک و تەلار بۆ پادشاو عەزیزی میصر، بوونی زیندان و کاری بێگاریی و سوغرەکێشیی، بوونی شارو لادێ و بیایان، بوونی سایلۆو گەنجینە، بوونی کشتوکاڵ و دەغلودان، بوونی تەعبیرچی خەوو فاڵگرەوە، بوونی پەرستگاو پیاوانی ئاینیی، بوونی دیوەخان و میوانداریی و پەزێرایی، بوونی وەزیرو گزیرو سوپاو دام و دەزگا.. هەموو ئەمانەو دەیان مەشهەدو دیمەنی تر لە ناواخنی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا لە سورەتی (یوسف)دا هەن، بەڵام ڕاستەوخۆش باسنەکراون.

ئەم هەڵبژاردنە بۆ باسکردنی هەندێک مەشهەدو دیمەن و کێشانی هەندێک سیناریۆو خۆبواردن لە دەیان مەشهەدی تری ناواخنی ئەوان و بەجێهێشتنیان بۆ زیهنی خوێنەر، یان بیسەری قورئان، خۆی بۆ خۆی هونەرێکی زۆر گرنگەو لە توانای هیچ ڕۆماننووس و نیگارکێشێکدا نیە کە ئەو هەڵبژاردنە بکات.

کاتێک قورئان بەسەرهاتی نوح پێغەمبەر (علیه السلام) دەگێڕێتەوە ـ وەک لە وانەی (١٢)دا وتمان ـ لە نیو دێڕدا بەسەرهاتی تۆفانی نوح و چی ڕوویداوەو چۆن ئاوی ئاسمان و زەوی وەستاوەتەوەو دەرەنجامەکەی چی بووە، هەمووی دەخاتە کەمتر لە دێڕێکەوە، کە لە حەقیقەتیشدا ئەگەر بە مانا شتی تریشی بۆ

زیاد بکەیت، لاتنەداوە لە حەقیقەتی ڕووداوەکە کە دەفەرموێت: (وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) هود/٤٤: وترا بە زەوی: ئادەی ئاوت هەڵلوشەرەوە، وترا بە ئاسمان: ئاوەکەت بگرەرەوە، ئاو نغرۆ چوو، کار جێبەجێ بوو، کەشتی لەسەر جودی لەنگەری گرت، وترا: ستەمکاران لەوەولاتر بچن.. تۆی خوێنەری قورئانی پیرۆز، ئەگەر لە ناواخنی ئەمەدا بڵێی: باران بە خوڕڕەم باری، ئاوی ژێرزەویش هاتە سەر زەوی، دۆڵەکان پڕبوون لە ئاو، کێوەکان داپۆشران بە ئاو، ڕەزو باخ هەمووی تیاچوو، گوندەکانی هەموو ستەمکاران ژێر ئاو کەوتن.. تۆ ئەگەر ئەم وشانە زیاد بکەی بۆ ڕووداوەکە، لە حەقیقەتی ڕووداوەکە لاتنەداوە، چونکە ئەم دیمەنانەی وتمانن، تێهەڵکێشن لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا. ئەمەیە چڵەپۆپەی هونەری داڕشتن و هۆنینەوەی ڕستەو هەڵبژاردنی وشەو دیمەن بۆ (قەصەص)و بەسەرهاتە قورئانییەکان.

بۆیە قورئانی پیرۆز بەڕاستی بە بەلاغەت و فەصاحەتێکی بێ کۆتایی بەسەرهاتەکانی گێڕاوەتەوە. ئەو چەند دێڕەی تایبەت کراوە بە پێغەمبەر (یوسف)ـەوە ـ وەک نموونە ـ دەتوانی ئەو دراما دوورو درێژەی لێ دروست بکەیت، یان درامایەکی وەک (أصحاب الكهف)، ئەڵبەتە من مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو دراماو زنجیرە ئەڵقانە، هەموو وتەو جووڵەکانی ناویان ڕاست و دروستن، بەڵام خۆ بەشی زۆریان شیکەرەوەو ڕوونکەرەوەی هەندێک لایەنی حەشاردراوی ناو قورئانی پیرۆزن، کە ئاماژەی پێنەکردوون، لەبەر ئەوەی کە ئاسایین، بۆ نموونە: کاتێک دەفەرموێت: ﴿وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ﴾ ، مانای وایە کە باسی کەشتی دەکات، هەرچەند لەوێدا ناویشی نەبردووە، واتە ئاماژەی کردووە

بۆ کەشتییەک بە بێ ئەوەی ناوی بەرێت، یان کاتێک ئەڵێت: جودی، کەواتە جودی شاخێکەو ناوی هەیە، پێویستی نەکردووە بڵێ: وایەو وا نیە، چونکە جودی لای خەڵکی ئەو کاتە مەعلوم بووە. یان کە باسی ئەوە دەکات کوڕی نوح پەنا دەباتە بەر لوتکەی شاخێک و دەڵێت: من لێرە پارێزراو دەبم و لەوێ پێی دەڵێن ﴿لا عاصم اليوم﴾ ، مانای وایە ئەگەر ئایەتەکە نەشیفەرمووبێت: لافاوەکە کێوەکانی گرتووەتەوە، لە ناواخنی ئەو باسەی کوڕی نوحدا ئەوە دەگەیەنێت کە تەنانەت ئاو گەیشتووەتە لوتکەی کێوەکانیش، بۆیە کەسێک کە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز دەکات، یان ئەم سیناریۆیانە لەم بەسەرهاتەی قورئاندا دەردەهێنێت و دەیانکات بە فیلمێک، یان درامایەک، دەتوانێت شتانێکی لەو بابەتە زیاد بکات، مادام لە کرۆکی ڕووداوەکەو لە پێکهاتە سەرەکییەکانی لاینەدابێت. ئەمەیە نهێنیی پوختی و کورتیی (قەصەص) لە قورئانی پیرۆزدا، یان ئەو ڕووداوانەی کە لە قاڵبی چیرۆکدا دەیانگێڕێتەوە..

وەکو هەموومان دەزانین دەیان بەسەرهاتی تر لە قورئاندا هەن، کە زۆر زۆرن، غەیری بەسەرهاتی پێغەمبەران، بەسەرهاتی نەتەوە پێشووەکان، تیاچوونی قەومی عادو ثەمود، باسی (ذوالقرنين)، باسی سولەیمان و خاتوو بەڵقیسی پادشای (سبأ)، باسی داودو دەیان پێغەمبەری تر، باسی دروستبوونی دیرۆکی سەرزەوی و ئاسمانەکان و بوونەوەر بەگشتی، هەموو ئەوانەو دەیانی تر بەسەرهاتن، مێژوون، بەڵام لە قاڵبی چیرۆکدا، کە ئەمە داهێنانێکی گەورەیەو تەنها لە قورئانی پیرۆزدا کراوە، کە حەقیقەتی ڕووداوە پێشووەکانی لە

چوارچێوەی چیرۆكدا گێڕاونەتەوە، بۆ ئەوەی گوێگر یان خوێنەری قورئانی پیرۆز خێرا بگات بە مەبەستەكە.

**بابەتی دووەم/ (أمثال):**

(أمثال) یان ئەوەی دەكرێ پێی بڵێین: پەند یان نموونە، لە دێرزەمانەوە لە ناو ئەدەبیاتی عەرەبیدا هەبووەو لە هەموو نەتەوەكانی تریشدا هەیە. لە (أمثال)دا پەنا دەبرێتە بەر لێچواندن (تەشبیهـ)، واتە بۆ باشتر تێگەیاندنی بیسەر شتێک دەچوێنرێت بە شتێكی ترەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە كراوە بە نزیكەی (٥٠) مەثەل و نموونە، وەک یەكێک لە ئامرازەكانی پەروەردەی هزریی و ڕەفتاریی، بە مەبەستی تێڕامان و پەندوەرگرتن لێیان، وەک قورئان خۆی دەفەرموێت: (وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ) العنكبوت/٤٣: ئەو نموونەو مەثەلانە بۆ خەڵكی دێنینەوە، (بەڵام) زاناكان نەبن دڵیان نادەنێ !

لێرەدا بۆ دڵنیابوونەوە لە حەقیقەتی مەثەلەكان و شوێنی هێنانەوەیان و وەرگرتنی پەندو عیبرەت لێیان، چەند نموونەیەک دەگێڕینەوە:

١- خوای گەورە بۆ دەرخستنی حەقیقەتی (حەق)و ناڕاستیبوونی (باطل)، هەردووكیان دەچوێنێت بە دوو شتەوە: (باطل) دەچوێنێت بە بڵق و كەفی سەر دەریاوە، حەقیش دەچوێنێت بەو شتە قورسەی كە لە زەویدا، لە بنی دەریادا دەمێنێتەوە. لە سورەتی (الرعد)دا دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الْأَرْضِ﴾: ئەوەی كە كەفەو بڵقە، ئەوە بە پووچیی و بێ ناوەرۆكی دەڕوات، بەڵام ئەوەی كە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت، لە ناو زەویدا

دەمێنێتەوە، لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ﴾: هەر بەم شێوەیە خوا نموونەکان دێنێتەوە.

٢ـ لە بابەتی وشەی (پاک و جوان) لەگەڵ وشەی (پیس و ناپاک)دا، نموونەیەک دێنێتەوەو دەیانچوێنێت بە درەختەوە، بەڵام چ درەختێک؟ دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ﴾: ئایا نابینی کە خوا چۆن نموونە دێنێتەوە لەسەر وشەیەکی خاوێن و پاکژ وەکو درەختێکی پاکی خاوێن، کە بنچینەو ڕەگو ڕیشەی مەحکەم و دامەزراوەو لق و پۆپەکانی لە ئاسماندا بەربڵاون. هەروەها ﴿ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾: نموونەی وشەی پیس و ناپاکیش وەکو نموونەی درەختی پیس و ناپاک وایە، کە لە ڕەگ و ڕیشەوە لەسەر زەوی هەڵکەندراوەو بەملاولادا دەکەوێت.

ئەوە نموونەیەکی قورئانییە، کە لە سورەتی (إبراهیم)دا دەیهێنێتەوە بۆ وشەی پاک و ناپاک، یان جوان و ناجوان، بۆ ئەوەی بانگخواز، یان واعظ، یان وتاربێژ، سوود لەم مەنهەجییەتەی قورئان وەربگرن و بۆ بەراوردکردنی حەق و ناحەق و ڕاست و ناڕاست، بە نموونە بیانهێننەوە.

٣ـ لە نموونەیەکی تردا خوای گەورە نموونەی (نور)ی خۆی دەچوێنێت بە تاقێکەوە کە ئامرازێکی ڕوونکەرەوە ـ بۆ نموونە گڵۆپێک ـ ی تێدابێت، گڵۆپەکە لە شووشەیەکی بلووریدا بێت، شووشەکە وەک ئەستێرەیەکی مرواری بدرەوشێتەوە. ئەم ئایەتە یەکێکە لە ئایەتە هەرە گەورەکانی ناو قورئانی پیرۆز.. لە سورەتی (النور)دا دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ﴾، لە کۆتایی ئایەتەکەدا

دەفەرمویێت: ﴿وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾: زۆرێک لە موفەسسیرو توێژەرانی هاوچەرخ بۆچوونیان وایە کە ئەمە ئاماژەیە بە ئەلکتریک و ڕووناکی کارەبا، چونکە کاتی خۆی نموونەی وا لای عەرەبەکان هەر باسی نەبووە، ئەگەر تەخەییولیش کرابێت، بەم شێوەیە کە قورئان باسی دەکات تەجەسسوم نەکراوە، یان قورئان خەیاڵەکەی خستووەتە سەریان، بەڵام نمونەیەکی عەمەلیی نەبووە لەبەرچاویاندا، واتە تاقێک بێنیتە پێش چاوت، کە میصباحێکی تێدا بێت، (مصباح) وەزنی (مفعال)ـە لە (صبح)، واتە شتێکی ڕووناکیی بەخش، ئینجا ئەم شتە ڕووناکیی بەخشە لە شووشەیەکدا بێت، شووشەکەش وەکو ئەستێرە بدرەوشێتەوە، ئەم وێناکردنە بۆ سەدەی حەوتی زاینی، وێناکردنێکی هونەریی گرنگە، بەڵام ئەم وێناکردنە تا سەدەی بیست و تا دروستبوونی ئەلیکتریک و تەزووی کارەباو گڵۆپ، لە واقع و حەقیقەتدا نەبووە، لە هیچ نەتەوەیەکیشدا شتی وا نەبینراوە، چ لە سەردەمی ئیسلام، چ پێش ئیسلام.. بەهەرحاڵ مەبەستەکە لێرەدا باسی (أمثال)ـە، بە دوای ئەم ئایەتەشدا دەفەرمویێت: ﴿وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ﴾: خودای گەورە مەثەل و نموونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵکی.

٤ـ لە نموونەی چوارەمدا خوای گەورە پشتیوانانی بتپەرستانی چوواندووە بە خانەی جاڵجاڵۆکەوە، ئەو بێباوەڕانەی کە پشتدەبەستن بە (أولياء)ێکی خەیاڵیی، (أولياء) لە زاراوەی قورئاندا واتە ئەوانەی کە پشتیان پێدەبەسترێت و پەنایان پێدەبرێت. لە سورەتی (العنكبوت)دا دەفەرمویێت ﴿مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ﴾: نموونەی ئەوانەی

کە لە خوار خواوە پشتوانانێک بڕیار دەدەن بۆ خۆیان، وەکو ئەو جاڵجاڵۆکەیە وان کە لە تاری خۆیان خانوو دروست دەکەن، کە سووکترین و لاوازترین خانە، خانەی جاڵجاڵۆکەیە.

٥ـ نموونەیەکی تری قورئانی پیرۆز کاریگەریی قورئانە بۆ سەر دڵەکان، نموونە دێنێتەوە بە کێوێک کە لە ترسی خوا شەق وپەق دەبێت، دەفەرموێت: ﴿لو أَنزَلْنَا هَـٰذَا الْقُرْآنَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾، دەفەرموێت: ئەگەر ئەم قورئانەمان بناردایەتە سەر کێوێک، کێوەکە لە ترسی خوا شەق وپەق و هەلا هەلا دەبوو، خوا ئەم نموونانە دەهێنینەوە بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی بیرێک بکەنەوەو هزرو فام بە خەرج بدەن.

٦ـ نموونەیەکی تری قورئان نموونەی دووڕووەکانە کە دژی بڕواداران پیلانیان دەگێڕا، دەیانچووێنێت بە کەسێکەوە کە ئاگرێک هەڵدەکات، بەڵام ئاگرەکەی لەسەر دەکوژێتەوەو دەکەوێتە تاریکییەوە، دەفەرموێت: ﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَّا يُبْصِرُونَ﴾: لە شەوێکی تاریکدا کەسێک ئاگرێک بکاتەوە، لە ناکاو ئاگرەکەی لەسەر بکوژێتەوە، دووڕووان بەم شێوەیەن، دوورن لە هیدایەتی خودایی و بەرچاوڕوونیی، دوورن لە نوری خوایی کە ڕێگایان بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

بێگومان دەیان نموونەی تر لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، کە ئاماژەن بەوەی پێویستە بۆ تێگەیاندنی گوێگر یان خوێنەری قورئانی پیرۆز، پەنا ببرێتە بەر (أمثال)و نموونەهێنانەوە، دیارە ئەمە لە ڕووی دەروونییەوە ـ کە خوا خۆی (خەبیر)و شارەزاترینە بە نهێنییەکانی مرۆڤ و زانیویەتی کە کاریگەریی زۆرە، بۆیە لە قورئاندا زۆر باسی لێوە کراوەو پەنای پێ براوە.

ئەمەی خوارەوەش خشتەیەکی (أمثال)و نموونەکانە لە قورئانی پیرۆزدا بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێت توێژینەوە لەسەریان بکەن، یان بیانەوێت پێیان ئاشنا ببن:

١. (مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَارًا فَلَمَّا أَضَاءَتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللَّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لَا يُبْصِرُونَ) البقرة/١٧.
٢. (أَوْ كَصَيِّبٍ مِنَ السَّمَاءِ فِيهِ ظُلُمَاتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ) البقرة /١٩.
٣. (إن الله لا يستحى أَنْ يَضْرِبَ مَثَلًا مَا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا) البقرة/٢٦.
٤. (وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ البقرة) /١٧١.
٥. (مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ) البقرة/٢٦١.
٦. (فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ) البقرة/٢٦٤.
٧. (وَمَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ كَمَثَلِ جَنَّةٍ بِرَبْوَةٍ) البقرة/٢٦٥.
٨. (أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَنْ تَكُونَ لَهُ جَنَّةٌ) البقرة/٢٦٦.
٩. (كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ من المس) البقرة/ ٢٧٥.
١٠. (وَكُنْتُمْ عَلَى شَفَا حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ) آل عمران/ ١٠٣.
١١. (مَثَلُ مَا يُنْفِقُونَ فِي هَذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ) آل عمران/١١٧.
١٢. (كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الْأَرْضِ حيران) الأنعام/٧١.
١٣. (فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِنْ تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَثْ) الأعراف / ١٧٦.

١٤. (إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ) يونس/٢٤.

١٥. (مَثَلُ الْفَرِيقَيْنِ كَالْأَعْمَى وَالْأَصَمِّ وَالْبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ هل يستويان) هود/٢٤.

١٦. (إِلَّا كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاءِ لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ) الرعد/١٤.

١٧. (أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا) الرعد /١٧.

١٨. (مَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ) إبراهيم/ ١٨.

١٩. (كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ ) إبراهيم /٢٤.

٢٠. وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كشجرة خبيثة) إبراهيم/٢٦.

٢١. (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا عَبْدًا مَمْلُوكًا) النحل/٧٥.

٢٢. (وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَجُلَيْنِ) النحل/٧٦.

٢٣. (وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُطْمَئِنَّةً) النحل/ ١١٢.

٢٤. (وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلًا رَجُلَيْنِ) الكهف/٣٢.

٢٥. (وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا) الكهف/٤٥.

٢٦. (فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ) الحج/٣١.

٢٧. (ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ) الحج/٧٣.

٢٨. (مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ) النور/٣٥.

٢٩. (وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ) النور/٣٩.

٣٠. (أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ) النور/٤٠.

٣١. (مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاءَ كَمَثَلِ الْعَنْكَبُوتِ) العنكبوت/٤١.

٣٢. (ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلًا مِنْ أَنْفُسِكُمْ) الروم/٢٨.

٣٣. (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا رَجُلًا ) الزمر/٢٩.

٣٤. (نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ) محمد/٢٠.

٣٥. (ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنْجِيلِ) الفتح/٢٩.

٣٦. (كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ) الحديد/٢٠.

٣٧. (كَمَثَلِ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ) الحشر/١٥.

٣٨. (كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ) الحشر/١٦.

٣٩. (مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ) الجمعة/٥.

٤٠. (ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ كَفَرُوا) التحريم/١٠.

٤١. (وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِلَّذِينَ آمَنُوا) التحريم/١١.

**بابەتی سێیەم/ سوێندخواردن (قەسەم):**

لە قورئانی پیرۆزدا بە چەندەها شت سوێند خوراوە، بۆ نموونە: خوای گەورە لەسەر زمانی ئیبراهیم (علیه السلام) بە (ت)ێی قەسەم، بە زاتی (الله) سوێندی خواردووە، لە سورەتی (الأنبياء)دا دەفەرموێت: ﴿تَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُم﴾: ڕوو بە نەتەوەکەی سوێند دەخوات: سوێند بە (الله) پلانێکم هەیە دژی بتەکانتان. نموونەی (قەسەم)ی تریش زۆرن، لە قورئاندا لە دەیان شوێندا بە دروستکراوانی خوا سوێند خوراوە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَالضُّحَىٰ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَىٰ﴾ ﴿وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّىٰ﴾ ، ﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا﴾، تەنانەت سوێند خوراوە بە هەندێک لە بەرووبوومەکان، وەکو: ﴿وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ﴾، یان بە هەندێک لە شوێنەکان وەکو: ﴿وَطُورِ سِينِينَ وهذا البلد الأمين﴾.

**حیكمەتی سوێندخواردن بە غەیری ناوی خوا:**

سوێندخواردن لە قورئانی پیرۆزدا بە چەند ئامانجێك هاتووە، هەندێكی بۆ (تعظیم)و گەورەییە، وەكو سوێندخواردن بە زاتی خوا خۆی. هەندێكی بۆ سەرنجڕاكێشانە بۆ بابەتانێك كە خوا خۆی مەبەستییەتی، خوای گەورە ئەو حەقەی بە خۆی داوە كە سوێند بە دروستكراوەكانی بخوات، كە ئەمەیان بۆ (تعظیم)و بەگەورەدانان نییە، بەڵكو بۆ سەرنجڕاكێشانە، بۆ بیركردنەوەیە لەو سوێندلەسەرخوراوانە.

لە ئەسڵدا لە ڕستەی سوێندی زمانی عەرەبیدا وشەی (أقسم) یان (أحلف) هەیە، بەڵام كورتكراوەتەوەو تەنها پیتی (و) هێنراوە، بۆ نموونە لە جێی (أقسم بالله) دەوترێت: (والله)، یان لە جێی (أقسم بالضحی) ﴿والضحی﴾، یان ﴿والليل﴾، ﴿والشمس﴾، بەم واوە دەڵێن: (و)ی (قەسەم)، لە جێگەی ئەو فیعلەی (أقسم) دانراوە، كەواتە مەعلومە ئەو جۆرە سوێندە بۆ (تعظیم) نییەو بۆ ڕاكێشانی سەرنجە. هەندێكجار لە جێی واوی قەسەم پیتی (ب) و (ت) بەكارهاتووە، وەك دەگوترت: (والله، وبالله، وتالله).

لە ڕوویەكی ترەوە سوێندخواردن بە دروستكراوان بۆ خۆشەویستیش هاتووە، وەكو ئەوەی سورەتی (الحجر) كە دەفەرموێت: ﴿لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾ وەك ئەوەی لە كوردەواریدا دەوترێت: بە گیانی تۆ، بە گیانی باوكم، بە گیانی ئەولادم، بە گیانی فڵان.. ئەمە بۆ خۆشەویستییە، هەرچەند بۆ ئێمە باش نیە بەكاری بێنین، لەسەر ئێمە واجیبە كە سوێند تەنها بە خوای گەورە بخۆین. ئەوەش بزانین كە قورئانی پیرۆز پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانانی ئاگاداركردووەتەوە كە سوێندی زۆر نەخورێت و هەركەس سوێندی زۆری

خوارد، بڕوای پێنەکرێت، دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ﴾: گوێڕایەڵی مەکە لەو کەسەی سوێندی زۆر دەخوات و سووک و ناقابیلە. بۆیە زۆر سوێندخواردن باش نیە، بەڵام ئەگەر ئینسان ناچار بوو سوێند بخوات، ئەوە با سوێند بە غەیری خوا نەخوات، سوێند بە ناوو صیفاتیخوا بخوات، چونکە لە فەرموودەشدا هاتووە کە ئەفەرموێت: (ألا إن الله ينهاكم أن تحلفوا بآبائكم، فمن كان حالفا فليحلف بالله أو ليصمت)[٢٩]، واتە: قەدەغە کراوە لێتان کە سوێند بە باوکانتان بخۆن، هەر کەس ویستی سوێند بخوات، با سوێند بە خوا بخوات، یان بێدەنگ بێت.

شایانی باسە وەختی خۆی سوێند بە باوک خوراوە، لە کوردەواریشدا ئەم سوێندە خوراوە، وتراوە: بەسەری باوکم، بە گیانی باوکم. بۆیە عبدالله کوڕی مەسعود ـ کە یەکێکە لە موفەسسیرە گەورەکانی صەحابە ـ دەفەرموێت: (لئن أحلف بالله كاذبا، أحب إلي من أن أحلف بغيره وأنا صادق)[٣٠]، قسەیەکی سەرنجڕاکێشە، ئەڵێت: ئەگەر بەدرۆ سوێندبخۆم بەخوا، زۆر لام خۆشەویستترە لەوەی کە بە ڕاستی سوێندبخۆم بە غەیری خوا، واتە ناچاربم سوێندێکی درۆ بە خوا بخۆم، لام باشترە لەوەی کە سوێند بخۆم بە غەیری خوا.

بۆ زانیاریی زیاتر: سەرەتای (١٧) سورەتی قورئانی پیرۆز، بە سوێندخواردن دەستیان پێکردووەو سوێند بە دروستکراوان و دیاردە گەردوونییەکان خوراوە، کە بریتین لەمانە: (وَالصَّافَّاتِ . وَالذَّارِيَاتِ . وَالطُّورِ . والنجم . وَالْمُرْسَلَاتِ . وَالنَّازِعَاتِ .

---

[٢٩] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: ٦٦٤٦.

[٣٠] الزواجر عن اقتراف الكبائر، الهيتمى، ١٨٤/٢.

وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ . وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ . وَالْفَجْرِ . وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا . وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَىٰ . وَالضُّحَىٰ . وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ . وَالْعَادِيَاتِ . وَالْعَصْرِ . لا أقسم بيوم القيامة . لَا أُقْسِمُ بِهَـٰذَا الْبَلَدِ). جگە لەو سوێندانەی لە ناواخنی ئایەتەکاندا هەن.

ئەم بابەتی سوێندخواردنە بۆیە خراوەتە ناو زانستەکانی قورئانناسیی (علوم القرآن)، بۆ ئەوەی بزانرێت کە تایبەتمەندییەکی قورئانی پیرۆزە، بزانرێت کە خوای گەورە خۆی دروستکاری تەواوی دروستکراوانە، کە سوێندی خواردووە بە دروستکراوانی، لە سۆنگەی سەرنجڕاکێشانی بیسەرو خوێنەری قورئانەوەیە بۆ دروستکراوانی خوا، یان هەندێک جار۔ وەک وتمان ۔ بۆ خۆشەویستییە، بۆ نموونە کە لە سورەتی (الحجر)دا دەفەرموێت: (لعَمْرُكَ إنّهم لفي سَكْرَتِهم يَعْمَهُون) سوێند بە گیانی تۆ۔ ئەی محەممەد۔ ! ئەو (نەیارانەتان) سەرگەردان و وێڵن. ئەمە زیاتر سەرنجڕاکێشانە بۆ خۆشەویستیی پێغەمبەری خوا ﷺ .

ماوەتەوە ئەوە بزانین کە ۔ وەک وتمان ۔ لە قورئانی پیرۆزدا۔ جگە لەو سەرەتایەی (١٧) سورەتەکە۔ لە ناواخنی سورەتەکاندا، سوێند بە دەیان شتی تر لە دروستکراوانی خوا خوراوە، بەڵام بۆ ئەوەیە کە ناوەکە بدرێت بە گوێی بیسەرو خوێنەرەکەدا، نەک بۆ (تعظیم)و تەقدیسکردن، چونکە هیچ کەس و شتێک دوای زاتی (الله) بۆ (تعظیم) سوێندی پێ ناخورێت، صیفەتی گەورەیی هەر شایستەی خوایەو هەموو صیفاتێکی گەورەیی هەر لای خوای موتەعالە، بەڵام ئەم بابەتە خراوەتە ناو قورئانی پیرۆزەوە ۔ وەکو وتمان ۔ بۆ سەرنج ڕاکێشان.

ئەمە سێ بابەت کە لە زانستەکانی (علوم القرآن )دا ئاماژەیان پێکراوە: بابەتی (چیرۆک)، بابەتی (أمثال) و بابەتی سوێند (قەسەم).

## وانەی چواردەیەم

## ئیستیعارەو مەجازو تەشبیهـ وەقف و وەصل

لەم وانەیەدا باسێک لە (استعارە) و (مەجاز) و (تەشبیە) دەکەین، کە پەیوەندی زۆریان بە زانستی بەلاغەوە هەیە، لەگەڵ باسێکی (وەقف) و (وەصل) کە دوو بابەتی گرنگن، باسی شێوەی وەستان و شێوەی (استئناف) بۆ دەستپێکردن لەسەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەکەن.

بە نیسبەت بابەتی (استعارە) و (مەجاز) و (تەشبیە)و ئەوانەوە بابەتێکی زۆر دوورودرێژە، بەڵام کورتەیەکی باس دەکەین:

(تەشبیە) واتە چوواندن، بەو نموونەیە دەڵێن کە شتێک بە شتێک دەچوێنرێت، (موشەببەهـ)ێک و (مشبّە بِە)یەک هەیە، بۆ نموونە: تۆ دەڵێیت (ئەحمەد وەک شێرە)، ئەحمەد (موشەببەهـ)ـەکەیەو چوێنراوە بە شێرەوە، شێر (مشبّە بِە)یەو ئەحمەد بەو چوێنراوە، جاری وا هەیە ئامرازی (تەشبیهـ) لە ڕستەکەدا هەیە، بۆ نموونە دەوترێت: (أحمد كالأسد)، ئەو پیتی (کاف)ـە پێی دەگوترێت کافی تەشبیهـ . جاری وایە ئامرازی (تەشبیهـ)ەکە لادەبرێت، بۆ نموونە دەوترێت: (أحمد أسد)، واتە: ئەحمەد شێرە، کە ئەمەیان زیادە موبالەغەی تێدایە.

لە قورئانی پیرۆزدا نموونەی لەم بابەتە زۆرن، بۆ نموونە لە سورەتی (سبأ) لە قورئانی پیرۆزدا، سەبارەت بە کەرەستە دروستکراوەکانی سولەیمان پێغەمبەر (علیە السلام) لەلایەن سەربازییەکانەوە، دەفەرموێت: (وجفان كالجواب)، واتە: قازانی وایان بۆ دروستدەکرد، کە بە ئەندازەی حەوزێکی گەورە دەبوون!

وشەی (جفان) کۆی وشەی (جفنە)یە، بە واتای قازانی گەورە، وشەی (الجواب)یش کۆی وشەی (الجابیة)یە، بە واتای حەوزی گەورە.

جگە (مشبّە) و (مشبّە بِهِ) و (ئامرازی تەشبیهـ) لە ناواخنی ئەم بابەتەدا شتێکی تر هەیە کە پێی دەڵێن (وَجْهُ الشّبَه)، واتە ئەو ڕووانە، یان ئەو لایەنانەی لێکچوونەکەی لێ دروستدەبێت، بۆ نموونە: تۆ بۆ دەڵێیت ئەحمەد شێرە؟ لەبەر ئەوەی ئازایە، کەواتە ئەمە بووە (وجە الشبە).

ئەو چوار شتەی باسکران ئەرکانی (تەشبیهـ)ن: (مشبە، مشبە بە، أداة التشبیە، وجە الشبە)، بێگومان (اداة التشبیە) ـ وەک وتمان ـ هەندێکجار باسناکرێت، هەندێکجاریش باسدەکرێت، هەردووکی هەر دەبێت، بەڵام لە ڕووی بەلاغییەوە جوان نیە ئاماژە بکرێت بە (وجە الشبە)، دەبێت بیسەر لێی دەربێنێت، تۆ کە دەڵێیت (ئەحمەد شێرە)، دەبێت بیسەر تێبگات کە چواندنەکە لە ڕووی ئازایەتییەوەیە، یان دەڵێی: مسوڵمان ئاوێنەی موسڵمانە، ئەوە لە چەند ڕووەوەیە: ئاوێنە وەک عەیب و ناتەواویی دەردەخات، جوانییش دەردەخات، موسڵمانیش بۆ براکەی وایە. ئاوێنە بێدەنگ سەرنجدەدات، موسڵمانیش براکەی نازڕێنێت. ئاوێنە نە عەیب وعار گەورە دەکات، نە جوانییەکان، موسڵمانیش بۆ براکەی هەر وایە.. هتد. ئەمانە پێی دەڵێن: (أوجە الشبە)..

بەهەرحاڵ شیکردنەوەی ئەم بابەتە بەدەرە لە باسەکەی ئێمە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بزانین ئەم شێوە داڕشتنە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەگەڵ (إستعارە) و (مەجاز) پەیوەندیی هەیە، چونکە (إستعارە) هەیە کە جۆرێکە لە مەجازی لوغەوی و نزیکە لەم بابەتەوە، چونکە تۆ هەر لە ئەسڵدا لە هەر

قسەکردنێکدا دەبێت حەقیقەت بڵێیت، هەر شتێک وەکو خۆی بڵێیت، بەڵام جاری وا هەیە لەفزێک هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی حەقیقەتەکە بگەیەنێت، تۆ کە دەڵێیت: (أسد) لە ئەسڵدا ئەو گیاندارەیە کە بە کوردی پێی دەڵێن شێر، هەندێکجار ئەیخوازی (استعارە)ی دەکەیت بۆ حاڵەتێک، وەکو ئەو نموونەیەی باسمان کرد، دەتەوێت لە ئازایەتیدا کەسێک بچوێنێت بەوەوە، ئەسڵی لەفزەکە حەقیقەتەکە دەگەیەنێت، بەڵام هەندێکجار بۆ مەبەستی تایبەت دەیخوازیت، کە ئەوە (مەجازو ئیستیعارەو تەشبیه)ی تێکەڵدەبێت. ڕێسای زمانی عەرەبی وایە کە (مەجاز) بەلیغترە لە حەقیقەت، واتە: تۆ بڵێیت (ئەحمەد شێرە)، بەهێزترە لەوە کە بڵێیت (ئەحمەد ئازایە)، چونکە ئازایەتییەکەی بەرجەستە دەکەیت، لەبەر ئەوە ئەم پرۆسەیە بۆ چەند مەبەستێکی (بەلاغی) ڕەوانبێژیی دەکرێت، وەک: تەئکیدکردنەوەی مانا، بەرجەستەکردنی ڕەوشتێک، دەرخستنی تایبەتمەندییەک.. لەبەر ئەوە لە تەعریفی مەجازدا وتوویانە: بەکارهێنانی لەفزێک لە غەیری جێی خۆیدا، بۆ غەیری مانای خۆی، بێگومان لە قورئاندا نموونە زۆرە، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ ، فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ﴾: ئەو کەسەی لە (پاشەڕۆژ)دا تەرازووەکانی سووک بن، یانی کاری چاکی کەم بێت، (هاویە) دایکییەتی، واتە ئاگری بڵێسەدار لە دامێنی دەگرێت. خۆ ئەگەر بە کوردی مانای ئەم ئایەتە بکەیت: ناڵێیت هاویە دایکییەتی، بەڵام ماناکەی وایەو قورئان خۆی مانای (هاویە)ی کردووە، دەفەرموێت: ﴿وما أدراكَ ماهِية * نارٌ حامِية﴾: تۆ چووزانی (ماهیە) چیە؟ ماهیە ئاگرێکە هەڵقرچاوەو سووتێنەرو بڵێسەدارە.

بەهەرحاڵ باسەکەمان لێرەدا ئەوەیە کە ئاگر چوێنراوە بە دایکەوە، کە ئەمە جۆرێکە لە (مەجاز)، جاری وا هەیە (مەجاز)ەکە زمانەوانییە، واتە لە ڕووی زمانەوە، لە ڕووی وشەوە، وشەیەک لە جێی وشەیەکی تر بەکارهێندراوە، بۆ نموونە: دەفەرموێت: ﴿يَجْعَلُونَ أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِم مِّنَ الصَّوَاعِقِ حَذَرَ الْمَوْتِ﴾: کاتێک هەورە تریشقە دەنگی دێت، پەنجەکانیان دەکەن بە گوێیاندا، خۆ لە حەقیقەتدا پەنجە ناکرێت بە گوێدا، سەرە پەنجە دەکرێت بەگوێدا، کەواتە بۆچی ئەمەی بەکارهێناوە؟ وەڵام ئەوەیە کە قورئان دەیەوێت وێنایەکی زۆر بەلیغترمان بۆ بکات، واتە ئەوەندە دەترسن و ئەوەندە شڵەژاون، خەریکە هەموو پەنجەیان دەکەن بە گوێیاندا، بۆ ئەوەی گوێیان لێنەبێت، نەک تەنها سەرەپەنجەکانیان!! ئەمە مەجازی لوغەوییە، واتە شتێکی گشتیی بەکارهێنراوە لە باتی جوزئێک، گشتییەکە پەنجەکەیە، (جزء)ە کە سەرەپەنجەکەیە. جاری وا هەیە بە پێچەوانەوە، ئیستیعمالی شتێکی جوزئی کراوە لە باتی (کلّ)ێک، بۆ نموونە: قورئان لە سورەتی (الرحمان)دا دەفەرموێت: ﴿وَيَبْقَىٰ وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ﴾، لە باسی تیاچوونی دونیا دەفەرموێت: ڕووی پەروەردگاری تۆ ئەی محەممەد! هەر دەمێنێت، ڕووی پەروەردگار دەمێنێت، واتە پەروەردگارت دەمێنێت، بەڵام وەکو (مەجاز) (جزء)ێک لە (کل)ێک نەقڵ کراوە، دانراوەکە (وجە)ی ڕەببە، لە باتی (ربّ).

جاری وا هەیە (مەجاز) شێوەیەکی تر وەردەگرێت، بۆ نموونە لەفزێکی تایبەت بەکاردێت، لە بری گشتییەک، بۆ نموونە: کاتێک موساو هارون دەچن بۆ لای فیرعەون، لە سورەتی (الشعراء) دەفەرموێت: ﴿إنا رسول رب العالمين﴾: ئێمە نێردراوی پەروەردگاری جیهانییانین، خۆی ئەگەر داڕشتنەکە ساکار بوایە

دەبوایە بمانوتایە: ﴿إنا رَسولا ربّ العالَمين﴾، چونکە دوو کەس بوون، بەڵام لەفزەکە (خاص) کراوە بەسەر (عام)داو کراوە بە یەک.

یان لە ئایەتێکی تردا لە سورەتی (الشوری) بە پێچەوانەوە هاتووە، قورئان لە باسی فریشتە هەڵگرەکانی عەرشدا دەفەرموێت: ﴿يَستغفرون لِمَنْ في الأرض﴾: داوای لێخۆشبوون دەکەن لە خوا، بۆ هەر کەس لە سەرزەوییە، لە واقعدا تەنها بۆ موسڵمانانی سەرزەوییە، چونکە ناکرێت فریشتەکان داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن بۆ هەرچی مرۆڤی سەرزەوییە، چونکە بێباوەڕانیش دەگرێتەوەو قەدەغەش کراوە داوای لێخۆشبوونی خوا بکرێت بۆ بێباوەڕان. کەواتە لێرەدا بە پێچەوانەوە لەفزی (عام) بەکارهێنراوە، مەبەست پێی لەفزی (خاص)ە.

بەهەرحاڵ، لەم بابەتەدا نموونەی ئایەت زۆرن، بۆ نموونە: جاری وا هەیە بەسەبەبگیراوی شتێک لە باتی سەبەب بەکارهاتووە، وەکو ئەوەی لە سورەتی (غافر) دەفەرموێت: ﴿وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ رِزْقًا﴾ پەروەردگار لە ئاسمانەوە ڕۆزیی (رزق)تان بۆ دەنێرێت، لە حەقیقەتدا لە ئاسمانەوە ڕزق نانێرێت، باران دەنێرێت، بەڵام دیارە باران هۆکاری ڕزقە، ئەسڵی سەبەبەکەی تەرک کردووە، بەڵام موسەببەبەکەی باسکردووە.

یان لە سورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێت: ﴿قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا﴾ لە واقیعدا خوای گەورە لیباسی نەناردووە، لە ئاسمانەوە ئاوی ناردووە، بەڵام ئاوەکە دەبێتە هۆی سەوزبوون و کشتوکاڵ و لە هەندێک بەرهەمی ڕووەکییەوە بەرگ و پۆشاک دروستدەکرێت.

یان جاری وا هەیە بە مەجاز ناوی شتێکی بردووە، ئەو شتە نەتیجەی شتێکی ترە، بۆ نموونە: لە سورەتی (یوسف)دا دەفەرموێت: ﴿إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا﴾، ئەوەی خەوەکەی بینی، وتی: من خۆم بینییەوە کە شەرابم دەگوشی، شەرابم دەگرت. خۆ لە ڕاستیدا ترێی گوشیوە، نەک شەراب، دەبوایە (أَعْصر عِنَبا) بووایە، بەڵام نەتیجەکەی وتووە، یانی ترێ گوشین، کە دەبێتە مەی (خەمر).

یان لە دوعاکەی (نوح)دا کە دوعا لە نەتەوە سەرکەشەکەی دەکات، دەفەرموێت: ﴿ولا يَلِدُوا إلا فاجِرا كَفّارا﴾: خوایە! ئەمانە لەناو بەرە، تا منداڵی فاجری بێباوەڕیان نەبێت. خۆ لە واقیعدا منداڵ کە لەدایک دەبێت فاجرو کەففار نیە، بەڵام بە ئیعتیباری نەتیجەکە فەرموویەتی. یان لە سورەتی (الصافات)دا دەفەرموێت: ﴿فبَشرّناهُ بغلامٍ حَليم﴾ لە ڕاستیدا منداڵ نابێتە حەلیم هەتا گەورە نەبێت.

بەم شێوەیە بابەتی (مەجاز) زۆر دوورودرێژە، جاری وا هەیە ناوی مەحەللێکی بردووە، مەبەستی پێی حاڵەکەیە، بۆ نموونە: دەفەرموێت ﴿فَلْيَدْعُ نادِيَه﴾: با یانەکەی بانگ بکات، لە ڕاستیدا ئەهلی نادی بانگدەکرێن، نەک نادی، لێرەدا ئەهل حەذفکراوە، بەڵام لەبەر (مەجاز) کورتکراوەتەوە. یان دەفەرموێت: (واسْألِ القَرية)، لە ڕاستیدا مەبەست (واسأل أهل القرية)یە.

یان جاری وا هەیە ئیسمی (حال) بەکاردەبرێت، مەبەست پێی (محل)ەلەکەیە، بۆ نموونە لە سورەتی (آل عمران) دەفەرموێت: ﴿فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾، باسەکە باسی بەهەشتە، لە باتی بفەرموێت: (ففي الجنة) کە ڕەحمەتی خوای تێدایە، دەفەرموێت: ﴿فَفِي رَحْمَةِ اللَّهِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ مەبەست پێی بەهەشتە، واتە حاڵەکەی بەکارهێناوە، لەباتی مەحەللەکە.

یان جاری وایە ناوی شتی بردووە بە ناوی ئالەتەکە، بۆ نموونەلە سورەتی (إبراهیم)دا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ﴾، لێرەدا مەبەست لە زمان لوغەو لەهجەیە، نەک ئەو پارچە گۆشتەی ناو دەم.

یان جاری وا هەیە ناوی شتی بردووە، پێچەوانەکەی مەبەستە، وەکو ئەوەی دەفەرموێت: ﴿فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾، کە ئەمە لە زۆر شوێنی تریشدا هەیە، دەفەرموێت: مژدەیان پێ بدە بە سزایەکی ئازاردەر، خۆ لە ڕاستیدا بۆ حاڵەتی وا مژدە نادرێت، بەڵکو هەڕەشە دەکرێت، بەڵام ئەمە مەجازێکی بەهێزی تێدایە، بۆ ئەوەی زیاتر ئازاریان بدات.

هەروەها جاری وا هەیە ڕابردوو بەکارهاتووەو داهاتوو مەبەست بووە، وەک دەفەرموێت: ﴿أتى أمر الله﴾ یان ﴿فنفخ فى الصور﴾ نموونەی لەم بابەتە زۆرن، ئەگەر ساکار سەیری بکەیت دەڵێیت: دەبوایە بە صیغەی موستەقبەل بیگوتایە، بەڵام وەکو ئەوەی لە سەرەتای تەعریفەکەدا وتمان، مەبەست لەم مەجازو ئیستیعارەیە زیاتر تەئکیدکردنەوەیە، کاتێک دەفەرموێت: ﴿فنُفِخَ فِي الصّور﴾ واتە: دڵنیابن چۆن لە ڕابردوودا ئەگەر شتێک ڕوویدابێت کەس موناقەشەی ناکات، ئیتر ڕوویداوە، دڵنیا بن فووکردن بە شەیپوریشدا ئاوا ڕوو دەدات. یان ﴿أتى أمر الله﴾ واتە چۆن فەرمانی خوا لە ڕابردوودا بەدیهاتبێت، ئاوا دڵنیابن کە فەرمانی خوا لە داهاتووشدا دێت، بەڵام تۆ کە دەیکەیت بە کوردیی، بێگومان دەبێت ئەم تێبینییانە بدەیت، بۆیە زانینی زمانی عەرەبی گرنگە، ئەگەر نا کەسێک وشە بە وشە تەرجومەی بکات، بە صیغەی فیعلی ڕابردوو تەرجومەی دەکات و دەکەوێتە هەڵەوە. یان جاری وا هەیە بە پێچەوانەوە، صیغەی فیعلی حازری

بەکارهێناوە، بەڵام ڕابردووی مەبەستە، بۆ نموونە: ﴿فَلِمَ تَقتُلونَ أنبياءَ الله﴾؟ واتە بە صیغەی حازر دەپرسێت، بەڵام مەبەستی ڕابردووە، مەشهورە کە بەنی ئیسرائیل پێغەمبەری زۆریان شەهید کردووە، نافەرموێت: (فَلِمَ قتلتموهم؟) بۆچی پێغەمبەرانتان کوشت؟ ئەی ئەمە بۆچی وایە؟ ئەوە بە نیسبەت ڕابردووەوە زانیمان بۆ تەئکیدکردنەوەیە، ئەی بۆچی فیعلی (مضارع)و حاڵ بەکاردێنێت، بۆ ڕابردوو؟ واتە: ئێوەی جوولەکە نیازتان هەروایە، ئێستەش هەر بۆتان بلوێت پێغەمبەران دەکوژن، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار، دەستیان نەدەچووە موحەممەدی خاتەم ﷺ، هەرچەندە چەند جارێکیش پیلانی کوشتنیان دانا. کە دەفەرموێت: ﴿فَلِمَ تَقْتُلونَ﴾ واتە: ئێستەش هەر لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەران بکوژن، لە کاتێکدا پرسیارەکە لەسەر ڕابردووە..

ئەمە پوختەیەک بوو لەسەر (مەجازو ئیستعارەو تەشبیهـ) کە پەیوەندیی بە زانستی بەلاغەو فەصاحەوە هەیە، بەڵام لە ناو قورئانی پیرۆزیشدا نموونەو مەصادیقەکانی هەن، بۆیە هاتووەتە ناو زانستی قورئانناسیی (علوم القرآن)ەوە.

## بابەتی وەستان و تێپەڕین (الوقف والوصل)

بابەتێکی تر باسی وەستان و پەیوەستکردن، یان تێپەڕینە (الوقف والوصل)، کە لە زانستی (علوم القرآن)دا هەیەو لە ڕاستیدا لە سەدەی چواری کۆچییەوە کتێبی لەسەر نووسراوە، یەکێک لەو کتێبە بەناوبانگانە کە زۆر چڕو فراوانە کتێبێکی (أبوبکر ابن الأنباری)یە بە ناوی (إیضاح الوقف والابتداء)، باس لەوەیە کە چۆن بوەستیت لەسەر ئایەتێک؟ یان چۆن بڕۆیت؟ بۆ نموونە: دەڵێیت: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ * الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾، ئایا لەسەر ﴿الحمد﴾ بوەستین و هەناسەیەک بدەین، دواتر بڵێین: ﴿لله رب العالمین﴾؟ ئایا دەکرێت بڵێین: ﴿الحمد لله﴾، دواتر بڵێین: ﴿رب العالمین﴾؟ ئایا دەکرێت بڵێین: ﴿الحمد لله رب العالمین* الرحمن الرحیم﴾، یان ناکرێت؟ ئەگەر دەکرێت کامیان جائیزەو کامیان ناجائیزە؟ کامیان یەکسانە؟ ئایا بیکەیت و نەیکەیت وەکو یەک وایە؟

لە ڕاستیدا زانایان لەم بابەتەدا زۆر وردبوونەتەوە، چونکە تۆ قورئانی پیرۆز دەخوێنیتەوە، هەناسەت لە شوێنێکدا کۆتایی دێت، ناچاریت بوەستیت و دووبارە دەستپێبکەیتەوە، ئەم بابەتە باس لەوە دەکات لە کوێ بوەستیت و لە کوێ دەستپێبکەیتەوە؟ بە شێوەیەکی گشتیی ئەم بابەتە چەند جۆرێکە:

**جۆری یەکەم**: وەستانی دروست (الوقف الجائز): کە وەستانە لە کۆتایی ڕستەیەک کە ماناکەی تەواو دەبێت، کە دەتوانیت بە تەواویی بوەستیت، ئەمە جائیزەو باشترە بوەستیت، بەڵام ئەگەر نەشوەستیت کێشە دروستنابێت.

هێمای گشتیی ئەم وەستانە لە موصحەفدا پیتی (ج)ـە، کە بە بچوکیی لە شوێنی وەستانەکەدا نووسراوە.

ئەم جۆرە دەبێتە سێ بەشەوە:

١ـ وەستانی تەواو (الوقف التام): وەستان لەسەر ئەو شوێنەی مانای ئایەتەکە تەواو دەبێت، وەک وەستان لەسەر وشەی (المفلحون) لە ئایەتی (٥)ی سورەتی (البقرة): ﴿أُولَـٰئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُولَـٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾، ئەمە لێرەدا وەصفی موتتەقی و خواناسان دەکات و لە وشەی (المفلحون)دا کۆتایی بەم باسە دێت. دواتر لە ئایەتی شەشی دوای ئەوەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ ئەگەر وردبییتەوە هەستدەکەیت کە لەم ئایەتە بەدواوە پەیوەندیی پەیکەریی بە بڕگەکەی پێش خۆیەوە نیە، بۆیە لێرەدا لە نێوان (المفلحون)و ﴿إن الذين كفروا﴾دا وەستانی تەواو (وەقفی تام)ی پێدەڵێن، واتە بە تەواویی دەوەستیت و هەناسەیەک دەدەیت، ئەگەر بە تەنیا بیت، یان لە نوێژدا بیت و پێشنوێژ بیت، چونکە دوو بڕگەکە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

نیشانەی ئەم جۆرە وەستانە لە ناو (موصحەف)دا هێمای (قلى)ـە، کە بە بچوکیی لەسەر دوا وشەی ڕستەی (الوقف التام) نووسراوە. ئەو هێمای (قلى)ـە واتە (الوقف أولى): وەستان باشترە.

٢ـ وەستانی کافی (الوقف الكافي): وەستان لەسەر ئەو وشەیەی مانای ڕستەیەکی لەسەر تەواوبووە، لە ڕووی واتاوە پەیوەندیی بە دوای خۆیەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی لەفزییەوە پەیوەندیی نیە، وەکو وەستان لەسەر وشەی (البيت) لە ئایەتی: (فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ * الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ)

حوکم لەم حاڵەتەدا ئەوەیە بوەستیت باشترەو دوای وەستانەکە لە وشەی دوای ئەوەوە دەستپێکەیتەوە.

٣ـ وەستانی پەسەندو جوان (الوقف الحسن): ئەوەیە مانای ڕستەکە تەواو بووەو لە هەردوو ڕووی لەفزیی و ماناوە پەیوەندی بە ڕستەی دوای خۆیەوە هەیە.

حوکمی ئەمە ئەوەیە کە وا جوانترو باشترە بوەستیت، بەڵام ئەگەر نەشوەستیت کێشە دروستنابێت، بۆ نموونە لە سورەتی (الفاتحة)دا دەڵێین: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾، دەوەستین و هەناسەیەک دەدەین، ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ، دەوەستین و هەناسەیەک دەدەین، ﴿الرحمان الرحيم﴾، دەوەستین و هەناسەیەک دەدەین. هەرچەندە بیستوومانە هەندێک خوێنەری قورئان هەموو ئایەتەکانی سورەتەکە بەسەریەکەوە دەخوێنێتەوە، ئەوە بۆ هەندێک کات و هەندێک حاڵەتی تایبەت، ئاساییە، بۆ نموونە: کاتێکی درەنگەو پەلەتەو لە ئیشیێکدایت، بەڵام بە مەرجێک ئەو بەسەریەکەوە خوێندنەوەیە کارنەکاتە سەر خشوع و بیرکردنەوەی ئینسان لە ماناکان، بۆ ئەوانەی عەرەبی زانن، بەڵام باشترو جوانتر وایە بوەستیت، چونکە فەرموودەیەکی عائیشە ـ خوا لێی ڕازی بێت ـ هەیە دەفەرموێت: (كان رسول الله إذا قرأ قطع قراءته آية آية، يقول: بسم الله الرحمن الرحيم، ثم يقف، ثم يقول الحمد لله رب العالمين، ثم يقف..)[٣١] واتە لە نێوان هەموو ئایەتەکاندا دەوەستا.

**جۆری دووەم:** وەستانی ناجوان: (الوقف القبيح): هەرچەندە ناوەکەی ناشایستەیە، بەڵام بەهەرحاڵ نیسبەتی قەبیحەکە دراوەتە لای وەستانەکە، واتە

---

[٣١] سنن الدارقطني، ٦٥١/١.

فیعلەکە لە ئینسانەوەیە، بەڵام هەر بۆ ناو قورئانی پیرۆزو زانستەکانی قورئانناسی (علوم القرآن) وشەکەم پێ جوان نیە.

ئەم حاڵەتە لە قورئانی پیرۆزدا نموونەکانی زۆرن، وەک ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە:

لە نێوان (صفه) و (موصوف)دا نابێت بوەستیت، بۆ نموونە لە قورئاندا لە سورەتی (الواقعه)دا دەفەرموێت: ﴿فِي سِدْرٍ مَّخْضُودٍ (٢٨) وَطَلْحٍ مَّنضُودٍ (٢٩) وَظِلٍّ مَّمْدُودٍ (٣٠) وَمَاءٍ مَّسْكُوبٍ (٣١) وَفَاكِهَةٍ كَثِيرَةٍ (٣٢)﴾ ، لێرەدا خۆش نییە بڵێیت: ﴿في سدر﴾ و بوەستیت، دواتر بڵێیت ﴿مَّخْضُودٍ﴾، چونکە (مخضود) صیفەتی (سدر)ـە. یان بڵێیت: ﴿وَطَلْحٍ﴾، دواتر بڵێیت: ﴿مَّنضُودٍ﴾.. ئەمە پێی دەڵێن: وەقفی ناجوان. هەروەها وەستان لە نێوان (مضاف) و (مضاف إليه)دا، بۆ نموونە: دەڵێین: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ، خۆش نیە بڵێیت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ﴾ بوەستیت، دواتر بڵێیت ﴿الْعَالَمِينَ﴾. یان لە (مالك يوم الدين)، بڵێیت: (مالک یوم) بوەستیت، پاشان بڵێیت: (الدین).

هەروەها ئەگەر وەستان بووە هۆی تێکدانی مانای وشەو ڕستە، ئەوە هەر تەواو ناشرینترین و خراپترین جۆری وەستانە، لەبەر ئەوە جاری وا هەیە دەگاتە حەددی ئەوەی کە کوفر دروستببێت، بۆ نموونە: لە سورەتی (الأنفال) دەفەرموێت: ﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا إِن يَنتَهُوا يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ وَإِن يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ﴾، لێرەدا ئەگەر لەسەر (يعُودُوا) بوەستیت ماناکە تێکدەچێت، واتە: بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: بە بێ بڕوایان بڵێ: ئەگەر باوەڕبێنن و دەست لە دوژمنکاریی هەڵبگرن و لە شیرک و بتپەرستیی دەستبکێشنەوە، خوای گەورە لە ڕابردوویان خۆشدەبێت، ﴿وَإِن يَعُودُوا﴾ ئەگەر دووبارەشی بکەنەوە! لێرەدا

ئەم وەستانە بوو هۆی شێواندنی مانای ئایەتەکە. کەوابوو پێچەوانەی مەبەستی خوای گەورەیە، بۆیە دەبێت لەسەر وشەی (یعودوا) نەوەستیت و بڵێیت: ﴿وَإِن يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ﴾: ئەگەر دووبارەی بکەنەوە، ئەوەی خوای گەورە لەگەڵ پێشینان کردوویەتی، لەگەڵ ئەوانیشدا دووبارەی دەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەو جۆرە وەستانانە کە مانا دەگۆڕێت ناجائیزە.

نیشانەی ئەم جۆرە وەستانە لە ناو (موصحەف)دا هێمای (لا)یە، کە بە بچوکیی لەسەر دوا وشەی ڕستەکە نووسراوە. ئەو هێمای (لا)یە واتە: مەوەستە.

بە کورتی ئەم سێ جۆرە وەستانانە هەموویان دابەشدەکرێن بەسەر هەموو حوکمەکاندا: هەیانە حەرامە، ئەوەیانە کە وەستان دەبێتە هۆی تەفسیری هەڵە بۆ ئایەت. هەیانە زۆر باشە کە وەقفی جوانە. هەیانە بەینە بەینە، واتە ئەگەر بوەستی، دەبێت، نەشوەستی هەر دەبێت، کە بە نیشانەی (ج) ئاماژەی بۆ کراوە، حاڵەت هەیە ئەتوانی بوەستی، بەڵام نەوەستان باشترە، کە بە نیشانەی (صلى) ئاماژەی بۆ کراوە، کە کورتکراوەی (الوصل أولى) واتە: نەوەستان باشترە.

جۆرێکی تر هەیە دەکرێت بوەستیت، بۆ نموونە: دەڵێیت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ﴾، دەکرێت بوەستیت، بەڵام ناکرێت دوای ئەوە دەستپێبکەیتەوەو بڵێیت: ﴿رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ ، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتای ئایەتەکەو دووبارە بڵێیت: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾..

لە هەندێک شوێندا لە نزیک یەکدا دوو هێما هەن کە بە سێ نوقتە دیاری کراون، ئەوە لەسەر هەر کامیان ئەتوانی بوەستیت، وەک ئەوانەی سەرەتای سورەتی (البقرة) کە دەفەرموێت: (ألم ۞ ذلک الکتاب لاریب ∴ فیه ∴ هدى للمتقين)، کە لەسەر وشەی (لاریب) سێ نوقتە دانراون، لەسەر وشەی (فیه)یش سێ نوقتە

دانراون، خوێنەری قورئان دەتوانێت لەسەر یەکێک لەو دوو جێیانە بوەستێت، نەک لەسەر هەردووکیان.

**تێبینی:**

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم دابەشکردنەی (وەقف) و (وەصل)ـە بە چەندین جۆری تر کراوە، هەندێک وتوویانە: وەستان چوار جۆرە: (تام، کافی، حسن، قبیح)، هەندێک کردوویانە بە پێنج جۆرەوە: (لازم، مطلق، جائز، مجوز لوجه، مرخص ضرورة)، بەڵام ئەوەی لێرەدا دامان نا لە هەموویان گونجاوترەو ئەم ئەندازەیە بە کافی دەزانم، چونکە وردەکارییەکی زۆرتر لەمەش هەیە کە وەستان لەسەر ئایەتەکان لە کوێ مەکروهە، لە کوێ حەرامەو لە کوێ واجبەو لە کوێ جائیزە، هەموو باسکراون، ناکرێت ئێمە لێرەدا هەموو مەصادیق و نموونەکان باسبکەین، بەڵام پێویستە حوکمە گشتیی و بنەڕەتییەکان بزانین.

# وانەی پازدەهەم

## بابەتی (إسرائیلیات)، کاری وەرگێڕانی قورئان، تیشکێک لەسەر زانستی (تەجوید)، کاری خۆرهەڵاتناسان لەسەر قورئان، دەستنووسەکانی قورئان

مەبەست لە (إسرائیلیات) ئەو ڕیوایەتانەن کە لە سەرچاوەکانی نەتەوەی (بەنی ئیسرائیل)ـەوە گێڕراونەتەوەو هەندێکیان گوێزراونەتەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامییەکان، تەنانەت هەندێکیان کەوتوونەتە ناو سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیی و تەفسیرە دێرینەکان.

بابەتی گێڕانەوەی ئیسرائیلیات لە سەدەکانی سێ و چواری کۆچییەوە برەوی پەیدا کردووەو بەشێکیان دەماودەم کەوتوونەتە شروحی تەوراتەوەو دواتر دزەیان کردووەتە ناو هەندێک لە تەفسیرەکانیش.

زانایان بە گشتی ئەم باسەیان کردووەو کردوویانە بە سێ بەشەوە:

بەشێکیان ئەوانەن کە لەگەڵ سەرچاوەکانی خۆماندا یەک دەگرنەوەو پێچەوانە نین، ئەوانە دەکرێ (استئناس)یان پێبکەین و سوودیان لێ ببینین و نەقڵیان لێبکەین.

جۆرێکیان بە پێچەوانەی سەرچاوەکانی خۆمانەوەن، دژن بە حەقیقەتێکی ئیمانیی، یان عەقڵیی، یان مێژوویی، یان تەشریعیی و هتد.. دیارە ئەمانە ناکرێت بکرێنە سەرچاوەو بخرێنە ناو تەفسیرەکان، بەڵام بەداخەوە هەندێکجار دزەیان پێکراوەو لە دەست موفەسسیرەکان دەرچووەو نەقڵبوونەتە ناو کتێبەکانیانەوە.

جۆری سێیەمیان ئەوانەن کە نە دژن بە سەرچاوەکانی خۆمان، نە موافقیشن، یانی پێچەوانەی حەقیقەتێکی مێژوویی، یان پێچەوانەی بابەتێکی تەشریعیی، یان بابەتێکی زانستیی نین، یان دژ بە عەقڵ و لۆژیک نین، زیاتر گێڕانەوەو بەسەرهاتن، ئەمانە ئەکرێ (استئناس)یان پێبکرێت، ئەمانە ئەو جۆرەن کە لە فەرموودەیەکدا ئاماژەیان پێکراوە، (أبو هريرة) - خوا لێی ڕازی بێت - دەڵێت: (ئەهلی کیتاب تەوراتیان بە زمانی عیبرانی - زمانی جوولەکە - دەخوێندەوەو بە زمانی عەرەبی تەفسیریان دەکرد بۆ ئەهلی ئیسلام، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لا تصدقوا أهل الكتاب ولا تكذبوهم، وقولوا: (آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوب وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ) البقرة/١٣٦[٣٢]. کەواتە نە ڕەد دەکرێنەوە، نە زۆر بڕواشیان پێدەکرێت.

ئەمە پوختەی حوکمی گێڕانەوەی بابەتەکانی ئیسرائیلیاتە، هەرچی لە ناو کتێبەکانی تەفسیردا هەبێت - هەر لە سەردەمی گەورەو شێخی موفەسسرین (طەبەری)یەوە، تا کۆتا تەفسیر کە لەم سەدانەی خۆماندا نووسراون - ئەوەی کە ئەکرێت بە پێوەر بۆ وەرگرتن و ڕەدکردنەوە ئەمەیە کە: ئەوەی بە بۆچوونی موسڵمانان موخالیفە، ڕەدی دەکەنەوە، هەرچەند سەنەدی هەندێکیشیان بە صەحیح باسی لێکراوە، چونکە جاری وا هەیە لە ڕێگاکانی موسڵمانانەوەو لە سەنەدی ڕاوییانی موسڵمانەوە هاتوون، بەڵام قسەکە بەنی ئیسرائیلییە، وەکو

---

[٣٢] صەحیحی بوخاری، بە ژمارە: ( ٧٣٦٢).

ئەفسانەی (تلك الغرانيق العلى)، کە لە وانەیەکی تایبەتدا باسمانکرد، گوایە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی خوێندنەوەی سورەتی (النجم)دا ناوی بتەکانی بردبێت ! ئەمە هیچ بنەمایەکی نیەو لە گێڕانەوەی نەیارانی ئیسلامەوە هاتووەتە ناو سەرچاوەکانی تەفسیری خۆشمانەوە.

**کاری وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز:**

کاری وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز دوو جۆرە: یان کاری وەرگێڕانی حەرفیی ژێرنووسییە، کە ئەگەر کورتیکی (مخلّ) بێت و ببێتە هۆی شێواندنی مانای قورئان، ئەوە جائیز نیە، هەرچەند بۆ تەعلیمیش بێت. کەواتە ئەبێت مانایەکی شافی و وافی ئایەتەکە بدات بە دەستەوە، بۆیە زۆرێک لە زانایان وتوویانە: باشترە بوترێت: هیچ تەرجومەیەک بە کەلامی خوای گەورە حساب ناکرێت، یانی تەرجەمە جیایە، تەنها دەقە عەرەبیەکەی خودی قورئانی پیرۆز دەبێتە کەلامی خوای موتەعال، تەرجومەکە ئەگەر سەد لە سەدیش دروستبێت، هەر پێی ناوترێت: کەلامی خوا، هەر پێی ئەوترێت مانای کەلامی خوا، بەو زمانەی کە قورئانەکەی بۆ وەرگێڕراوە.

بە نیسبەت وەرگێڕان و ماناکردنی قورئانەوە دەبێت سوود لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان و جێ متمانەکانی زمانی عەرەبی وەرگیرێت، وەکو: (العین)ی فەراهیدی، (معجم مقاییس اللغە)ی (ابن فارس)، (لسان العرب)ی (ابن منظور)، (قاموس المحیط)ی فەیروزئابادی، (مفردات ألفاظ القرآن الكريم)ی (راغبی ئەصفەهانی)، (معاني القرآن)ی (أبوزكريا الفراء).. کە بە وردەکارییەوە چوونەتە ناو واناو مەدلولاتی موفرەدات و زاراوەکانی قورئانی پیرۆزەوە.

**باسێک لە تەجوید:**

تەجوید، واتە باشخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، کە یەکێکە لەو بابەتانەی پەیوەندیی بە زانستەکانی قورئانناسییەوە هەیە. لە سەدە پێشووەکان ـ بە تایبەتی لە سەدەی یەک و دوو و سێی کۆچیدا ـ وشەی تەجوید بەکارنەهاتووە، تاکو سەدەی چوار. پێشتر وتوویانە: زانستی تەرتیل، یان زانستی قیرائەت، یان تیلاوەت.

کۆنترین نوسراو لە زانستی تەجویددا چامە شیعرێکی زانایەکە بە ناوی (أبو مزاحم موسى الخاقاني (٣٢٥)، واتە لە سەدەی چواری کۆچیدا ژیاوە. ئەم زانایە لە (٥٧) بەیتدا پوختەکی دەربارەی ئەحکامی قیرائەت یان تیلاوەتی قورئان بە شیعر هۆنیوەتەوە، لەوێش بە ناوی (حسن الأداء) باسی لێکردووە، چونکە تا ئەو ساڵەش کە ئەو کۆچی دوایی کردووە، باس لە زانستی تەجوید نەکراوەو نەشمدیوە لەو سەردەمەدا کەس باسی لێوەکردبێت. چامەی ئەم زانایە بە ناوبانگە، بە ناوی (رائية الخاقاني)، کە لە دیباجەکەیدا دەڵێت:

أَقُولُ مَقَالاً مُعْجِباً لِأُولِى الْحِجْرِ ... وَلاَ فَخْرَ إِنَّ الفَخْرَ يَدْعُو إِلى الكِبْرِ

أُعَلِّمُ في القَولِ التِّلاوَةَ عَائِذاً ... بِمَولاى مِنْ شَرِّ المُبَاهَاةِ وَالفَخْرِ

وَأَسْأَلُهُ عَوْنِي عِلْمَ مَا نَوَيْتُهُ ... وَحفْظِيَ فِي دِينِي إِلى مُنْتَهَى عُمْرِي

أَيَا قَارِئَ القُرْآنِ أَحْسِنْ أَدَاءَهُ ... يُضَاعِفْ لَكَ اللهُ الجَزِيلَ مِنَ الأَجْرِ

دوای ئەوە لە سەدەی حەوتی کۆچیی زانایەکی تر بە ناوی (سەخاوی) چامەیەکی هەیە ناونراوە (نونية السخاوي)، کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

يا من يروم تلاوة القرآن ** ويرود شأو أئمة الإتقان

لا تحسب التجويد مدا مفرطا ** أو مد ما لا مد فيه لوان

هەر لەسەر ئەو ڕیتم و ئاوازەو بەو بەرنامەیە (ابن الإثير)ی جزیری، زانای گەورەی باکوری کوردستان کە ناوچەکەی هاوسنووورە لەگەڵ باشوری خۆمان، ئەویش چامەیەکی زۆر بەناوبانگی هەیە، کە (١٠٧) بەیتە، ئەویش بە دەنگی خۆش تۆمارکراوە. لە هەندێک وڵات وانەی زانستیی قوتابخاتە شەرعییەکانەو فەقێ و قوتابییەکانی خوێندنگەکان لەبەری ئەکەن. لە سەرەتاکەیدا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| يقول راجي عفو رب سامع | (محمد بن الجزريِّ الشافعي) |
| الحمد لله وصلَّى اللهُ | على نبيه ومصطفاهُ |
| محمدٍ وآله وصحبه | ومقرئ القرآن مع محبه |
| وبعد إن هذه مقدِّمه | فيما على قارئه أن يعلمَه |
| إذ واجبٌ عليهمُ محتمُ | قبل الشروع أولاً أن يعلمُوا |
| مخارجَ الحروف والصفات | ليلفظوا بأفصح اللغات |
| محرري التجويد والمواقف | وما الذي رسم في المصاحف[٣٣] |

تەجوید ـ وەک هەر زانستێکی تر ـ ئەساسییاتێکی هەیەو هەندێک کەمالیات و وردەکاریشی هەیە، ئەساسییاتەکەی بۆ خەڵکی عەرەب و عەجەم و هەموو

[٣٣] بۆ کەسانێک بیانەوێت ئاشنا ببن بەم سەرچاوانە لە زانستی (تەجوید)دا، هەردووکیان لە و]ب سایتی (گۆگڵ)دا هەن، لە (یوتیوب)یشدا بە دەنگی خۆش تۆمار کراون و بڵاوکراونەتەوە، دەتوانن یەکەمیان بە ناوی (رائية السخاوی)، دووەمیان بە ناونیشانی (نونية السخاوي) سێرجیان بۆ بکەن و بیاندۆزنەوە.

زمانەکان پێویستە، بۆ نموونە: ئەحکامی نونی ساکینەو تەنوین، بابەتی ئیظهارو ئیددیغام و ئیخفاو ئیقلاب، یان ئەحکامی میمی ساکن و میمی شەدید، بابەتی لامی شەمسی و لامی قەمەری، بابەتی مەددو درێژکردنەوە، مەسەلەی ڕێی قەڵەوو ڕێی باریک، بابەتی وەقف و ئیبتیدا.. ئەمانە هەمووی بناغەو ئەساسیاتێکن لە عیلمی تەجوید، بەڵام بەڕاستی هەندێکجار لە مەخاریج و دەرهاویشتەی پیتەکاندا تەکەللوف و زۆرلەخۆکردنێک دەکرێت، کە تەنانەت بۆ عەرەبی ڕەسەنی قەحطانیش زەحمەتی تێدایە، زۆرجار گوێت لێئەبێت لە مەخرەجی پیتی (ض)دا چەندین وانە مەشق بە فێرخوازی قورئان دەکرێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە: ئەوەندەی پێویستە کە ئاماژەی پێکرا، یان جیاکردنەوەی مەخاریجی دوو پیتی لەیەکچووی وەک: (ض) و (ظ)، یان (ذ) و (ز)، هەروەها بەشە پێویستەکانی تری زانستەکە، بەڵام بە ئەندازەیەک کە نەبێتە مایەی بێزاربوونی فێرخوازی قورئان و دابڕانی، یان ماندووبوون و تۆرانی، هەروەها لەسەر حیسابی لایەنی پەروەردەی کەسەکەو ماناکردنی قورئان و وەرگرتنی تەعلیماتەکانی نەبێت، کە ئەوە ئەساسی مەبەست لە فێربوونی قورئانی پیرۆزە.

ئەمەی کە باسم کرد ڕووی داوە، تەنانەت لە ناوەندە عەرەبییەکانیشدا حاڵەتی وا هەبووە، بۆیە باسی دەکەین، چ جای وڵاتێکی وەکو کوردەواریی.

ئەگەر وردبیینەوە زۆر جار هیندییەک یان ئینگلیزێک لە بناغەوە هەر تەلەففوزی هەندێک پیتی بۆ نایەت، بگرە هەندێک ناوچەی کوردستان هەن کە ناتوانن هەندێک پیت تەلەففوز بکەن، بۆ نموونە پیتی (عەین) دەکەن بە (حێ)،

یان (سین) دەکەن بە (ثێ)، تەنانەت لە هەندێک ناوچە جێ گۆڕکێ بە دوو پیتی لەیەکچوو دەکەن..

بەم شێوەیە ئەم بابەتانەو بابەتی زانستی (قرائات)یش ـ کە لە وانەیەکی تردا باسمان کردووەـ ئەگەر برانە حاڵەتی ناسروشتی و تەکەللوفیان تێکەوت، ئیتر لە جائیزی دەردەچن بەرەو کەراهەت، بگرە بەرەو زیاتریش.

زانستی تەجوید ئەو بڕەی کە باسمانکرد گرنگە، چونکە بە بێ ئەو ئەندازەیە، گرنگیی بە لایەنی فەصاحەت و بەلاغەتی قورئانی پیرۆز کاڵ دەبێتەوە، چونکە قورئان بە زمانی عەرەبییەو عەرەبی خۆی ئەحکامێکی تایبەتی هەیە، ئەم حەرفانە مەخاریجیان هەیە، هەندێکیان لەیەکەوە نزیکن، (ذ) لە (ز) نزیکە، (س) لە (ث) نزیکە، (ض) لە (ظ) نزیکە، بشکەونە هەر وشەیەکەوە مانایان لە یەکتر جیاوازە. بۆ نموونە (نظر) و (نذر) چۆن دەبێت بە یەک شێوە بخوێنرێنەوە؟ لە کاتێکدا ماناکانیان زۆر جیاوازن و هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە. جگە لەوە هەندێکجار لە پیتەکانی قورئاندا (إظهار) پێویستە، هەندێکجار (إخفاء)، هەندێک جار (ادغام) پێویستە، هەندێک جار (إقلاب)، بۆ نموونە: پیتی (نون) کە دەگات بە (بێ)، بە (میم) تەلەففوز دەکرێت، بۆیە بۆ دوو وشەی (من بعد) لە خوێندنەوەدا دەوترێت: (مم بعد)..

ئەمانە بابەتی بنەڕەتین و پێویستن، لەوە زیاتر ئەگەر زیادەڕۆیی بکرێت لە هەندێک مەخاریج و بابەتدا، حوکمی سوننەتی و جائیزییەکەی ـ وەک وتمان ـ بەرەو کەراهەت دەچێت.

## كاری خۆرهەڵاتناسان لەسەر قورئانی پیرۆز

بابەتی چوارەم بابەتی كاری خۆرهەڵاتناسانە لەگەڵ قورئان، كە گونجاوە باسكردنی بخەینە ناو زانستەكانی قورئانەوە، بەڕاستی بابەتێكی گرنگە، لە ڕاستیدا زۆربەی خۆرهەڵاتناسان بە مەبەستی خراپ و بە ڕێچكەیەكی نادروست گرنگییان بە قورئانی پیرۆز داوە، بە تایبەتی لە لایەنی وەرگێڕانەوە، بێئاگابوون لە زمانی عەرەبی، هەندێكیان ئینكاری وەحیان كردووە، هەندێكیان قورئانیان وەك نووسراوێكی پێغەمبەری خوا ﷺ ناساندووە، كە ئەوانە بە ڕاستی زیانیان زیاتر بووە، هەر چەند زۆرجار باسی گەورەیی و گرنگیی قورئانیان كردووە، بەڵام زەهری خۆیان ڕشتووەتە ناو باسەكانیانەوە، دانە دانەیەكیان مونصیف بوون و وتوویانە: قورئان وەحی خوایەو پەیامی ئیلاهییە، تەنانەت هەیانە ڕەخنەی لە ئینجیل و تەورات و كتێبە ئاسمانیەكانی تر گرتووە، ئەوانەی بەردەستی خۆیان كە تەحریف كراون و شێوێنراون..

لەم بابەتەدا گرنگ ئەوەیە كە بزانین خۆرهەڵاتناسان لە سەدەی پانزەی زایینییەوە گرنگییان بە قورئان داوە، بۆ یەكەم جارساڵی (١٥٤٧ز) قورئان وەرگێڕرا بۆ زمانی ئیتالی. دوای ئەوە ساڵی (١٦١٦ز) وەرگێڕرا بۆ ئەڵمانی، ساڵی (١٦٤١ز) وەرگێڕرا بۆ هۆڵەندی، دوای ئەوە فەرەنسییەكان لە ساڵی (١٦٤٧ز) وەریانگێڕا. تا خۆرهەڵاتناسێكی ئینگلیز بە ناوی (جۆرج سی) ساڵی (١٧٣٦ز) قورئانی وەرگێڕا بۆ زمانی ئینگلیزی، ئەوە یەكێكە لەوانە كە ئەڵێت: "محەممەد خۆی ئەو شاكارەی نووسیوە".. هەروەها دواتر قورئان وەرگێڕرا بۆ دەیان زمان و شێوەزاری تری جیهانیی، وەكو: ئوردو، مەلاوی، هیندیی، فارسی..

بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وەرگێڕانێکی تەواو متمانەپێکراوی دروست بۆ قورئانی پیرۆز لەبەردەستدا نیە کە گلەیی لەسەر نەبێت و تەواو خاوێن و زانستیی بێت. ڕاستە چەندین وەرگێڕانی خاوێن هەن کە بە زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزین و کاری موسڵمانان و دامەزراوە ئیسلامییەکانن، بەڵام لەوانەشدا کەموکورتی زۆر هەیە، وەکو چۆن ئێستا لە وەرگێڕانە کوردییەکانی خۆماندا ڕەخنە لەسەر زۆرێک لە تەفسیرەکان دەگیرێت، وا لەوێ ڕەخنە لە عەرەبییەکانیش دەگیرێت، لەبەر ئەوە ناتوانی بڵێیت ئەم کتێبە وەرگێڕراوە وەرگێڕانی لە سەدا سەد ئەو کتێبە پیرۆزەیە کە پێی دەگوترێت قورئان، بەڵکو ئەکرێت بڵێین: ئیستیئناس و جۆرێک لە ئیسفادەی لاوەکییان لێ دەکرێت.

بە پێی زانیاریی بەندە ـ کە بەدواداچوونی ئەم بابەتەم کردووە ـ هەندێک کاری تەرجەمە کراون، کە کەسەکان جێی ئیعتیمادن، بەڵام ڕیتمی کارەکەیان گلەیی لەسەرە، وەکو چۆن کەسانی دڵسۆز لای خۆمان تەرجومەیان کردووە بۆ کوردی، یان فارسی، یان زمانە ئیسلامییەکان، بەڵام لە ڕووی ئیهتیمام و لە ڕووی پایە زانستییەکانەوە ناتەواویی هەیە. لەو بابەتە وەرگێڕانە زۆرە، خاوەنەکانیان تۆمەتبار ناکەین، بەڵام کارەکانیان ناتەواون.

ئەو سەرنجەی سەرەوە دەریدەخات کە دەبێت بایەخێکی زۆر بدرێت بە زمانی عەرەبی، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ئینسان لە خودی قورئان تێبگات، ئەمە دروستترین و کورتترین ڕێگەیە، هەرچەند وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانەکان جۆرێک لە ئاسانکاریش دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤ باشترو زیاتر لە قورئانی پیرۆز تێبگات.

**دامەزراوەی تایبەت بە قورئان:**

لە وڵاتی سعودیە شارۆچکەیەکی تایبەت بە قورئان هەیە، بە ناوی (مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف)و ساڵی (١٩٨٤و) دامەزراوەو سەر بە وەزارەتی ئەوقافەو ڕووبەرەکەی (٢٥٠ هەزار) مەتر دووجایەو زیاد لە (هەزار) کارمەند کاری تێدا دەکەن. تا ئێستە لەو شوێنەدا قورئانی پیرۆز وەرگێڕراوە بۆ (٧٤) زمانی ئاسیایی و ئەفریقی و ئەورپی و ملیۆنها نوسخەیان لێ چاپکردووە، وەک: ئۆردی، ئازەری، فارسی، مالیزی، ئەندەنوسی، ئۆیگۆری، چینی، کۆری، ڕووسی، یابانی، ئیسپانی، ئەلبانی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، سویدی و تەنانەت کوردی و.. هتد، ئەتوانین بڵێین زمانێکی سەرەکیی نەماوە کە قورئانی پیرۆزی بۆ تەرجومە نەکرابێت، مەگەر ئەو نەتەوە بچووکانەی کە لە زمانی نەتەوە دراوسێکانیان تێدەگەن و پێویستیان پێ نەبووە.

**دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز:**

بابەتی پێنجەم باسی مەخطوطاتی قورئانە، پێشتر باسمان لێکرد کە لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا چەند نوسخەیەکی قورئان بە ناوی (نوسخەی دایک)و ئەساسیی نووسران و دابەشکران بە پایتەختی هەرێمەکانی ئەوکاتەدا، کە هەندێک وتوویانە چوار نوسخە بوون و هەندێک وتوویانە پێنج و هەشە وتوویەتی شەش یان حەوت دانە بوون، ئەوانە نێرراون بۆ شارە گەورەکانی ئەو کاتە، وەک: بەغداو بەصرەو قاهیرەو دیمەشق و کوفەو مەککەو مەدینە. ئەم نوسخانە هەندێکیان ماون، هەندێکیشیان تیاچوون، ئێستا هەندێک لەوانە لە

ئەستەنبوڵ و کتێبخانەی نیشتیمانیی پاریس و کتێبخانەی مەرکەزیی قاهیرەو مەراکش و بەغدا ماون.

هەموو ئەو خەتە کۆنانەی ئەو قورئانانەیان پێ نووسراونەتەوە، خەتی کوفین و هیچ خاڵبەندیی و فاصلەو حەرەکات و مەددو ئەو شتانەیان تێدا نیە، تەنها سەرەتای نێوان ئایەتەکان جیا کراونەتەوەو سەرەتای سورەتەکان هێنراونەتە سەر دێڕ. دواتر لە نێوان هەر دوو ئایەتدا سێ نوقتە دانرا، دوای ئەوەش خاڵ بۆ پیتەکان و ناونیشانی سورەت زیاد کرا. ئەبوئەسوەدی دوئەلی ـ کە ساڵی (٦٩ک) وەفاتی کردووە- نیشانەی مەددی زیاد کرد، دوای ئەو خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی ـ کە لە سەدەی دوودا بووەو ساڵی (١٧٠ک) کۆچی دوایی کردووە- هەمزەو شەددەی زیاد کردو بۆ جیاکردنەوەی هەمزەو شەددە هەندێک ڕەنگی زەردو سوورو ئەوانەی بەکارهێنا. بزوێنەکان (حرکات) بە ڕەنگی سوور دەنووسران، ڕەنگی شین بەکار هات بۆ (إماله).

جێی ئاماژەیە کە لە سەدەی چواری کۆچییەوە کتێب لەسەر ئەم بابەتانە نووسراون، بۆ نموونە: کتێبی (المصاحف)ی ابن أبی داودی سجستانی، یەکەم کتێبە باسی حەرەکات و نوقتەو ئەو بابەتانە بکات.

سەبارەت بە نوسخەی موصحەفە کۆنەکان لە مۆزەخانەی دیمەشقدا موصحەفێک هەیە کە ساڵی (٢٩٨ک) نووسراوەو زۆر زۆر کۆنە. موصحەفێکی تر هەیە (٣٠٧ک)ی لێ نوسراوە، کە وا گومان دەبرێت خەتی عەلی کوڕی ئەبو طالب بێت ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ هەروەها لە مەکتەبەی شاری پاریس و لە بەرلین و بەغداو میۆنیخ و تاران، قورئانی دەسنووسی سەدە پێشووەکان زۆرن.

دوا خاڵ کە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم باسی پارچە قورئانێکە کە لە شاری (بێرمینگهام)ی وڵاتی بەریتانیا هەڵگیراوەو پارێزراوە. نوسخەکە بەشێکە لە سورەتەکانی (الكهف) و (مريم) و (طه)یەو تیمێکی زانستیی زانکۆی ئۆکسفۆرد بە کاربۆنی تیشکدار ئیشیان لەسەر کردووەو دەرکەوتووە کە تەمەنی نووسینەوەی (١٣٧٥) ساڵە. واتە: یان تایبەتە بە سەردەمی خودی پێغەمبەری خواوە ﷺ ، یان چەند ساڵێک دوای ئەو، کە دەکاتە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەفان، خوا لێی ڕازی بێت، چونکە نوسخەکە نە خاڵبەندیی تێدایە، نە حەرەکاتیشی تێدایە، نوقتەی پیتەکانیشی تێدا نیە، ئەتوانین بڵێین: کۆنترین نوسخەی متمانەپێکراوی قورئانە کە لەسەر زەوی ماوەتەوە.

ئەم پارچە دەستنووسەی قورئان کاتی خۆی قەشەیەکی مەسیحی عیراقیی، لە نزیک گوندێکی شاری موصل دۆزیویەتەوەو بردوویەتی بۆ شاری لەندەن. گرنگ ئەوەیە کە دەقاودەق بەراوردیان کردووە بە قورئانی ئێستا، یەک پیتی زیادو کەمی تێدا نیەو بە تەواویی هاوشێوەی موصحەفەکانی بەردەستمانە.

**ژمارەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو وشەو پیتەکانی:**

بابەتێکی تر باسی ژماردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە، لە کتێبە دێرینەکاندا دەربارەی ژمارەی ئایەتەکانی قورئان، چەندین قسە کراوە، چونکە پرۆسەی ژماردن بە دەستیی بووەو پشتیان بە ژماردنی چاو بەستووە، زۆرێک لەو ژماردنانە هەڵەیان تێدا بووە. ئێستە کە ئەم پرۆسیسی سێرجی ئەلیکترۆنیی و گەڕانی کۆمپیوتەرییە داهاتووە، کارەکە ئاسان بووە.

بەپێی نوسینەوەی قورئانەکان، کوفییەکان ژمارەیەکیان وتووە، بەصرییەکان ژمارەیەکیان وتووە، شارەزا مەککی و مەدەنییەکان ژمارەیەکیان وتووە، هەروەها شامی و حمصییەکانیش ژمارەیەکی تریان وتووە. هەیە وتوویەتی قورئان (٦٠١٧) ئایەتە، هەیشە وتوویەتی (٦٢١٤) ئایەتە، هەندێکیش وتوویانە: (٦٢١٩) ئایەتە، هەیە تا ژمارەی (٦٢٣٢) چووە، کە لەوە ئەچێ ئەمەیان دروستترین ژمارە بێت، کە لەم دواییانە بە پێی پرۆسەی گەڕانی ئەلیکترۆنی ئایەتەکان ژمێردراون، دیارە ئەمە بە بێ ڕستەی (بسم الله الرحمن الرحيم)ی سەرەتای سورەتەکان، چونکە بەوانەوە ژمارەی ئایەتەکان دەگاتە: (٦٣٤٨)، وشەکانی قورئانیش (٧٧٤٣٧) وشەن، پیتەکانیش نزیکەی (٣٢٠٠٠٠) پیتن، بە جیاوازیی هەندێک وردەکاریی کە لە نووسینەوەکاندا دەرئەکەوێت.

کاتی خۆی لە سەدەی پێنجی کۆچیدا کتێبێک باسی ئەم بابەتەی کردووە بە ناوی (البيان في عد آي القرآن)، نووسراوی عثمان بن سعيد، أبو عمر الدانی (٤٤٤ک)، کە ژمارەی سورەت و ئایەتەکان و ژمارەی پیتەکانی وتووە، دیارە وردەکاریی زۆر تێدا نیە، چونکە ئەو کاتە پرۆسەی ژماردنەکە زۆر زەحمەت بووە.

## هەندێک ڕیوایەتی ناڕاست و لاواز دەربارەی قورئانی پیرۆز

دوا بابەت لەم زنجیرە بابەتانە ئەوەیە کە لە ناو هەندێک سەرچاوەی خۆماندا لە سەرچاوەکانی ئەهلی سوننەت ـ بێجگە لە سەرچاوەی شیعەکان ـ ئاماژە کراوە بە هەندێک ڕیوایەت کە بە ڕاستی لاوازن، هەرچەند سەنەدی هەندێکیان صەحیحە، بەڵام ناوەرۆک و مەتنیان پێچەوانەی هەندێک ڕاستی و حەقائیقە. یەکێک لەوانە بە دەمی ئەبو موسای ئەشعەرییەوە گێڕراوەتەوە، کە گوایە سورەتێک هەبووە بە ئەندازەی سورەتی (التوبة)، دەڵێت: هەموویمان لەبیر چووەوە، جگە لە حەرفێک یان دوو حەرفی نەبێت !؟ ئەویش ئەو دەقە بوو کە دەڵێت: (لو کان لابن آدم وادیان من ذهب، لابتغی إلیهما ثالثا، ولا یملء جوف ابن آدم إلا التراب): ئەگەر مرۆڤ پڕی دوو دۆڵ زێڕی هەبێت، هەوڵ ئەدات بۆ سێیەم، سکی مرۆڤ هیچ پڕی ناکات، خۆڵ نەبێت. ئەمە لە موسنەدی ئەحمەددا هاتووە.

هەروەها ئاماژە کراوە بەوە کە گوایە سورەتی (الأحزاب) (٢٧٥) ئایەت بووەو دوو سەد ئایەتی ڕۆیشتووەو کەمێکی ماوەتەوە، وتیان یا أبو موسی! باشە چۆن سورەتێک دووسەد ئایەتی ئەڕوات و ئەوەندەی ئەمێنێتەوە؟ گوایە وتوویەتی: بەڵێ، قورئانێکی زۆر ئاوای لێهاتووە !! هەروەها وتراوە: سورەتی (المطففین) بە ئەندازەی سورەتی (البقرة) بووەو تەنها حەوت ئایەتی ماوەتەوە.

بەڕێزان! لە کاتێکدا ئەم ڕیوایەتانە بە دەم (أبو موسی)وە هەن، خوا لێی ڕازی بێت، پێشەوا (باقلانی) دەڵێت: "ئەو ڕیوایەتانە پووچ و باتڵن، بۆیە لە خودی (أبو موسی)وە دەگێڕێتەوە، دەڵێت: ئەبو موسا ئاماژەیەکی بۆ قورئان

کردووەو وتوویەتی: (إن هذا الذي بين اللوحين هو جميع كتاب الله الذي أنزله، وأنه مرسوم على ما أنزل، وأنه كان يقرأه ويقرئه ويلقنه، من غير قدح فيه ولا وصف له، بزيادة ولا نقصان": ئەوەی لە نێوان ئەم دوو بەرگەدایە، هەموو ئەو کتێبەیە کە خوای گەورە ناردی، چۆن نێردراوە، هەر وا نوسراوەتەوە، پێغەمبەر ﷺ وای ئەخوێندەوە، بە کەسانی تریش وای پێ ئەخوێندنەوەو خەڵکی فێردەکرد، بە بێ زیادو کەم.! [٣٤] ئەبو موسا لە کاتێکدا ئەمە دەڵێت، کەچی ئەو ڕیوایە نامۆیانە بەدەمییەوە هاتوون.

یان لە (المصنف)ی (عبد الرزاق)دا هاتووە، گوایە خاتوو عائیشەی دایکی باوەڕداران وتوویەتی: "سوێند بە خوا! دەربارەی شیردان بە منداڵ، ئایەت دابەزی، کە دە گوژمە شیردان بە منداڵ، دەبێتە هۆی مەحرەم بوون، هەروەها دەربارەی ڕەجمی موحصەن، ئەو کەسەی کە هاوسەردار بێت ـ ژن بێت یان پیاو ـ دەبێت بەردباران بکرێت، ئەو ئایەتانە لە پارچەیەکدا لە ژێر پێخەفەکەی مندا بوون، کاتێک پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، ئێمە سەرقاڵی کۆچی ئەو بووین، گیاندارێک هاتوو ئەو ئایەتانەی خوارد" !! بەداخەوە کە ئەم جۆرە ڕیوایەتانە هاتوونەتە ناو سەرچاوەکانی ئێمەوە.

هەروەها ڕیوایەتێک گوایە لە ئەبوبەکرەوە هاتووە: (كان مما نزل: لا ترغبوا عن آبائكم، فإنه كفر بكم أن ترغبوا عن آبائكم)، یان ئەنەسی کوڕی مالیک

---

[٣٤] الانتصار للقرآن، الباقلاني، ٤٠٤/١.

دەڵێت: دەربارەی شەهیدانی بیری مەعونە، قورئانێکی زۆر دابەزی، دوایی نەسخ کرایەوە.

من لێرەدا بۆ ئەوەی قسەی خۆم نەکەم، قسەی زانایانتان عەرز کەم، دەڵێم: زۆرێک لە ئەهلی تەحقیق ئەڵێن: ئەم سەنەدانە، یان لاوازن، یان هەڵبەستراون، یان ئەگەر سەنەدیشیان ڕاستبێت، مەتنیان کێشەی تێدایەو پشتیان پێنابەسترێت، یان ڕیوایەتی (آحاد)ن و عیلمی یەقینیی ناگەیەنن و دڵنیایی نابەخشن.

پێشەوا باقلانی ـ کە یەکێکە لە ئیمامە گەورەکان و بە شێخی ئەهلی سوننەت ناسراوەـ لە کتێبی (الانتصار للقرآن) بە دوورو درێژیی ڕەدی ئەمانە دەداتەوەو دەڵێت: "وجملة القول في ذلک أن جميع هذه الروايات أخبار آحاد لا سبيل إلى صحتها والعلم بثبوتها، ولا يخيل لنا أن ننسب إلى أحد من الصحابه ومن دونهم، إثبات قرآن زائد على ما في أيدينا، أو نقصانا منه بمثلها"[٣٥] واتە: پوختەی قسە ئەمەیە کە تەواوی ئەم ڕیوایەتانە ئەخباری ئاحادن، هیچ ڕێیەک نیە بۆ ئەوەی بە دروست بزانرێن، یان زانیاریی لەسەر سەلماندنیان هەبێت، نایەت بە خەیاڵیشماندا کە صەحابە، یان دوای صەحابە، لە تابعین، ئەوە بسەلمێنێن کە قورئانێک هەبێت، زیاتر لەوەی لە بەردەستماندایە، یان کەمتر لەوەی لەبەردەستماندایە.

[٣٥] الانتصار، الباقلانی، ٤٢٩/٢.

هەروەها دەڵێت: "جميع ما يروى من خبر أبي موسى وعائشة وغيرهم، أخبار أدلة ضعاف لا يرتفع بها، فسقط ما قالوه"[٣٦] واتە: هەموو ئەوەی لە ئەبو موساو عائیشەی دەگێڕنەوە ـ لەوانەی پێش کەمێک باسمانکردن و غەیری ئەوانە ـ هەواڵی بەڵگەکەلێکی لاوازن، هیچیان پێ ڕاستناکرێتەوە، بۆیە هەرچییان لەو بارەیەوە وتووە دادەکەوێت و وەرناگیرێت.

دوای ئەوە ئەشڵێت: "وليس على جديد الأرض أجهل ممن يظن أن الرسول والصحابة كانوا جميعا يهملون أمر القرآن ويعدلون عن تحفظه وإحرازه ويعولون على إثباته في رقعة تجعل تحت سرير عائشة وحدها، وفي رقاع ملقاة ممتهنة حتى دخل داجن الحى فأكلها.."[٣٧] واتە: لەسەر ڕووی سەرزەوی لەو کەسە نەفامتر نیە کە گومان بەرێت بە پێغەمبەر ﷺ و صەحابەکان هەموویان، کە قورئانیان ئیهمال کردووە لە پاراستن و هەڵگرتنی و لایاندابێ بۆ جێگیرکردنی، (گوایە) لە ناو پارچەیەکدا بە تەنها خستبێتیانە ژێر پێخەفەکەی عائیشە، (واتە: لە هیچ شوێنکی تر نەبێت)، یان لە چەندین پارچەی تردا بە بێ ڕێز هەڵگیرابێت و سووک سەیرکرابێت و لە شوێنانێک فڕێ درابێت، تاکو گیانداریکی گەڕەک بێت و بیخوات!؟ لەسەر زەوی لەو کەسە نەفامتر نیە کە ئاوا بیربکاتەوە!

---

[٣٦] هەمان سەرچاوە، ٤١٢/١.

[٣٧] هەمان سەرچاوە، ٤١٢/١.

بەندە بۆیە قسەی ئیمامی (باقلانی)م هێنا، چونکە لای هەموو زانایان کەسایەتییەکی پەسەندەو کەس گلەیی لەسەری نەبووەو ئەو کتێبە بەبایەخەی ـ کە (الانتصار للقرآن)ەو دوو بەرگی (٧٠٠) لاپەڕەییەو ئەو قسانەی تێدایە کە لە سەرەوە هێنامانن ـ یەکێکە لەو کتێبانەی کە زۆر پێویستە ئەهلی زانست شارەزای بن.

## كۆتایی وانەكانی زانستەكانی قورئانناسی

لە كۆتاییدا ئەم بابەتانەی كە عەرزم كردن، پوختەیەك بوون دەربارەی زانستەكانی قورئانناسی، لە سەرچاوە بنەڕەتییەكانی ئەم زانستە، تەنها ناوی چوار كتێبتان بۆ ئەبەم:

١ـ فنون الأفنان في عيون علم القرآن، نووسراوی: أبو فرج ابن الجوزي، (٥٩٧ ك).

٢ـ البرهان فی علوم القرآن، بدرالدين الزركشي، (٧٩٤ ك).

٣ـ الإتقان في علوم القرآن، جلال الدين السيوطی، (٩١١ ك).

٤ـ لە هەموویان گرنگترو بەبایەختر كتێبی (الانتصار للقرآن)ی قازی ئەبوبكری باقلانی یە كە لە سەدەی پێنجدا ژیاوەو ساڵی (٤٠٣ ك) كۆچی دوای كردووەو پێشتر ناومان برد. كتێبێكی زۆر بەنرخە، ناونیشانەكەی بەو شێوەیەیە، بەڵام ناوەڕۆكەكەی پڕە لە زانستی علوم القرآن.

لە ڕاستیدا هەموو كتێبەكانی تر كە باسمان كردن و غەیری ئەوانەش، هەرچەند پڕن لە زانست و زانیاریی، بەڵام ناتەواویشیان تێدایەو شتی لاوازو بێبەڵگەیان هێناوەو خوێنەر زۆر ماندوو دەكەن، بۆیە باشترە ئەو كەسەی دەیەوێت لەم بابەتە زانست وەربگرێت، پاش موتاڵای ئەو كتێبانە، بگەڕێتەوە بۆ سێ چوار كتێبی تازەو هاوچەرخ، وەك:

١ـ مناهل  القرآن في علوم القرآن، محمد عبد العظيم الزرقاني.

٢ـ البيان في علوم القرآن، عبد الوهاب غزلان.

٣ـ الباحث في علوم القرآن، د.صبحی الصالح.

٤ـ علوم القرآن الكريم، د.نور الدين عتر.

لە بەرهەمە کوردییەکانیشدا سەرنجەکانی مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمی لەسەر (ناسخ و مەنسوخ) زۆر وردو زانستین، هەروەها نووسین و وانە دەنگییەکانی مامۆستا ناصر سوبحانی دەربارەی تەفسیرو زانستەکانی قورئانناسی، بە تایبەتی کتێبی (پێشەکییەک دەربارەی تەفسیری قورئان)و وانەکانی (علوم القرآن) و کتێبی (ناسخ و مەنسوخ)و بابەتی (لن یحرف القرآن) و (أسباب النزول)، کە زانیاری زۆر گرنگ و نوێ و بەسوودیان تێدایە.

**هۆی ناونانی ئەم زانستە بە زانستەکانی قورئان (علوم القرآن):**

بۆچی و لە کوێوە ئەم زانستە ناونراوە علوم القرآن؟

گریگیدان بە قورئانی پیرۆز دەیان گۆشەو لایەن و ڕەهەندی گرتووەتەوە، لە سۆنگەی ململانێی خزمەت بە قورئانەوە، هەر زانایەک هاتووە ویستوویەتی شتێک لەو بوارەدا زیاد بکات.. بۆیە بە تێپەڕینی سەدە زێڕینەکانی زانستی ئیسلامیی، زانایان داهێنانی گەورەیان کردو لق و پۆپی زۆریان لە زانستی قورئانناسیی کردەوە. زانایەکی گەورەی هیندستان، بە ناوی (صدیق ابن حسن القنوچی)، کە هاوچەرخیشەو ساڵی (١٨٨٩ز) وەفاتی کردووە، کتێبێکی هەیە بە ناوی (أبجد العلوم)، ناوی سەدان زانستی بردووە، تەنها لە زانستەکانی (علوم القرآن)دا نزیکەی چل بۆ پەنجا زانستی باسکردووە، کە ژمارەیەکی زۆر زۆرە! ڕەنگە بەشێک لە ناونیشانەکانی بۆ زانستەکان و ناونانی چەند تەوەرێک بە زانست، هەندێک زیادەڕەویی و موبالەغەی تێدابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی دەیان ناونیشانی گرنگی زانستەکانی قورئانناسیمان بیر بخاتەوە، وەک ئەم ناونیشانانەی هاوپێچ، کە ئاماژەی پێکردوون:

١- علم أسماء القرآن وأسماء سوره.
٢- علم أداب التلاوة.
٣- علم الاقتباس.
٤- علم إعراب القرآن.
٥- علم المحكم والمتشابه.
٦- علم إعجاز القرآن.
٧- علم أمثال القرآن.
٨- علم أقسام القرآن.
٩- علم بدائع القرآن.
١٠- علم تشبيه القرآن واستعارته.
١١- علم تفسير القرآن.
١٢- علم جمع القرآن وترتيبه.
١٣- علم حفاظ القرآن.
١٤- علم معرفة حقيقة القرآن.
١٥- علم حكم الشرائع في القرآن.
١٦- علم خواص القرآن.
١٧- علم معرفة شروط مفسر القرآن.
١٨- علم طبقات المفسرين.
١٩- علم معرفة العلوم المستنبطة من القرآن.
٢٠- علم غريب القرآن.

٢١- علم كيفية النزول.
٢٢- علم المكى والمدنى.
٢٣- علم معرفة المطلق والمقيد.
٢٤- علم مقدم القرآن ومؤخره.
٢٥- علم معرفة مبهمات القرآن.
٢٦- علم مفردات القرآن.
٢٧- علم الناسخ والمنسوخ.
٢٨- علم مرسوم الخط وآداب كتابته.
٢٩- علم مخاطبات القرآن.
٣٠- علم القرائات.
٣١- علم فضائل القرآن.
٣٢- علم بدائع القرآن.
٣٣- علم تدوين القرآن.

ئەمانە هەموو نموونەی ناونیشانی زانستەکانی قورئانناسین، چەندین تەوەرو ناونیشانی تر هەن کە نووسەری کتێبی (أبجد العلوم) ناوی بردوون و بەندە لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە دامنەنان، بەڕێزتان دەتوانن لە سێرجی گۆگڵدا ئەو کتێبە بدۆزنەوەو ناونیشانە زۆرەکانی تریش ببینن.

بەهەرحاڵ، ئەمەی کە ئێمە لەم پانزە وانەیەدا عەرزمان کردن، باسی پوختەیەک، یان مەتنێک بوو لەو زانستانە، بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمە ڕێژەیەکی زۆر کەم

تیشکمان خستووەتە سەر زانستەکانی قورئانی پیرۆز، هەرچیمان وتووە بە مەدخەل و دەسپێکێک، یان کلیلێک حیسابی بکەن، نەک بە تەواوی زانستەکە.

هیوادارم بەلای کەمەوە بابەتەکانی ئەم وانانە دەروازەیان بۆ ئێوە والآ کردبێت، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەن. هەر بەڕێزێک دەیەوێت شارەزایی تەواو یان پسپۆڕیی لە زانستەکانی (علوم القرآن)داوەربگرێت، ئەبێت بچێت بە دوای ئەم زانستانەداو پوختەیەک لەمانە وەربگرێت. دیارە هەموو زانستێک سنووری مەتن و سەرەتای هەیەو سنووری ڕاڤەو درێژکردنەوەشی هەیە، ئەوەی کە ئێمە باسمان کردووە لەم پازدە وانەیەدا لە ڕاستیدا پوختەو مەتنێکە لەو زانستانە، کاتێک دەریایەک لە زانست لە دەورتا هەبێت، ناکرێت دەست لە هەموویان بشۆیت و بڵێیت: من ناتوانم و توانام بەسەر ئەو هەموو زانستانەدا ناشکێت، خۆ ئەبێت لای کەمی شتێکیان لێ بزانیت.

وەک لە باسی زانستی تەجویددا باسمان لێکرد، ئەم زانستانە بەشێکیان زۆر زۆر پێویستن و تا سنووری (واجب)بوون ڕۆیشتوون، بەشێکیشیان (تەحسینی)ن و بیانزانیت باشەو نەشیانزانیت کێشە نیە، بەشێکیشیان بەرەو (زیادەڕەویی و تەکەللوف) دەڕۆن، ئێمە لە زیادەڕەوییەکە خۆمان لائەدەین، ئەبێت خەریکی بەشە پێویست و واجیبەکە بین، ئەگەر بۆشمان بکرێت ئەچین بەرەو جوانکاریی و تەحسینیاتیش.

بەندە لە خزمەتتاندا هەوڵمداوە ئەو ئەساسیاتە عەرز بکەم کە زۆر پێویستن، ئەگەر کەموکورتییەک هەبوو، داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە، پاشان داوای لێبوردن لە بەڕێزتان دەکەم، هەروەکو لە سەرەتای خولەکەشدا عەرزم

کردن: من مەمنونم هەر هەڵەیەک هەبێت ڕاستبکرێتەوە، یان هەر ڕەخنەیەک هەیە ئاراستە بکرێت، یان هەر پێشنیارو سەرنج و پرسیارێک هەیە بە نامەی تایبەت پێمانبگەیەنرێت، بەپشتیوانی خوا لە هەلێکدا وەڵامی هەمووی دەدەینەوە.

خوای گەورە لە هەموو لامانی قبوڵ کات. دەستخۆشی لە بەڕێزتان بۆ بەشداریتان. خوای گەورە تەوفیقی هەموو لا بدات و هەمووتان سەرکەون لە تاقیکردنەوەکەشدا. هیوادارم خزمەتێکم پێشکەش کردبێت بە بەڕێزتان.

سبحان ربک رب العزة عما یصفون، وسلام علی المرسلین، والحمد لله رب العالمین، والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته.

عمر عبد العزیز

مانگی صەفەری (١٤٤٤ک)

ئەیلولی (٢٠٢٢ز)

سلێمانی